

# بەشێک لە وتووێژو وتارەکانی

## هاوڕێ ئاسۆ مینبەری

بەشی دووهەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٢٦ کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


## بابەتەکانی ساڵی...............٢٧٢٣.................. ٥

١- شۆڕشی ژینا، پێناسەی پێشمەرگەی گۆڕی..........................................................................
٢- کێبڕکێیەکی سەیر.........................................................................................
٣- دەرفەتە زێڕینەکە.........................................................................................
٤- پرۆژەی شکستخواردوو....................................................................................
٥- قازانجی خۆی تێدایە!....................................................................................
٦- ئەرکی قوورستر..........................................................................................

## بابەتەکانی ساڵی.............٢٧٢٤....................... ٢٣

٧- ئەیەوێ جێگا بە ئیسرائیل لێژ بکا!.....................................................................
٨ - پاڵپشتی سەنگەر.........................................................................................
٩- ترس لە زانایی..........................................................................................
١٠- گەڵاڵەی زەبر و زۆر.....................................................................................
١١- دیمانە لەگەل د. عەلی عەبدیلزادە، نوێنەری حدکا لە ڕێکخراوەی، لە UNPO.................................
١٢- لە هەموو لایەکەوە دژی ژنان..............................................................................
١٣- ژینی ژیناکان...........................................................................................
١٤- ڕێفۆرمخوازێکی گوێڕایەڵ..................................................................................
١٥- تۆتالیتاریزم لە نێو ماڵەکاندایە!.......................................................................
١٦- خوێ بە برینماندا مەکەن!..................................................................................

بەشی دووهەم

١٧- ٧٩ گەلاوێژ.....................................................................................
١٨- تەنیا ژنێک.....................................................................................
١٩- دانەمرکاوە و دانامرکێتەوە!.....................................................................................
٢٠- بزووتنەوەی بەردەوام.....................................................................................
٣١- بەخشینی شوناس!.....................................................................................
٢٢- گەڵاڵە گەڵاڵە شکست.....................................................................................
٢٣- دوو ڕووداو.....................................................................................
٢٤- حیجابی میلیاردی!.....................................................................................
٢٥- ناکۆکییەکی نەبوو!.....................................................................................
٢٦- پشتوپەنای سەنگەر.....................................................................................
٢٧- ساڵی کۆڵنەدان.....................................................................................
٢٨- مانیفیستی تێکۆشان.....................................................................................
٢٩- ژن وەک خۆی!.....................................................................................
٣٠- ژنێک، نیشتمانێک!.....................................................................................
٣١- ترس لە زمان.....................................................................................

## بابەتەکانی ساڵی................ ٢٧٢٥ و ٢٧٢٦................. ١٠٢

٣٢- خاکیپۆشی خاکپارێز.....................................................................................
٣٣- گۆڕەپانی نەورۆز.....................................................................................
٣٤- ئەی ویلایەتی فەقێ؟!.....................................................................................
٣٥- هێمای ئیدئۆلۆژیک.....................................................................................
٣٦- گەڵاڵەی لاشەقام!.....................................................................................
٣٧- ڕوانینی تایبەت!.....................................................................................
٣٨- ژنێک لە ناوەندی پرۆپاگەندەدا.....................................................................................
٣٩- جانتای هیوا.....................................................................................

بەشی دووهەم

٤٠- گەرەنتیی سەرکەوتن.........................................................................................

٤١- مێژووی هەبوون.........................................................................................

٤٢- ژنکوژی لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی شۆڕشێکدا.........................................................

٤٣- یەکگوتاریی ژنان.........................................................................................

٤٤- سێناریۆی کوشتنگە!.........................................................................................

٤٥- حیجابی دڵخواز.........................................................................................

٤٦- قوربانیی پێدۆفیلیا.........................................................................................

٤٧- کارتی گوشار.........................................................................................

٤٨- مافی درۆیین.........................................................................................

٤٩- پێشمەرگەی ژن.........................................................................................

٥٠- ئەکتەری مێژووساز.........................................................................................

٥١- پەیڤی ژن لە "کوردستان".........................................................................................

٥٢- شکستی ئیدئۆلۆژیک.........................................................................................

٥٣- تاڵ و شیرین.........................................................................................

٥٤- هێزی بەکرێگیراو.........................................................................................

٥٥- غەریبی خاک.........................................................................................

٥٦- سەرکوتی ئابووری.........................................................................................

٥٧- کاڵای پڕوپاگەندە.........................................................................................

٥٨- ژن و قەیرانی شەڕ.........................................................................................



## بابەتەکانی ساڵی.............. ٢٧٢٣

## شۆڕشی ژینا، پێناسەی پێشمەرگەی گۆڕی



لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئێمەدا پێشمەرگە هێمایەک لە پێشەنگایەتی و بوێری و لە هەموویان گرینگتر نیشتماندۆستی بووە. هەر ئەم تایبەتمەندییانە وای کردوە کە پێشمەرگە لای گەلەکەی خاوەن پێگە و خۆشەویستییەکی تایبەت بێت و، لە ڕاستیدا ئەم خۆشەویستییە وای کردوە کە پێشمەرگە وەکوو یەکێک لە پیرۆزییە نەتەوەییەکان چاوی لێ بکرێت.

پێشتر کە پێشمەرگە دەگەڕایەوە نێوخۆی کوردستان و ئەرکی پێشمەرگانەی خۆی بەڕێوە دەبرد، خەڵکی کوردستان بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و بوێرییەوە و لە سەختترین دۆخدا بەوەرەپیریانەوە دەچوون و هاوکارییان دەکردن. بەڵام دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا گۆڕانێکی یەکجار گەورەی بەسەردا هات و، چەمکی پێشمەرگەی شار هاتە نێو وێژمانی حیزبی دێموکراتەوە و پێناسەی پێشمەرگە گۆڕانێکی بنەڕەتیی بە خۆیەوە بینی.

ئەگەر پێشتر پێشمەرگە تەنیا وەک چەکدارێک پێناسەی بۆ دەکرا و بەو کەسە دەگوترا کە بۆ بەرگری لە مافی نەتەوەکەی سنوورە دەسکردەکانی بڕیون و زێد و نیشتمانی خۆی بەجێ هێشتووە و ئامادەیە گرینگترین سەرمایەی ژیانی لەم پێناوەدا پێشکەش بکا، پێناسەکە ئاوا گۆڕا کە هەر تاکێک بە هەر توانا و هێزێکەوە و لە هەر پێگە و ڕۆڵێکدا، دەتوانێ پێشمەرگە بێ! چونکە ئەرکی ڕزگارکردنی خاک و نیشتمان و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەرانە، ئەرکی هەموو تاکێکە، جا ئەگەر دەسەڵاتێک ئازادییەکان زەوت دەکات، ئەوە ئەرکی تاکە کە بۆ ڕزگاریی خۆی تێبکۆشێ و ژیانێکی شیاو بۆ خۆی دابین بکات.

لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی ڕابردوودا، چەمکی پێشمەرگە پێناسەکەی تایبەتتر بووەوە؛ لە شۆڕشی ژینادا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەمەن و ڕەگەز و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، توانییان ڕۆڵی پێشمەرگە بگێڕن و لەم چوارچێوەیەدا هەنگاو هەڵبگرن.

ئەگەر پێشتر ڕێژیم تەنیا ترسی لە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ نێوخۆی کوردستان و چالاکییە پێشمەرگانەکانیان بوو، لە شۆڕشی ژینادا، پرسەکە ئاوا گۆڕانی بەسەردا هات کە هەر تاکێکی کوردستان بوو بە پێشمەرگەیەک و لە بەرانبەر کۆشکی ستەمکاریدا وەستا.

زۆر جار باس لەوە کراوە کە شۆڕشی ژینا وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ئێمەدا دەبێ چاوی لێ بکرێت، لێرەشدا پێویستە بگوترێ کە یەکێکی دیکە لە خاڵە گرینگەکانی ئەم شۆڕشە ئەوە بوو کە چیدیکە ترس و دڵەڕاوکێی لە دڵی خەڵکدا و لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەردا نەهێشت. ڕەنگە پێشتر خەڵک بە هۆی زاڵبوونی کەشی ئەمنییەتی، زۆر بە پارێزەوە باسیان لە پێشمەرگە کردبێ، بەڵام لە شۆڕشی ژینادا، وێڕای شکانی ترس و تابۆکان، ئەوە خەڵک بوون کە پێشمەرگەئاسا بەرەنگاری دەسەڵات بوونەوە. لە هاوکێشەیەکی یەکجار نارێکدا، خەڵک هاتنە بەرانبەر دەسەڵات و هێزە داگیرکەرەکانییەوە، ئەمان دەستیان خاڵی بوو و ئەوان پڕچەک بوون، ئەمان هێزی باوەڕ بە ڕزگاری هێنابوونیە سەر شەقام و ئەوان زەبری داگیرکەر بۆ سەرکوتی بەرانبەر، ئەمان لە بەرانبەر بیری دواکەوتوو چەقبەستووی دەسەڵاتدا وەستابوونەوە و ئەوان لە بەرانبەر ئیرادەی لەگیرانەهاتووی خەڵکدا! جیا لەوەی کە چەندە خەڵکی کوردستان پێشمەرگانە و بوێرانە لە گەرمەی شۆڕشەکەدا بەرەنگاری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بوونەوە و زۆر ڕۆڵەی بوێری ئەم گەلە بە گژ داگیرکەردا چوونەوە و چوونە ڕیزی کاروانی هەرگیزنەمرانی گەلەوە، خودی بنەماڵەی شەهیدانیش پێشمەرگەئاسا لە بەرانبەر داگیرکەردا وەستانەوە.

بەشی دووهەم

لە جەرگەی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، قوتابی، خوێندکار، مامۆستا، کرێکار، ئەندازیار، پیر، لاو و منداڵ هەموویان بوون بە پێشمەرگە و بە چەکی باوەڕەوە هاتنە مەیدانی خەباتەوە. ڕەنگە ئەگەر لە دواڕۆژدا باس بۆ نەوەکانی داهاتوو بکرێ کە چۆن کچە قوتابییەک تەنیا بە چەکی قژەکانیەوە لە بەرانبەر داگیردا وەستاوە، یان چۆن کوڕە لاوێک تەنیا بە جامانەکەی ملیەوە و بە جلە خاکییەکانیەوە، بەرەوڕووی داگیرکەر بووەتەوە، پێیان سەیر بێت کە ئاخۆ چۆن ئەوانە ئەتوانن چەک بن و ئەو کچ و کوڕانە چۆن دەتوانن پێشمەرگە بووبێتن.


پێناسەی پێشمەرگە ڕێک لێرەدایە کە مانای خۆی دەگرێت، ئەو کچ و کوڕانە ڕۆڵەی گەلێکی چەوساوەن، لە هەر بەرگ و لە هەر جێگایەکدا بن مادام بەرەوڕووی بیری دواکەوتووانەی داگیرکەر بوونەتەوە و ئامادەی گیانبازی بۆ دەستەبەرکردنی ڕزگاری و دامالینی داگیرکەرن، مادام ئامادەن لە جیاتی درێژەدان بە ژیانی ئاسایی، سینگیان بکەنە قەڵغان و ژیانێکی سەردەمیانە و مرۆڤانە بۆ خۆیان و گەلەکەیان دابین بکەن، کەوایە پێشمەرگەی نیشتمانن و تێکۆشان و بەرخودانیان دەبێ ببێتە وانە بۆ داهاتوو.

لە شۆڕشی ژینادا ژنان بەشێک لەو کۆمەڵگەیە بوون کە بە دامالینی بیری چەقبەستووی داگیرکەر، هاتنە مەیدان و پێشمەرگەی ئازای مەیدانی خەباتەکە بوون. بێگومان ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە شۆڕشی ژینادا دەبێ بە سەدان وتاری لەسەر بنووسرێت، چونکە ژنان توانییان بەرەنگاری بیرێک ببنەوە کە زیاتر لە ٤ دەیەیە پێناسەی لاوازی و نەزانی و دواکەوتوویی بۆ کردبوون. ژنان بە هەموو شێوازێک پێشمەرگەی مەیدان بوون و وانەی شۆڕشگێڕییان پێ فێر کردین، دایکی شەهیدان بە بڵاوکردنەوەی پەیام لە ڕۆژی لەدایکبوون و ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی منداڵەکانیاندا، مانیفێستی نوێی شۆڕشگێڕانەیان بڵاو کردەوە و بوێرییەکەیان لە ئاستێکدا بوو کە تەنیا لە پێشمەرگەدا شک دەبەین.

ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا نیشانیان دا کە پیشمەرگە ئیتر تاکێکی چەکدار نییە، پێشمەرگە ژنێکی شۆڕشگێڕە کە دێتە سەر شەقام و تەواوەتی ڕێژیم دەکاتە ئامانج، پێشمەرگە باوکی کۆمار دەرئوفتادەیە کە بوێرانە دەڵێ خۆشبەختم کە کوڕەکەم لەسەر ئازادی و خاکی کوژراوە، پێشمەرگە سارینا ساعێدییە کە بۆ داوای مافەکانی هاتە سەر شەقام و بە باتومی هێزەکانی ڕێژیم لێی درا و شەهید بوو. لە ڕاستیدا شۆڕشی ژینا، پێناسەی پێشمەرگەی گۆڕی!

٣ی بەفرانباری ٢٧٢٣

# کێبڕکێیەکی سەیر



لەو کاتەوە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لەنێو کۆمەڵگەدا پەرەی سەندووە، کێبڕکێیەکی سەیروسەمەرەش هاتووەتە ئاراوە کە زۆر جار ئەم کێبڕکێیە وا دەکات کە مرۆڤەکان بەبێ هیچ بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەک بکەونە گێژاوی نەزانییەوە و تەنیا بەمەبەستی بەجێنەمان لە قافڵەکە پێ لەسەر باوەڕەکانیشیان دابنێن.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەروەک سالانی ڕابردوو، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون بە گۆڕەپانی کێبڕکێ بۆ پیرۆزبایی لە ژنان، ئەویش بۆ بۆنەیەک کە ڕەنگە زۆربەی هەرەزۆری بەکارهێنەرانی سۆشیاڵمیدیا، هۆکاری دیاریکردنەکەشی هەر نەزانن.

لە ڕۆژژمێری ڕێژیمی ئێراندا، کۆمەڵێک بۆنە دیاری کراون کە هیچ تەباییەکیان لەگەڵ فەرهەنگ و دابونەریتی لانیکەم زۆرینەی دانیشتووانی ئەو جوغرافیا دەسکردە نییە، بەڵام بە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی شیعەی ویلایەتی فەقیهی، بەسەر هەموو کۆمەڵگەکەدا سەپاوە و خەڵک ناچارن لەو ڕۆژانەدا بە خواستی دەسەڵات شین یان شایی بگێڕن.

نموونەی لەم جۆرە بۆنانە زۆرن، هەر لە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕەوە کە وەکوو ڕۆژی مامۆستا دیاری کراوە هەتا دەگاتە ڕۆژی دایک و باوک و کچ و خوێندکار و بە دەیان بۆنەی دیکە.

بە درێژایی ساڵ و هاوکات لەگەڵ هەموو ئەم بۆنانە، بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا لە کوردستان دەبنە سێ دەستەوە، دەستەیەک ئەوانەن کە ئێوندیان گرتوە وهیچ ڕایەکیان لەسەر پرسەکە نییە، دەستەی دووەم ئەوانەن کە زوو سواری شەپۆلەکە دەبن و بۆ بەجێنەمان لە قافڵەکە پەیتا پەیتا بە دانانی پۆست و ستۆری پیرۆزبایی لە دایک و هاوسەرەکانیان دەکەن و بێگومان لە ڕۆژی ٨ی مارسیشدا دیسان هەر یەکەمی بێ ڕکابەرن و لە هەموو کەسیش زیاتر لایەنگری مافی ژن و دژی چەوساندنەوەی ژنانن! بەڵام دەستەی سێهەم کە بەداخەوە هیچکات هەوڵەکانیشیان بە ئاکام نەگەیشتوە ئەو کەسانەن کە هەوڵی ڕۆشنگەری دەدەن و بە نووسی ستاتووسی جیاواز و زۆر جاریش بە ڕەخنەی توند و بێبەزەییانە هەوڵی تێگەیاندنی خەڵک لە بابەتەکە دەدەن.

**ئێمە وەکوو تاک لە کام دەستەدا جێمان دەبێتەوە؟**

لە دەستەی یەکەمدا کە هەر ئەو بێلایەنبوونە خۆی زۆر مەترسیدارترە، چونکە نابێ تۆ لە کۆمەڵگەیەکدا بەو هەموو کێشە و ئاریشەوە بژیت و هیچ شتێکت بەلاوە گرینگ نەبێ! لە دەستەی دووهەمدا، بابەتەکە جێی تێڕامانە، لە هەموو ساڵەکانی دەسەڵاتدارێتی ڕێژیمی ئێراندا، کورد وەکوو نەتەوەیەکی بەشخوراو و داگیرکراو، هیچکات هیچ بۆنەیەکی فەرمیی ئەم ڕێژیمەی بە فەرمی نەناسیوە، لای کورد ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ بە نیشانەی ڕێزگرتن لە خەباتی سمایل شەریفزادە و هاوڕێیانی وەکوو ڕۆژی خوێندکار ناودێر کراوە، ڕۆژی لەسێدارەدرانی فەرزاد کەمانگەر ڕۆژی مامۆستایە، ڕۆژی ٨ی مارس وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژن ڕێزی لێ دەگیرێت چونکە لە ڕاستیدا کورد و دەسەڵاتی زاڵ، باوەڕ و بیرکردنەوەیان هاوتەریب نییە!

نموونەیەک لەم ڕاستییە، ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوویە. هەمووومان باش دەزانین کە شۆڕشی ژینا، چەندین ساڵ بوو بەستێنەکەی ئامادە ببوو، لانیکەم لە بواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە باش دەزانین کە ڕێژیم تووشی چ دارمانێک ببوو، بەڵام کوژرانی ژینا توانیی خاڵێکی بەهێز بۆ کۆکردنەوەی ڕق و تووڕەیی خەڵک بێت، دەسپێکی شۆڕشەکە بە کوژرانی ژینا بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێ بوو، بەڵام پەرەسەندنی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی سەلماندی کە ئازادژیان و پرسی ژنان تا چەند گرێدراوی یەکن.

هەر لەو شۆڕشەدا بوو کە تاکەکانی کۆمەڵگە ڕەنگە بەهەڵەدا نەڕۆیشتبێتین ئەگەر بڵێین بۆ یەکەمجار بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، هاتنە سەر شەقام و لە دەوری ئامانجێکی هاوبەش کە دژایەتیی لەگەڵ تەواویەتی ڕێژیمێکی سەرەڕۆ بوو، کۆ بوونەوە. ئەو خەڵکەی کە هاتنە سەر شەقامەکان و دروشمی ژن، ژیان، ئازدییان وتەوە، دەیانزانی کە ژن چۆن لەو کۆمەڵگەیەدا دەچەوسێتەوە. بەپێچەوانەی دەسەڵاتی زاڵ کە کچی تەمەن ٩ ساڵ، بە شوو دەدات و لای ئاساییە کە

بەشی دووهەم

هەر ئەو منداڵە لە تەمەنی ١٠ ساڵاندا ببێ بە دایک و لە کتێبە دەرسییەکاندا بە باسکردن لە ئەرک و ڕۆڵی ژنی گوێڕایەڵ، ئەرکی بۆ پێناسە دەکات و لە هەموو بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەخلاقیشەوە، چوارچێوەی بۆ دادەنێ و ئەگەر لێی لابدات بەردبارانی دەکات و زۆر بە ئاسانی ئیزنی کوشتنی بە پیاوەکانی بنەماڵەکەی دەدات، ئەو خەڵکە کە هاتنە سەر شەقام، بەشێک لە داواکارییەکانیان، نەهێشتنی ئەم ستەمە ڕەگەزییە بوو، بەتایبەت خودی ژنان کە هاتنە سەر شەقامەکان و سەرپۆشەکانیان فڕێ دا، کە دژی ڕێژیم دروشمیان دا و لە بەرەی بەرانبەری دەسەڵاتدا بوێرانە ڕاوەستان و داوای مافەکانی خۆیان کرد، باش دەزانن کە هیچکات فاتمە و مەعسوومە ناتوانن هێمایەکی ڕاستەقینە لە باوەڕەکانی ئەوان بن.

ئاخۆ چۆن ئەبێ، کەسێک بکرێتە هێما کە لە تەمەنی منداڵیدا بە شوو دراوە و هەر لە منداڵیدا بووەتە دایک و هەتا ئەوکاتەی ماوە کۆیلەی باوەڕ و نەریتەکانی سەرچاوەگرتوو لە ئایین بووە؟ چۆن ئەبێ ژنێکی ئازا و وشیاری کوردستان کە دەزانێ سەربەخۆیی ئابووری و پێگەیشتن و خوێندەوار بوون و هاوتەریبکردنی ژیانی لەگەڵ پێوەرە زانستی و جیهانییەکان چەندە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر بەختەوەری خۆی و نەوەی دوای خۆی هەبێ، ڕۆژی لەدایکبوونی فاتمەی زەهرا بە ڕۆژی خۆی بزانێ؟ خۆ هەموو پێوەرەکانیان جیاوازن، ئەی کوا خاڵی هاوبەشیان؟

دەسەڵات لە ڕێگەی ئەم هێماسازییەوە زۆر بە ئاسانی توانیویەتی کاریگەری لەسەر تاک دابنێت و لانیکەم ئامرازەکانی بەردەستی توانیویانە یارمەتیدەرێکی باش بن. ئێمە ناتوانین باس لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بکەین و بە پێچەوانەکەی گوێڕایەڵی ئەو یاسا و نەریتانە بین کە دوژمن بەسەرمانیدا سەپاندوە. پێویستە قووڵتر بیر بکەینەوە و دوژمنەکەمان باشتر بناسین!

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# دەرفەتە زێڕینەکە



لە ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا یادی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەینەوە، کۆمارێک کە سەرەڕای کەمبوونی تەمەن و جوانەمەرگکرانی لەلایەن دەسەڵاتی پاڵەوییەوە بەڵام پڕ لە نوێگەری و داهێنان و ئەزموون بۆ داهاتوو بوو.

زۆرجار باس لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان کراوە و لە ڕوانگەی جیاوازەوە ئەم دەسکەوتانە بەرز نرخێندراون، چونکە بێگومان توانیویانە وەکوو بناغەیەک بۆ بنیاتنانی داهاتوو لە کوردستاندا کەڵکیان لێ وەربگیرێ. وردبوونەوە لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان، سەرەڕای کەم ئەزموونیی خودی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە دەری دەخات کە ئەگەر ئەو دەسەڵاتە سیاسییە لە کوردستان بەردەوام بایە و بەو شێوازە نەکەوتبایەتە بەر تەوری نەیارانی و زیاتر تەمەنی بکردبایە، بێگومان دۆخی ئێمە وەکوو کورد، ئێستا زۆر باشتر بوو!

یەکێک لەو خاڵە گرینگانە کە زۆر جار باسی لەسەر کراوە، کردنەوەی دەلاقە بۆ بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسی لە چوارچێوەی کۆماری کوردستاندا بووە. کۆماری کوردستان وەکوو دەسەڵاتێکی سیاسی لە کوردستان، بەفەرمی ژنی هێنایە نێو گۆڕەپانی سیاسەتەوە. بێگومان چەندە دامەزرانی خودی کۆماری کوردستان وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ توانیبێتی کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی ئەوکاتی کوردستان و پرسی کورد لە کوردستان هەبێ، ئەوەندەش توانیویەتی کاریگەریی لەسەر ژن و پرسەکانی ژنان هەبێ.

بەشی دووهەم

زۆر جار باس لەوە کراوە کە پێشەوا قازی محەممەد وەکوو سەرۆککۆماری کوردستان، بە هێنانی هاوسەرەکەی خۆی بۆ نێو بازنەی سیاسەت و سپاردنی ئەرک بە مینا خانمی هاوسەری وەکوو یەکەم سکرتێری ئەم ڕێکخراوە یەکەم هەنگاو و دەکرێ بڵێین پتەوترین هەنگاوی لەو کاتەدا بۆ بەشداریپێکردنی ژنان لە کاروباری سیاسیدا هەڵگرت. ڕەنگە ئەمە لای زۆر کەس وەکوو شتێکی ئاسایی چاوی لێ بکرێ، بەڵام بە لێکدانەوەیەک بۆ دۆخی کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستان کە زیاتر لە ٩٠ لەسەدی خەڵکەکەی نەخوێندەوار بوون و ئاستی خوێندەواریی ژنانیش بە هۆکارگەلی جیاواز زۆر زۆر کەمتر بوو، دروستکردنی ئەو متمانە و باوەڕبەخۆبوونە لە ژناندا کە ئەتوانن لە کاروباری سیاسی و ڕێکخراوەییدا بەشدار بن، بابەتێکی زۆر گرینگە.

لە کۆمەڵگەیەکدا کە ژن وەکوو ڕەگەزی لاواز چاوی لێ کراوە و تەنانەت لە مافی خوێندنیش بێبەری بووە، ئەم چەشنە لە گرینگیدان و دەرفەت خولقاندنە بۆ ژن، کردەوەیەکی زۆر گرینگ و جێی بایەخە. لەلایەکی تریشەوە، ئەو بوێرییەی ژنان کە سەرەڕای هەموو بەربەستەکان، توانیویانە خۆیان لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەییدا ببیننەوە و کەڵک لەو دەرفەتە زێڕینە وەربگرن، پتر لەوەش جێ بایەخە.

جیا لەوەی لەدایکبوونی کۆماری کوردستان تا چەند توانیی لەسەر هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوەدۆستیی خەڵکی کوردستان کاریگەر بێت و ئەم خۆشەویستییە نەوە دوای نەوە تا ئەمڕۆ بگوازرێتەوە، دەرسوەرگرتن لە ئەزموونەکانی کۆمار دەبێ چەند قات زیاتر گرینگیی پێ بدرێت، ژنان ئەوکات هاتنە مەیدانێکەوە کە نوێ و نەناسراو بوو، بەڵام یەکەم هەنگاویان بە سەرکەوتوویی هەڵ گرت و بەردی بناغەی کاری ڕێکخراوەیی و بەشداریی ژنانی کوردستانیان بۆ داهاتوو دانا، بوێرییەکەی ئەوان گوازرایەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو و وای لێ هات کە جیا لەوەی کە یەکیەتیی ژنانی دێموکرات وەکوو دەسکەوتێکی بەنرخی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە چاوی لێ بکرێت و بایەخی پێ بدرێت، هەبوونی ژنان لە چوارچێوەی کاروباری سیاسی و ڕێکخراوەیشدا بایەخێکی دوو چەندانی لەخۆ گرت.

پاش ٧٨ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، ژنان و کچان بە کەلکوەرگرتن لەو ئەزموونە، توانیویانە سەرکەوتنێکی ئێجگار زۆر لە کاروباری ڕێکخراوەیی و سیاسییدا بەدەست بێنن و لە زۆر بواریشدا خاوەن پێگە و خاوەن قسەی خۆیان بن. بێگومان پاش ٧٨ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، ناتوانین باس لە گرینگیی بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسیدا بکەین، بەڵام ڕۆڵ و کارتێکەریی کۆماری کوردستان و دامەزرانی یەکیەتی ژنان لە دڵی ئەم کۆمارەدا، لەبەرچاو نەگرین. ئەزموونی خەباتی ژنان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا پێمان دەڵێ کە تا چەند خودی کۆماری کوردستان توانیویەتی دەرفەتێکی زێڕین بۆ ژنان بێ.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، کاری ڕێکخراوەیی لە کۆمەڵگەی کوردستان، ڕەنگ و بۆنێکی دیکەی بە خۆیەوە گرت، لە ڕاستیدا لە قۆناغێکدا، سەرهەڵدانی NGO و ڕێکخراوەکان، وەکوو دووپاتبوونەوەی مێژوو بوو؛ چونکە ڕێک لە دوای ڕووخانی کۆمار و دواتریش بە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی هەموو دەرفەتەکان بۆ بەشداری لەم کایەدا، لێیان ئەستێندران، بەڵام باکگراوندی خەڵکی کوردستان لە سەربەخۆیی و دەستئاوەڵایی سەردەمی کۆماری کوردستان وای کرد کە لە کوردستاندا، بە پێچەوانەی شوێنەکانی دیکە، بایەخ بە کاری ڕێکخراوەیی لەژێر سێبەری حیزبە سیاسییەکاندا بدرێت و لەم چوارچێوەیەشدا ڕۆڵی ژنان لە گەشە و سەرکەوتنی کۆمەڵگەدا، بەرز بنرخێندرێ، کەوابوو سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوەکان و بەتایبەتیش ئەو ڕۆڵ و ئەرکەی کە ژنان لەم چوارچێوەیەدا لە ئەستۆیان گرت، پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو ڕابردووە چارەنووسسازە هەیە کە کۆماری کوردستان خوڵقاندی.

گرینگیدان بە ژن و ئەرک خستنە سەر شانی لە پرسە گرینگەکاندا، وای کرد کە درێژەی تێکۆشانی ژنان، قۆناغی شۆڕشی ژینا بە خۆیەوە ببینێ و ژنان نەک تەنیا ئەکتەر بەڵکوو کاتالیزۆرێکی سەرەکی بۆ ئەم شۆڕشە بن و بە پشتبەستن بە ئەزموون و دەسکەوتەکانی کۆمار بەتایبەت بۆ ژنان، خۆیان لەم چوارچێوەیەدا ببیننەوە.

ئەرک وەخۆگریی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، گرینگ بوو، بەڵام پاراستنی ئەو دەسکەوتانە بۆ بونیاتنانەوەی داهاتوویەکی گەش گرینگترە، بێگومان لە پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسیی دواڕۆژی کوردستاندا، بوونی ژنان و بەشداریی چالاکانەیانە کە زیاتر لە ئێستا بایەخی کۆماری کوردستان و کارتێکەریی ئەم کۆمارە لەسەر پرسەکانی ژنان دەر دەخات، بۆیە پێویستە ژنان هەنگاوەکانیان لەپێناو گەیشتن بە پێگەیەکی بەهێز چڕ بکەنەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو، لە بونیاتنانەوەی داهاتووی کوردستاندا ئەرک لە ئەستۆ بگرن و دەرفەتە زێڕینەکانی ئێستایان لەدەست نەدەن.

٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

# پرۆژەی شکستخواردوو



بەپێی ئامارەکانی ناوەندی ئاماری ڕێژیمی ئێران، ٣٢ میلیۆن و ١٧٠ هەزار ژن لە ئێراندا هەن کە تەنیا ٣ میلیۆن و ٨٦٦ هەزار کەسیان لە دەرەوەی ماڵەوە خەریکی کار کردنن!

هەواڵدەریی ئیرنای ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئامارە ئاوڕي لە پرسی کارکردنی ژنان داوەتەوە و نووسیویەتی: "نەوەی نوێی کچان پێیان وایە چونکە لە زانکۆکاندا دەخوێنن و لە زانستی ڕۆژ تێدەگەن، دەبێ لە ئیدارە یان کۆمپانیایەک دامەزرێن و لە دەرەوەی ماڵەوە کار بکەن؛ ئەم کچانە لەژێر کاریگەریی ئەو شاتەنەدا کە لە قوتابخانە و زانکۆ فێری کراون، خوێندن زیاتر بۆ بەدەستهێنانی کار و پیشە و بەرزکردنەوەی پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا دەبینن بەڵام ڕاستییەکە شتێکی دیکەیە".

ئەم هەواڵدەرییەی ڕێژیم دواتر بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکەی خۆی، ئاماژەی بە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٦ی بەفرانباری ئەمساڵی خامنەیی لەگەڵ ژنان، بەبۆنەی ڕۆژی ژن لە ئێران کردوە و گوتوویەتی لەم دیدارەشدا، بەشێکی گرینگ لە قسەکانی خامنەیی پرسی ماڵداری و مودیرییەتی ماڵەوە لەلایەن ژنانەوە بوو!

هەر لەم چوارچێوەیەدا، لە پۆلی دوازدەدا لە قوتابخانەکانی ئێران، کتێبێک لەژێر ناوی "مودیرییەتی بنەماڵە و شێوازی ژیان_ تایبەت بە کچان" دەگوترێتەوە کە زۆر کەس بە دژەژنترین کتێبی مێژووی ناو دەبەن. بۆ نموونە لە بەشێک لەم کتێبەدا هاتوە کە کچ نابێ سەبارەت بە ئازادییە تاکەکەسییەکانی، خۆی لەگەڵ براکەی بەراورد بکات چونکە ئەو کوڕە و ئەم کچ!

یان لە بەشێکی دیکەدا، هاوسەرگیری بۆ کچ بە شتێکی زۆر گرینگ ناو دەبات و دەنووسێ: لەپێشترێتیی دەرفەتی زیڕینی هاوسەرگیرییە و بۆ خوێندن هەمیشە کات هەیە! لە بەشێکدا کاری ماڵەوە بە ئەرکی کچ پێناسە دەکات و لە شوێنێکی دیکەدا، بە پەرەدان بە بیری پیاوسالاری و زاڵبوونی پیاو بە سەر ژندا و بەپێناسەکردنی چەمکی غیرەت، دەنووسێ: بە هەستی بەهێزبوون و پشتیوانی لە ژنان غیرەت دەگوترێ و پیاوی غیرەتی لەسەر شێوازی جلوبەرگی ژنان هەستیارە!

بە سەرنجدانێک بەم بابەتانەی کە باس کران، تێدەگەین کە ڕێز و پێگەی ژن لای کۆماری ئیسلامی چۆنە! کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتێکی تۆتالیتر، هاتووەتە نێو تایبەتیترین بەشەکانی ژیانی ژنانەوە و هەموو ئامانجەکەشی پەرەدان بە ئیدئۆلۆژیی چەقبەستووی خۆیەتی.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە خامنەیی لە قسەکانی خۆیدا لە دیدارەکەی مانگی بەفرانباردا کە ئاماژەی پێ کرا گوتوویەتی ڕوانگەی ئیسلام لە پرسی ژندا، ڕوانگەیەکی لۆژیکی و ئیستدلالییە، بەڵام ڕوانگەی ئورووپا، تەنیا بۆ قازانج و چێژوەرگرتنە!

لانیکەم هەموومان باش دەزانین کە لە وڵاتانی ئورووپاییدا، چۆن ژنان توانیویانە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریشدا ڕۆڵ ببینن و بەبێ سەرنجدان بە ڕەگەزیان ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنیان بۆ هەموار بکرێ.

پەراوێزخستنی ژنان لە یەکەمین ڕۆژی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئێرانەوە، هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەبووە. جارجار لە کۆبوونەوەی لەو چەشنەدا، خودی خامنەیی یان یەکێکی دیکە لە بەرپرسانی ڕێژیم هەوڵ دەدەن بە پیرۆزنیشاندانی ئەرکی ماڵداری، کەڵئاوەژوو لە هەستیاربوونی ژنان بەنسیبەت بنەماڵە و منداڵەکانیان وەربگرن و وایان بۆ پێناسە بکەن کە ئەرکە سەرەکییەکەیان خزمەت بە بنەماڵەیە و ئەگەر لەو چوارچێوەیە بترازێن، پیرۆزبوونی خۆیان وەکوو دایک و وەکوو هاوسەر لەدەست دەدەن. دروستکردنی هەستی گوناح لە ژناندا، بۆ ڕێژیم زۆر ئاسانە، لانیکەم لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ئەمەمان بینیوە کە هەمیشە لە میدیاکانی خۆیدا، ژنانێکی نیشان داون کە دەستیان لە داهاتوو و ژیانی خۆیان شۆردووەتەوە

و تەنیا ویستوویانە خزمەت بە بنەماڵەکەیان بکەن، چونکە پێیان وتوون بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە!

پێناسەکردنی ئەرک بۆ ژنان، بەپێی ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم، پرۆژەیەکی چەند ساڵەیە، لە قوتابخانەکانەوە دەست پێ دەکات و دواتریش لە لە ڕێگەی میدیاوە، بنەماڵەکانیش بۆ وەرگرتنی ئەم بیرکردنەوەیە ئامادە دەکات، بە جۆرێک کە لادان لەم چوارچێوەیە وەکوو تاوانێکی گەورە چاوی لێ ئەکرێت و ئەوەی کە لای داوە، سزاشی بەسەردا دەسەپێت!

هەمیشە ژن لای کۆماری ئیسلامی وەکوو ئامرازێک بەکار هێنراوە، جارێک ژنان کۆ دەکرێنەوە تاکوو پێیان بوترێت کە ڕەسەنترین کای ئێوە هەمان ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵە، جارێکیش لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا، دەیانکەن بە بووکەڵەیەک بۆ بەڕێوەبردنی یارییەکەی خۆیان و لە تەلەڤیزیۆندا ڕێک بەپێچەوانەی چوارچێوەکەی خۆیان ئیزنی دەرکەوتنیان پێ دەدەن!

بەراوردکردنێکی دۆخی ژنان لە ئێران و ئورووپا، قسەکەی خامنەیی بەتەواوەتی دەباتە ژێر پرسیارەوە، بەپێچەوانەی کۆمەڵگەی ئێران کە وەکوو زیندانێکی گەورە بۆ ژنانە، کۆمەڵگەی ئورووپایی زۆر جار بۆ ژنانی وڵاتەکەی خامنەیی باشترین شوێن بۆ گەشەکردن بووە!

کۆماری ئیسلامی بە سەرقاڵکردنی ژنان بە کاری ماڵەوە، هەمیشە لە هەوڵدا بووە کە نیوەی وزەی کۆمەڵگە لە بنەڕەتدا بێدەنگ بکات، چونکە بێگومان بەرەورووبوونەوە لەگەڵ نیوە ئاسانتر لە هەمووە! بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵە ئیدئۆلۆژیکەکان و پرۆسەی پەروەردەی چەندین ساڵە، شکستخواردووی مەیدانەکە کۆماری ئیسلامی بوو، بەتایبەت لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئەوە ژنان بوون کە تەواویەتی ڕێژیمیان خستە لەرزەوە و وزەیان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بیری چەقبەستووی ڕێژیم بەکار هێنا.

ژنان بە تێکۆشانی خۆیان سەلماندوویانە کە هیچکات قەتیس ناکرێنەوە و بۆ شەڕ لەگەڵ دواکەوتوویی و یاسای دژەژن هەمیشە ئامادەی مەیدانی خەباتن.

٢٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

## قازانجی خۆی تێدایە!



پرسی هەڵبژاردن یەکێک لەو پرسە سەرەکییانەیە هەمیشە لە کۆمەڵگەی ئێراندا جێگای مشتومڕ بووە. لەوەتەی ڕێژیمی ئێران هاتووەتە سەر کار و دەسەڵاتی ئیسلامیی شیعەی دوازدە ئیمامیی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ کردوە، هیچ هەڵبژاردنێک لەم چوارچێوەیەدا ئازاد نەبووە و ئازادانە بەڕێوە نەچووە.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا مافی دەنگدان بۆ تاکەکان یەکێک لە گرینگترین مافە سیاسییەکانە، چونکە وا دەکات ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە داهاتووی وڵات و ژیانی خۆیاندا بەشدار بن و هەست بە گرینگیی ڕۆڵی خۆیان لەو کۆمەڵگەیەدا بکەن، هەر بۆیە گەیشتن بە تەمەنی دەنگدان ڕەنگە بە یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی ژیانی هەر تاکێک دابندرێت، بەڵام ئەمە لە وڵاتی بەڵالێدراوی ئێراندا زۆر جیاوازە، زۆرن ئەو لاوانەی کاتی گەیشتن بەم تەمەنە بەپێچەوانەی لاوانی وڵاتانی دیکە، ژێردەستەبوونیان زیاتر لە پێشوو هەست پێ کردوە و بڕیاریشیان داوە لە یەکەمین دەرفەتی ژیان و تەمەنیان بۆ دەنگدان کەڵک وەرنەگرن، چون لە هەر حاڵەتدا تێگەیشتوون کە دەنگی ئەوان هیچ لە پرسەکانیان ناگۆڕێ و زۆرجار خودی بەشداریکردنەکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی بژاردەکانی نێو پەڕەی دەنگدانەکە، بەڵگەی ڕەواییدان بە دەسەڵاتێکی خوێنمژ و مۆری هاوڕابوون بۆ بەردەوامیی ستەم و سەرکوتە!

وەک هەموو ڕووداو و پرسەکانی دیکە، دیسانەوە پرسی هەڵبژاردن بۆ ژنانیش لە کۆمەڵگەی ئێراندا زۆر جیاوازە! لە ڕۆژانی داهاتوودا بڕیارە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بۆ مەجلیسی خێبرگان و مەجلیسی شورای ئیسلامی بەڕێوە بچێ، هەرچەند کە بەپێی پێشبینییەکان بەشداریی خەڵک لەم شانۆیەدا دەتوانێ ڕێکۆردی بەشداری‌نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا بشکێنێ بەڵام هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەردەوامە.
لە ڕۆژانی ڕابردوودا، فەرمانداری شیراز سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ، گوتی هیچ ڕێگرییەک بۆ بەشداریی هاووڵاتییان بە هەر چەشنە پۆشش و حیجابێکەوە نییە و باسی لەوە کردوە کە هێزەکانی ڕێژیم تەنیا دەتوانن بەشێوەی زارەکی هۆشداری بەو کەسانە بدەن کە حیجابی ئیسلامییان ڕەچاو نەکردوە، بەڵام ناتوانن پێش بە دەنگدانیان بگرن!

سەرنجدانێکی زۆر سادەی ئەم قسانە دەری دەخات کە ڕێژیم وەک ڕابردوو و بە مەبەستی قەرەباڵغ نیشاندانی بنکەکانی دەنگدان، دیسان سیاسەتی نەرمی‌نواندنی گرتووەتە بەر، هەروا کە لە ڕێپێوانی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵیشدا کردی! لە کاتی هەڵبژاردنەکان و ڕێوڕەسمەکانی ڕێژیمدا، پرسی حیجاب ئیتر گرینگ نییە و دەسەڵاتەکەیان ناخاتە لەرزەوە، چونکە جیا لەوەی بە بردنی مۆرەکانی خۆیان بەو جۆرە حیجابەوە بازاڕگەرمی بۆ کارەکەی خۆیان دەکەن و کەسانی کاڵفامیش بەم نمایشە گاڵتەئامێزە ڕاکێشی ڕێوڕەسم و بۆنەکانیان دەکەن، لەلایەکی تریشەوە بە جیهانی دەرەوەی ڕادەگەیەنن کە چەندە دەسەڵاتێکی کراوەیان هەیە، وەک بڵێی ژینا ئەمینی نە لەسەر تاڵە قژێک و نە لەسەر حیجابی دڵخوازی ئەوان کوژراوە! لە ڕاستیدا ئەمجارە بێ‌حیجابییە کە قازانجی ئەوانی تێدایە!

هەرچەند ئەم ڕەفتارە لە ڕێژیمی ئێراندا شتێکی تازە نییە و لە ساڵانی ڕابردووشدا و لە کاتی باقی هەڵبژاردنەکاندا کراوە بەڵام ئەوەی ئەمساڵ بڕێک جیاوازترە! ڕێژیم لە ئێستادا لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو جیاوازیی هەیە، لەلایەکەوە ئاستی دڕندەییەکەی بەرانبەر بە خەڵک و بەتایبەت جیابیران زۆرتر بووەتەوە، لەلایەکی تریشەوە باوەڕی خۆی بە نەمان و ڕووخانی!

ئەوەی کە لە بەرەبەری هەڵبژارنەکانی ئەمساڵدا لە تەلەویزیۆنی فەرمیی کۆماری ئیسلامیدا لە ژنان دەبینرێ و ئەوەی کە لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ و لە ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی لەلایەن ڕێژیمەوە لەلایەن ژنانەوە نمایش کرا، هەمووی دوایین پەلەقاژەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ درێژکردنەوەی لانیکەم یەک ڕۆژی تر لە دەسەڵاتەکەیە.

لەرزۆک‌بوونی دەسەڵاتی ئاخوندی وای کردوە کە بەرپرسەکانی ناچارن لە ڕێوڕەسمەکانیاندا گرینگی بە چوارچێوە و باوەڕە

بەشی دووهەم

ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆیان نەدەن تاکوو بە هەر نرخێک بووە، هەوڵی ڕاکێشانی کەسانی کاڵفام بۆ لای خۆیان بدەن.

هەڵبژاردنی ئەمساڵ، یەکەم هەڵبژاردنی پاش شۆڕشی ژینایە، شۆڕشێک کە خاڵی بەرەوڕووبوونەوەی خەڵک، بەتایبەت ژنان و دەسەڵات بوو، خاڵێکی وەرچەرخان کە ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی دەرخست و نیشانی دا کە بۆ ڕێژیم مانەوە بە هەر نرخێک گرینگە. هەر وێیە ڕێژیم هەوڵ دەدات شانۆی ئەمساڵی بە هەر شێوازێک کە بووە بەڕێوە ببات و لەم پێناوەشدا هەوڵ دەدات بە پێدانی ئیمتیاز و هەڕەشە و گوڕەشە، خەڵک ڕاکێشی سەر سندووقەکانی دەنگدان بکات و ڕەوایی لەدەستچووی خۆی بگەڕێنێتەوە، بێئاگا لەوەی کە مێژووی ٤٥ ساڵەی و ڕووداوەکانی ئەم ساڵانە و کوشتوبڕ و بێڕەحمییەکەی بەرانبەر بە خەڵک، وای کردوە کە خەڵک فریوی هیچ هەوڵێکی نەخۆن و بێگومان ناچنە بەرەی دوژمنانی گەلەوە.

ژنان لە یەک ساڵی ڕابردوودا تێگەیشتن کە دژایەتی لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ لە گرینگترین هۆکارەکانی وەلەرزەخستنی دەسەڵات و لە بەرانبەریشدا درندەبوونی ڕێژیم بەرانبەر بە خەڵک بووە، بۆیە بە بەشدارینەکردن لە شانۆی هەڵبژاردنەکان، پێداگری لەسەر داوا ڕەواکانی خۆیان و دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا دەکەن.

٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# ئەرکی قوورستر




ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن دەکەینەوە کە ژنانی کوردستان بەگوڕ و بەتینتر لە جاران کەوتوونەتە بەرەی دژی کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژییە چەقبەستووەکەیەوە.

لە ڕاستیدا دیاریکردن و ناودێرکردنی ٨ی مارس، لە بنەڕەتدا نەک بۆ پیرۆزبایی لە ژنان بەڵکوو بۆ وەبیرهێنانەوەی ستەمەکانی دژبە ژنان و هاوکات هەڵسەنگاندن و نوێکردنەوەی مێتۆدەکانی خەباتی ئەو توێژە لە کۆمەڵگە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جۆرەکانی هەڵاواردن و ستەمە. هەر بۆیە بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕووداوەکانی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوو، بەباشی تێدەگەین کە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانییان لەم پێناوەدا هەنگاوی کردەیی هەڵ بگرن.

لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا، خەباتی ژنان لە کوردستان، چووە قۆناغێکی نوێوە و هاوتەریب لەگەڵ ئەم خەباتە نوێیە، شتی نوێشیان ئەزموون کرد.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دەبێ بە بایەخەوە چاو لە ڕۆڵ و ئەرکی ژنان لە درێژەی شۆڕشی ژینادا بکەین، نابێ لە بیرمان بچێ کە پێش لە دەسپێکی ئەم شۆڕشەش، ژنان بەپێچەوانەی خواستی دەسەڵات بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردستان سەبارەت



سەرچاوە Serchawe

بەم ڕۆژە هەستیار بوون. لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر جار نەک تەنیا ژنان، بەڵکوو پیاوانی یەکسانیخوازیش ئەم ڕۆژەیان بەرز نرخاندووە و وەکوو دەرفەتێک بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە چاویان لێ کردوە.

ئەگەرچی ڕەوتی سەرکوت لەلایەن ڕێژیم و ناوەندەکانییەوە لەمبارەوە بەردەوام بووە بەڵام، هیچکات ژنان کۆڵیان نەداوە و لە تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان پاشگەز نەبوونەتەوە.

هەرچەند کۆماری ئیسلامی زۆر هەوڵی دا ئەم ڕۆژە وەکوو ڕۆژێکی جیهانی لە کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێبایەخ بکات و بە ناودێرکردنی ڕۆژی لەدایکبوونی فاتمەی زەهرا، بۆنەیەک هاوتەریب لەگەڵ ئەم بۆنە جیهانییە لە کۆمەڵگەدا جێگیر بکات، بەڵام ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی ژنان لە پیلان و ئامانجەکانی ڕێژیم تا ڕادەیەکی باش ئەم هەوڵانەی پووچەڵ کردنەوە.

پرسی ژنان کاری بەردەوام و هەوڵی شێلگیرانەی پێویستە، بەڵام ڕۆژی ٨ی مارس وەکوو ڕۆژێکی جیهانی، بایەخ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێویستە بەتایبەتی لەم ڕۆژەدا کار لەسەر پرسەکانی ژنان بکرێت.

بەڕێوەبردنی سێمینار و ڕێکخستنی کەمپەین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەکردنی بەرنامەی تلویزیۆنی و نووسینی وتار و بەگشتی ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، دەبێ وەکوو ئەرکێکی گشتی بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەک وەکوو کۆمەڵگەی کوردستاندا چاوی لێ بکرێت. گرینگیی ئەم بابەتە لەوەدایە کە هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی خەڵک بۆ ڕۆشنگەری سەبارەت بە پرسەکانی ژنان و هەوڵدان بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک و بەتایبەت لە مافەکانی ئەم توێژە، هەوڵەکانی ڕێژیم و دامودەزگا زەبەلاحەکانیشی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم هەوڵانە بەردەوامە، بەو جیاوازییەوە کە تەنانەت ئیمکانات و دەرفەتی زیاتریشی بۆ سەرکوتی هەر چەشنە هەوڵێک لە بەردەستدایە.

ئەگەرچی خەباتی ژنان لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەردەوام بووە بەڵام لانیکەم لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەتیش لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژیناوە، ئەم تێکۆشانە زیاتر و لە شێوازی جیاوازتردا خۆی دەرخست. بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەر، کردەوەی پێکهاتەشکێن، دژایەتیی ئاشکرا و هەنگاوی بەکردەوە لەم شۆڕشەدا لەو خاڵە گرینگانە بوون کە وەک ئەکتی کاریگەر لەلایەن ژنانەوە بینران. هاتنەدەر لە چوارچێوەی ماڵەکان و پەیوەستبوون بە ڕیزی خەڵکی خرۆشاوی سەر شەقام و زۆر جاریش پێشەنگایەتیی جەماوەر، نیشانی دا کە ژنان لەپێناو دابینکردنی مافەکانی خۆیاندا، تا چەند هەست بە بەرپرسایەتی ئەکەن و تا چ ڕادەیەکیش ئامادەن نرخ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بدەن.

خوێندنەوە و ئانالیزی خەباتی ژنان لە چوارچێوەی شۆڕشی ژینادا دەتوانێ نیشاندەری گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ڕوانینی ژنان هەم سەبارەت بە خودی خۆیان، هەم ئەرک و ڕۆڵیان و هەم پۆتانسییێلی خۆیان لە کومەڵگەدا بێت؛ ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەو شۆڕشە بەبێ بوونی ژنان نەیدەوانی تا ئێستا بخایەنێ! لە ڕاستیدا ژنان لەو بزووتنەوەیەدا جیا لەوەی کە هەندێ جار ئەرکی ڕێبەرایەتییان لەئەستۆ دەگرت، توانییان بزوێنەری باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بۆ هاتنە مەیدان و شەڕ لەگەڵ داگیرکەر بن. هەر بۆیە دەتوانین ئاوا لە بابەتەکە بڕوانین کە خەباتی ژنان لە دوو بواری جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەیی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی، خەباتێکی ڕەوا و لە هەمانکاتدا جێگای ڕێز و پێزانینە، بەرەوپێشبردنی هاوتەریبی ئەم دوو خەباتە، ئەرکی قورستری خستووەتە سەر شانی ژنان و بێگومان کاریگەریشی لەسەر بزووتنەوەی کوردستان، دیار و هەستپێکراو دەبێ.

لە ٨ی مارسی ئەمساڵدا وێڕای پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی خەباتی ژنان لە کوردستان و ڕێزگرتن لە قوربانیدانیان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، پێویستە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە خەباتی نەتەوایەتی بەبێ بوونی ژنان سەر ناکەوێ و ئەرکی ژنان لەم بیوارەدا زۆر قورسترە. هەروەها ٨ی مارس دەبێ لەلایەن ژنانەوە ببێتە دەرفەتێک بۆ لەئەستۆگرتنی ئەرکێکی قورستر، پێداگرتنەوە لەسەر مافەکانیان و هاوکات دیاریکردنی سنووری نێوان خۆیان و دەسەڵاتێکی خۆسەپێن کە ساڵانێکی زۆرە لە مافی ژیان بێبەشی کردوون.

٨ی مارس دەتوانێ لەمەبەدوا جیا لە ڕۆژێکی جیهانی، ڕۆژی وەبیرهێنانەوەی خەبات و شۆڕشی ژنانی کوردستان دژبە چەقبەستوویی و بێمافی بێ.

١٧ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

## بابەتەکانی ساڵی............... ٢٧٢٤

## ئەیەوێ جێگا بە ئیسرائیل لێژ بکا!



لە مێژووی ٤٥ ساڵەی ڕێژیمی ئێراندا، هەمیشە چەواشەکاری هەبووە و هەتا ئەم ڕێژیمەش بمێنێ چەواشەکارییەکانیشی بەردەوام دەبن. لەو کاتەوە کە دەسەڵاتی ئاخوندەکان لە ئێران هاتووەتە سەر کار، هەتا ئەمڕۆ، کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە بە خۆگێلکردن لە بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ٥٧ و ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکانی ئێران، ژیانیان لە خەڵک تاڵ کردوە و نەیانهێشتوە ڕۆژێکی خۆش ببینن. ئەڵبەت ئەمە بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکان و بەتایبەت کورد، چەند قات زیاتر بووە و لەو نێوانەشدا ژنانی کورد هەمیشە بەر پەلاماری ستەمکاری و هەڵاواردن و تکۆڵیکردنی ڕێژیم کەوتوون. ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە، ڕووهەڵماڵراویی کاربەدەستانی ڕێژیمە کە سەرەڕای ئاشکرابوونی کردەوە قێزەونەکانیان دژ بە خەڵک، دیسانەوە باس لە ماف و ژن و ئازادی دەکەن!

بەپێی ئامارێک کە لەم ڕۆژانەدا، ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی ژنان لە ٨ی مارسی ٢٠٢٣ هەتا ٨ی مارسی ئەمساڵ بڵاوی کردەوە، ١٤ کەس لە ژنانی دەسبەسەرکراوی کورد لە دادگاکانی ئینقلاب و سزادانی کۆماری ئیسلامیدا بەرەورووی سزای جۆراوجۆری لە چەشنی بەندکران، لێدانی قامچی، پێبژاردن و سزای تەواوکەر بوونەتەوە. کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانیش لە یەکەم ڕاپۆرتی خۆیدا کە ڕۆژی هەینی ١٨ی ڕەشەمە، هاوکات لەگەڵ ڕۆژی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان، بڵاوی کردەوە، سەرکوتی بێبەزەییانەی شۆڕشی ژینای لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بە "جینایەت دژی مرۆڤایەتی" ناو برد.

هەر لەم ڕۆژانەدا، ڕێکخراوی "ستۆپ فێمسایدی ئێران" لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە لە ساڵی ٢٠٢٣ی زایینییدا ١٥٦ ژن لە ئێراندا کوژراون. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییش ڕۆژی چوارشەممە ١٦ی ڕەشەمە ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە و لەو ڕاپۆرتەدا ڕێژیمی ئێرانی بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوتی ژنان و پێشێلکردنی مافی ژنان مەحکووم کرد.

لە ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەزی ١٤٠١دا و لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا بە هۆی سەرکوتی بەربڵاو و سیستماتیکی ژنان لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا، کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن دەر کرا و ئەندامەتیی ڕێژیم لەم کۆمیسیۆنە بۆ چوار ساڵ هەڵوەشایەوە، کەچی لە ڕۆژی ٢٠ی ڕەشەمەی ئەمساڵدا، ئێنسییە خەزعەلی، جێگری کاروباری ژنان لە دەوڵەتی ڕەئیسیدا، بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێگەی ژنان گەیشتە نیویۆرک! خەزعەلی لە ٦٨ەمین کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی پێگەی ژنی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕۆژنامەنووسانی میدیاکانی سەر بە ڕێژیمی ڕاگەیاندوە، من بۆ بەدواداچوون لەسەر بارودۆخی تایبەتی ژنان لە غەززە و داواکاری بۆ دەرکردنی ئیسرائیل لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنی نەتەوە یەکگرتووەکان لێرە ئامادەم و گوتوویەتی: وەک وڵاتانی دیکە کە ڕاپۆرتێک لەبارەی دۆخی ژنان دەخەنە ڕوو، ئێمەش ڕاپۆرتێک لەسەر بارودۆخی ژنان لە ئێراندا دەخەینە ڕوو و باس لە بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەو کێشانە دەکەین کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە و بە شێوەیەکی تایبەت باس لە بارودۆخی ژنانی فەلەستینی لە غەززە دەکەین.

ئەمە جیا لەوەی کە لایەنێکی پێوەندیی بە جیددینەبوونی وڵاتانی زلهێز و لەوانە ئەمریکا سەڕەرای ئاشکرابوونی ڕاستییەکان بەتایبەت لەلایەن کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی ژنان لەلایەن ڕێژیمەوە لە درێژەی شۆڕشی ژینادا هەیە، لەلایەکی دیکەوە نیشان دەدات کە ئەم ڕێژیمە چەندە لە ئەستاندنی گیانی خەڵک و قسەی زل و بریقەداردا بێ شەرمە.

هەر لەو کاتەدا کە خەزعەلی دەیویست باس لە دۆخی ژنان لە ئێران بکات و داوای دەرکردنی ئیسرائیل لەم کۆمیسیۆنەی دەکرد، ٩ ژنی کورد بە ناوەکانی زەینەب جەلالیان، سوعدا خەدیرزادە، موژگان کاوسی، سەکینە پەروانە، ژیلا هۆژەبری، هاجەر سەعیدی، فریشتە حوسێنی، وریشە مورادی و پەخشان عەزیزی لە بەندیخانەکانی ئێڤین، یەزد، ورمێ، تۆن کابۆن، مەشهەد و سنەدا بوون و لەگەڵ خراپترین ئەشکەنجە دەروونییەکانی بەرپرسانی بەندیخانەکاندا بەرەوڕوو بوون، کەچی ئێنسییە خەزعەلی زیاتر خەمی ژنانی فەلەستینی دەخوات و داوای دەرکردنی ئیسرائیل لەم کۆمیسیۆنە دەکات، بەڵام بیری چووەتەوە کە خۆی ساڵێک پیش ئێستا لەم شوێنە دەر کراوە و پاش ساڵێک، لێکۆڵینەوەکان هەموو ئازار و ئەشکەنجە و ستەمەکانی ڕێژیمە دڵخوازەکەی ئەم بەناو بەرپرسەیان بە بەڵگەی باوەڕپێکراو پشتڕاست کردووەتەوە.

لە ڕاستیدا بەشداریکردنی خەزعەلی و چەواشەکردنی ڕاستییەکان و هەوڵ بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی هیچ لە دۆخی خراپی ئێران لە باری نێوخۆیی و نێونەتەوەییەوە ناگۆڕێ، وڵاتانی دیکە دەزانن کە کۆماری ئیسلامی کۆڵەکەکانی لەرزۆک بوونە و لە لێواری ڕووخان نزیک بووەتەوە و لە نێوخۆش خەڵک بەردەوام لەقاوی چەواشەکارییەکانی دەدەنەوە و بە پێداگری لەسەر ماف و ئازادییەکانیان دەکەن و بەرەنگاری دەبنەوە.

جێگا لێژکردن بە ئیسرائیل هیچ لە دۆخی ڕێژیم ناگۆڕێ و ئەوەی کە ڕوونە، سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکیدایە.

٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

## پاڵپشتی سەنگەر



**لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، ٧٧ ساڵ بەسەر لەسێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیدا تێپەڕی.**

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، کە بە ناوی شەهیدانی کوردستان ناودێر کراوە، خەڵکی کوردستانەوە وەکوو ڕۆژێکی سەمبولیک سەیریان کردووە و ئەو ڕۆژە بووەتە دەرفەتێک بۆ نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ شەهیدان و ڕێگا و ڕێبازەکەیان.

دیارە هەر بۆنەیەک لە کوردستاندا پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە، بەڵام جار وایە هەندێ ڕووداو دەبنە هۆکار تاکوو ئەو بۆنانە کە ساڵانە لای خەڵک بایەخ پەیدا دەکەن، گرینگتر و جیاوازتر لە ڕابردوو یادیان بکرێتەوە، بەو مانایە کە ڕووداوەکانی کۆمەڵگە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بۆنەکان هەبێت و وا بکەن کە ئەم بۆنانە جیاوازتر لە ڕابردوو بن.

لەو کاتەوە کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا شۆڕشی ژینا دەستی پێ کرد و ئاراستەی ڕووداوەکان وای کرد ڕێژیم لە ڕووخان نزیک بێتەوە، کۆمەڵێک بۆنە لە کوردستاندا ڕەنگ و بۆنێکی تایبەتیتر و جیاوازتر لە ڕابردوویان لەخۆ گرت. بۆ نموونە لە دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا، کە خەڵک پێشمەرگانە هاتنە مەیدان و لە بەرانبەر ڕێژیمدا ڕاوەستان، ٢٦ی سەرماوەز،

ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان زۆر جیاوازتر لە ساڵانی پێشووتر یادی کرایەوە، چونکە ئاراستەی ڕووداوەکان وایان کردبوو خەڵکی کوردستان پێشمەرگەئاسا لە مەیداندا بن و بەکردەوە پێشمەرگەی شار بن و هەوڵ بۆ ڕزگاریی خاک و نیشتمان بدەن. کەوابوو لەم پێناوەشدا شەهیدبوونیان وەک ڕووداوێکی پڕبایەخ چاوی لێ کرا و لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی کوردستاندا و بە حەماسەوە بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران؛ حەماسەتێک کە دواتر لە کردەوە و هەڵسوکەوتی سیاسیی بنەماڵەکانیشیاندا درێژەی پێ درا.

هەر لە درێژەی ئەم شۆڕشەدا بوو کە هەموو بۆنە تایبەتەکان لە کوردستان، لە چییەتیی خۆیاندا گۆڕانێکی بنەڕەتییان بەخۆوە بینی و بوون بە دەرفەت، بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن لەو بۆنانەدا بڕژێنە سەر شەقام و دژ بە ستەمکاری بوەستنەوە کە لەم چوارچێوەیەدا، ژنان ڕۆڵی تایبەتیان هەبوو.

لە درێژەی شۆڕشی ژینادا ژنان ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان لە ئەستۆ بوو و توانییان بە کردەوە و پێشمەرئاسا لە مەیداندا بن. ئەوەی کە لە ماوەی شۆڕشی ژینادا ژنان کردیان بە دەگمەن لە کۆمەڵگەکانی دیکەدا دەبینرێت، ژنان هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە دژ بەم سیستمە ڕاوەستان و هاوشان لەگەڵ باقی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دژایەتیی ئەم ڕێژیمەیان کرد، کەوابوو ئەوەی کە لێیان چاوەڕوان دەکرا، هەر ئەوە بوو کە لە شۆڕشی ژینادا بینیمان.

ژنان یەکێک لەو توێژانە بوون کە لە درێژەی ئەم سەرهەڵدانەدا، توانییان ڕەنگ و بۆنی بۆنە تایبەتەکان بگۆڕن و ئاراستەی ڕووداوەکان بە قازانجی بزووتنەوەکە ببەنە پێشەوە.

دایکی شەهیدان، خوشکی شەهیدان، هاوسەر و کچی شەهیدان بە بەرزڕاگرتنی یادی ئازیزەکانیان لە ڕۆژی لەدایکبوونیان، یان لە ساڵوەگەڕی شەهیدبوونیاندا، حەماسەی نوێیان خولقاند و بە جۆرێکی تر توانییان ڕۆڵی سەرەکی لە درێژەدان بە شۆڕشەکەدا بگێڕن، لە ڕاستیدا مەرگی ئازیزەکانیشیان نەیتوانی ئەوان لە پێشەنگایەتی ڕاوەستێنێ. بەڵام ئەوەی کە گرینگە و ویستی ئەم وتارەیە، ڕۆڵگێرانی ژنان لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵدایە!

لە ١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا، جیا لەوەی کە هەموو ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕاگیران، نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ شەهیدانی کوردستان، لاپەڕەیەکی زێڕین لە ئیرادەی خەڵکی کوردستانی هەڵدایەوە.

کەس ناتوانێ نکۆڵی لە دڵ برینداربوون و زامداربوونی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بکات، بەڵام بێگومان خۆڕاگری و

پێداگرییان لەسەر ئەو ڕێبازەی کە ئازیزەکانیان لەپێناویدا گیانیان لەدەست داوە، بۆ ئەوان جێگای ڕێزە، هە ئەو ڕێزگرتنە لە باوەڕی ئازیزەکانیانە کە وای کرد ئەوان لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا، سەرەڕای هەموو هەڕەشەکان، هەموو گوشارەکان و هەموو سەختییەکان، بە چوونە سەر مەزاری شەهیدەکانیان و بە ئیرادە و خۆڕاگرانە، لەم بۆنەیەدا، حەماسەیەکی نوێ بخوڵقێنن.

ژنانی کوردستان لە هەموو سالآنی ڕابردوودا، پاڵپشت و ورەی پشت سەنگەری خەبات بوون، بەڵام دۆخی کۆمەڵگە لە شۆڕشی ژینادا وای کرد کە ژنان ئەمجارە لە بەرەی پێشەوەی سەنگەردا جێ بگرن و بوێرانە دژ بە ڕێژیم ڕاوەستن.

چوونەسەر مەزاری شەهیدان، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە خاڵی دەسپێکی شۆڕشی ژینا بوو و ڕێژیمی لە ڕووخان نزیک کردبووەوە، تەنیا کردەوەیەکی ئاسایی بۆ یادکردنەوەی شەهیدان نییە. لە ڕاستیدا ئەمە لە جۆری خۆیدا شۆڕشێکی نوێیە. پاش شۆڕشی ژینا ڕێژیم سەر مەزاری شەهیدەکانی بە کامێرای چاوەدێری خستە ژێر چاوەدێریی خۆیەوە تاکوو بە خەیاڵی خۆی خەڵک چاوترسێن بکات، بەڵام بنەماڵەی شەهیدان و بەتایبەتیش ژنان بە ڕچەشکێنی توانییان ترس و دڵەڕاوکێی خەڵک بشۆنەوە و بوێرانە لەسەر مەزاری ئازیزەکانیان، لە ١٠ی خاکەلێوەدا یادیان بەرز ڕابگرن و پێیان بڵێن ڕێگاتان هەتا گەیشتن بە سەربەستی درێژەی هەیە.

١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

# ترس لە زانایی




لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دەسەڵاتی حاکم، دەسەڵاتێکی خۆسەپێن و دیکتاتۆر بێت، هەموو ڕێگاکان بۆ زانین بەسەر تاکەکاندا دەبەسترێت و ناهێڵن هیچ تیشکێکی هیوا لەمبارەوە بگاتە کۆمەڵگەکە؛ لەم کاتەدایە کە تاکی ڕووناکبیری کۆمەڵگە ئەرکی قورستری دەکەوێتە سەر شانی و هەموو هەوڵەکانی لەپێناو تێگەیاندنی کۆمەڵگە دەخاتە گەڕ و ئەرکی پێشەنگایەتی دەگرێتە ئەستۆ. ئەم بابەتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە دەسەڵاتی حاکم، هاوکات هەم دیکتاتۆر و هەم تۆتالیتەرە و دەستێوەردان لە هەموو کاروباری تاکەکان و تەنانەت ژیانی تاکەکەسیشیاندا دەکات، بابەتێکی گرینگترە.

کۆمەڵگەی کوردستان بە هۆی ژێردەستەبوون لە زۆر بوارەوە دواکەتوویی بەسەردا سەپاوە و ئەم دواکەوتووییە ئەگەر بە زانست و تێگەیشتنێکی ئەمڕۆییانە نەبێ هەر بەردەوام دەبێت و نەوەکانی داهاتووش تووشی خەساری قووڵ بەتایبەت لە بواری شوناسەوە دەکات. هاوکات لەگەڵ دەستێوەردان و خۆسەپاندنی دەسەڵاتی حاکم، هەوڵی کەسانی ڕووناکبیر لە کۆمەڵگەی کوردستان بۆ گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان بەردەوام بووە، لەم نێوانەدا کەم نین ئەو ژنانەی کە ئەرکی پێشەنگایەتییان لە ئەستۆ گرتوە و بە کردەوەی خۆیان توانیویانە کۆمەڵگە وە جووڵە بخەن تاکوو بەرەنگاری دەسەڵات و داگیرکاری ببێتەوە. نموونە بۆ ئەم بابەتە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرە و کەسانێکی وەک موژگان کاوسی، زارا محەممەدی، فەریدە وەیسی، ژینا مودەڕس گورجی تەنیا چەند نموونە لەو کەسانەن.



سەرچاوە
Serchawe

هاوکات لەگەڵ پێداگریی زارا محەممەدی لەسەر پەروەردە بە زمانی دایکی، شەپۆلێکی بەرین لە پشتگیری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا سەری هەڵدا، نادادپەروەرانەبوونی یاساکان و سەپاندنی سزای چەند ساڵ بەندکران بە سەر زارادا وای کرد بەشێکی دیکەی کۆمەڵگەش کە ڕەنگە تاکوو ئەو کات گرینگییان بە پرسی زمان و شوناسی نەتەوەیی نەدابێ، پاڵپشتی زارایان کرد و بە بەخشینی نازناوی زارای نیشتمان بەم ژنە کوردە، وێڕای پشتیوانی لە خواستی تاکی کورد بۆ لانیکەمی مافی پەروەردە بە زمانی دایکی، پێداگرییان لەسەر شوناسێک بکردەوە کە پاراستنی زمان یەکێک لە کۆڵەکە گرینگەکانیەتی. ئەم بوون بە سیمبولە، لای دەسەڵاتی تۆتالیتەر مەترسیدارە هەر بۆیە هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە تاکوو بە هەر جۆرێک بووە لێی بدات و نەهێڵێ پرسی نەتەوەیی بەتایبەت لە نێو توێژی ژناندا گەشە بکات.

لە ڕاستیدا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر هێزێک لەو کۆمەڵگەیەدا لە هێزی ژنان دەترسێت، چونکە زیاتر لە ٤٥ ساڵە هەوڵی چەوساندنەوەی داون و تێکۆشاوە لە ڕێگەی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکەوە لە سووچی ماڵەوە دایانبنێت و لە هەموو کاروبارێکی کۆمەڵگە دووریان بخاتەوە. هۆکارەکەش ڕوونە، دوورخستنەوەی ژنان لە کۆمەڵگە بە قازانجی دەسەڵاتە چونکە لانیکەم نیوەی هێزی کۆمەڵگە تووشی ناچالاک بوون دەکات و ئەمەش وا دەکا هێزی بەرەنگاربوونەوە لەم نیوەیەدا بمرێ. هەر بۆیە خودی دەسەلات باشتر دەزانێ ئەگەر هێزی ژنان یەک بگرێت دەتوانێ کۆڵەکەکانی بوونی لەرزۆک بکا، هەروا کە لە درێژەی شۆڕشی ژینادا بەڕوونی بینیمان.

هەر لەم ڕاستایەدا هەبوونی هەندێک لە ژنان دەتوانێ کاتالیزۆرێکی باش بۆ وەجووڵەخستنی باقی توێژەکە و کۆمەڵگە بێت، چونکە هەبوونی ژنی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو دەتوانێ ئاقاری ڕووداوەکان بگۆڕێ و دەسەڵات تووشی دەستەوەستانی بکات. لێرەدایە کە دەسەڵات هەوڵ دەدات ناوەندەکانی گەشەی بیر و تێگەیشتنی ژنان بکاتە ئامانج، لەلایەکەوە زارای مامۆستا دەخاتە بەندیخانە تاکوو قوتابییەکانی چیدیکە بە زمانی خۆیان نەخوێنن و لەلایەکی دیکەوە کتێبفرۆشیی ژیرا دادەخات تاکوو ژینا مودەڕس گورجی وەکوو کچێکی چالاک لە بواری ژنان، نەتوانێ بە کەلکوەرگرتن لەم ناوەندە ئەرکی تێگەیاندنی ژنان لە جیهانی مودێرن و داخوازە ڕەواکانیان بەجێ بگەینێ.

بە سەرنجدان بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەتایبەت بەرانبەر بە ژنان دەتوانین لەم ڕاستییە تێبگەین کە ئەوەی کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێ ژنی زانایە! لە ڕاستیدا دەسەڵات باش تێگەیشتوە کە ژنی زانا دەتوانێ چەندە کاریگەریی لەسەر دەوروبەری خۆی هەبێت و لە گەشەی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕێ.

ڕێژیم پێی وایە بە بەندکردنی ژنان و داخستنی کتێبفرۆشییەکان و قەدەغەکردنی چالاکییە مەدەنی و فەرهەنگییەکان

دەتوانێ کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە قەت لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕوو نادات.

هەوڵەکانی ڕێژیم لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارێتی خۆیدا بۆ سەرکوتی ژنان، هاوارێکی پەنگخواردووی لەگەڵ بوو کە ئەم هاوارە لە دوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا گەیشتە گوێی جیهانییان و کۆماری ئیسلامیی تووشی نسکۆیەکی گەورە کرد.

بە چاوخشاندنێک بەسەر ڕووداوەکانی ساڵەکانی ڕابردوودا کە بە دەیان نموونە لە دەسبەسەرکران و سزادرانی ژنانی کوردی تێدا بەدی دەکرێ، ڕەنگە یەکێک لە وانەکان بۆ فێربوون هەر ئەمە بێت کە هێزی ژنان دەتوانێ هێزی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بێت و هیچ هێزێک ناتوانێت لە بەرانبەر هێزی زانست و تێگەیشتن بەردەوام بێ.

گرینگە لەم سەردەمەدا کە سەردەمی زانیاری و زانستە، ژنان زیاتر لە ڕابردوو هەوڵ بۆ پێگەیاندنی خۆیان لە بواری زانست و تێگەیشتن لە کۆمەڵگە و ڕووداوەکانی دەوروبەریان بدەن، تاکوو لەم ڕاستایەشدا بتوانن هەنگاوی کردەیی و باشتر و سەرکەوتووتر هەڵبگرن.

٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## گەڵاڵەی زەبر و زۆر



لە ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵەوە ڕێژیم لە ڕێگەی ناوەندە داپڵۆسێنەرەکانیەوە پرۆژەیەکی دیکەی لە دژی کۆمەڵگە و بەتایبەت ژنان خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەگەرچی چوارچێوەی ئەم پرۆژەیە کە بە "گەڵاڵەی نوور" ناسراوە ناڕوونە و تاکوو ئێستا پێوەرێکی دیار و ڕوون بۆ جێبەجێکردنی بەدەستەوە نەدراوە، بەڵام هەموو ناوەندە سەرکوتکارەکانی ڕێژیم کەوتوونەتە خزمەتیەوە و دەیانەوێ بە زۆر پرسی حیجاب لە کۆمەڵگەدا بکەنە ڕۆژەڤ و وای نیشان بدەن کە تەنیا کێشەی هەنووکەیی کۆمەڵگەی ئێران، کێشەی حیجابە!

لە ڕاستیدا پرسی حیجاب لای کۆماری ئیسلامی هەمیشە یەکێک لە گرینگترین و هەستیارترین بابەتەکان بووە و، ناکرێ دەسەڵات بە ناوی ئیسلامەوە خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت و پرسی حیجابی تێدا ڕەچاو نەکرێ؛ بەڵام پرسە سەرەکییەکە، نەبوونی ڕەوایی ئەم دەسەڵاتە و دژایەتیی زۆربەی حەشیمەتی کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ پرسێکی وەک حیجابە. هەروەها ڕێژیم زۆر باش دەزانێ کە پاشەکشە لەهەمبەر پرسی حیجاب سەرەتای دۆمێنۆی پاشەکشەکانی و ە کۆتاییدا ڕووخان و دارمانیەتی.

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕیژیمەوە، پرسی حیجاب بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا سەپاوە و خەڵک بەبێ هیچ دەرفەتێک بۆ ڕادەربڕین ناچار بە گوێڕایەڵبوون و ملکەچبوون بەم بڕیارە بوون، چونکە لای کۆماری ئیسلامی دژایەتی لەگەڵ پرسی حیجاب، لە ڕاستیدا دژایەتی لەگەڵ چییەتی و بوونی ئەو دەسەڵاتەیە. لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا و بەپێی دۆخی کۆمەڵگە و گرینگتر لەوەش دۆخی دەسەڵات، پرسی حیجاب هەموو کاتێک لەلای ڕێژیم زۆرترین گرینگیی پێ دراوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک کەرەستەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی لانیکەم بەشێک لە حەشیمەتی کۆمەڵگەی ئێران چاوی لێ کراوە؛ هەر بۆیە هەر کات کە لە قوژبنێکدا دژایەتی لەگەڵ ئەم پرسە کرابێ، وەک ئەوە بووە کە تەواویەتی کۆماری ئیسلامی کرابێتە ئامانج و لەو سۆنگەیەشەوە هەڵوێستی دەسەڵاتیش توند و بێبەزەییانە بووە.

ئەگەرچی پرسی حیجاب لە کوردستان پرسێکی زۆر جیاوازتر لە ناوەندی ئێرانە بەڵام بەم حاڵەشەوە، ڕێژیم ستەمی خۆی بەرانبەر بەم خەلکە درێغ نەکردوە و بەردەوام هەوڵی داوە تاکوو بە بیانووی حیجابەوە پەلاماری کوردستان و خەڵکەکەی بدا. بەڵام ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە پرسی حیجاب لە کوردستان بۆ ڕیژیم پرسێکی تەواو ئەمنییەتییە، چونکە تێگەیشتنی خەڵکی کوردستان لە کۆمەڵگەی ئێران و ناسینێک کە لە دەسەڵات هەیانە، وای کردوە کە حیجابیش وەکوو بیانوویەک بۆ دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم چاوی لێ بکرێت.

ڕێژیم ساڵانێکی زۆرە لە ڕێگەی گەلاڵەی جۆراوجۆرەوە هەوڵ بۆ سەپاندنی حیجاب بەسەر کۆمەڵگەدا دەدات بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە کە لە دوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینییەوە، ئەم پرسە لە کوردستان بوو بە دەسمایەی سەرکوتی زیاتر، چونکە ئەم پرسە لە کوردستان جیا لە مافێکی تاکەکەسی، تێکەڵ بە پرسی شوناس و پرسی نەتەوەیی بوو و بە پێچەوانەی شارەکانی ناوەندی ئێران کە هەموو بزووتنەوەکەی دوای مەرگی ژینایان بە حیجابەوە گرێ دا، لە کوردستان پرسی نەتەوەیی بە گوڕ و تینەوە سەری هەڵدایەوە و کوژرانی کچە کوردێک لەسەر حیجاب بوو بە چەخماخەی ئاگری بزووتنەوەیەک کە دەسەڵاتی تووشی دارمانێکی دەروونی کرد. دەروونی بەو مانایە کە ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا ڕیژیمەکە نەڕووخاوە بەڵام لە نێوەڕۆک و بوونی خۆیدا تووشی ڕووخان و لەنێوچوون بووە؛ بە شێوازێک کە دواپەلەقاژەی بووەتە پەلاماردانی ژنان و کچان لە شەقامەکاندا و پێی وایە بە سەپاندنی ئەم پرسە دەتوانێ قەرەبووی تێکچوون و ڕووخانە دەروونییەکەی بکاتەوە!

ئامادەباشیی هێزە ئینتیزامییەکان و گەشتی ئێرشاد و باقی هێزەکانی ڕێژیم، لایەنێکی دیکەشی هەیە و ڕەنگە بەشێکی گرینگ لەم هەوڵە بێت، ئەویش گەورە کردنەوەی پرسی حیجاب بە مەبەستی بچووککردنەوەی پرسی سەرەکی واتە مافخوازیی خەڵکانی ئێرانە.

بەشی دووهەم

لە ڕاستیدا ڕێژیم بە سەرقاڵکردنی خەڵژ بە پرسی حیجابەوە، وای دەنوێنێ کە تەنیا پرسی گرینگ کە لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی ڕووبەڕوونەوەی خەڵک و دەسەڵاتە پرسی حیجابە، بەم شێوەیە پرسە ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی، پەروردەییەکان دەکەونە پەراوێزەوە و لە جیاتی ئەوەی کە شەڕی خەڵک و دەسەڵات لەسەر پرسی مافی چارەی خۆنووسین و ئازادی و دادپەروەری بێت، لە چوارچێوەی تاڵە قژی ژنێکدا پێناسەی بۆ دەکرێت. هەر بەم پێیە زۆر گرینگە کە بە تێگەیشتن لە لایەنە شاراوەکانی ئەم بابەتە، نەهێڵین پرسی سەرەکی لە چاو ون بێت و ڕێژیم بە سەپاندنی گەلاڵەیەک، زۆری خۆی بەسەر خەڵکدا تاقی بکاتەوە.

**بێگومان بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕێژیم هەر جارەو لە سەنگەرێکدا دەکرێ و ئەوەی کە گۆڕانی بەسەردا نایەت، ڕق و تووڕەیی خەڵک لە دەسەڵات و بێزارییان لە ستەم و ناداپەروەرییە.**

**١٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٤**

# د. عەلی عەبدیلزادە: حیزبی دێموکرات لە یو.ئێن.پی.ئۆ نەک هەر نوێنەرایەتیی خۆی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بگرە نوێنەرایەتیی هەموو کورد دەکات




**دیمانە**

**ئاماژە:**

ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ٢٢ و ٢٣ی بانەمەڕ لە وڵاتی ئاڵمان، نۆزدەهەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان (UNPO)، بە بەشداریی د. عەلی عەبدیلزادە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم ڕێکخراوەیەدا، دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

لەم کۆنگرەیەدا کاروباری دەستووری کاری کۆنگرە و باس و ناساندنی چەندین کەمپەینی جیاواز کە ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە ساڵانی داهاتوودا کاریان لەسەر دەکا، تاوتوێ کران و لە بەشی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی نوێی کۆنگرەدا د.عەلی عەبدیلزادە لەلایەن کۆنگرەوە بە زۆرینەی دەنگ دووبارە وەک ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرایەوە. بەشی کۆتایی کۆنگرەکەش تەرخان کرابوو بۆ باس لەسەر ڕەوشی سیاسیی نەتەوەکانی ئەندام و پەسەندکردنی بڕیارنامەکان کە لەو بەشەدا نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتاری حیزبی پێشکێش کرد. هەروەها لەسەر پێشنیار و ڕەشنووسێکی ئامادەکراوی هەیئەتی حیزبی دێموکرات، کۆنگرەی ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان بڕیارنامەیەکی تایبەت بە ڕەوشی نەتەوەکانی

ئێران، بەتایبەتی لەسەر کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، پەسەند کرد. "کوردستان" بۆ زیاتر باسکردن لە کاروباری تازەترین کۆنگرەی (UNPO) وتووێژێکی "کوردکاناڵ" لەگەڵ د. عەلی عەبدیلزادەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:

**ئاسۆ مینبەری**: ڕێکخراو UNPO بەگشتی چ جۆرە ڕێکخراوێکە و کار و چالاکییەکانی چوارچێوەکەی چۆنە؟

**د. عەلی عەبدیلزادە**: ڕێکخراوە نەتەوە بێدەوڵەتەکان یا باشترە بڵێم نەتەوە بێنوێنەرەکان ساڵی ١٩٩١ دامەزرا. ئەو ڕێکخراوەیە ئەوکات و ئێستاش دوو ئامانجی سەرەکیی بۆ خۆی داناوە. یەکەم ئامانج ئەوەیە ببێتە پردێکی پێوەندیی لەنێوان نەتەوەکان یان ئەو گەلانەی زوڵمیان لێ دەکرێ لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەنگی ئەوان بگەیێنێتە ناوەندەکانی بڕیار لە کۆمەڵگەی جیهانی وەک کۆڕی گشتیی UN و ڕێکخراوەکانی تری جیهانی. دووهەم ئامانجی ئەو ڕێکخراوەیە ئەوەیە پلاتفۆرمێک بێت بۆ هاودەنگی و هاوسۆزی لەنێوان گەلان و نەتەوەکانی زوڵملێکراو لە جیهاندا. ئێمە لە ڕێگەی UNPO ەوە دەرفەتمان زۆرە کە هاوسۆزی بەرانبەر بە یەکتر دەرببڕین و هاوکات بتوانین لەو ئەزموونەی یەکتری لە خەبات دژ بە زوڵم و زۆر شت فێر ببین و کەلک وەربگرین. بۆیە ڕێکخراوی نەتەوەکانی بێدەوڵەت یا بێنوێنەر، لەسەر ئەو دوو ئامانجە سەرەکییە دامەزراوە و هەتا ئێستاش هەر لەو ئاستەدا کار دەکات.

**ئاسۆ مینبەری**: حیزبی دێموکرات یەکێکە لە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە. دەمهەوێ تۆزێکیش لەسەر ئەوە قسەمان بۆ بکەی حیزبی دێموکرات لەکەیەوە لەم ڕێکخراوەیەدا بووەتە ئەندام؟

**د. عەلی عەبدیلزادە**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەدرێژایی مێژوو هەوڵی داوە دەنگی کورد بەتایبەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیێنێتە ناوەندە سیاسییەکانی جیهان و هەر بۆیەش حیزب دێموکرات لە سەرەتای هەشتاکانەوە هەوڵی داوە لە ڕێگای بۆ نموون ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتێرناسیۆناڵ دەنگی کورد بگەیێنێ بە ناوەندیی بڕیاردەر لە جیهاندا. هەر لە درێژەی ئەو هەوڵانەدا و لە بوارەکانی دیکەشدا ساڵی ٢٠٠٧ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕەسمی بوو بە ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکاندا و لەو کاتەوە هەتا ئێستا چالاکانە دەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گەیاندوە بە ناوەندەکانی بڕیاردەر لە جیهان و لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات نوێنەرایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات لەم ڕێکخراوەیەدا.

**ئاسۆ مینبەری**: جەنابت پێشتریش ئاماژەت بەوە کرد کە بوون لەم ڕێکخراوە دەتوانێ دەرفەتێکی زۆر باش بێت، دەمهەوێ بزانم تا چەند وەکوو حیزب دێموکرات توانیوتانە لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرن وەکوو نوێنەری نەتەوەی بێدەوڵەتی کورد؟

**د. عەلی عەبدیلزادە**: بێگومان ئێمە وەک نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە لە هەوڵدا بووین کە لە ڕێگای ڕێکخراوی UNPO دەنگی خۆمان بگەیەنین بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. چالاکییەکانی ئێمە جۆراوجۆر بوون، بۆ نموونە توانیومانە کۆبوونەوە پێک بێنین لە ئاستی پارلەمانی ئورووپا و لە ئاستی ناوەندەکانی دیکەی جیهانیدا و لەو شوێنانە باسی دۆخی کورد لە ئێران بکەین. زۆر جار بووە ڕاپۆرتی تایبەتیمان نووسیوە بۆ UN و بەشێوەیەکی وردتر باسمان لە دۆخی کورد لە ئێران کردوە و هەوڵمان داوە بەرپەرچی چەواشەکارییەکانی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە. هەروەها لە زۆر دەرفەتی دیکەشدا توانیومانە کار بکەین UNPO وەک پردێکی پێوەندی بۆ ئێمە وا بووە و توانیومانە لەو ئەزموونە گرینگانەی نەتەوەکانی دیکە لە خەبات و چالاکی بەرانبەر زوڵم و زۆری هەیانە کەڵک وەرگرین، لێیان فێر بین و هاوکات ئەو ئەزموونانەی خۆشمان هەمانە بیدەین بەوان. هەر لە درێژەی ئەو هەوڵانە تێکۆشاوین ببین بە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوەیەوە و لەوێدا نەتەنیا دەنگی کورد بەڵکوو دەنگی نەتەوەکانی تریش باشتر بگەنین بە ناوەندیی بڕیاردەری جیهان.

**ئاسۆ مینبەری**: کەوابوو گرینگی هەبوونی حیزبی دێموکرات لەم ڕێکخراوەیەدا تەنیا لەبەر خۆی نییە، بەڵکوو بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییشە؟

**د. عەلی عەبدیلزادە**: بێگومان بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی کوردە و لەهەمان کاتیشدا وەک باسم کرد ئێمە بە پەرۆشەوە دەڕوانینە ئەو زوڵم و زۆرە و ئەو سەرکوتەی بەرانبەر بە نەتەوەکانی تری جیهانیش دەکرێ. بۆیە پێمان وایە خەباتی ئێمە و خەبات بۆ ئازادی و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەستە بە خەبات و چالاکی تێکۆشانی نەتەوەکانی تر لە بەشەکانی دیکەی جیهان کە ئەوانیش وەک ئێمە خەبات دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی خۆیان. بۆیە هەوڵمان داوە دەنگی ئەوانیش بین نەک تەنیا دەنگی کورد بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاوپێوەندییەکی پتەو لەگەڵ نەتەوە بێدەوڵەتەکانی دیکەشدا دروست بکەین.

**ئاسۆ مینبەری**: ئەگەر بکرێ باسی تازەترین کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوەیەکان بۆ بکەن و بفەرموون بەتایبەت سەبارەت بە پرسی کورد چی باس کراوە؟

**د. عەلی عەبدیلزادە**: دیارە لە دەرفەتێکی ئاوا کورتدا لەوانەیە مەجال نەبێت هەموو ئەو وردەکارییانە باس بکەم بۆیە تەنیا ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرینگ دەکەم. یەکەمیان ئەوە کە لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەدا باسی ستراتێژی داهاتووی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ چالاکیی دوو ساڵی داهاتوو کرا. لەو پێوەندییەدا کە چۆن دەتوانین پرسی ئەو نەتەوانەی ئەندامن لەو



سەرچاوە Serchawe

ڕێکخراوەیەدا زیاتر بەرز بکەینەوە لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. ئێمەش چالاکانە لەو باسانەدا بەشداریمان کرد. باسێکی گرینگ کە لەو پێوەندییەدا کرا لەبارەی مافی چارەی خۆنووسین بوو کە بە شێوەیەک هەموومان پێکەوە کۆ دەکاتەوە، چونکە پێمان وایە مافی چارەی خۆنووسین نەکهەر ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ تەنیا وڵاتی سەربەخۆت هەبێت، بەڵکوو دەتوانێ لە سادەترین مافەکانەوە دەست پێ بکات هەتاکوو سەربەخۆیی. بۆیە ئەوە شتێکە کە هەموو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە پێکەوە لەسەری کۆکن. لە دەرفەتێکی تری کۆنگرەکەدا باسی ڕەوش و خەبات و کار و چالاکی و ئەو زوڵم و زۆرەی بەرانبەر ئەندامانی ڕێکخراوەکە کرا. ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتارێکمان پێشکەش کرد لەسەر ڕەوشی نالەباری مافی مرۆڤ و کوشت و کوشتارەی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیکات کە بەخۆشییەوە لەلایەن کۆنگرەوە بایەخی پێ درا. بەشێکی تری کاری کۆنگرە تەرخان کرا بوو بۆ ئەو بڕیارنامانە کە لەلایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە هاتبوو. ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕەشنووسێکمان پێشکەش بە کۆنگرە کرد کە بەخۆشییەوە بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا و دەکرێ بڵێم لەو بڕیارنامەیەدا کە پەسندکرا چەند شتی گرینگی تێدا بوو. یەکیان ئەوە بوو کە کۆنگرەی نەتەوەکانی بێدەوڵەت پشتیوانیی خۆی بۆ خەباتی ڕەوای گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دووپات دەکاتەوە و پێی وایە خەباتی ئێمە بۆ دێموکراسی یا بۆ گەیشتن بە ئازادی بۆ گەیشتن بە مافە سەرەتاییەکانمان گرینگە و پشتیوانی لێ دەکا. لە بەشێکی دیکەدا هاتووە کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەبواری لەسێدارەدانی چالاکانی مافی مرۆڤ، چالاکانی سیاسی و مەدەنی بەگشتی مەحکووم دەکات و لە کۆماری ئیسلامی دەکات بە زووترین کات زیندانییانی سیاسی ئازاد بکات. هەروەها لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنگرەدا هەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی ڕێکخراوەکە کرا لەو بەشەدا ئەمن وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنگی متمانەی کۆنگرەم بۆ ئەندامەتی لە دەستەی سەرۆکایەتیدا وەرگرت و ئەوەش بێگومان دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی.

**ئاسۆ مینبەری**: **تا چەند ئەمە دەتوانێ بۆ حیزبی دێموکرات گرینگ بێت یان بۆ پرسی نەتەوەیی کە کەسێکی کورد لە بەشی سەرۆکایەتیی ئەم ڕێکخراوەیەدا بێت؟**

**د. عەلی عەبدیلزادە**: وەک پێشتر ئاماژەم پێدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی ئەندامەتی لەم ڕێکخراوەیەدا بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە ڕەوشی نالەبار و زوڵم و سەرکوت بەرانبەر بەو گەلانەی تری جیهان کە دەکرێن. بۆیە لەو پێوەندییەدا هەوڵمان داوە چالاکانە بەشدار بین و یەکێک بین لە ئەندامانی سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوەیە بۆوەی بتوانین دەنگی خۆمان و گەلانی تریش بە جیهان بگەیەنین. بێگومان پێگەی حیزبی دێموکرات وەک ئەندامێکی سەرۆکایەتی ئەوەندەی تر گرنگتر دەنوێنێ و گرینگییەکەشی لەوەدایە کە ئێمە ئەوە لە چەندین کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوەیەدا خۆمان

کاندید کردوە و متمانەی ئەوەمان پێ دراوە و دووبارە و سێ بارە ببینە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی. ئەمە نیشان دەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێگەیەکی بەهێزی هەیە لەنێو گەلانی‌تر کە ئەوانیش وەک ئێمە خەبات دەکەن بۆ ئەوەی سەربەخۆ بن و بە مافە دێموکراتییەکانیان بگەن.

**ئاسۆ مینبەری**: ئەم وتارەی وەک نوێنەری حیزب پێشکێشتان کرد تا چەند گرینگە لە بەرزکردنەوەی ئەم دەنگە لە UNPO دا و باس کردن لەو کێشانەی لە ئێراندا هەیە. ئایا ئەمە ئەتوانێ ئاکامێکیشی بەدوادا بێت بۆ ئێمە؟

**د. عەلی عەبدیلزادە**: ئەمن پێم وایە بەرزکردنەوەی دەنگی کورد لەو کۆنگرەیەدا و هێنانەبەر باسی ئەو گیروگرفتانە و ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ کە لە ئێراندا دەکرێ بەرانبەر بە کورد و نەتەوەکانی دیکە زۆر گرینگە. یەکەم ئەوە کە بێگومان وەک زانیارییەکی گشتی دەدرێ بەو نەتەوانە کە ئەوانیش لە کەناڵەکانی خۆیان و لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا باسی دەکەنەوە و بەو شێوەیە دەتوانین ئەو زوڵم و زۆر و سەرکوتەی کە لە ئێران دەکرێ زیاتر لەنێو نەتەوەکانی تری جیهاندا لەقاویان بدەین. لە هەمان کاتیشدا دەرفەتێکی باشە بۆ ئێمە کە بە کۆماری ئیسلامی بڵێین ڕێکخراوی جیهانیی وەک UNPO هەیە کە بەردەوام بە دواداچوون دەکات بۆ ڕەوشی نەتەوە بندەستەکانی ئێران.

**ئاسۆ مینبەری**: ئێوە ئێستا وەکوو نوێنەری گەورەترین نوێنەری بێ دەوڵەتی کورد لە UNPO لە دەستەی سەرۆکایەتی‌دان، ئایا خۆتان ئامادە کردوە بۆ ئەو ئەرکە قورسە؟

**د. عەلی عەبدیلزادە**: بێگومان کاتی دەوێت و وەئەستۆگرتنی ئەرکێکی لەم شێوەیە قورسە. بەڵام ئێمە بەردەوام کۆبوونەومان هەیە و بەردەوام کار و چالاکییەکانی سکرتاریەتی UNPO دەبەینە پێشێ و پشتیوانییان دەبین بۆ چاکتر بەڕێوەبردنیان. بۆیە بوونی ئێمە لەو ئاستەدا زۆر گرینگە و وەک پێشتر باسم کرد نەکهەر وەک نوێنەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو تاقە دەنگێکی کوردین لەم ڕێکخراوەیەدا و بۆمان گرینگە دەنگی کورد بگەیەنینە هەموو ئەو شوێنانەی کە بۆمان دەکرێ. بۆیە ئەندامبوونمان لە دەستەی سەرۆکایەتیدا پێگەیەکی بەهێزترمان پێ دەدات بۆ گەیاندنی دەنگی نەتەوەکەمان بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی.

**ئاسۆ مینبەری**: زۆر سپاس کاک عەلی بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا

**د. عەلی عەبدیلزادە**: ئێوەش سەرکەوتوو بن لە کارەکانتاندا

ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

# لە هەموو لایەکەوە دژی ژنان




لەوەتی کۆماری ئیسلامی هەیە، ژنان زیاتر لە هەر توێژێکی دیکەی کۆمەڵگە کەوتوونەتە ژێر گوشارەوە، گوشارگەلێک کە زۆربەی جار ئایین و مەزهەب گرینگترین ڕۆڵیان لە پەرەسەندنیاندا هەبووە و ڕێژیم لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی گوشارێکی چەند قات بخاتە سەر ئەم توێژەی کۆمەڵگە.

لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا، دەسەڵاتی ئاخوندی لە ئێران هەوڵی داوە لە هەر ڕێگەیەکەوە ژنان تووشی هەڵاواردن و پەراوێزخستن بکات، لەلایەکەوە بە دانانی گەشتی ئێرشاد و کۆنترۆڵکردنی جلوبەرگ و قژیان لە چوارچێوەی گەلاڵەگەلی جیاوازی وەک گەلاڵەی نووری ئێستادا و لەلایەکی دیکەوە بە دەستێوەردان لە ژیانی تاکەکەسییان و بڕیاردان لەسەر پرسی منداڵبوون و وەچەخستنەوە و لە هەندێ حاڵەتیشدا بە داخستنی ناوەندەکانی پشتیوانیکردن لە ژنان و دەسبەسەرکردنی چالاکانی بواری ژنان.

لە ڕاستیدا هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم دژی ژنان لە ڕاستای سەپاندنی ئیدئۆلۆژیی خۆیدایە؛ ئەم ڕەوتە لە کتێبە دەرسییەکانەوە دەست پێ دەکا و دواتر دێتە نێو کتێبەکانی پۆلەکانی سەرەوەتر و دوای ئەوەش ژیانی تاکەکەسییان داگیر دەکات بە جۆرێک کە ژنان بە هیچ شێوازێک ناتوانن هەست بە ئارامی و ئەمنییەت لە ژیانی خۆیاندا بکەن.

بەشی دووهەم

ئەوەی کە ئێستا زیاتر لە هەر شتێک ژنانی خستوونەتە ژێر گوشارەوە یەکیان بابەتی گەلالەی نوور و توندوتیژیی هێزەکانی ڕێژیم لەگەڵ کچان و ژنان و هاوکات هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەتە.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی هاندانی خەڵک بۆ وەچەخستنەوە و بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەتی -بەتایبەتی پاش جەختکردنەوەی عەلی خامنەیی لەسەر ئەم بابەتە- گرتووەتە بەر بەڵام نەک هەر نەیتوانیوە خەڵک ڕازی بەوە بکات بەڵکوو ڕێژەی زاوزێ بەردەوام دابەزینی زیاتریشی بە خۆیەوە بینیوە.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ڕێژیم لە درێژەی سیاسەتەکانی بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت باسی لە بەخشینی ٨٠ هەزار پارچە زەوی بەو بنەماڵانە کردوە کە منداڵی سێهەم یان زیاتریان دەبێت.

پێشتریش ساڵی ١٣٨٩ و لە کاتی سەرۆککۆماریی مەحموود ئەحمەدینژاددا، دەوڵەت بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ڕیژەی حەشیمەت بەڵێنی دابوو بۆ هەر منداڵێک کە لە دایک ئەبێت هەژمارێکی بانکی بکاتەوە و یەک ملیۆن تمەنیش دەخاتە هەژمارەکەوە و هەموو ساڵێکیش ١٠٠ هەزار تمەنی بۆ زیاد دەکات بەڵام تاکوو منداڵەکە تەمەنی نەگات بە ١٨ ساڵ ناتوانێت پارەکەی وەربگرێت.

پاش ماوەیەک لە پەسەندکردنی ئەم گەلاڵەیە دەوڵەت پارەی هەژماری منداڵەکانی بۆ خۆی هەڵگرتەوە و لەسەر بەڵێنی خۆی نەما. هەر لە ڕۆژی شەممە ٢٩ی بانەمەڕی ئەمساڵیشدا ئیبراهیم ڕەئیسی لە ڕێوڕەسمی "خەلاتی میللی جەوانیی حەشیمەت" ڕایگەیاند، خەڵک دەبێت بزانن کە لەباربردنی کۆرپەلە لە ڕوانگەی شەرعەوە نایاساییەوە و کوشتنی مرۆڤە.
ڕەئیسی لە درێژەی قسەکانیدا بە ئاماژەدان بە قەیرانی ئابووری و کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری ڕایگەیاندوە کە لاوەکان دەبێت کولتووری قەناعەتکردنیان هەبێت.

سەرۆککۆماری ئێران لەم پێوەندییەدا زیادی کردوە کە یەکێک لە موعجیزەکانی قورئان ئەوەیە کە هەر کەس هاوسەرگیری دەکات دۆخی ئابوورییەکەی لەوەی کە هەیە خراپتر نابێت.

ئەم قسانەی ڕەئیسی لە کاتێکدایە کە ڕێژەی ئاماری جیابوونەوە بە هۆی کێشەی ئابووری یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی تەڵاق لە ئێراندایە.

دەوڵەتی ئیبراهیم ڕەئیسی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە و بە بیانووی جەوانیی حەشیمەت، لەباربردنی کۆرپەڵەی قەدەغە کرد. ئەمە پرسێکە کە زۆربەی چالاکانی بواری ژنان ئەمە بە دەستێوەردانێکی بێشەرمانە لە مافی ژیان و مافی هەڵبژاردنی ئەم توێژە دەزانن و هەر بۆیە بەتوندی دژایەتیی لەگەڵ دەکەن.

هەر لەم پێوەندییەدا، ڕۆژی هەینی، ٢١ی بانەمەڕ، ١٦ ڕێکخراوی مافی مرۆیی بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک داوایان لە کۆمەڵگەی جیهانی کرد کە سەبارەت بە سەرکوتی مافی هەڵبژاردن و تەندروستیی ژنان لە پرسی دووگیانبوون و پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی ڕەگەزیی ئەم توێژە لە ئێران هەڵوێست بگرن.

واژۆکەرانی ئەم بەیاننامەیە بە ئاماژەدان بەو ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی بە پەسەندکردنی یاساگەلێک کە باس لە هەڵاواردن دەکەن، بەتوندی دەستپێڕاگەیشتن بە چاوەدێریی بێهداشتی و دووگیانبوون و خزمەتگوزارییەکانی کۆنترۆڵکردنی حەشیمەتی بنەماڵە سنووردار دەکاتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم کردەوانە وەکوو تاوان پێناسەیان بۆ بکرێ و نەتوانن ئەو خزمەتگوازییانە پێشکەش بکەن، کە ئەمە خۆی زەوتکردنی مافی سەربەخۆیی ژنان سەبارەت بە جەستەی خۆیان و هەڵاواردنی سیستماتیکە.

کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، بونیادی بروومەند، دیدەبانی مافی مرۆڤ، حاڵوەش، ڕێکخراوی کوردپا، کەمپەینی چالاکانی بەلووچ، ڕێسانەک، ئەنجومەنی مافی مرۆڤی خەڵکی ئازەربایجان لە ئێران، ناوەندی خەبات دژی ڕەگەزپەرستی لە ئێران، هیرکانی، ئەنجومەنی مافی مرۆڤی کوردستان_ ژنێڤ، میان، ئۆترایت ئینترنەشناڵ، بونیادی پوورزەند، توهرا و ڕێکخراویی جیهانیی دژی ئەشکەنجە، لەو ڕێکخراوە مافی مرۆییانەن کە ئەم بەیاننامەیان واژۆ کردووە.

بە پێێ ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان لەباربردنی منداڵ بە شێوەی نایاسایی لە ئێران بە هۆی گوشارەکانی ڕێژیم و سنووردارکردنی دەسپێڕاگەیشتنی ژنان بە خزمەتگوزاریی تەندروست و بەجێ، ئاسەواری خراپ و قەرەبوونەکراوی لەسەر ژیانی ژنان دەبێ.

سەرەڕای هەوڵەکانی ڕێژیم لە ساڵی ٩١ـەوە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت، مافی دووگیانبوون بۆ ژنان سنووردار کراوەتەوە و ئەمەش دەسپێڕاگەیشتنی ژنان بە کەرەستەکانی پێشگرتن لە منداڵبوون و لەباربردنی کۆرپەڵە بە شێوەی تەندورست و بە دوور لە مەترسیی بۆ ژنانی سنووردار کردووەتەوە.

پرسی دووگیانبوون و کۆنترۆڵکردنی جەستە یەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی ژنانە و کۆماری ئیسلامی وەکوو دەسەڵاتێکی تۆتالیتەر هەوڵ بۆ زەوتکردنی ئەم مافە دەدات. ڕێژیم بە سەرنجدانی دۆخی نێوخۆیی خۆی و ڕۆڵی ژنان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە گۆڕانی کۆمەڵگە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەگەلی جیاوازەوە، ژنان سنووردار بکاتەوە وتاکوو بتوانێ پێش بە ڕووداوەکانی داهاتوو بگرێ.

٢ی جۆزەردان ٢٧٢٤

## ژینی ژیناکان!



لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ـەوە و لەو کاتەوە کە ژینا ئەمینی بە هۆی لێدانی هێزەکانی گەشتی ئێرشادەوە چاوەکانی بە ڕووی دنیا داخستن و ئاوات و ئارەزووەکانی لەگەڵ خۆی بردە ژێر خاک، تاکوو ئەمڕۆ کە زیاتر لە ٢٠ مانگ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێدەپەڕێ؛ بە سەدان چیرۆکی تاڵ لە کوردستاندا خولقاون.

هەر لە یەکەم ساتەکانی شەهیدبوونی ژیناوە، ڕێژیم هەوڵی دا بە سەرپۆشدانان لەسەر ڕووداوەکە و هەڕەشە لە بنەماڵەی ئەمینی بۆ بەخاکسپاردنی تەرمی کچەکەیان لە بێدەنگیدا، پێش بە شەپۆلی تووڕەیی خەڵک بگرێ. بەڵام ئاوەزی سیاسی و تێگەیشتنی قووڵ لە ڕووداوەکان لە کوردستان وای کرد ڕێژیم نەتوانێ بە ئامانجی خۆی بگا و مەرگی ژینا بوو بە خاڵێکی نوێ بۆ دەسپێکی خەباتێکی ڕەوا.

لەو کاتەوە تاکوو ئێستا زۆر لەسەر ئەم بابەتە نووسراوە و زۆریش قسەی لەسەر کراوە کە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکان بۆ نواندنی دڕندەیی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد بەو شێوەیە کە گیانلەدەستدانی ژینای بەدواوە بوو فاکتەری کوردبوونی ژینا بوو، ئەگینا ڕەنگە هەر لەو تارانی پێتەختی جەلادەکانەدا، ڕۆژانە بە دەیان ڕووداوی لەم چەشنە ڕوویان دابێ بەڵام هیچکامیان وەکوو ئەو ڕووداوە نەبوون کە ژینای تێدا بوو بە قوربانی. لە ڕاستیدا ئەکرێ ئاواش چاو لە

ڕووداوکە بکرێ کە کوشتنی ژینا، دژکردەوەی ڕێژیم بەرانبەر بە کوردبوونی ئەو کچە بوو، دژکردەوەیەک دژبە ئەوی تر کە دەسەڵات لە دەرەوەی بازنەی خۆیدا بینیویەتی.

دژکردەوەکەی ڕێژیم بەرانبەر بە ژینا، لە ئاستێکدا بوو کە گیانی ئەو کچەی کردە ئامانج و وای کرد کە دژکردەوەیەکی گەورەتر نەک تەنیا لەلایەن بنەماڵە و کەسوکاری ژیناوە، کە لەلایەن هەموو خەڵکانی ئێرانەوە بەرانبەر بە ڕێژیم و ناوەندە داپڵۆسێنەرەکانی ڕوو بدات.

مەرگی ژینا دەسپێکی سەدان چیرۆکی دیکە لە کوردستان بوو وەک چیرۆکی بێ دایک مانەوەی باوان و چوونە ژێر خاکی ئاواتەکانی کۆماری جوانەمەرگ! بەڵام لە هەموو چیرۆکەکاندا، پاڵەوانی چیرۆکەکە، خەڵکی ڕاپۆڕیو بوون، کەسانێک کە تەنانەت مەرگی ئازیزەکانیان چۆکی پێ دانەدان.

لەم نێوانەدا چیرۆکی ژنان وەک هەمیشە تاڵ بوو، لەو ژنانەوە کە ئازیزەکانیان لەدەست دان و تا ئێستاش شینگێڕییان بۆ دەکەن بگرە هەتا ئەوانەیان کە ساچمەی چەکی دوژمنانی ئازادی بوو بە بەشێک لە ژیانیان و دەبێ لەگەڵ ئازارەکانی بژین.

ڕێژیم لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا هەموو کچان و ژنانی کوردستانی لە جەستەی ژینادا دەبینییەوە، هەر بۆیە هەوڵی دا هەر کامەیان بە جۆرێک سەرکوت بکات و چیرۆکەکەیان بەرەو کۆتایی ببات.

٥ ڕۆژ پاش شەهیدبوونی ژینا و لە دەسپێکی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا، هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە یەکێک لە شەقامەکانی شاری سنە ژینا مودەڕسگورجیان دەسبەسەر کرد، هۆکارەکەشی ترس بوو لە ژینایەکی تر!

ژینا مودەڕسگورجی یەکێک لەو کچانەیە کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە چالاکی لە بواری ژنان هەوڵی داوە، بەشێک لە ئەرکی ڕۆشنگەری وەک تاکێکی ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە لە ئەستۆ بگرێ، هەر ئەمەش وای کردوە کە ناوەندەکانی ڕێژیم بەرانبەر بەم کچە هەستیار بن و هەر لە دەسپێکی بزووتنەوەی ژیناوە دەسبەسەری بکەن، نەکا ئەم ژینایەش، وەک ژیناکەی دیکە ناوی ببێتە ڕەمز.

بە سەرنجدانێکی ڕووداوەکانی ماوەی ڕابردوو و ئەو سەرکوتکارییەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە بەرنابەر بە ژنان کرا، تێدەگەین

کە کۆماری ئیسلامی هەموو ژنانی وەک ژینا دێنە بەر چاو و هەموو هەوڵی ئەوەیە بە کردەوەیەکی پێشوەختە، پێش بە بوون و توانا و چالاکییەکانیان بگرێ کە برینداکردنی ژنان و دەسبەسەرکردنیان پاش کوژرانی ژینا ئەمینی، هەموو نموونەی زیندووی ئەم ڕاستییەن، لە ڕاستیدا هەوڵەکانی ڕێژیم کردنە ئامانجی ژینی ژیناکانی کوردستانە؛ ڕێژیم نایەوێ ژنبوون ببێتە خاڵی هاوبەش بۆ خەباتێکی یەکسانیخوازانە و نایەوێ ژنان سەرقافڵەی کاروانی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و ڕەگەزی بن، بۆیە بە دەسبەسەرکردن، کوشتن، لەسێدارەدان، سەپاندنی سزا و لە دەیان و سەدان ڕێگای دیکەوە هەوڵ بۆ کپکردنی دەنگی ژنان دەدات.

کەس ناتوانێ نکۆڵی لە خزمەت و تێکۆشان و ماندووبوونی ژنانی کوردستان بکا، بەڵام بێگومان لە دوای مەرگی ژینا ئەمینییەوە، هەموو ژنان و کچانی کوردستان ژینایەکن پڕ لە ئاوات و خۆزگە و هزری تۆڵە، کەوایە کردنە ئامانجی ژینی ژیناکان، گەورەترین هەڵەیە کە تاکوو ئێستا کۆماری ئیسلامی کردوویەتی و دوور نییە کە ئەم هەڵەیە، سەری ئەم دەسەڵاتە بخوات.

١٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

---

# ڕیفۆرمخوازێکی گوێڕایەڵ




دوابەدوای کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتێرەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆمار و ٧ کەسی دیکە لە بەرپرسانی ڕێژیم لە دوانیوەڕی ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی بانەمەڕی ئەمساڵدا، بڕیار درا لە ڕۆژی ٨ی پووشپەڕدا شانۆیەکی دیکە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری نوێی ڕێژیم بەڕێوە بچێت. لە ماوەی ڕابردووشدا کۆمەڵێک کەس بۆ ئەم پۆستە خۆیان بەربژێر کرد و لە کۆتاییدا ٦ کەسیان لەلایەن شۆرای نیگابانەوە تەئیدی سەڵاحییەت کران و لەم شانۆیەدا بڕیارە دەنگیان بۆ وەربگیرێ. خۆپاڵاوتنی چەند ژن بۆ ئەم پۆستە یەکێک لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکان بوو، چونکە ئەم بەربژێربوونە لە خودی خۆیدا کارێکی بێهوودە بوو بە ئاکامێکی دیارەوە؛ هەر بەپێی یاسای بنەڕەتیی خودی ڕێژیم تەنیا ڕەجاڵ (پیاوان)ی سیاسی دەتوانن ببنە سەرۆککۆمار و بەربژێربوونی ئەم چەند ژنەش تەنیا گاڵتەجارییەک بوو کە لەلایەن ڕێژیمەوە بەڕێوە چوو تاکوو بە خەیاڵی خۆی خەڵک فریو بدات و باس لە کراوەبوونی دەسەڵاتەکەی و ڕۆڵ و پێگەی ژنان لەم دەسەڵاتەدا بکات. بەم پێشەکییەوە دەچمە سەر بابەتی سەرەکیی ئەم وتارە، ئەویش تەئییدی سەڵاحیەتی یەک کەسی بەرواڵەت ڕیفۆرمخواز و ٥ کەسی بناژۆخوازە لەلایەن شورای نیگابانی ڕێژیمەوە. ئەم جۆرە لە چنینی مۆرەکان لەلایەن ڕێژیمەوە دەکرێ ئاوا خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە مەسعوود پزشکیان تەنیا بەربژێری ڕیفۆرمخوازی ئەم دەورە لە هەڵبژاردنەکان، ئەویش ڕێک دوابەدوای ڕووداوە گرینگەکانی سەردەمی سەرۆککۆماریی ئیبراهیم ڕەئیسیی جەلاد و هاتنەئارای بزووتنەوەی ژینا، بە

مەبەستی ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانە.

هەموومان دەزانین کە شۆڕشی ژینا باسی لە گۆڕان ئەکرد، ئەو کەسانەی لەم شۆڕشەدا شەهید و بریندار بوون هەموویان هیوایان بە ڕووخان و گۆڕانی ئەم ڕێژیمە بوو، کەوابوو ڕێژیم بە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٤٠١ پێی وایە بە تێکدانی باڵانسەکە و تەئییدی سەڵاحییەتی ڕێفۆرمخوازێک دەتوانێ زۆرینەی کۆمەڵگە بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. ئەوەی کە لێرەدا گرینگە، ئەوەیە خودی مەسعوود پزشکیانیش چەندین جار تاکوو ئێستا پەرژاوەتە سەر پرسی حیجاب و باسی لێ کردوە. بۆ نموونە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە کۆڕی ژنانی لایەنگری خۆیدا و لە کاتی پڕوپاگەندە بۆ شانۆی هەڵبژاردنەکاندا باسی لە پرسی حیجاب کرد و گوتی: "ئێمە ٤٠ ساڵە دەستێوەردان لەم پرسەدا دەکەین و دەمانەوێ بیسەپێنین، ئەو پیاوانەی کە خەریکی پەرەدان بە گەڵاڵەی نوورن بڵێن ئایا ئەم دۆخە ئێمە دەگەیەنێت بە ڕووناکی؟ تاوانی ئێمەیە کە خەریکین خەڵک لە دین دوور دەکەینەوە!" ئەو لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا گوتی "ئەوەی کە دەبێ لێی بدرێ ئێمەین، کچەکانمان کێشەیەکیان لەگەڵ باوەڕەکانی ئێمە نییە!"

هەر لەم پێوەندییەدا، ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ی جۆزەردانیش لە کۆبوونەوەی پرسیار و وەڵامی خوێندکارانی زانکۆی فەنیی تاران، وێڕای ئەوەی کە گوتی بەرەوپێشچوون بە مەبەستی نەهێشتنی پرسی حیجابی زۆرەملێ جێبەجێ نابێ، بانگەشەی ئەوەی کرد هەوڵ دەدات پێش بە گەشتەکانی ئێرشاد و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ژنان بگرێت. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا پزشکیان ڕوو لە خوێندکاران و لاوان ڕایگەیاند: من باوەڕم بە ڕێبەر هەیە، مافی ئەوەتان نییە کە بێڕێزی بە کەسێک بکەن کە من باوەڕم پێیەتی.

لێکدانەوەیەکی ئەم قسانە دەتوانێ ئەم ئاکامە بەدەستەوە بدات کە پزشکیان تەنیا کاری لەم قۆناغەدا ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و پێداگری لەسەر پێگەی خامنەییە. بەو واتایە کە لەلایەکەوە بە باسکردن لە پرسی حیجاب و هەندێ ماف و ئازادییە زەوتکراوەکان سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشی و لەلایەکی ترەوە جەخت لەسەر پێگە و دەسەڵاتی خامنەیی وەکوو کەسی یەکەمی ئەو دەسەڵاتە بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ناوی خۆی لە سندووقەکە نەیەتە دەرەوە!

لە ڕاستیدا باسکردنی پزشکیان لە پرسەکانی ژنان و بەتایبەت پرسی حیجاب دەکرێ لە دوو لایەنەوە سەرنجی بدرێت، **یەکەم**؛ ئەوەی کە لە بزووتنەوەی ژینادا - بە پێچەوانەی کوردستان - پرسی سەرەکیی ژنانی ناوەند هەر پرسی حیجاب بوو، کەوابوو ئەمە ڕێکارێک بۆ ڕاکێشانی ژنان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بە هیوای نەهێشتنی حیجابە؛

**دووهەم**؛ ئەوەی کە پزشکیان وەک تاکە بەربژێری ڕیفۆرمخواز وا بنوێنێ کە بەڕاستی ئەم دەسەڵاتە ڕیفۆرم هەڵدەگرێ و کێبرکێ و یارییەکە هەر بە قازانجی ڕێژیم بشکێتەوە و بە پڕوپاگەندە بۆ ڕیفۆرمخوازێکی گوێڕایەڵ، ڕێژیم بە ئامانجی خۆی کە بەڕێوەبردنی شکۆمەندانەی شانۆی هەڵبژاردنە بگات.

ئەزموونی ٤٥ ساڵی ڕابردوو، سەلماندوویەتی کە ژنانی سەر بە نەتەوە بندەستەکان و بەتایبەت کوردستان هیچکات پرسی خۆیان لە پرسی نەتەوەیی بە جیا نەزانیوە و بەردەوام هەنگاوەکانیان لەم ڕاستایەدا هاتەریب بووە، کەوابوو هەزاران وادە و بەڵێنی وەکوو ئەمانەی کە پزشکیان باسیان دەکات و بەربژێربوونی دەیان کەسی ڕیفۆرمخوازی دیکەش ناتوانێ ڕوانگەیان بگۆڕێ و باش دەزانن کە دوژمنی ژیان و شوناسیان هەر خودی ئەم دەسەڵاتەیە. هەروەها هەبوونی دەیان کەسی ڕیفۆرمخوازی گوێڕایەڵی خامنەیی، وەک پزشکیان هیچ لە پرسی سەرەکی کە تاوانبارbوونی ئەو ڕێژیمەیە ناگۆڕێ و لای خەڵک ڕیفۆرمخواز و بناژۆخواز جیاوازییان نییە چونکە پێکهێنەری ئەو ڕێژیمەن و لە هەر حاڵەتێکدا هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم دەدەن و دەیانەوێ پێگەی خۆیان ڕابگرن.

لەم شانۆیەدا ئەرکی ئەخلاقیی تاکەکانی کۆمەڵگە ئەوەیە بە بایکۆتکردن، شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم وەک شانۆکەی ١١ی ڕەشەمە، تووشی شکستێکی گەورە بکەن.

**٣ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

## تۆتالیتاریزم لە نێو ماڵەکاندایە!



لە پێناسەی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆتالیترەکاندا و بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر پێناسەیەکی باو هەیە کە دەڵێ، دەسەڵاتی دیکتاتۆر هەتا بەر دەرکی ماڵەکەت دێت بەڵام دەسەڵاتی تۆتالیتەر دێتە نێو ماڵەکەتەوە!

ئەم پێناسەیە ئەگەر سەبارەت بە ڕێژیمی ئێران چاوی لێ بکرێ، پێناسەیەکی پڕ بە پێستە، چونکە کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژیمێکی دیکتاتۆرە، دەسەڵاتێکی تۆتالیتەریشە کە تایبەتیترین لایەنەکانی ژیانی خەڵکیشی کردووە ئامانج و دەستێوەردانیان تێدا دەکات.

نموونەی بەرچاوی ئەم دەستێوەردانە، پرسەکانی حیجاب و منداڵبوونە کە ڕێژیم بەپێی سیاسەتەکانی خۆی لە چوارچێوەی سیاسەتی حیجاب و عیفاف و حەشیمەتدا، دەستێوەردانیان تێدا دەکات و هەرجارەو بە جۆرێک خەڵک ناچار دەکات کە گوێڕایەڵی بڕیاراتی بن و پرسی ڕەچاوکردنی حیجاب و منداڵبوون و نەبوویان لەسەر خواستی دەسەڵات و ناوەندە پێوەندیدارەکانی ڕێک بخەن.

هەر لەم ڕۆژانەدا بوو کە دوو پاسداری سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیم بە دەربڕینی نیگەرانی لە پیربوونی حەشیمەتی ئێران، خوازیاری زۆرکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەتی وڵاتەکەیان بوون.

پاسدار حوسێن سەلامی، فەرماندەی گشتیی سپای پاسدارانی ڕێژیم لەمبارەوە ڕایگەیاند: ئەگەر نرخی گشتیی حەشیمەت بەرز نەبێتەوە، کۆمەڵگە پیر دەبێت و کۆمەڵگەی پیریش مەحکوومە بە نەمان. ناوبراو کۆمەڵگەی پیری بە کۆمەڵگەی خەمۆک ناو بردووە و ڕایگەیاندووە کە ئەم پیرییە دەبێتە هۆی خەمباربوون و بەم شێوەیە هەم خەساری زیاتری بەر دەکەوێ، هەم زوو تێک دەشکێت.

لەلایەکی تریشەوە، پاسدار محەممەدڕەزا نەقدی، جێگری هاواهەنگیی سپای پاسداران ڕایگەیاندووە کە ٢٠ لەسەدی هاوسەرەکان ناتوانن منداڵیان ببێ و هۆکاری ئەمەش بەرزبوونەوەی تەمەنی هاوسەرگیرییە. ناوبراو وتوویەتی: بە پیربوون و کەمبوونی حەشیمەت، یەکێک لە فاکتەرەکانی هێز لەدەست دەدەین.

لەلایەکی تریشەوە، محەممەدحوسێن تاهیری، بەرپرسی ستادی "امر به معروف و نهی از منکر"ی ڕێژیم باسی لە بەڕێوەبردنی خولێک لەژێر ناوی "گەڵاڵەی عیفاف لە ماڵەوە" بە مەبەستی پڕوپاگەندە لەنێو ماڵەکان و لە چوارچێوەی بنەماڵەکاندا کردووە بەڵام خاڵی جێی سەرنج لەم خولەدا ئەوەیە کە ڕایانگەیاندووە: هەوڵ دەدرێت ئەو کەسانەی کە خولەکە تێدەپەڕێنن لە کۆتاییدا ببنە چالاکی دینی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی!

ئەم بابەتانەی کە لە سەرەوە باس کران نموونەی ئاشکرای هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆی بەسەر خەڵکدایە. سیاسەتێکی شکستخواردوو کە هەرچی زیاتر کات تێپەڕ دەبێت، ئاسەوارەکانی زیاتر بەرۆکی خودی دەسەڵاتەکە دەگرێتەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا لە قسەکەی محەممەدڕەزا نەقدیدا کە دەڵێ بە پیربوون و کەمبوونی حەشیمەت، یەکێک لە فاکتەرەکانی هێز لەدەست دەدەین، تێدەگەین کە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم لە بردنەسەرەوەی حەشیمەت نەک خەمخواردن بۆ پیربوونی پێکهاتەی کۆمەڵگە بەڵکوو کەمبوونەوەی هێزی لاوە، هێزێک کە ڕێژیم دەیهەوێ بیخاتە چوارچێوەی پەرەدان بە ئیدئۆلۆژییەکەی خۆیەوە و لە ڕاستیدا نیگەرانی ئەوەیە کە هێزی لاوی بۆ بۆ کوشتدان لە ڕاستای ئاژاوەنانەوە و هەناردەکردنی شۆڕشەکەی بۆ وڵاتانی دیکە لەبەر دەست نەمێنێ.

هەروا کە ئاماژەی پێ کرا، یەکێک لە فاکتەرەکانی ناسینەوەی دەسەڵاتی تۆتالیتەر هەر ئەو دەستێوەردانەیە کە لە ژیانی تاکەکەسیی مرۆڤەکاندا دەیکات و ئیزن بە خۆی دەدات کە بچێتە نێو تایبەتیترین لایەنەکانی ژیانیانەوە و کاریگەریی لەسەر ڕوانگە و بڕیارە گرینگەکانی ژیانیان هەبێت.

پرسی حیجاب، پرسێکی تاکەکەسییە و دەچێتە چوارچێوەی ئازادییە تاکەکەسییەکانەوە کەوابوو کەس بۆی نییە لەم پرسەدا دەستێوەردان بکات و ئەوەندە زێدەڕۆیی بکا کە بە هۆی لەدەرەوەبوونی چەند تاڵە قژ، هەموو چەشنە توندوتیژییەک بەرانبەر بە ژنان و کچان بنوێنێ نەکا پیاوانی پەروەردەکراو بە ئیدئۆلۆژییە چەقبەستووەکەی تووشی گوناهی کەبیرە ببن و لە حووریەکانی بەهەشت بێبەری بن!

بەڵام پرسی منداڵبوون، یەکێک لەو پرسە گرینگانەیە کە دەتوانێ لایەنی جیاوازی هەبێت، بۆ نموونە فاکتەری ئابووری، باری دەروونیی هاوسەرەکان، ئەمنییەتی کۆمەڵگە، شوێنی ژیان و زۆر فاکتەری تر هەن کە دەتوانن لەسەر ئەم بڕیارە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبێت.

بەڵام دوو فاکتەر هەن کە ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتیدا لەمبارەوە دەور دەگێڕن، یەکیان پرسی ئابوورییە و ئەوی تر پرسی ئەمنییەت و دۆخی گشتییە.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە لە ئێستادا و بەم هەموو گرانییەوە کە هەیە ڕەنگە پرسی ئابووری بۆ ژمارەیەک لە خەڵک وەکوو کێشە چاوی لێ نەکرێت بەڵام بەتایبەت لە دوای شۆڕشی ژیناوە، پرسی ئەمنییەت و دۆخی گشتیی کۆمەڵگە بووەتە فاکتەرێکی زۆر گرینگ و ڕەنگە یەکلاکەرەوەش.

بەو مانایە کە کاتێ هاوسەرەکان لە داهاتوو و ژیانی خۆیان دڵنیا نین و نازانن کە چ ڕووداوێکی دیکە و کەی دەتوانێ کۆمەڵگە بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و ڕێژیم بەرانبەر بەم جۆرە ڕووداوانە چۆن هەڵوێستی توندتر و دڕندانەتر بۆ سەرکوت لەبەر بگرێت، کەوابوو بڕیاردان بۆ هێنانە دونیای بوونەوەرێکی دیکە بە کاری بێهۆ دەزانن و پێیان باشترە لەو دۆخە سەخت و ئاسۆ ناڕوونەدا، تەنیا بەرپرسایەتیی ژیانەکەی خۆیان لە ئەستۆ بگرن.

خاڵی گرینگ لەم پرسەدا هەر ئەوەیە کە بە دەسپێکی ناڕەزایەتییەکان لە ساڵەکانی ڕابردوودا و بە دیاریکراوی پاش

بەشی دووهەم

ناڕەزایەتییەکانی ١٣٩٨ و دواتریش ناڕەزایەتییەکانی ١٤٠١ و دەستپێکردنی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، ڕێژیم هەستی بە مەترسییەکی زۆرتر کرد، لەلایەک کۆمەڵگەیە کە بەرهەڵستی بووەتەوە و لەلایەکی دیکەوە نەبوونی هێزی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ، نەوەی نوێ بەتایبەت لە کوردستان - هەر ئەو جیلەی کە کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی زۆر هەوڵی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی دابوو- بە پێچەوانەی باوەڕ و خواست و چاوەڕوانیی دەسەڵات، پشتی لەم ڕێژیمە کرد وئامادە نەبووە بەشێک لە سەرکوتکاری و توندوتیژژیەکانی ڕێژیم دژی خەڵک بێت.

نەوەی نوێ بەتایبەت کچان و ژنان لە کوردستان بە تێگەیشتنی دروست لە چییەتیی ڕێژیم، هیچکات نەبوون بە بەشێک لەو ڕێژیمە و نیشانیان دا کە هیچکات ملکەچی بڕیارەکانی نابن، هەر ئەم تێگەیشتنەش وای کردووە کە زۆربەی ژنان و کچان بە نەهێنانە دونیای منداڵ، هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ کەڵکئاوەژوو وەرگرتن لە خەڵک و بەتایبەت لاوان بێ ئاکام بهێڵنەوە.

ئەم چەشنە لە بەرەنگاربوونەوە جیا لەوەی کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا نیگەرانیی بەرپرسانی ڕێژیمی لێ کەتووەتەوە، بووەتە هۆی بێهیوابوونی ڕێژیمیش، بە ڕادەیەک کە ئەم پرسە ئەوەندە گرینگ بووەتەوە کە تەنانەت ڕێبەر و سەرۆکۆماری ڕێژیمیش باسی دەکەن و دەیانەوێ بە کۆمەڵێک وادە و بەڵێنی بێبنەما، خەڵک فریو بدەن و پەرە بە سیاسەتەکەی خۆیان بدەن.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، نموونەی دیار و بەرچاوی دەسەڵاتێکی تۆتالیتەری خۆسەپێنە کە لە هەموو ڕێگایەک بۆ بەرەوپێشبردنی ئیدئۆلۆژی و بەرنامەی خۆی کەڵک وەردەگرێ، تا ئەو ڕادەیە کە ئێستا هاتووەتە ژووری نوستنی خەڵک و وەک بوونەوەرێکی بێ مێشک، بێ ئاوەز و تێفکرین، دەستێوەردان لەم لایەنە تایبەتەی ژیانی تاکەکان دەکات.

**پێویستە کۆمەڵگە وشیارانە لەگەڵ ئەم پرسە بەرەورووو ببێتەو، چونکە تۆتالیتاریزم هاتووەتە نێو ماڵەکانەوە و پێویستە بە کردەوەیەکی یەکگرتووانە و بە بیر و ئەندێشەیەکی ئەمڕۆییانە و زانستیانە لە ماڵەکان وەدەر بنرێ.**

١٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

## خوێ بە برینیاندا مەکەن!




پرسی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامیدا پرسێکی چەواشەکارانەیە و هەموو جومگەکانی ئەو دەسەڵاتە بە جۆرێک لە جۆرەکان ناتەباییان لەگەڵ ئەم پرسە هەیە. ئەزموونی ساڵانی ڕابردووش بە باشی ئەم ڕاستییەی دەرخستوە کە هەڵبژاردن لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا، تەنیا شانۆیەکی گاڵتەئامێز بۆ چەواشەکردنی ڕاستییەکان و لە ڕاستای ئاکامگیرییەک لە قازانجی دەسەڵاتدا بووە.

ئەگەرچی لە مێژووی ئەم ڕێژیمەدا یاریی نێوان باڵەکانی ڕێژیم لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهدا، توانیویەتی جاروبار ڕەنگوبۆنێکی دیکە بەم پرسە ببەخشی، بەڵام لە ڕاستیدا چییەتیی ئەم ڕێژیمە و شانۆبوونی ئەم پرسە هیچکات لای خەڵکانی وەزاڵەهاتووی ئێران شاراوە نەبووە. ئەوەی کە بە درێژایی زیاتر لە ٤ دەیەی ڕابردوو لەم شانۆیەدا بۆ ڕێژیم گرینگ بووە، نیشاندانی ڕێژەی حەشیمەت و لە کۆتاییشدا دەرهێنانی ناوی ئەو مۆرەیە لە سندووقەکان بووە کە زیاتر لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێندا هەنگاو هەڵدەگرێ؛ هەر بۆیە لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا، گۆڕەپانی هەڵبژاردنەکان، گرینگترین دەرفەت بۆ خەڵک، بۆ "نا" گوتن بەم ڕێژیمە و تەواویەتی ئەم ڕێژیمە بووە.



سەرچاوە
Serchawe

لە ماوەی ڕابردوودا و دوای مردنی ئیبراهیم ڕەئیسی کە بڕیار درا لە ٨ی پووشپەڕدا ڕێژیم شانۆیەکی دیکە بۆ دیاریکردنی سەرۆککۆماری نوێ بەڕێوە ببات، شەپۆلێک لە داواکارییەکان بۆ بایکۆتی ئەم شانۆیە دەستیان پێ کرد. ئەگەرچی لە کاتی بەڕێوەچوونی بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوودا خەڵک بە بایکۆتی ئەم شانۆیە، پەیامی گرینگی نەویستنیان بە ڕێژیم دا بەڵام، بێگومان ئەم دەسەڵاتە بۆ مانەوەی خۆی هەر دەبێ دوا پەلەقاژەکانی بکات و لەم ڕاستایەشدا، بەڕێوەبردنی شانۆی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆماری بە هێنانە بەر باسی کۆمەڵێک پرس و بابەتی گرینگی وەک پرسی ژنان و هەڵاوسان و گەمارۆ ئابوورییەکان دەکرێ وەکوو ڕێگەچارەیەک لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و درێژەدان بە شانۆگەرییەی چاوی لێ بکرێت.

ئەوەی کە لە شانۆی ئەمجارەدا گرینگ بوو، داواکارییە بەربڵاوەکان بۆ بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکان بوو، هەر لە کاتی تەئیدی سەڵاحییەتی بەربژێرەکانەوە کە جۆرێک لە چنینی مۆرەکانی ڕێژیم بە بناژۆخواز و ڕیفۆرمخوازی بە شێوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو پێوە دیار بوو چالاکانی مەدەنی، ڕێکخراوە مافی مرۆییەکان، بنەماڵە مافخوازەکان، حیزب و لایەنە سیاسییەکان و گرینگتر لە هەمووی دایکانی شەهیدانی شۆڕشی ژینا بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراو و بەیاننامە، داوایان لە خەڵک کرد کە تێکەڵ بەم یارییەی ڕێژیم نەبن و بەشداری لەم شانۆیەدا نەکەن.

دایکانی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژانی پێش بەڕێوەچوونی گاڵتەجارییەکەی ٨ی پووشپەڕدا، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک ڕوو لە خەڵک وێڕای بایکۆتی ئەم شانۆیە، ڕایانگەیاند کە بەربژێرەکانی ڕێژیم خۆیان بەرپرس و هاوبەشی جینایەت و کوشتنەکان لەلایەن ڕێژیمەوەن. ئەم دایکانە هەر لەم بەیاننامەیەدا ڕایانگەیاند: ئێمە هەتا کاتێک کە بکوژانی منداڵەکانمان دادگایی نەکرێن و سزا نەدرێن، واز لە مافخوازی ناهێنین و تەواویەتی ڕێژیم مەحکووم دەکەین و بەشداری لە شانۆی هەڵبژاردندا ناکەین. ئەم دایکە جەرگسووتاوانەی کوردستان لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا جارێکی دیکە بە بڵاوکردنەوەی وێنەی لەخوێنگەوزاوی منداڵەکانیان بۆ جارێکی دیکە وێڕای بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، داوایان لە خەڵک کرد کە خۆێ بە برینیاندا نەکەن و ئەم ئینتسابانە بایکۆت بکەن.

ئەم دایکانە لە بەشێک لەم بەیاننامەیەدا لەوپەڕی وشیاریدا باسیان لەوە کرد کە جیاوازییەک لە نێوان بناژۆخواز و ڕیفۆرمخوازدا نییە و ڕایانگەیاند: ئامانجی هەردووکیان پاراستنی نیزامی لاوکوژ و ژنکوژی خۆیانە و ئەگەر منداڵەکانمان سەبارەت بە دۆخی نالەباری سیاسی، ئابووری و مافی مرۆیی نارەزایەتی دەربڕن بە شێوەی سەروو یاسایی لەسێدارەیان دەدەن. بە هەر دەنگێک گوللەکان سینگی منداڵەکانمان هەڵدەدڕن و هاوبەشی کوشتنی منداڵەکانمان دەبین.

دوابەدوای بایکۆتی بەربڵاو و سەرکەوتووانەی شانۆی هەڵبژاردنەکان لەلایەن خەڵکەوە لە چواردەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکۆماریی ڕێژیمی ئێراندا، دیسانەوە کۆمەڵێک لە دایکانی مافخوازی کوردستان کۆ بوونەوە و ڕایانگەیاند کە قەت لەگەڵ بکوژان و ئەوانەی کە درۆ دەکەن نابینە هاوپەیمان.

دایە مینا، دایکی شەهریار محەممەدی لە شەهیدانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە بۆکان، بە بڵاوکردنەوەی وێنەیەک لە دایکانی مافخواز لە ئینستاگرامەکەی خۆیدا نووسی؛ "ڕێزمان بۆ خوێنی پاکی منداڵەکانمان هەیە و بە حورمەتی خوێنی پاکی منداڵەکانمان و باقی منداڵەکان، قەت لەگەڵ بکوژان و فێڵبازان و ئەوانەی کە درۆ دەکەن نابینە هاوپەیمان". ئەم وشیاری و مەیدانارییە لەلایەن دایکی شەهیدانەوە، ئەویش لە کاتێکدا کە گوشارەکان لەلایەن ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە بۆ سەر بنەماڵەی شەهیدان و بەتایبەت دایکە مافخوازەکان زۆر بووەتەوە، شیاوی پێزانینە.

دایکی شەهیدان جیا لەوەی کە لە کاتی شۆڕشەکەدا بە ورە و هێزەوە و سەرەڕای زامداربوونی دڵیان و لەدەستدانی ئازیزەکانیان پێشەنگایەتیی ئەو شۆڕشەیان کرد، لە هەموو دەرفەتێک بۆ بەرزکردنەوەی هاواری مافخوازیی خۆیان کەڵک وەردەگرن و بە مەیداناریی بزووتنەوەکە هەوڵ بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەدەن، هەر بۆیە ئەرکی ئەخلاقیی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیش ئەوەیە کە خوێ بە برینیاندا نەکەن و بە فرتوفێڵی مۆرە و دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم نەکەونە نێو بازنەی یارییە بێ ئاکامەکەی کۆماری ئیسلامییەوە.

١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# ٧٩ گەلاوێژ




لە مێژووی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ٢٥ی گەلاوێژ وەک ڕۆژی دامەزرانی ئەم حیزبە، گرینگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم ڕۆژە نەک تەنیا بۆ حیزبی دێموکرات و لایەنگرانی بەڵکوو بەگشتی وەکوو وێستگەیەکی گرینگ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چاوی لێ دەکرێت، هەر بۆیە هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا هەوڵ دەدرێت وردبینانەتر لە ڕابردوو چاو لەو مێژووە پڕ هەوراز و نشێوەکەی بکرێت و بە دەرسوەرگرن لە نسکۆ و دابڕانەکان و هەروەها ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی مێژووی ئەو حیزبە، هەوڵ بۆ گەشەپێدان و پێشەنگ مانەوەی بدرێت.
حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی خاوەن ئەزموونی نەتەوەیی، خەریکە ٧٩ـەمین ساڵی دامەزرانی خۆی تێپەڕ دەکات و لەم ماوە زەمەنییەدا توانیویەتی وەک حیزبێکی هەڵقوڵاو لە ویست و داخوازی کۆمەڵگەی کوردستان، هەنگاوی بەجێ، جیددی و کارامە لە چوارچێوەی بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەڵ بگرێت. ئەم حیزبە، لە مێژووی خۆیدا، وێڕای کارکردن لەسەر پرسی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچکات لە پرس و بابەتەکانی دیکەی ئەو کۆمەڵگەیە خافڵ نەبووە و بە بەردەوامی هەوڵی بۆ داوە.

هاوکات لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، پرسە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان، پرسی ژینگە، پرسی ئابووری، جوگرافیا و دێموگرافیای



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان، پرسی مێژوو و بە سەدان پرسی دیکە لە دەستووری کاری ئەم حیزبەدا بووە و هەوڵی داوە بە گونجاندنی ئەم بابەتانە لە چوارچێوەی پێڕەو و پرۆگرامی خۆیدا کاریان لەسەر بکات. یەکێک لەو پرسانە کە لە بەرنامە و پێڕەوی حیزبی دێموکراتدا لە سەرەتای دامەزرانییەوە، گرینگیی پێ دراوە، پرسی ژنان بووە.

پرسی ژن لای حیزبی دێموکرات، هەمیشە پرسێکی گرینگ و جێی بایەخ بووە و هەر لە گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە هەتا ئێستا کە خەریکە ٧٩ ساڵ بەسەر دامەزرانی ئەم حیزبەدا تێدەپەڕێت، بە بەردەوامی هەوڵ دراوە کاری بۆ بکرێت.

هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی مافەکانی ژناندا، تایبەت بە قۆناغێکی دیاریکراو لە خەباتی ئەم حیزبە نەبووە، بەڵکوو بەرنامەیەکی درێژخایەن بووە کە تا ئێستا بەردەوام بووە و بێگومان بەردەوامیش دەبێ.

ئەوەی کە سەبارەت بە پرسی ژنان لەم حیزبەدا گرینگە، ئەوەیە کە لە هیچ قۆناغێکدا ئەم پرسە پەراوێز نەخراوە و هاوکات لەگەڵ تێکۆشان بۆ پرسی نەتەوەیی، خەبات دژی چەوسانەوەی ژنان و دابینکردنی مافەکانیان، بابەتێکی هەستیار و گرینگ بووە.

شێوازی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەسەر پرسی ژنان، بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژوویییدا تێپەڕیوە، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین، ئەکتی شۆڕشگێرانەی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێستای کوردستاندا، بەرهەمی تێکۆشان و ئەرکوەخۆگریی حیزبی دێموکرات لەمبارەوە بووە. هەر لە یەکەم هەنگاوەکانەوە حیزبی دێموکرات بە دژایەتیکردنی نەریتە ناشیرین و دژەژنەکان هەوڵی دا پشتیوانێکی قایم بۆ ژنان بێت و ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات توانی تا ڕادەیەکی زۆر، هەستی متمانە بە خۆبوون بۆ خەبات دژی چەوسانەوە و هەڵاواردن لەواندا زیندوو بکاتەوە.

ئەوەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ژنان بینراوە، ئاکامی ئەو پشتیوانییە قایمە بووە کە توانیویەتی ژنان بێنێتەوە گۆڕەپانی خەباتەوە و بیانکات بە پێشەنگی خەباتەکە. ئەڵبەت نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە لە پاڵ ئەم پشتیوانییەدا، خودی ژنانیش هەوڵیان داوە لە ژێردەستەیی بێنە دەر و بە خوێندن و بڕینی قۆناغەکانی خوێندن و هەنگاونان لە بازنەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، سەربەخۆییەک بەدەست بێنن و وەک مرۆڤ خۆیان پێناسە بکەنەوە و هاتنە مەیدان بۆ وەرگرتنی مافەکانیان بە ئەرکی خۆیان بزانن.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا و لە چوارچێوەی شۆڕشی ژینادا، ئەکتی خەباتکارانەی ژنان، بەشێکی زۆری پێوەندیی بەو

متمانەبەخشینەوە هەبوو کە لە چوارچێوەی بەرنامەی و گوتاری حیزبی دێموکراتدا پێناسی بۆ کرا، هەروا کە حیزبی دێموکرات باسی لە ئازادیی ژنان و پێشەنگایەتیی خۆدی ژنان بۆ چارەسەرکردنی پرسە پێوەندیدارەکان بە خۆیان دەکرد و ئەوانی بە سەرەکیترین ئەکتەری گۆڕەپانی خەبات دژ بە چەوسانەوەی ڕەگەزی دەزانی، ژنانیش بەرەوپیری ئەم ڕوانینەوە چوون و بە خۆ تەیارکردنی دووبارە بە زانست و تێگەیشتن و بە خوێندنەوەی دروست لە پێگەی خۆیان وەک بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە، پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان دۆزییەوە.

ئێستا کە ٧٩ ساڵ بەسەر دامەزارنی حیزبی دێموکرات وەک حیزبی پێشەنگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێدەپەڕێت، نابێ لەبیرمان بچێت کە هەر لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا ژنان هاوتەریب لەگەڵ خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان، خەبات بۆ نەتەوەشیان بە ئەرکی خۆیان زانیوە و لەم ڕێگایەدا قورسترین نرخەکانیان داوە. ٧٩ گەلاوێژە کە ژنان لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی و خەباتی ڕەگەزین و بە ئیلهاموەرگرتن لە وتە و ئاکاری ڕێبەران و بە پشتبەستن بە بەرنامە و پرۆگرامی ئەم حیزبە لەم چوارچێوەیەدا هەنگاو هەڵدەگرن.

دوکتور قاسملووی نەمر لە کۆبوونەوەیەکدا هاوکات لەگەڵ باسکردن لەسەر پرسی ژنان جەختت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە ئەگەری دابینبوونی مافی نەتەوەییشتماندا، هەوڵەکانی ژنان بۆ دەستخستنی مافەکانیان هەر دەبێ بەردەوام بێ، هەر بۆیە نەک تەنیا بە گەڕانەوە بۆ ئەم ٧٩ ساڵە بەڵکوو، بە تێگەیشتن لە خەبات و تێکۆشانی ژنانی پێشەنگی جیهان و خوێندنەوەی دروست سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردستان و بەستێنی خەبات، دەبێ هەنگاوەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژنان بەردەوام بێت و ئەم ئەرکە، بەبێ جیاوازی دەبێ ئەرکی قورسی سەر شانی هەموو تاکە ئازادیخوازەکانی کوردستان بێت .

٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

## تەنیا ژنێک!



پاش بەڕێوەچوونی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و هاتنەسەرکاری پزشکیان بەپێی ئەسڵی ١٣٠ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم، لیستەی وەزیرە پێشنیارکراوەکانی پزشکیان بۆ دەوڵەتەکەی ڕادەستی مەجلیس کرا تاکوو پێکهێنانی کابینەی نوێی دەوڵەت بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. بۆ ئەم مەبەستە مەسعوود پزشکییان، لیستەیەکی ١٩ کەسیی لە وەزیرە پێشنیارکراوەکانی خۆی ڕادەستی مەجلیس کرد هەتا دەنگی متمانەیان بۆ وەرگرێت.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٩ی گەلاوێژ، مەجلیسی ڕێژیم لە دوو کۆبوونەوەدا، بە لێکدانەوەی تایبەتمەندییەکانی وەزیرە پێشنیارکراوەکان، سەلاحییەتی ٥ کەسی دیکەی تەئیید کرد کە یەک کەسیان ژنە و بەم جۆرە ژمارەی ئەو کەسانەی کە تاکوو ئێستا وەکوو وەزیر لە کابینەی پزشکیاندا سەلاحییەتیان پێ دراوە گەیشتووەتە ١٢ کەس کە بڕیارە ڕۆژی چوارشەممە کۆبوونەوەی وەرگرتنی دەنگی متمانەیان بۆ بەڕێوە بچێ.

لە لیستەی پێشنیارکراوی پزشکیاندا و لە نێوان ئەو ١٩ کەسەدا، تەنیا یەک ژن هەبوو کە ئەم بەشدارییە کەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو دژایەتی و نارەزایەتیی نوێنەرانی مەجلیسی لێ کەوتەوە، دژایەتییەک کە ڕیشەی لە ئیدئۆلۆژیی

ڕێژیمدایە و تێگەیشتن لەم ڕاستییەش کارێکی سەخت نییە. بەڵام ئەوەی پێویستە باسی لەسەر بکرێ، چەواشەکارییەکانی ڕێژیم سەبارەت بە پرسەکانی ژنانە. ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەینەوە دەبینین کە ڕێژیم چۆن لە کاتە هەستیارەکاندا، ژنان دەکاتە کاڵا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی و دواتریش بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافەکانیان وەکوو مرۆڤێک، پەراوێزیان دەخات.

ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین، دەتوانین بە لێکدانەوەیەک بۆ بەناو هەڵبژاردنەکان و یاریی ڕێژیم لەم کاتوساتەدا، لە بابەتەکە تێبگەین. یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی ڕێژیمی ئێران، دژەژنبوونیەتی. ئەمە بە ئاشکرا لە قسە و ئاکاری بەرپرسان و کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمەدا بینراوە و ژنانیش جا سەر بە هەر چین و تاقمێک لە کۆمەڵگەی ئێراندا بن و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان فەرهەنگییان، هەستیان بەم ڕاستییە کردوە.

بە پێچەوانەی هەڵسوکەوتە باوەکەی ڕێژیم بەرانبەر بە ژنان، لە پرسی بەناو هەڵبژاردنەکاندا ڕێژیم هەمیشە مەیدانێکی ئاوەڵاتر بە ژنان دەدات، چ وەک بەربژێر بۆ بازاڕگەرمیی شانۆی هەڵبژاردنەکانی و چ وەک کەسانێک کە ستادەکانی هەڵبژاردنەکانیان پێ پڕ بکاتەوە تاکوو خەڵکێکی زیاتر ڕاکێشێ سەر سندووقەکانی دەنگدان بکات. ئەڵبەتە ئەوەش کە چەواشەکارییەکی ئاشکرا لەبەرچاوی جیهانەوە دەکات و ئەم بوونە فیزیکی و فۆرماڵیتەیە وەکوو بەشدارییەکی ڕاستەقینە و لە ڕووی ئاگاهیی سیاسییەوە دەنوێنێ، بابەتێکی دیکەیە کە جێگای سەرنجە.

لە بەناو هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵیشدا کە یەکەمین هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ڕێژیم لە دوای شۆڕشی ژینا بوو، ڕێژیم سەرەڕای هەموو سەرکوتکارییەکان بەرانبەر بە ژنان کە ئێستاش بەردەوامن، هەوڵی دا بە جۆرێک ئەندازیاریی شانۆکەی خۆی بکات کە مەیدانێکی زیاتر بە ژنان بدات، تێگەیشتن لەم مەیدانپێدانە بە ژنان لەم کاتوساتەدا کە کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی بە قۆناغێکی دژوار و پڕ هەوراز و نشێودا تێپەڕی بوو کارێکی ئەستەم نەبوو، هەر بۆیە کوردستان وەک هەمیشە پێشەنگایەتییەکەی لە ئەستۆ گرت و بە بایکۆت وڵامە هەمیشەییەکەی خۆی جارێکی دیکە بە ڕێژیم دایەوە، لەم ڕاستایەدا ژنانی کوردستان بە خوێندنەوەی ژیرانەی دۆخەکە و بە نەهاتنە نێو شانۆکەی ڕێژیم، ڕایانگەیاند کە فریوی هیچ یارییەکی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم ناخۆن.

لە کاتی بەناو هەڵبژاردنەکاندا، بەربژێربوونی چەند ژن، کاردانەوەی بەرچاوی بەدواوە بوو، چونکە زۆرینەی کۆمەڵگە بە ئاگایی لەسەر ڕێژیم و ئەو ڕاستییە کە ژنان لەو قەوارە سیاسییەدا ناتوانن وەکوو سەرۆکۆمار ئەرک لە ئەستۆ بگرن، ئەمەیان بە فێڵی نوێی ڕێژیم بۆ ڕاکێشنی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و هەوڵی ڕێژیم بۆ لەبیربردنەوەی هەموو



سەرچاوە
Serchawe

سەرکوتکارییەکان دژی ژنان لە سەردەمی شۆڕشی ژینا لە بیر و زەینی خەڵکدا زانی. ئێستاش پاش دەستنیشانکردنی پزشکیان، هەبوونی یەک ژن لە کابینەکەیدا، ئەتوانێ چەند مەبەستی لە پشت بێ، یەکەم ئەوەی کە پزشکیان دەیەوێ وا بنوێنێ کە بەڕاستی ڕیفۆرمخوازە و دەیەوێ پاش شۆڕشی ژینا پێگەی ژنان بەرز بنرخێنێ و دووهەم ئەوەی ژنان چیدیکە دژایەتیی ڕێژیم نەکەن و وا هەست بکەن خاوەنی پێگەی خۆیانن. لەلایەکی دیکەشەوە دنیای دەرەوە پێی وابێ شۆڕشی ژینا ئاکامی خۆی وەرگرتوە و ئازادی و ژیان بۆ ژنان مسۆگەرە.

هەرچەند کە لای خودی خەڵکانی ئێران و بەتایبەتیش ژنان و بەتایبەتیتریش ژنانی کوردستان ئەم شانۆیە هیچ مانایەکی نییە و باش دەزانن کە پزشکیان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ باقی مۆرەکانی ڕێژیم نییە و ئامانجەکانی خامنەیی پێڕەو دەکات، بەم شێوەیە دڵنیاشن کە ئەگەر تەنانەت هەموو وەزیرەکانی کابینەکەی پزشکیانیش ژن بایەن، قەت ئەم هەڵبژاردن و دیاریکردنە بە مانای کرانەوە لە کۆماری ئیسلامیدا نییە و ئەوەی کە نەگۆڕە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم و هەوڵەکانی بۆ سەرکوتی هەموو دەنگە جیاوازەکانە. کەوابوو دەسبەکاربوونی فەرزانە سادق وەکوو وەزیری ڕێگا و شارسازی هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێ و ئەم ژنە کە بێگومان درێژەدەری ڕێباز و ئامانجەکانی ڕێژیم لە کابینەکەی پزشکیاندایە، ناتوانێ نوێنەرایەتیی تاقە ژنێک لەو جوغرافیایەدا بکات.

٢ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## دانەمرکاوە و دانامرکێتەوە!



لە دووهەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینا، شەپۆلی نوێی نارەزایەتییە خەڵکییەکانی سەرانسەری نزیک دەبینەوە. ئەو بزووتنەوەیە لە زۆر بوار و لایەنەوە جێگای سەرنجن و پێویستە بە شێوەیەکی جیددی و کۆمەڵناسانە خوێندنەوەیان بۆ بکرێ تاکوو وەکوو ئەزموونێکی دیار و کاریگەر لە مێژووی ٤٦ ساڵ بەرهەڵستکاری دژی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامیدا، بایەخی ڕاستەقینەوەی خۆی پێ بدرێت. ئەم نارەزایەتییانە ئەگەرچی بە شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و لە ڕواڵەتدا بۆ کاردانەوە بە ستەمی دەسەڵات دژی ئەویتری خۆی واتە نەتەوەی کورد و لەو نێوەشدا ژنی کورد دەستی پێ کرد، بەڵام، لە ڕاستیدا بۆ ماوەی چەندین ساڵ بوو بەستێنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی بۆ ئامادە کرابوو.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بە هۆکاری جیاواز، نارەزایەتی ڕوویان دابوو و خەڵک هەر جارە و بە هۆکارێک ڕژابوونە سەر شەقامەکان و دژ بە دۆخی نالەباری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ... وەستابوونەوە بەڵام، لە بزووتنەوەی ژینادا، یەکەم؛ ئەزموونەکان لە نارەزایەتییەکانی پێشوو و دووهەم؛ ئاگاداربوون لە لەرزۆکبوونەوەی دەسەڵاتی ئاخوندی وای کرد شێوازی نارەزایەتییەکان جیاوازتر بێ.

لە دوای نارەزایەتییەکانی ٨٨ و هاتنەئارای بزووتنەوەی سەوز، لە بەفرانباری ٩٦ و پاشان خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاویدا

نـاڕەزایەتییە خەڵکییەکـان بە ئاقــارێکی دیـکەدا ڕۆیشـتن؛ بەتــایبەت لە کوردسـتان کە بە بەراورد لەگەڵ بـاقی شـار و پارێزگاکانی دیکە لە بواری ئابوورییەوە گوشاری زیاتری لەسەر بـوو، لەلایەن ڕێـژیمەوە دڕندانەتر هێرشی کرایە سەر کە ئاکامەکەی برینداربوون و شەهیدبوونی سەدان کەس لە خەڵکی مافویست بوو. ئەم ناڕەزایەتییانە ئەگەرچی لەسەر پرسێکی ئـابووری بـوو، بەڵام ئەتـوانین بڵێین بـۆ یەکەم جـار لە مـاوەی ١٠ سـاڵی ڕابـردوودا، بەرەو ئـاقارێک چـوون کە تەواویەتـی ڕێـژیم و خودی خـامنەیی وەک ڕێـبەری ڕێژیمیـان کـردە ئامـانج. ناڕەزایەتییەکـانی ٩٨ بە جۆرێک لە جۆرەکـان، ئەزموونێک بوون بۆ داهاتوو تاکوو لە بڕگەیەکی زەمەنیی دیکەدا، بە جۆرێکی دیکە سەر هەڵ بدەنەوە و شۆڕشی ژینـا دەکرێ وەک ئەم سەرهەڵدانە نوێیە چاوی لێ بکرێت.

لە خەرمانانی ١٤٠١دا و پاش شەهیدکرانی ژینا، جیا لە پرسی ئابووری، پرسی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگە لەژێر سێبەری دەسەڵاتی خامنەییدا، ئاڵۆزیی دۆخی وڵات لە باری سیاسییەوە، تووڕەییەکی سەرکوتکراوی ناڕەزایەتییەکـانی پێشووتر و بەتـایبەتیش ناڕەزایەتییەکـانی ٩٨ بەدی دەکرا. کاتێک کە بریـنداربووی ناڕەزایەتییەکـانی ٩٨، لەکاتێکدا کە چـاوێکی لەدەست داوە دێـتە مەیـدان و لە شۆڕشـی ژینــادا، دیسـانەوە لە بەرانـبەر دەسـەڵاتدا ڕادەوەسـتێ، بێگومـان دەبـێ خوێندنەوە بۆ تووڕەیی و هەستی تۆڵەکردنەوەکەی بکرێ.

لەم ئەزموونە جیـاوازانەدا، ژنـانیش پشکی خۆیـان هەبـوو، هەروا کە لە ناڕەزایەتییەکـانی سـاڵانی ڕابـردوودا ژنـان هـاتنە مەیـدان و هاوشـانی بـاقی چین و توێژەکـان، دەنگـی خۆیـان خستـە پـاڵ دەنگـی کـۆمەڵگە، لە شۆڕشـی ژیناشـدا، بـوێرانە مەیدانداریی پرسەکەیان کرد و لە زۆر بڕگەشدا خۆیان ڕێبەرایەتیی شۆڕشەکەیان کرد.

ئێستا کە دوو ساڵ بەسەر شۆڕشـی ژینـادا تێدەپەڕێ، وێـڕای ئـاوڕدانەوە کە هەمـوو لایەنەکـانی ئەم شۆڕشـە و خەسارناسیی لـۆژیکیی ئەم شۆڕشـە، دەبـێ پێداگری لەسـەر ڕۆڵ و پـێگەی ژنـان لەم شۆڕشـەدا بکەیـنەوە. وەک بـاس کـرا، بەسـتێنی ئەم شۆڕشە لەمێژ بوو کە ئامادە کرابوو و هەر بۆیە ئەگەر تەنیا بەشداریی ژنان بە تەنیا فاکتەری سەرهەڵدان و دەنگدانەوەی شۆڕشەکە بزانین، نەمـانتوانیوە بە وردبینییەوە لێکدانەوەی بـۆ بکەیـن، لە ڕاستیدا هەر خودی ناڕەزایەتییەکـانی پێشـوو و لەمەیدانـدابوونی چین و تـوێژە جیاجیاکـان یەکێک لە گەورەتـرین هۆکارەکـانی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینـا بـوو، بەڵام بەم حاڵەشەوە، ناتوانین نکۆڵی لە ڕۆڵ و پێگەی ژنان لەم شۆڕشەدا بکەین.

زۆر جار باس لەوە کراوە کە یەکەمین ئەکتی ژنان لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز واتە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان و وتنەوەی

دروشمی ژن، ژیان، ئازادی وەکوو خاڵی دەسپێکی شۆڕشەکە ناسراوە؛ بێگومان ئەم ئەکتە پاشخانێکی مێژوویی هەبووە و پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە ٤٦ ساڵی ڕابرووودا هەوڵی دا بە سەپاندنی ئیدئۆلۆژیی خۆی، کۆمەڵگەیەکی گوێڕایەڵ بەرهەم بێنێت و دەنگە جیاوازەکان کپ بکات، بەڵام هەر ئەم دەنگە کپکراوانە، لە بۆنە جیاوازەکاندا، ڕێگایەکیان بۆ دەربڕینەوەی خۆیان دۆزییەوە و لە شۆڕشی ژینادا ئەوە ژنان بوون کە دژی ٤٦ ساڵ ستەمی ڕەگەزی وەستانەوە و باسیان لە کەرامەتی مرۆیی خۆیان کرد.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕێژیم زۆر هەوڵی داوە تاکوو لە ڕێگەی گەڵاڵە و پیلانی جۆراوجۆرەوە، کۆنترۆڵی کۆمەڵگە و بەتایبەت ژنان بکات و بە خەیاڵی خۆی شۆڕشەکە دامرکێنێتەوە، بەڵام بێگومان ئەم شۆڕشە دانەمرکاوە و دانامرکێتەوە. لە دوای شۆڕشی ژیناوە هەتا ئەمڕۆ، ئەوەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە کراوە بە پێچەوانەی ئیدعای خۆیان، نەک هەوڵ بۆ چاکسازی بەڵکوو هەوڵ بۆ سەرکوتی زیاتر و جیاوازتر لە جاران بووە.

بەندکردنی نارازییانی شۆڕشی ژینا، سەپاندنی سزای بەندکران و لەسێدارەدان، گوشارەکان بۆ سەر بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشەکە و دەسبەسەرکردنیان، تێکدانی گڵکۆی شەهیدان و بەتایبەتیش گوشارەکان بۆ سەر دایک و خوشک و هاوسەری شەهیدان، لەو سەرکوتکارییانەن کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لەلایەن ڕێژیمەوە ڕوویان داوە.

ئێستا کە دوو ساڵ بەسەر ئەم شۆڕشەدا تێدەپەڕێت، دەبێ هەوڵ بدەین بە خەسارناسی و خوێندنەوەی نوێ، لایەنە جیاوازەکانی لێک بدەینەوە و لەم ڕاستایەشدا، بایەخێکی زیاتر بە پرسی ژنان و بەشداریی ژنان وەک گرینگترین فاکتەری دەسپێکی ئەم شۆڕشە بدەین.

شۆڕشی ژینا ئەگەرچی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی زۆر بوون بەڵام بە زۆر هۆکار ڕواڵەتێکی ژنانەی بەخۆوە گرت و هەر ئەمەش وای کرد کە پرسەکە لە دنیای دەرەوەشدا بایەخی زۆری پێ بدرێت، بۆیە خوێندنەوەی ئەم بەشە لە شۆڕشەکە، ئەرکی ڕووناکبیرانە تاکوو هەنگاوەکانی دواتر، سەرکەوتووتر بن.

١٨ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## بزووتنەوەی بەردەوام



لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵدا و هاوکات لەگەڵ دووهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و دەسپێکردنی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان لە کوردستان و ئێران، بۆ جارێکی دیکە پرسی ژنان و پێشێلکارییەکانی مافی ئەم توێژە لە کۆمەڵگە کەوتەوە بەر باس.

لە درێژەی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەدا کە بە دروشمی سەرەکیی ژن، ژیان، ئازادی کۆمەڵگەی تەنی و هاواری خۆی گەیاندە دەرەوەی سنوورەکان، ژنان ڕۆڵێکی ئێجگار دیار و بەرچاویان گێڕا کە ئەم ڕۆڵە ئێستاشی لەگەڵ بێت، پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ، نەک هەر کاڵ نەبووەتەوە بەڵکوو ژنان بە هەست بە بەرپرسایەتییەکی زۆرترەوە و لە پێگەی جیاوازەوە، لەمبارەوە و بە مەبەستی درێژەدان بەم شۆڕشە، ئەرکوەخۆگرانە و بوێرانە، لە مەیدانی کردەوەدا چالاکن.

ژنان لە شۆڕشی ژینادا، بە یەکەم ئەکتی مەدەنی و هاوکات سیاسی واتە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان و گوتنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، بوون بە دەسپێشخەر بۆ شۆڕشەکە، بەڵام لە بڕگەکانی دواتردا ڕۆڵیان پڕڕەنگتر بووەوە و دەکرێ بە سەدان نموونەی بۆ بهێنرێتەوە.

ئەم بزووتنەوەیە ئەگەرچی بە کوژرانی ژینا لەسەر ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێی دڵخوازی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کرد، بەڵام لە ڕاستیدا وێستگەی بەریەککەوتنی داخوازییەکانی ژنان و باقی توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران بوو. هەر ئەمەش بووە هۆکار بۆ ئەوەی ئەم ناڕەزایەتییە بە پێچەوانەی ناڕەزایەتییەکانی پێشوو، زیاتر پەرە بستێنێ و پاڵپشتی لە دەرەوەی سنوورەکانیش بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

لەم چوارچێوەیەدا و هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بەریەککەوتنەکە توانی چین و توێژەکانی دیکەش بۆ داواکردنی مافەکانیان و پێداگری لەسەر داخوازییەکانیان بێنێتە سەر شەقام، بەڵام لە چوارچێوەی مافەکانی ژنان و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ چەوساندنەوەی ژنان بە درێژایی زیاتر لە ٤ دەیە، مەیدانێکی ئاوەڵاتری درووست کردبوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ژنان بە مەبەستی مەحکوومکردنی پێشێلکردنی مافی ژیان لە ژینا هاتنە سەر شەقام و دروشم و ناڕەزایەتییەکانیان ڕەنگدانەوەی ستەمی نەتەوایەتی و ڕەگەزیی تێدا بەدی دەکرا و هاوکات لەگەڵ دژایەتیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵات، دژایەتی بیری چەقبەستووی پیاوسالارانەی سەرچاوەگرتوو لەو دەسەڵاتە ئیدئۆلۆژیکەیان کرد و ژن، ژیان، ئازادییان کردە مانیفێستێک بۆ خەباتەکەیان.

لەم پێناوەدا، ژنان دەسبەسەر کران، شەهید کران، ئازار و ئەشکەنجە دران و هەر ئێستاش پاش دوو ساڵ لە دەسپێکی ئەم شۆڕشە لانیکەم ٢٥ کەسیان بە هۆی بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و پەیوەستبوونیان بە ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان و پاڵپشتی لەم بزووتنەوەیە لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدان و ژمارەیەکیان دادگایی کراون.

خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکاندا، تەنانەت بە دەسبەسەرکردنی ژنان نەیتوانی تووڕەییان دامرکێنێت و پێش بە بەردەوامبوونیان بگرێت، ژنان بەندیخانەکانیشیان کردە سەنگەر بۆ بەرخودان و لەوێش جیا لە داواکاردنی مافە پێشێلکراوەکانی خۆیان، بوون بە دەنگ بۆ ئەو ژنانەی کە ساڵانێک بوو لە خراپترین و نامرۆڤانەترین دۆخدا، لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون. ئەوان دۆخی ژنانی بەندکراویان بە گوێی دەرەوە گەیاند و لەو سەنگەرەشدا، درێژەیان بە شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی ملهوڕی کۆماری ئیسلامی دا.

ئێستا کە دوو ساڵ لە دەسپێکی شۆڕشی ژینا تێدەپەڕێت، جگە لە شانۆگەریی ڕێژیم سەبارەت بە پرسی حیجاب و فرتوفێڵەکانی پزشکیانی پۆپۆلیست بۆ کەڵکوەرگرتن لە ژنان لە پۆستە حکوومەتییەکاندا و ئەویش بە مەبەستی سەرپۆشدانان بەسەر باقی داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ژنان بەتایبەت لە کوردستان بەدی ناکرێت.

هەر ئەم نەبوونی ڕووناکاییە سەبارەت بە پرسەکانی ژنان و بەردەوامیی پێشێلکارییەکانی مافی ژنان وای کرد کە لە ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵدا، ١٢ ڕێکخراوی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بە دەرکردنی بەیاننامەیەک داوا لە ڕێژیم بکەن کۆتایی بە سیاسەتی هەڵاواردن دژی ژنان و توندوتیژیی سیستماتیک دژی ئەوان لە شەقامەکاندا بێنێ و مافی هەڵبژاردن و ئازادیی ژنان بۆ جەستەیان بە فەرمی بناسێت و یاسای حیجابی زۆرەملێ کە زیاتر لە ٤ دەیە ژیانی ڕۆژانەی ژنانی ئێرانی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، هەڵوەشێنێتەوە. ئەم ڕێکخراوانە جیا لەوەی کە داوای هەڵوەشانەوەی سزای نامرۆڤانەی لەسێدارەدانیان کردووە ڕایانگەیاندوە: "داوا لە ڕێکخراوە مافی مرۆییە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان دەکەین کە بەدواداچوون بۆ هەواڵی دۆخی دەسبەسەرکراوان بکەن و بۆ ئازادیی ئەوان گوشار بخەنە سەر بەرپرسانی ئێرانی. ئێمە گرووپ و ڕێکخراوە فێمێنیستییەکانیش بانگهێشت دەکەین تاکوو بە شێوەی جیاواز لە دەرکردنی بەیاننامەوە هەتا بەڕێوەبردنی گردبوونەوە، درێژە بە پشتیوانی لە مافی ژنانی ئێران و داواکارییەکانیان بۆ ئازادیی پۆشش و خودموختاری جەستەییان بدەن".

هەرچەند دامرکانەوە و کەمڕەنگبوونەوەی بزووتنەوەکە لە ئێستادا وای کردوە کە دۆخی نالەباری ژنان لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لەبیر بچێتەوە، هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوە مافی مرۆییەکان بۆ گەیاندنی دەنگی ئەم ژنانە بە جیهان و هەوڵەکانی چالاکانی مافی مرۆڤ لەمبارەوە جێگای پێزانینە، بەڵام ئەمە هیچ لە ئەرک و بەرپرسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرانبەر بە تویژە ستەملێکراوەکان و داهاتووی خۆیان و وڵاتەکەیان کەم ناکاتەوە و پێویستە وزە و تواناکان بخرێنە سەر یەک تاکوو بە درێژەدان بەم بزووتنەوەیە، کۆتایی بە مەلوڕییەکانی کۆماری ئیسلامی بهێنرێت.

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## بەخشینی شوناس!



لە ڕۆژی ٥ی ڕەزبەری ئەمساڵدا، بەبۆنەی بەناو حەوتووی دیفاعی موقەدەسەوە، کۆبوونەوەیەک لە مەلایر بە بەشداریی ڕاوێژکاری جێگری فەرمانداریی مەلایر بەڕێوە چوو.

ئەم ڕاوێژکارە کە ناوی مریەم نێگەهدارییە، لەم کۆبوونەوەیەدا ویستوویەتی بە پێداهەڵگوتن بە کۆماری ئیسلامی، وەک نەریتی هەمیشەیی خۆیان، پێناسەیەکی دیکە لە ژن لە کۆماری ئیسلامی بەدەستەوە بدات و بە ئەم مەبەستەش دەستەوداوێنی درۆ و چەواشەکاری بووە.

ئەم بەرپرسەی ڕێژیم لە قسەکانیدا باسی لە ڕوانگەی ڕێبەرانی ڕێژیم لە بەخشینی شوناس بە ژنان کردوە و وتوویەتی: پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧، ژنان ڕۆڵێکی بێوێنەیان لە دروستکردنی شارستانییەت، باوەڕ و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە و توخمی سەرەکیی ئینسانسازی لە کۆمەڵگەدا بوون. ئەو قسانە لە حاڵێکدایە کە بۆ هەمووان ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتاوە هەوڵی سڕینەوە شوناسی ژنی بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی داوە. ناوبراو لە قسەکانیدا ڕایگەیاندوە دوژمن فوکۆسی خستووەتە سەر ڕۆڵی ژنان و پێگەی بنەماڵە و نابێ لە پلانەکانی دوژمن خافڵ بین. ناوبراو

هەر لە درێژەدا لە چەواشەکارییەکی ڕوون و ئاشکرادا، وتوویەتی: لەم شەڕەدا دوژمن لە هەوڵدایە باوەڕی کچان و ژنانی ئێمە بە شوناسی ژنانە و دایکانە بگۆڕێ و بە سێکۆلاریزەکردن و سڕینەوەی پیرۆزییەکان و کەم بایەخکردنی کارکردی ژنان و کچان، پێگەی ژنی موسوڵمانی ئێرانی دابەزێنێ و فێری مەسرەفگەراییان بکات. نێگەهداری هەر لەم کۆبوونەویەدا جەختی کردووەتەوە کە دوژمن بە پەرەپێدانی شێوازی ژیانی ئورووپایی لە ڕێگەی میدیاکانەوە ئەیەوێ بۆ لەنێوبردنی شارستانییەت، نیزامی پەروەردە تووشی ئاڵوگۆڕ بکات.

سەرنجدانێکی ئەم قسانە پێش هەموو شتێک ترسی کۆماری ئیسلامی لە ژنان نیشان دەدات، چونکە ئەگەر کۆماری ئیسلامی متمانەی بە پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی خۆی لە زیاتر لە ٤ دەیەی ڕابردوودا هەبایە، پێویست نەبوو بەم شێوەیە باس لە هەوڵەکانی دوژمن بۆ سڕینەوەی پیرۆزییەکان و کەم بایەخکردنی کارکردی ژنان و کچان بکات. لەلایەکی دیکەوە چەقبەستووبوونی کۆماری لەم قسانەدا دیارە کە سێکۆلاریزەکردنی کۆمەڵگە بە هەڕەشە دەزانێت و لە قسەکانیدا کاردانەوە بەم پرسە نیشان دەدات. بەڵام ئەوەی کە لەم قسانەدا سەرنجڕاکێشن ئەوەیە کە ڕۆڵی ژنان لە دروستکردنی شارستانییەت پێوەند ئەداتەوە بە دوای شۆڕشی ٥٧! شۆڕشێک کە هەموو دەستکەوتەکانی لەلایەن ئاخوندەکانەوە بەتاڵان چوو و ئاکامی نەهامەتییەکەی زیاتر لە ٤٥ ساڵە کە بەرۆکی خەڵکی گرتووە و وازیان لێ ناهێنێ.

لە ڕاستیدا ئەم بەرپرسەی ڕێژیم دەیەوێ شۆڕشی ٥٧ وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی ژنانی ئەو جۆغرافیایەدا پێناسە بکات کە پێی دەگوترێ ئێران و وای نیشان بدات کە ئەم ڕێژیمە بە هاتنەسەرکاری دەرگایەکی ئاوەڵای بۆ ژنان کردووەتەوە کە بتوانن ڕۆڵی ئاوا گرینگ و شوێندانەر لە کۆمەڵگەدا بگێڕن، بەڵام فلاش بەکێک بۆ ساڵی ٥٧ و ڕووداوەکانی دوای ئەم شۆڕشە بە باشی دەریدەخەن کە کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا بە هاتنەسەرکاری دەلاقەیەکی هیوای بۆ ژنان نەکردەوە بەڵکوو ژنانی لە هەموو ماف و ئازدییەکانیان بێبەری برد، ئەڵبەتە ئەمە بەو مانەیە نییە کە دۆخی ژنان لە ڕێژیمی پێش کۆماری ئیسلامیدا باشتر بوو، چونکە لەو سەردەمەشدا ژنان لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و ئاریشە بەرەوڕوو بوون کە لە چوارچێوەی ئەم وتارە بەدەرە.

کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی گوێلەمستی ئەم ڕێژیمە بە کەڵکوەرگرتن لە بۆنە جوراوجۆرەکان هەوڵ دەدەن پێناسەیەکی درۆیین لەم ڕێژیمە بەدەستەوە بدەن، هەر بۆیە لەم جۆرە ڕێوڕەسمانەدا بە وتاری سەیروسەمەرە کە ناوەڕۆکەکەیان هەمووی درۆ و چەواشەکارییە، ئاخرین هەوڵەکانی خۆیان بۆ فریودانی خەڵک دەخەنە گەڕ.

بەڵام ئەوەی کە لەم کات و ساتەدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پرسی ژنان گرێ دەدەن بە پرسێکی وەکوو شارستانییەت و

هەوڵ دەدەن بـابەتێکی وەکـوو سێکۆلاریزم وەکـوو شـتێکی بـﭭە بـۆ خەڵـک پێناسە بـکەن، پێوەنـدیی ڕاسـتەوخۆی بە دۆخـی ئێستای کۆمەڵگەی ئێرانەوە هەیە، ئەگینا لە کەس شاراوە نییە هەر ئەو ئێرانە کە ئەوان ناوی لـێ ئەبەن هیچ ڕۆڵێکی لە دامەزرانـدن و تەنـانەت گەشەی شارستانییەتیشدا نەبـووە و خواستی خەڵـک بـۆ جێگیرکردنـی دەسـەڵاتی سێکۆلاریش تـاوان نییە.

ئەوەی کە ئەبـێ جەختـی لەسـەر بکـرێتەوە ئەوەیە کە دۆخـی دوو سـاڵی رابـردوو و ڕۆڵـی ژنـان لە نارەزایەتییەکـانی دوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، لای ڕێژیم خوێنـدنەوەی زۆری بـۆ کراوە، بە چەشنێک کە بە هێنـانە بەر باسی هەنـدێ بـابەتی ناڕاست، لەهەوڵدایە ئەم جووڵە و ئاکارە کۆمەڵایەتییەی ژنـان ببـاتە ژێـر پرسیارەوە و ناڕاستەوخۆ، هەوڵ بـۆ سەپاندنی ئیدئۆلۆژییەکەی خۆی بدات. هەر لەو بەشەدا کە دەڵێ: دوژمن فوکۆسی خستووەتە سەر ڕۆڵی ژنان و پێگەی بنەماڵە و نـابێ لە پلانەکانی دوژمن خافڵ بین، تێدەگەین کە ڕووداوەکانی دوو سـاڵی ڕابردوو توانیویـانە ژنـان لەو پێناسە بـاوەی کۆمـاری ئیسلامی دوور بـکەنەوە و چیـدیکە پـێگە و ڕۆڵـی خۆیـان تەنیـا لە ڕوانـگەی کۆمـاری ئیسلامییەوە لە چوارچێـوەی مـاڵ و بنەماڵەدا پێناسە نەکەن. لەلایەکی دیکەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە لە ڕاستای سیاسەتی ئێستای ڕێژیمدا، دیسـانەوە ژنـان بخەنەوە نێـو ماڵەکـان و پێیـان ڕابگەیێنـنەوە کە ئەرکـی ئێـوە تەنیـا وەچەخسـتنەوە و پەروەردەی منـداڵە، تـاکوو ڕێـژیم سیاسەتی گەشەی حەشیمەتەکەی خۆی لە ڕێگەی ژنـانەوە پەرە پـێ بـدات و کـۆمەڵگەش لەم پۆتـانسیێل و توانـایە بێبەری بکات.

ئەگەرچـی ژنـانی چـاوکراوە بەتـایبەت لە کوردسـتان، فریـوی ئەم چەشـنە کۆبـوونەوە و پیلانـانەی ڕێـژیم نـاخۆن، بەڵام وشیاربوون لەم بارەوە پێویستە. ڕێژیم بە باشی ئاگاداری شکستەکەی خۆیە بەڵام دەیەوێ دوایین پەلەقاژەکـانی بـۆ مـانەوە بکات.

١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# گەڵاڵە گەڵاڵە شکست



کۆماری ئیسلامی لە کاتی هاتنەسەرکاریەوە هەتا ئەمڕۆ، ئەوەندەی جەخت لەسەر پرسی حیجابی زۆرەملێ کردووەتەوە و پارەی بۆ بەرەپێشبردنی گەڵاڵەی جۆراوجۆری پێوەندیدار بەم بابەتە لە گیرفانی خودی خەڵک و لە سامانی گشتیی وڵات خەرج کردوە، دەیتوانی سەدان پرۆژەی جیاواز بۆ پێگەیاندنی ژنان و گەشەی کۆمەڵگە بەڕێوە ببات. بەڵام چەقبەستووبوونی ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیهی و پێناسەی ژنان وەک کۆیلە لە چوارچێوەی ئەم ئیدئۆلۆژییەدا قەت نەیهێشتوە کە کۆمەڵگە بە گشتی و ژنان بەتایبەتی، کەلک لە هیچ چەشنە دەرفەتێک وەربگرن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دۆخیان خراپتر بووە.

هەرچەند کە پێداگریی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە دەستی پێ کرد، بەڵام گەڵاڵە جیاوازەکانی پێوەندیدار بەم پرسە مێژوویەکی زۆر دوور و درێژیان نییە. گەڵاڵەی گەشەدان بە پرسی حیجاب و عیفاف یەکەم جار لە ساڵی ١٣٨٢دا و لە سەردەمی سەرۆککۆماریی خاتەمیدا لەلایەن شۆرای باڵای ئینقلابی فەرهەنگیی ئێرانەوە پەسەند کرا و لە ساڵی ١٣٨٤ەوە چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و هەتا ئەمڕۆ و لە سەردەمی دەسەڵاتداریّتی پزشکییاندا، بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم پرسە هەر لە ڕۆژەڤدایە.

هەرچەند تێچووی ماددی بۆ جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵانە لەم ساڵانەدا بۆ ڕێژیم زۆر بووە بەڵام بە کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد و بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێ، تێچووی ئەم گەڵاڵانە لە بواری مەعنەویشەوە بۆ ڕێژیم زیاتر بووە، تا جێگایەک کە پرسی حیجاب بوو بە یەکەم فاکتەری دەسپێکی شۆڕشێکی نوێ کە ئێران و کوردستانی گرتەوە و تەواویەتی ڕێژیمی کردە ئامانج. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە بزووتنەوەی سەرتاسەریی ژینا، لە پرسێکی وەکوو حیجابدا بچووک بکرێتەوە، چونکە بە بەردەوامی باس کراوە کە لانیکەم دۆخی کوردستان لە ئاخێزگەی ئەم بزووتنەوەیە بوو زۆر جیاوازە و کۆمەڵێک فاکتەری دیکە، لە سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیەدا کاریگەر بوون، بەڵام بەم حاڵەشەوە کوژرانی ژینا لەسەر پرسی حیجاب بوو کە ستارتی بزووتنەوەکەی لێ دا.

لە دوای شەهیدبوونی ژیناوە، ڕێژیم ماوەیەک بە مەبەستی هێورکردنەوەی دۆخکە تەنانەت باسی لە ڕاگرتنی هێزەکانی گەشتی ئێرشادیش کرد، بەڵام بەپێی ماهییەتی خۆی نەیتوانی و نەیویست ئەم ڕاگرتنە درێژە بکێشی و جارێکی دیکە و ئەمجارە لە قاڵبی حیجاببان یان شتی دیکەی لەم چەشنەدا هێزی سەرکوتی ڕەوانەی شەقامەکان کرد. لەم دواییانەشدا جارێکی دیکە بە هێنانەئارای گەڵاڵەی نوور هەوڵی کۆنترۆڵی لانیکەم نیوەی حەشیمەتی کۆمەڵگە واتە ژنانی دا. هەر لەم پێوەندییەدا گەڵاڵە یاسای "پشتیوانی لە بنەماڵە بە سەرنجدان بە پەرەدان بە فەرهەنگی عیفاف و حیجاب" و ناسراو بە "حیجاب و عیفاف" لە ٢٧ی خەرمانانی ئەمساڵدا و لە بەرەبەری دووهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و دەسپێکی بزووتنەوەی ژینا، لەلایەن شورای نیگەهبانەوە پەسەند کرا و بڕیار وا بوو لە دەوڵەتی پزشکیاندا جێبەجێ بکرێت.

ئەم یاسایە ژمارەیەک سزای بۆ جێبەجێکردنی حیجابی زۆرەملێ هێناوەتە گۆڕێ کە بە دیاریکراوی لە ڕووی ڕەگەزییەوە دیاری کراون و بەم پێیە کۆمەڵێک سزا دیاری کراون کە پێبژاردنی نەختی و بەندکرانی درێژماوە، سنووردارکردنی سەفەر و هاتوچۆ و دەرفەتی کار و پەروەردەش لەخۆ دەگرێ. ئەم گەڵاڵەیە لە ٧١ برگە پێکهاتووە و دەستی وەزارەتی ئیتلاعات، سپای پاسداران، پۆلیس و هێزی بەناو دادوەری بۆ سزادانی ژنان ئاوەڵا دەکات. بەپێی ئەم یاسایە ئەو کاروبار و ناوەندانەش کە سەرپێچی لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە بکەن، هەڕەشەیان لێ دەکرێ یان دادەخرێن. هەروەها ئەم یاسایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە جیا لە بەهێزکردنەوەی گەشتی ئێرشاد، حیجاببانەکان و گەڵاڵەی نوور، گوشارەکان لەلایەن پیاوان و کۆمەڵگەی پیاوساڵارەوە پەرە پێ دەدەن.

لەم چوارچێوەیەدا هەر کەس لە شوێنە گشتییەکاندا بەبێ پۆششی ئیسلامی ببینرێت، لە ٢ هەتا ٥٠ میلیۆن تمەن سزای نەختی دەدرێت و ئەگەر تاوانی بە ناو بەدحیجابی دووپات بکرێتەوە سزایەکی هەتا ١٥٠ میلیۆن تمەن، قەدەغەی چوونەدەرەوە هەتا دوو ساڵ، بێبەریکران لە چالاکیی ئۆنلاین هەتا دوو ساڵ و پێنج ساڵ بەندکران بەسەر کەسەکەدا

دەسەپێت. لەلایەکی تریشەوە و دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەەم هەواڵە، سپای سمنان باسی لە جێبەجێکردنی گەلاڵەیەکی تر لەژێر ناوی گەلاڵەی "تەراوەت" لە پێوەندی لەگەڵ سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ کرد.

فەرماندەی سپای سمنان لە کۆبوونەوەیەکی شوڕای فەرهەنگیی پارێزگاکەدا لەمبارەوە ڕایگەیاندوە کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم گەلاڵەیە کەڵک لە توانای دەزگای جێبەجێکار و کۆمەڵی خەڵک وەردەگرن. مەنسوور شەوقانی، هیچ ئاماژەیەکی بە وردەکارییەکانی ئەم گەلاڵەیە نەکردووە و تەنیا ڕایگەیاندووە کە بەم زووانە و لە ڕاستای پەرەدان بە فەرهەنگی عیفاف و حیجاب ئەم گەلاڵەیە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم لە جێگیرکردن و بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە گەلاڵانە لەلایەک تۆڵەکردنەوە لە ژنان و کچانی چالاک لە بزووتنەوەی ژینا و لەلایەکی ترەوە سەرکوتی بەردەوامی کۆمەڵگەیە و دەیەوێ خەڵک بە سەرکوت بکات.

بەڵام خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە هیچ یەک لەم گەلاڵانە تاکوو ئێستا نەیانتوانیوە وەکوو ڕێگاچارەیەک بۆ کۆماری ئیسلامی، کارایییان هەبێت و سەرکەتوو بن.

سەرکەوتوونەبوونی ئەم گەلاڵانە ڕێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئاستی تێگەیشتن و خوێندەواری لە کۆمەڵگەدا بەرز بووەتەوە و پێوەرکانی ژیانی ئازاد وایان کردوە کە تاکەکان ئیزن بە دەسەڵات نەدەن کە سنوور بۆ ئازادییە تاکەکەسییەکانیان دیاری بکات تەنانەت ئەگەر بە نرخی گیانیشیان بێت، هەر بۆیە ڕێژیم گەلاڵە لە دوای گەلاڵە شکست دەخوات و ناتوانێ بەرەنگاری هێزی گەل بێتەوە.

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# دوو ڕووداو



زۆر جار بەریەککەوتنی ڕووداوەکان، دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی قووڵتر لێیان بڕوانین و بە لێکدانەوەیان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە هەست بە جیاوازییان لە هۆکاری ڕوودان و ئاکامەکانیان بکەین. ئەگەرچی جوغرافیای کوردستان هەمیشە بەستێنی خوڵقانی ڕووداوە جیاوازەکان بووە، بەڵام لە هەندێک بڕگەی زەمەنیدا، لێکدانەوەی جیاوازییەکان گرینگتر خۆی دەنوێنێ و پێویستە زیاتر قسەیان لەسەر بکرێ. یەکێک لەم بڕگە زەمەنییانە کە بەستێنی بەریەککەوتنی ڕووداوەکان بوو و بۆ ئێمەی کورد و بەتایبەتیش بۆ توێژی ژنان گرینگە، بڕگەی زەمەنیی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا و قۆناغەکانی دوای ئەم بڕگە زەمەنییە هەتا ئەمڕۆیە.

هەر لە دەسپێکی ئەم بزووتنەوەیەوە، بەریەککەوتنی ڕوانگەکان دەستی پێکرد، لەوێوە کە ژینای کورد، لە بەریەککەوتنی پێناسەی ئێمە و ئەوی تردا، کەوتە نێوان ناسنامەی کوردستانیبوون و ئێرانیبوون و شوناسی کوردستانیبوونیشی لێ دزرا؛ پرسێک کە لە ڕۆژی یەکەمی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەوە هەتا ئێستا لە فۆرم و شێوازی جیاوازدا بینراوە و درێژەی هەیە. لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی ڕابردوودا، ڕووداوەکان لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران، بە شێوازی جۆراوجۆر و لە

گۆشەنیگای جیاوازەوە خوێندنەوەیان بۆ کراوە و هەر ئەمەش بووەتە هۆکار کە ئاکار و کردەوە لەمەڕ ئەم ڕووداوانەش جیاواز بێت. بە واتایەکی تر خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکان لە کوردستان هەمیشە واقعبینانەتر و وردبینانەتر بووە کە نموونەی نوێی ئەم بەریەککەوتنە زیاتر تێگەیشتن و وردبینی لە کوردستانمان بۆ دەردەخا.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی ژینا مودەرس گورجی، ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری ژنانی خەڵکی سنە بە مەبەستی تێپەڕاندنی ماوەی بەندکرانی سەپێندراو ڕەوانەی بەندیخانەی ڕێژیم لەم شارە کرا، هەواڵێک لە تارانی پێتەختەوە بڵاو کرایەوە کە زۆربەی میدیاکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد. ژینا مودەرس گورجی کە لە دەسبەسەرکراوانی بزووتنەوەی ژینایە، لەلایەن دادگای پێداچوونەوەی سنەوە بە تۆمەتی "دروستکردنی دەستە و گرووپی نایاسایی بە مەبەستی ڕووخانی نیزام" بە ١٦ مانگ بەندکرانی داسەپاو سزا دراوە. ئەم ڕۆژنامەنووسە کوردە لە ڕۆژی شەممە ١٢ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی ئەم سزایە چووە بەندیخانەی سنە و بە بڵاوکردنەوەی پۆستێکی ئینستاگرامی لەمبارەوە نووسی: "ئەمڕۆ ئەچمە بەندیخانەیەک کە پەراوێزخستن و هەڵاواردن لەوێ سێ قاتە. بەندیخانەی ژنانی سنە. پەراوێزخستن و هەڵاواردنی ڕەگەزی، چینایەتی و نەتەوایەتی. بەم حاڵەوە کاتێک کە کەلوپەلەکانم بۆ بەندیخانە ئامادە دەکرد پێش هەموو شتێک هیوام خستە جانتاکەمەوە. من بە هیواوە ئەچمە ئەوێ." هاوکات لەگەڵ چوونی ژینا بۆ بەندیخانە، لە تارانی پێتەختی جەلادەکاندا، کچە خوێندکارێک لەلایەن بەشی حەراسەتی زانکۆوە بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێ گوشاری خرایە سەر و ئەم گوشارە دەگاتە ئاستێک کە هێزەکانی حیراسەت جلەکانی دەدڕێنن؛ ئەم کچە خوێندکارە بە نیشانەی ناڕەزایەتیدەربڕین بەم کردەوەیە، جلەکانی دادەکەنێت و لە حەوشەی زانکۆکەدا زۆر ئاسایی دێت و دەچێت تا کاتێ کە لەلایەن ٤ کەس لە هێزەکانی حیراسەتەوە بە لێدان و کوتان دەڕفێندرێت.

بەریەککەوتنی ئەم دوو ڕووداوە، پرسێکی گرینگە. لەلایەکەوە کچێکی کورد هەیە بە هۆی پێداگری لەسەر خواستی نەتەوەیی و ڕەگەزی کەتووەتە بەر ڕقی ڕێژیمی دڕندەی کۆماری ئیسلامییەوە و جیا لە هەندێک میدیا و ماڵپەڕ، هەواڵی چوونە بەندیخانەکەی ئەویش بە وتنی ئەو ڕستە لێوڕێژ لە هێز و ورەیە کە پێش هەموو شتێک هیوای خستووەتە جانتاکەیەوە، لە شوێنێکی دیکە بڵاو نەکرایەوە. لەلایەکی دیکەوە کچێک کە لەسەر پرسی حیجاب و بە هۆی نافەرمانییەکی مەدەنییەوە لە زانکۆ، بووەتە سەردێڕی هەواڵەکان! لێرەدایە کە تێگەیشتنی واقعبینانەی ڕووداوەکان لە کوردستان، بەریەککەوتنەکان ڕوونتر دەکاتەوە.

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ئەم نافەرمانییە مەدەنییە، ئەکتێکی گرینگە بەتایبەت لە دۆخی ئێستای ئێراندا کە ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوە تووشی دەیان گرفتی سیاسی و ئابووری بووەتەوە و ئەمەش وەک درێژەیەک لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی ژینا کە

جیهانی سەبارەت بە پرسی ژنان لە ئێران هێنایە سەر خەت ئەتوانێ ڕێژیم تووشی قەیرانێکی دیکە بکات، بەڵام خاڵی گرینگ، بەریەککەوتنی ڕووداوەکان و پەراوێزکەوتنی پرسی گرینگتر بۆ ئێمە واتە پرسی کوردستانە! ئەگەرچی کاردانەوەی ئەم کچە خوێندکارە لە جۆری خۆیدا بوێرانە و ساختارشکێنانەیە بەڵام، سەرقاڵبوونی میدیای کوردی و چالاکی کوردستان بەم پرسە بە جۆرێک لە جۆرەکان پرسی ژینای خستووەتە پەراوێزەوە، پرسێک کە هاوکات بابەتەکانی ژنبوون، پرسی نەتەوەیی و ڕاستییەکانی سەرکوتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستانی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە، بابەتێک کە لەژێر کاریگەریی میدیای نەتەوەی باڵادەستدا لەبیر کراوە.

لێرەدا، پرسی ناوەند و پەراوێز بۆ جارێکی دیکە خۆی دەنوێنێتەوە، لە کوردستاندا هەموو پرسێک بە سیاسی دەبینرێت و بەم هۆیەوە سەرکوتکارییەکانیش توندترن، لە ناوەندیشدا هێشتا خەڵک سەرقاڵی پرسی حیجابن و ئەوەی کە بووەتە لووتکەی داخوازییەکان، ئازادیی پۆشینە نەک ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان!

بە دەیان نموونەی وەک ژینا لە کوردستاندا هەن کە بە هۆی پێداگری لەسەر پرسی شوناس و ناسنامە و مافە بنەڕەتییەکانیان لەژێر گوشاردان و سزای قورسیان بەسەردا دەسەپێت و لە بێدەنگیی میدیاکاندا تووشی سەدان کێشەی قەرەبوونەکراو دەبنەوە، لە کۆتاییشدا نارەزایەتیی ناوەندنشینەکان بە پرسی حیجابی زۆرەملێ هاشتەگ و کەمپەینی جیهانی لێ دەکەوێتەوە و دەبنە سەدێڕی میدیاکان و دیسانەوە کوردستان لە بێدەنگیدا لەگەڵ ئازارەکانی دەژیت. پێویستە چالاکانی کورد زیاتر بایەخ بە پرسی ژنان و بەتایبەت سەرکوتکارییەکانی ئەم توێژە لەلایەن ڕێژیمەوە بدەن و بە لەقاودانی هەوڵەکانی ڕێژیم، تێچووی سەرکوتکارییەکان بۆ دەسەڵات زۆر بکەنەوە.

٢٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## حیجابی ملیاردی!




ڕەچاونەکردنی حیجابی دڵخوازی کۆماری ئیسلامی و ملکەچنەبوونی توێژی ژنان لەمبارەوە بەتایبەتی، وای کردوە ڕێژیم بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم بابەتە پەنا بباتە بەر ڕێوشوێنگەلێک کە بە هیچ پێوەرێک لەلایەن خەڵکەوە قەبووڵ ناکرێن.

لە دوای کوژرانی ژینا ئەمینی لەسەر پرسی حیجاب و ئەو هەموو سەرکوتکاری و قەتڵە حکوومەتییانەی ڕێژیم بۆ سەلماندنی بێتاوانبوونی خۆی! لە پرسی کوشتنی ئەم کچە کورددا نواندی، چەندین گەڵاڵەی جیاواز بۆ سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بەسەر ژناندا لەلایەن ڕێژیم و ناوەندە سەرکوتکەرەکانییەوە هاتنە ئاراوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هیچکام لەم گەڵاڵانە نەیانتوانی بچنە خزمەت ڕێژیمەوە و هەرکامەیان بە جۆرێک شکستیان بەدواوە بوو.

لە ١٢ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا، لە قوژبنێکی دیکەی ئەم جوغرافیایەدا کە ئێرانی پێ دەوترێ و لە زانکۆیەکدا کە ئەرکی سەرەکیی بەرپرسان و کارگێڕانی دەبێ پەرەدان بە زانست و ئاوەز بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگە بێت، هێزە حیراسەتییەکان بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی دڵخوازی خۆیان، وەک خووی هەمیشەیی ڕێژیمەکەیان بە نواندنی توندوتیژی بەرانبەر بە کچێکی خوێندکار، بە دڕاندنی جلەکانی هەوڵیان دا ملکەچی بڕیارەکەی خۆیانی بکەن. ئەکتی مەدەنیی ئەم کچە و



سەرچاوە Serchawe

دەرهێنانی جلەکانی و بە نیمچەڕووتی هاتوچۆکردن لەنێو حەوشەی زانکۆکەی تاراندا، وای کرد کە بەرپرسانی ڕێژیم، بۆ کرینەوەی ئابڕووی لەدەستچووی خۆیان دەستەوداوێنی فێڵێکی نوێ بن، ئەویش لەژێر ناوی زانستدا!

ئەو کچە خوێندکارە بەپێی زانیارییەکان هەتا ئێستاش لە ناوەندێکی چارەسەرکردنی کێشە دەروونییەکاندا دەسبەسەرە و دەوترێت کە ڕێژیم بە دەرخواردانی دەرمانگەلێک کە ئەتوانن مەترسیی جیددی بۆ سەر تەندروستیشی دروست بکەن لە جیاتی چارەسەرکردنی کێشەکە، خەریکی سڕینەوەی گرفتە سەرەکییەکەیە.

کاردانەوە جیاوازەکان بەم توندوتیژییە، وای کرد کە بەرپرسانی ڕێژیم بیر لە ڕێگاچارەیەکی نوێتر بکەنەوە، بۆیە لە ٢٢ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا، بەشی ژنان و بنەماڵەی ستادی ئەمر بە مەعرووفی تاران ڕایگەیاند کە لە هەوڵدان تاکوو کلینیکێکی تایبەت بە مەبەستی "چارەسەرکردنی زانستی و دەروونناسانەی بێ حیجابی" بکەنەوە!

مێهری تالبی دارستانی، بەرپرسی ئەم بەشە ڕایگەیاند کە ئەم کلینیکە وەکوو بنکەکانی وازهێنان لە خووگری ئامادە کراوە و لە ڕاستیدا کلینیکێکە بۆ وازهێنان لە پرسی بەناو بەدحیجابی، بابەتێک کە چەند ڕۆژ دواتر و لەژێر گوشارە هەمەلایەنەکاندا، زەهرا بێهرووزئازەر، جێگری مەسعوود پزشکییان لە کاروباری ژنان و بنەماڵە، ڕایگەیاند کە ئەم بابەتە لە دەوڵەتی چواردەیەمدا پەسەند نەکراوە و پێوەندییەکی بە دەوڵەتەوە نییە.

هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵەی دەوڵەت بۆ بێبەریکردنی خۆی، جارێکی دیکە دارستانی ڕایگەیاند کە ئەم گەڵاڵەیە ماوەیەکە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و تاکوو ئێستا لانیکەم ٢٥٥ میلیارد تمەن پارەشی وەکوو بوودجە بۆ تەرخان کراوە کە لەم بڕە، ١٠٠ میلیاردی وەکوو بوودجەی تایبەت بووە.

تەرخانکردنی ٢٥٥ میلیارد تمەن پارە بۆ کلینیکی وازهێنان لە بێحیجابێ، لە کاتێکدایە کە بەو پارەیە پێش بە وازهێنان لە خوێندنی سەدان کچ بە هۆی هەژاری و نەدارییەوە دەگیردرێت.

ئەم بودجەیە و کردنەوەی ئەم کلینیکە کە کاردانەوەیەکی ئاشکرا بە نارەزایەتییەکان بەرانبەر بە ڕێژیم سەبارەت بە پرسی کچەکەی زانکۆی علووم تەحقیقاتی تاران بوو، بە جۆرێک لە جۆرەکان لەژێرپێنانی زانست و بێڕێزی بە خەڵکی زانا و وشیاری کۆمەڵگەش بوو و ئەم پرسیارەی دروست کرد کە مەگەر حیجاب، نەخۆشییە کە پێویستی بە ناوەندێکی زەبەلاحی لەم چەشنە بۆ وازهێنان بێت؟ هەر ئەمە وای کرد دوو ئەنجومەنی دەروونناسی لە ئێران و ئەنجومەنی زانستیی ڕەوان

دەرمانی لە ئێران، هاتنە دەنگ و لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕوو لە کۆماری ئیسلامی ڕایانگەیاند کە "کەلکئاوەژوو وەرگرتن لە دەروونناسی و ڕەوان دەرمانی بوەستێنن".

هەرچەند کۆماری ئیسلامی وەکوو پرسێکی سیاسی لە حیجاب دەڕوانێ بەڵام، لە ڕاستیدا ئەمە پرسێکی کۆمەڵایەتییە و پێوەندیی بە ئازادییە تاکەکەسییەکانەوە هەیە، بەڵام بە پێی خوو و خدەی دەسەڵاتێکی تۆتالیتەری وەک کۆماری ئیسلامی زۆر ئاساییە کە ئەم پرسە سنوورە سیاسییەکە ببڕێ و ئێستا وەکوو پرسێکی پزیشکی و دەروونی چاوی لێ بکرێ کە تووشبووانی پێویستیان بە چارەسەرووەرگرتن هەبێ!

پێداگریی ڕێژیم لەسەر پرسی حیجاب لە دوو لایەنەوە ئەکرێ خوێندنەوەی بۆ بکرێ، یەکەم ئەوەی کە ئەم دەسەڵاتە ئەمە بە ڕێگاچارەیەک بۆ سەرکوتی وزەی بەشێک لە کۆمەڵگە واتە ژنان دەبینێ و بە شێوازی جۆراوجۆر دەیەوێ، هێژموونیی خۆی لەم بوارەوە بەسەر ژناندا بسەپێنێ، بەڵام لایەنی دیکە کە پێم وایە گرینگترە ئەوەیە کە ڕێژیم بەم هەوڵانە کە هەموو جارێکیش دەبنە سەردێڕی میدیا جۆراوجۆرەکان، دەیهەوێ بە دنیای دەرەوە ڕابگەیێنێ کە پرسی ئەم کۆمەڵگەیە، نە سیاسییە، نە ئابووری بەڵکوو پرسی حیجابە و ئەمە خۆی لە خۆیدا بچووککردنەوەی پرسە سەرەکییەکە و بەلاڕێدابردنی پرسە گرینگەکەی کۆمەڵگە واتە دژایەتی لەگەڵ چییەتی و ساختار و سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە.

تەرخانکردنی بودجەیەکی میلیاردی بۆ پرسی حیجاب، هەم پڕکردنی گیرفانی کاربەدەستانی ڕێژیمی بەدواوە دەبێ و هەم دەتوانێ دەرفەتێک بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵک بێت، بۆیە پێویستە بە وشیارییەوە لەم پرسە بڕوانین چونکە لە کۆتاییدا ئەوەی کە بە ناوی حیجابەوە سەرکوتی دڕندانەی تووش دەبێت، نەتەوە بندەستەکان و لە سەرووی هەموویانەوە کوردستانە.

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## ناکۆکییەکی نەبوو!



هەمـوو ئاماژەکـان پـێ دەڵـێن کۆمـاری ئیسـلامی لە زۆر بـواری سیاسـی، کـۆمەڵایەتی، ئـابووری، بەتـایبەت فەرهەنگـی و پەروەردەییدا تووشی شکست بووە، ئەم شکستە ئەگەرچی بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دەرەکیدا زۆر ئەتوانێ جێگـای بـاس بێت بەڵام نابێ لە بیری بکەین شکستی ڕێژیم لە نێوخۆ و لەو خەڵکەی دەیـان ساڵە بە خەڵکی خۆی ناویـان دەبـات، زۆر قوورستر و کاریگەرتر بووە، بە جۆرێک کە بەپێچەوانەی ڕابردوو، هیچ هەوڵێکی ئەم ڕێـژیمە نـاتوانێ خەڵـک چاوترسێن و لە خواستەکانیان پاشگەزیان بکاتەوە.

یەکێک لەم پرسانە کە لە نێوخۆوە ڕێژیم پێی دۆشداماوە، پرسی حیجـابی زۆرەملێیە. ڕێژیم لەم دواییـانەدا جـارێکی دیکە گەڵاڵەیـاسـای ناسـراو بە "حیجـاب و عیفـاف"ی لە بەرەبەری دووهەمـین سـاڵوەگەڕی شـەهیدکرانی ژینـا ئەمینـی و دەسـپێکی بزووتنەوەی ژینادا لە ڕێگەی شوڕای نیگەهبـانەوە پەسـەند کرد و بڕیـارە لە دەوڵەتـی پزشکییانـدا جێبەجێ بکرێت کە لە کۆتاییدا، لە ڕۆژی ١٠ی سەرماوەزی ئەمساڵدا لەلایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە، دەقی گەڵاڵەکە بڵاو کرایەوە.

ئەم دەقە یاساییە، لە ٥ بەش پێک هاتووە کە ٧٠ بڕگە و ٣٨ تێبینیی لەخۆ گرتوە و بەم شێوەیە باس لە حیجابی



سەرچاوە
Serchawe

دڵخوازی دەسەڵات، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم یاسایە و سزا دیاریکراوەکان کراوە.

لە بەشێک لەم یاسایەدا جیا لە دیاریکردنی چوارچێوەی حیجابی دڵخوازی ڕێژیم، باس لەوە کراوە کە ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێ هەتا ١٦٥ میلیۆن تمەن سزای نەختیشی لەگەڵ دەبێت. باسکردن لەم بەشە لە یاساکە کە ئاماژە بە سزای نەختی دەکا، لە ڕاستیدا بە مەبەستی ترساندنی خەڵکە کە لەم دۆخە ئابوورییە نالەبارەدا ڕێژیم پێی وایە دەتوانێ وەکوو کارتێکی گوشار بۆ سەر تاکەکانی کۆمەڵگە کەڵکی لێ وەربگرێت، بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وردەکارییەکانی ئەم یاسایە، دەوڵەت باسی لەوە کرد کە بەرهەمهێنانی چارشێوی ڕەش و مەقنەعە ئەچێتە بواری چالاکییە فەرهەنگییەکانەوە و ئیمتیازیشی بۆ دیاری دەکرێ. ئەمە بەو مانایەیە کە ڕێژیم دەیەوێ بە تەماح وەبەرنان و لەلایەکی تریشەوە بە ترساندنی خەڵک بە سزادانی نەختی ئەم پرسە بە ئاکامی دڵخوازی خۆی بگەیێنێ کە بێگومان بۆی جێبەجێ نابێت.

بابەتێکی دیکە کە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکار و بەناو دادوەری لەسەر ئەم بابەتە ناکۆکییان هەیە و هەرکامەیان بە جۆرێک باسی ئەم پرسە دەکەن.

پاش دیاریکردنی ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی یاسای حیجاب و عیفاف لەلایەن محەممەدباقر قالیباف سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیم و ڕەزامەندیی ناوبراو و هەروەها پشتیوانییەکانی غولامحوسێن موحسێنی ئێژەیی سەرۆکی دەسەڵاتی بەناو دادوەریی ڕێژیم لەم یاسایە، مەسعوود پزشکییان باسی لە نائامادەبوونی دەوڵەتەکەی و لایەنەکانی ژێردەستی دەسەڵاتی جێبەجێکار بۆ بەڕێوەبردنی یاساکە کرد.

پزشکیان لە وتووێژێکی تەلەڤزیۆنیدا سەبارەت بە پەسەندکردن و واژۆی یاسای حیجاب گوتی: "بابەتەکە باسی زۆری لە سەرە کە هێشتا چارەسەر نەکراوە و لە بواری جێبەجێکردنەوە پرسیارگەلێکی زۆری بۆ دەوڵەت دروست کردوە. ئەو هەروەها ئاماژەی بە ئامادەنەبوونی سیستمی ئیداریی دەوڵەت بۆ جێبەجێکردنی یاساکە کرد و گوتی ئەگەر یاسایەک بە باشی بەڕیوە نەچێت دۆخەکە خراپتر دەکات. موحسێنی ئێژەییش پێشتر لە دانیشتنی هاوبەشی دەسەڵاتی یاسادانان و مەجلیسی ڕێژیم جەختی لە سەر ئەوە کردبۆوە کە دۆخی ئێستای حیجاب لە کۆمەڵگە دڵخواز نییە و دەبێ چارەسەر بکرێت .قالیبافیش حیجابی ژنانی بە بابەتێکی شەرعی و یاسایی لە قەڵەم دا و جەختی لە سەر ئەوە کردووە کە هەر سێ دەسەڵاتی ڕێژیم دەبێت پشتیوانی لە یاساکە بکەن و گوتی بە هیچ شێوازێک ڕوانینی دەسەڵاتەکان و دامودەزگاکان نابێت لە بابەتی

حیجابدا جیاواز بێت و جەختیشی کردەوە کە ئەگەر کەسێک بیهەوێت لەم بابەتەدا دووجەمسەری دروست بکات بەو مانایە کە بەرژەوەندیی ئایینی و سیاسیی وڵاتی ناوێت!

لە ڕاستیدا ئەم ناکۆکییەی بەرپرسانی ڕێژیم لەسەر خودی پرسی حیجابەکە نییە، چونکە ئەوان لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا، گوێڕایەڵی بڕیاراتی گشتین و پرسی حیجابیش کە گرینگییەکەی لای کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژیی ئەم دەسەڵاتە ڕوون و ئاشکرایە و بێگومان هەموو دامودەزگاکان و بەرپرسانی ئەم ڕێژیمەش لەم پێناوەدا هەنگاو هەڵدەگرن. بۆیە ئەم ناکۆکییە ڕاست نییە. لەلایەکەوە هێزەکانی بەناو دادوەری و یاسادانان پێداگری لەسەر ڕەچاوکردنی ئەم یاسایە دەکەنەوە و لەلایەکی دیکەوە بەشی جێبەجێکار دەڵێ لەگەڵی نیم.

هەر لەو کاتەوە کە پزشکییان هاتە سەر کار زۆر کەس گوتیان کە ئەمە سەرۆککۆماری قەیرانەکانە و ڕێژیم دەیهەوێ بە دانانی پزشکییان هەندێ ڕوانگەی گشتی بگۆڕێ، وەک ئەوەی کە ئیدعای کوردبوون دەکات و ئەوە لە مێژووی ئێراندا دەگمەنە کە کوردێک ببێتە سەرۆککۆمار و ئەوە ئێستاش هەر ئەو سەرۆککۆمارە ڕێفۆرمخوازە، دەڵێ لەگەڵ یاسای حیجاب و عیفاف نیم و وای دەنوێنێ کە وەکوو سەرۆککۆمارێکی خەڵکی، بەرەی خەڵکی هەڵبژاردووە!

لە لایەکی تریشەوە بە دیاریکردنی ئەو سزا نەختییەش خەڵک دژی خەڵک هان دەدرێن و دەسەڵاتیش لە سەرەوە لە جیاتی جێبەجێکاری یاساکە دەبێتە بینەری جێبەجێکرانی لەلایەن خودی خەڵکەوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەبێ پرسی حیجاب، ئیتر کۆماری ئیسلامی نییە! کەوابوو هەموو هەوڵەکان لە کۆتاییدا بۆ ئەوەن کە پرسی حیجاب جێبەجێ بکرێ جا بە هەر نرخێک بێت.

ئەگەر پزشکیان ئێستا وای نیشان دەدات دژی ئەم یاسایەیە یان نایهەوێت جێبەجێی بکات، ئەوە بێگومان خوێندنەوەیەک بۆ ئەم بابەتە کراوە و لە کۆتاییدا ئەرکی هەموو دامودەزگاکانی ڕێژیم جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەبێت و ئەمەش بە مانای سەرکوتی زیاتر و هاوکاتیش بەرخودانی چالاکانەتری خەڵکانی ئێران دژی ئەم بڕیارەیە.

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## پشتوپەنای سەنگەر



چاوخشاندنێک بەسەر مێژووی پڕ لە سەرەوەریی نەتەوەی کورد و ئەو خەبات و تێکۆشانەی ئەم نەتەوەیە بە هەموو چین و توێژەکانەوە بۆ گەیشتن بە ڕزگاری کردوویانە، دنیایەک لەخۆبوردوویی و قارەمانەتی و گرینگتر لە هەمووی خۆنەویستیمان پێ پیشان دەدات.

خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستان، خەباتێکی فرە ڕەهەند بووە و تاکی کورد هەموو هەوڵی خۆی بۆ بەئامانجگەیاندنی ئەم خەباتە خستووەتە گەڕ و هەر ئەمەش وای کردوە کە نەوە لە دوای نەوە خۆیان بە ئاڵاهەڵگری ئەم خەباتە بزانن.

ژنان سەرباری هەموو هەڵاواردنەکان، هەموو پەراوێزخستنەکان و هەموو نەهامەتییەکان کە بە هۆی ژنبوونەوە بەرۆکی گرتوون لەم خەباتەدا هەمیشە پشکیان هەبووە و بەپێی دەرفەت و هەلومەرج و توانا ئەرکیان لە ئەستۆ گرتووە و ئەگەر بڵێین ئەوە ژنان بوون کە بەرەکانی دواتریان بە بیری نەتەوەیی پەروەردە کرد، تاکوو خۆنەویستانە بێنە مەیدانی خەبات، بە هەڵەدا نەڕۆیشتووین.

ژیانی ژن لە کوردستان هەمیشە لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتی حاکمدا بووە، ئەگەر دەسەڵات چەوساندنەوەی بۆ ژن بە ڕەوا زانیبێت ئەوە کۆمەڵگەش لەژێر کاریگەریی دەیان ناوەندی بەهێزی دەسەڵاتدا، گوشاری چەند قاتی خستووەتە سەر ژنان و ئەمەش ڕۆڵی ژنی کەمڕەنگتر دەرخستوە. بەپێچەوانەی خواستی دەسەڵاتەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا کە هەوڵیان داوە بە گوشارخستنە سەر تاکەکان و بەتایبەت ژنان لە خەبات و تێکۆشان دایانبڕێن، تاکی کورد بە گشتی لە دژکردەوەدا زیاتر خۆی بەم خەباتەوە ماندوو کردوە و لە مەیداندا بووە.

ڕۆڵی ژنان لە خەباتی نەتەوایەتیدا و سەرەڕای هەموو لەمپەرە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و پەروەردەییەکان، نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ژن هیچکات گوێڕایەڵ و ملکەچی بڕیار و یاسا دژەمرۆییەکانی دەسەڵات نەبووە و لە هەر دەرفەتێک بۆ بەگژداچوونەوەی بیری ناڕاست کەڵکی وەرگرتووە.

ئەگەرچی هەبوونی ژنان لە ڕیزەکانی خەباتدا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو گۆڕانی زۆردا بەسەر هاتووە و ئێستا ڕێژەی ژنانی بەشدار لە شۆڕش و خەبات زۆر زیاتر لە ڕابردوویە، بەڵام قەت نابێ ئەو ڕاستییە لەبیر بکەین کە ئەم ڕێگایە بۆ ژنانی ئێستا، بە ئیرادە و خۆنەویستیی ژنانی نەسڵەکانی ڕابردوو خۆش کرا، بەڵام خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ژنانی نەسڵی نوێ لەسەر هەمان ڕێچکە بەڵام تەیار بە زانست و زانیاری و جیهانبینیی نوێ لەم ڕێبازەدا هەنگاو هەڵدەگرن.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خەبات ئەوەیە کە لەگەڵ کات و زەمەن نوێبوونەوە بە خۆیەوە ببینێ و بەپێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا بێت و ئەمە یەکێک لەو بابەتانەیە کە لە ئاکار و کردەوەی ژناندا دەبینرێت، ئەگەر ژنان لە ڕابردوودا زیاتر پشت و پەنای خەبات بوون و ئەرکیان لە ئەستۆ دەگرت، ئێستا بە پشتبەستن بە زانست و بە پێداگری لەسەر توانا و لێهاتوویی خۆیان، پێگەیەکی قایمتریان دەوێ و هەوڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان و نەتەوەکەیان دەدەن. کەواتە کاتێ باس لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی دەکرێ، دەبێ بە وردی ئاوڕ لە خەباتی ژنانی پێشمەرگەی ڕیزەکانی خەبات بدرێتەوە کە بە لە ئەستۆگرتنی چەندین ئەرکی هاوکات، پشت و پەنای سەنگەر و زۆر جار پێشەنگی خەبات بوون و بەبێ بوونی ئەوان بێگومان ئەو خەباتە کەلێنێکی گەورەی تێدا دەبێ کە بە هیچ پڕ ناکرێتەوە.

بۆیە جێگای خۆیەتی کە لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵدا، هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە خەبات و فیداکاریی ژنانی تێکۆشەری کوردستان لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا، ڕێز لە خەبات و قوربانیدانی ژنانی نەسلەکانی ڕابردوو بگرین کە بە قوربانیدانی بێوێنەی خۆیان و تێپەڕین بەسەر زۆر قۆناغی سەخت و دژوار و لە هەمان کات تێپەڕین لە کۆمەڵگەی

نەریتی، ئێمەیان فێری خۆڕاگری کرد تاکوو بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و ڕەگەزیی خۆمان، لەمپەرەکان تێک بشکێنین و لە هیچ خزمەتێک سڵ نەکەینەوە.

خەباتی پێشمەرگانەی ژنان، بەبایەخە چونکە ژنی تێکۆشەر و مافخوازە کە دەتوانێ کۆمەڵگە وە جووڵە بخات و باشترین مامۆستا بۆ نەسڵی دوای خۆی بێت و فێری کۆڵنەدانی بکات.


ئەگەر کوردستان ئەمڕۆ خاوەنی هەزاران ڕۆڵەی خاوەن ئیرادە و بوێر و چاونەترسە کە سینگیان کردووەتە قەڵغان، ئەوە بێگومان دایکێکی تێکۆشەر بووە کە فێری خۆڕاگری و تێکۆشانی کردوون و پێشمەرگەئاسا تەمەن و ژیان و داهاتووی خۆی بۆ کردوون بە قوربانی.

٢٦ی سەرماوەز ئەگەر ڕۆژی ڕێزگرتن لە پێشمەرگەی کوردستانە، دەبێ ڕۆژێکی گرینگ بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیدانی دایکانی کوردستانیش بێ کە خۆنەویستانە منداڵەکانی خۆیان پێشکەش بە کوردستان و بارەگای ئازادی کردوە.

خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی ئێمە، بەبێ بوون و بەشداریی ژنان سەر ناکەوێ و ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە لە شۆڕشی ژینادا بە ڕوونی بینیمان. دایکی وشیار بوو کە ڕۆڵەی چاونەترسی نارده مەیدانی خەبات و فێری کرد پێشمەرگانە بەرەنگاری دوژمن ببێتەوە. بۆیە ڕێزگرتن لە ٢٦ی سەرماوەز دەبێ ڕۆژی ڕێزگرتن لەو کەسانە بێت کە ئازایانە و پێشمەرگەئاسا سینگیان دەکەن بە قەڵغان و بۆ ڕزگاریی نیشتمان تێدەکۆشن.

٢٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٤

# ساڵی کۆڵنەدان




ساڵی ٢٠٢٤ بۆ کۆماری ئیسلامی ساڵێکی پڕ لە ئاڵنگاری و ڕووداوی جۆراوجۆر بوو کە ئەم دەسەڵاتەیان بەرەو لاوازییەکی ئێجگار زۆر برد. ڕووداوەکان بە جۆرێک بوون کە دۆخی ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێنەیان لە بواری نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییدا تووشی ئاڵوگۆڕ کرد و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەم ڕێژیمە دانا.

کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی خواستی خۆی کە دەیویست زلهێزی ناوچەکە بێت و بە هەناردەکردنی ئینقلابەکەی، وڵاتانی ناوچە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئێستا تووشی شکستێکی ستراتێژیک بووە کە خۆی بۆ کۆ ناکرێتەوە. ئەم شکستەی ڕێژیم، بەرهەمهاتوو لە کۆمەڵێک شکستی گەورە و بچووکی دیکەیە کە هەرکامەیان بە جۆرێک توانیویانە کاریگەرییان لەسەر دۆخی ڕێژیم هەبێ و بیگەیەننە ئەمڕۆ. بەردەوامیی نارەزایەتییە سێنفییەکان، قەیرانی وزە، پرسی حیجاب، بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار، نەمانی ڕەوایی، پرسە نێوخۆییەکانی دەسەڵات و بە دەیان بابەتی دیکە، بوونەتە هۆکار کە کۆماری ئیسلامی لە دەروونەوە تووشی داڕمان بێت و زۆریش ناخایەنێت کە ئەم داڕمانە هەموو دەسەڵاتەکە دەگرێتەوە. خۆ ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات وای بنوێنێ کە هیچ شتێک ڕووی نەداوە و دیسانەوە لەسەر لاقەکانی خۆی ڕادەوەستێتەوە، بەڵام بێگومان ئاماژەکان شتێکی دیکەمان پێ دەڵێن.

ساڵی ٢٠٢٤ بۆ کۆماری ئیسلامی ساڵێکی پڕ ڕووداو بوو. لە نەمانی ڕەوایی و پاڕانەوە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقی هەڵبژاردنەکان هەتا کوژرانە گوماناوییەکەی ڕەئیسی و هاتنەسەرکاری پزشکییانی بەناو ڕیفۆرمخواز و لەنێوچوونی بەرەی مقاومەت و کەوتنە بەر ڕقی ئیسرائیل و بە دەیان ڕووداوی دیکە، وایان کرد کە ساڵی ٢٠٢٤ ساڵێکی سەخت بۆ کۆماری ئیسلامی بێت بەڵام پێشبینییەکان دەڵێن کە ئەمە دەسپێکە و ساڵانی داهاتوو خۆشتر دەبن!

کۆماری ئیسلامی لە دوای شکستهێنان لە بەرانبەر خەڵک لە بزووتنەوەی ژینادا، زۆر هەوڵی دا بە شێوەی جیاواز قەرەبووی شکستەکانی خۆی بکاتەوە و هەر بۆیە ڕێوشوێنی جیاوازی گرتە بەر و لەم ڕاستایەشدا بە دیاریکراوی ژنانی کردنە ئامانج. ڕێژیم هەوڵی دا بە گۆڕینی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بۆ ژن، غەززە، ئازادی ئاراستەی پرسەکە بگۆڕێ، بە تەئیدی سەلاحیەتی ڕیفۆرمخوازێک هەوڵی دا خەڵک ڕاکێشی سەر سندووقەکان بکات و دواتریش بە هێنانەدەرەوەی ناوی لە سندووقەکان ویستی وای بنوێنێ کە ئەم دەسەلاتە ڕیفۆرم هەڵدەگرێ و کاری بۆ دەکات. بەڵام دوابەدوای هاتنەسەرکاری پزشکییان و بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی سەردەمی هەڵبژاردنەکان، گوشارەکان بۆ سەر ژنان وەک کاتالیزۆری سەرەکیی شۆڕشی ژینا زیادی کرد. ڕێژیم لە چەند قۆناغی جیاوازدا، دەستی بە گەلاڵەکردنی پرسی حیجاب کرد و هەر جارەو لەژێر ناوێک هەوڵی دا ستەمکارییەکانی بەرانبەر بە ژنان درێژە پێ بدات.

لە ڕاستیدا ساڵی ٢٠٢٤ بۆ ژنانی نیشتەجێ لەو جۆگرافیایەی کە ئێرانی پێ دەوترێت، ساڵێکی سەخت بوو، ساڵێکی پڕ لە ئاڵنگاری کە لەژێر ناوی حیجاب بەڵام بە ئامانجی گەورەتر و بۆ دژایەتی لەگەڵ ژنان تێپەڕی. هەرچەند گەلاڵەکانی ڕێژیم یەک لە دوای یەک شکستیان هێنا و خەڵک و بەتایبەت ژنان ملکەچی هیچ بڕیارێکی دەسەلات نەبوون، بەڵام ڕێژیم وازی نەهێنا و بە دەسبەسەرکردن و سەپاندنی سزای قورس بەسەر ژناندا، هەوڵی دا زیاتر لە جاران گوشار بخاتە سەر ژنان و ئازاریان بدات.

نموونەی بەرچاوی ئەم ئازارانە، سەپاندنی سزای قورسی بەندکران بۆ سەر ژنان، جێبەجێکرانی سزای قامچیی ڕۆیا حێشمەتی، دەرکردنی سومەیە ئەختەرشومار، مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە کارەکەی و داخستنی چەندین شوێنی فەرهەنگی تەنیا بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجاب و هەروەها سەپاندنی سزای لەسێدارەدان بۆ پەخشان عەزیزی و وریشە مورادییە. ئەگەرچی لەم ساڵەدا کۆماری ئیسلامی گوشاری زۆرتری خستە سەر ژنان بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمەش هاواری ژنان بەرزتر لە جاران بوو. لە کوردستاندا کە خاڵی دەسپێکی شۆڕشی ژینا بوو، ژنان کۆڵنەدەرانە لە مەیدانی خەباتدا مانەوە و نرخیشیان دا. بە پێی ئامارێک کە لەلایەن کوردپاوە لە ٢٥ی نۆڤامبری ساڵی ٢٠٢٤ بڵاو کرایەوە، پێشێلکاریی مافەکانی ژنان لە جۆرەکانی سەرکوتی حکوومەتی و دەسبەسەرکرانەکان، سیاسەتە داسەپاوەکانی حیجابی زۆرەملێ و حاڵەتەکانی



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم

ژنکوژی و خۆکوژیی ژنان کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەسەر ژناندا سەپاوە، ڕوویان داوە.

کوردپا ڕایگەیاندبوو کە لە ماوەی یەک ساڵدا، دوو سزای لەسێدارەدان و بەگشتی ٧ ساڵ و ٩ مانگ بەندکران بۆ ١٢ ژنی کورد لەلایەن دادگانی سزا و ئینقلابەوە دەر کراوە کە هەموو ئەم کەسانە پێشتر لەلایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون و بەرەوڕووی دۆسییەسازیی ئەمنییەتی بوونەتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەو گوشارانە کە دژی ژنان ڕوویان داوە، تۆمارکرانی ناوی ژینا مودەڕس گورجی وەک یەکێک لە ١٠٠ ژنی کاریگەری جیهان لە ڕیزبەندی ساڵانی بی بی سی خۆی نیشانەیەک لە سەرکەوتنی ژنان و شکستی ڕێژیم بوو. ئەگەرچی ڕێژیم لە یەک ساڵی ڕابردوودا هەوڵی چەوسانەوە و بێدەنگکردنی ژنانی دا بەڵام ژنان بێدەنگییان هەڵنەبژارد و پاشەکشەیان نەکرد. ساڵی ٢٠٢٤ بۆ ژنان ساڵی کۆڵنەدان بوو و بەردەوامییان لەم ساڵە پێداگرییان لەسەر ماف و ئازادییەکانیان، بێگومان هەوێنی سەرکەوتنەکانی دواتریان دەبێ.

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٤

# مانیفیستی تێکۆشان




نکۆڵیی لێ ناکرێ کە کۆمەڵگەی کوردستان هەمیشە لە پێوەندی لەگەڵ پرسەکانی ژناندا هەستیار بووە و هەر ڕووداوێک پێوەندیی بە ژنانەوە بووبێت، زیاتر توانیویەتی ئەکتی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا بێنێت، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم پرسەش، ئەکتی کۆمەڵگەی کوردستان لە دوای دەسبەسەرکران و شەهیدکرانی ژینا ئەمینی لە تاران بوو.

ئەگەرچی هەندێک پەروەردەی نادروست کە سەرچاوەکەی ئەتوانرێ لە زۆر بابەت و پرسی جیاواز و لە پێوەندی لەگەڵ داگیرکراوبوونی کوردستاندا خوێندنەوەی بۆ بکرێ ژن و بە گشتی پرسەکانی پێوەندیدار بەم توێژەی خستوونەتە پەراوێزەوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە لای خەڵکی کوردستان، ژن وەک بەشێکی گرینگ لەو کۆمەڵگەیە بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە، هەر لە نارەزایەتیدەربڕینێکی بچووک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە هەتا خۆپێشاندان و نارەزایەتی و دەرکردنی بەیاننامە و بە دەیان ئەکتی دیکە.

ژنی کورد ئەگەرچی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە قەت پێناسەی ڕاستەقینەی خۆی وەرنەگرتوە و هەمیشە ستەمی چەند قاتی بەرانبەر کراوە، بەڵام قەتیش بێدەنگ و دەستەوەستان نەبووە و هاوکات خودی کۆمەڵگەی کوردستانیش لەم

پێوەندییەدا و هاوهەنگاو لەگەڵ ژنان هەستیارتر بووە.

لەم ڕۆژانەدا کە سزای لەسێدارەدانی پەخشان عەزیزی لەلایەن دیوانی باڵای ڕێژیمەوە پشتڕاست کرایەوە، شەپۆلێک لە نیگەرانییەکان کۆمەڵگەی کوردستانی گرتەوە. بەوە جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامی ژنی کردووەتە ئامانج و دەیهەوێ بە ئەستاندنی گیانی ژنێک، کۆمەڵگە چاوترسێن و ملکەچ بکات.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی لەو ڕێژیمە لەرزۆکانەیە یادگەیەکی مێژوویی باشی نییە! ئەکتی کۆمەڵگەی زوو زوو لە بیر دەچێ یان ڕەنگە بیهەوێ بە خۆگێلکردن ئەمجارە ئاکامێکی دڵخواز وەربگرێ! کۆماری ئیسلامی لە هاتنەسەرکاریەوە تاکوو ئەمڕۆ هەمیشە لە بەرەی بەرانبەری خەڵکی کوردستاندا بووە و لە هەر بڕگەیەکی مێژوویدا بە جۆرێک دژایەتی و دوژمانیەتیی خۆی لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەربڕیوە، بەڵام لە هەر قۆناغێکیشدا لەگەڵ دژکردەوەیک بەرەوڕوو بۆتەوە.

لە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ی هەتاویدا کە لە ژووره تاریکەکانی چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمدا، شیرین عەلەمهوولی و چوار بەندکراوی سیاسیی دیکە لە سێدارە دران، ڕێـژیم قەت بیری نەدەکـردەوە خەڵکـی کوردستان بە مانگرتنێک بتوانن کۆڵەکەکانی لەرزۆک بکەن، بەڵام ئەمەی بینی و جارێکی دیکە بە کوشتنی کچە کوردێک لە پێتەختی بێدادیدا، هەڵەیەکی مێژوویی دیکەی کرد و خۆی خستەوە بەرانبەر خەڵکی کوردستانەوە!

ڕووداوەکانی دوای مەرگی ژینا جیاوازییەکی گەورەیان لەگەڵ ڕووداوەکانی دوای لەسێدارەدانی شیرین عەلەمهوولی هەبوو. ژینا لە سەردەمێکدا گیانی لێ ئەستێندرا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پردێکی زۆر بەهێزی پێوەندییەکان و تۆڕێکی بەهێزی گەیاندنی زانیارییەکانن، ئەمەش وای کرد کە هەموو جیهان بێنە سەر خەت و بە ئاشکرا پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت مافی ژنان بەدەستی کۆماری ئیسلامی ببینن. هەر ئەم بابەتە لە دۆسییەی پەخشان عەزیزیدا جێگای سەرنجە، هەبوونی سۆشیاڵ میدیا نەیهێشتوە پرسەکە شاراوە بمێنێتەوە و ئەکتی کۆمەڵایەتییشی بەخۆیدا هێناوە. دایکانی شەهیدانی شۆڕشی ژینا کە تەنیا تریبوونیان هەر ئەو سۆشیاڵ میدیایەیە، بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ دەنگی خۆیان خستووەتە پاڵ دەنگی پەخشان و بنەماڵەکەی، چالاکانی مەدەنی، سیاسی، مافی مرۆیی، لاوان، خوێندکاران، مامۆستایان و زانایانی ئایینی و هەموو چین و توێژەکان بە هەر بیروڕایەکی سیاسیی جیاوازیشەوە، بوونەتە دەنگی پەخشان و کۆماری ئیسلامییان خستووەتە ژێر گوشارەوە. سەرنجدانێکی دەقی بەیاننامەکان بەتایبەت ئەوانەی کە لەلایەن دایکانی شەهیدان و ژنانی چالاکوان لە سنە بڵاو کرایەوە خۆیان مانیفیستێکی تەواو لە خەبات و تێکۆشانی ژنانن.ژنان نەترسانە و بوێرانە هاتوونەتە مەیدانی خەبات دژ بە داگیرکەر و بوونەتە بزوێنەری کۆمەڵگەی کوردستان.

هەر ئەوەی کە ژنان لەبەردەم بینای پارێزگاریی سنە بەو هەموو ڕێوشوێنە ئەمنییەتییەوە کۆ دەبنەوە و سەرەڕای زاڵبوونی کەشی تەواو ئەمنییەتی بەسەر شاردا، بەیاننامەی خۆیان دەخوێننەوە و بە ڕوونی باس لە نەبوونی دادپەروەری دەکەن و پەخشان بە نوێنەری هیوا، ژیان و بەرخودان لە بەرانبەر مەرگ و بێهیوایی ناو دەبەن، نیشاندەری بێوێنەبوونی هێز و توانایی ژنانی کوردستانە کە خۆڕاگرانە لە بەرانبەر دەسەڵاتێکی تەیار بە هەموو ئامرازەکانی سەرکوت وەستاونەتەوە و لە هیچ هەڕەشە و تۆقاندنێک سڵ ناکەنەوە.

خوێندنەوە و تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی پاش شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، ڕێک لە بەیاننامە و ئەکتی ئەم ژنانەدا دەبینرێت، ژنان لە نێوخۆی کوردستان کە خۆیان لە چەقی خەباتەکەدا بوون، باشتر لە هەموو ئەو کەسانەی کە تەنیا بینەری ڕووداوەکان بوون لە ڕاستییەکانی بزووتنەوەکە تێگەیشتن و وانەیان لێ وەرگرت. ئەوان بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی ڕێژیم کە چاوترسێنکردنی ژنان بوو، بەهێزتر هاتوونەتە مەیدان و ئێستا هەموو ئەکتێکیان ئەچێتە چوارچێوەی ئەکتی سیاسییەوە چونکە تەواوبەتی خودی ئەو دەسەڵاتەیان کردووەتە ئامانج. دەسبەسەرکردن، سەپاندنی سزای بەندکران و توندتر لە هەموویان سەپاندنی سزای لەسێدارەدان نەیتوانیوە ژنان لە خواستەکانیان پاشگەز بکاتەوە و ئەمە لە وشە بە وشەی بەیاننامە و پەیامەکانیاندا دەبینرێت.

ژنانی کوردستان بوێرانە بەرگری لە ژنێک دەکەن کە لەگەڵ هەموو ئازارەکانی ئەوان ژیاوە و ڕێژیم بۆ ئەوەی کە دەنگی کپ بکات، سزای سێدارەی بەسەردا سەپاندوە. پەخشان عەزیزی، پەخشانی ئازارەکانی ژنانی کوردستانە کە بەندکران و سزادانیشی خۆی بووەتە هێمای یەکگرتوویی و ئەم یەکگرتووییە قەت نەک بە کۆماری ئیسلامی کە بە هیچ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرتر و تۆتالیتەرتر لە کۆماری ئیسلامیش لەنێو ناچێت.

**٣ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

# ژن وەک خۆی!



کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سەر گۆی زەوی وای کردوە کە ئەم بوونەوەرە لە پێوەندی لەگەڵ هەموو پرسەکانی کۆمەڵگەدا ڕۆڵ و ئەرکی تایبەتی هەبێ.

کۆمەڵایەتیبوون و گەیشتن بە قۆناغی ئەمڕۆی ژیان، پرۆسەیەکی دوورودرێژی خایاندوە و نکۆڵی لەوە ناکرێ قۆناغەکانیش هەرکامەیان ئاستەنگ و ئەزموونی جۆراوجۆریان تێدا بووە، هەر ئەم ئاستەنگانە وایان کردوە کە قۆناغەکانی ژیان وەک یەک نەبن و هەرکامەیان بەپێی سەردەمی خۆی، ئاکار و هەڵوێستی پێویست و گونجاوی خۆی ویستوە.

ئەگەرچی هەر لە قۆناغەکانی سەرەتای بە کۆمەڵایەتیبوونەوە شەڕ بۆ مانەوە هەبووە و مرۆڤەکان بە شێوازی جیاواز هەوڵیان بۆ مانەوە و سەقامگیربوونی خۆیان لە سەر زەوی داوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەش، دابەشکارییە کۆمەڵایەتییەکان بوونیان هەبووە و گەیشتوونەتە ئەمڕۆ.

هاوکات لەگەڵ ئەوەش لە زۆر کۆمەڵگەدا شەڕەکان بەردەوامن، ئەتوانێ لە کۆمەڵگەیەکدا - مەبەست سەردەمی ئێستایە - شەڕ بۆ مافی ژیان بێت، ئەتوانێ شەڕ بۆ سەلماندنی ناسنامە بێت، ئەتوانێ شەڕ بۆ خاک و نیشتمانیش بێت یان زۆر شەڕی دیکە.

کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ وا دەکات مرۆڤەکان لە بەرەی هەر شەڕێکدا بە جۆرێک دابەشکارییان بۆ بکرێت، ئەم دابەشکارییە ئەتوانێ لە ڕووی توانای هزری و زانستییەوە بێت، یان توانای جەستەیی و یان تەنانەت توانا و جیاوازیی ڕەگەزی.

هەرچەند کە باسکردن لە جیاوازییەکان بەپێی ڕەگەز باسێکی زۆر دوورودرێژ و ئەڵبەت زانستیشە، بەڵام بەتایبەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەک بەربەست بینراوە!

زۆر جار لە زۆر بواری تایبەت و لە هەمان کات هەستیاری کۆمەڵگەدا، جیاکاریی ڕەگەزی وای کردوە کە پۆتانسییێلی بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە پەراوێز بخرێ، ئەگەرچی ئەو بەشە زۆر بەتواناش بێ!

جیا لە جیاوازییە فیزیۆلۆژییەکان کە لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا ناگونجێ، پەروەردە و زۆر جاریش هێژمونی دەسەڵات دەتوانێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەم پرسەدا هەبێت و هۆکاری سەرەکی بۆ جیاکارییەکان لە بواری ڕەگەزەوە بێت.

بۆیە بابەتی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک بەرجستە دەکرێتەوە و دەبێتە یەکێک لە گرینگترین خاڵەکانی پێوەندیدار بە جیاکارییە ڕەگەزییەکانەوە کە کۆمەڵگە لە وزەی بەشێکی بەرچاوی حەشیمەت بێبەری دەکات.

ئەمە بۆ ئێمە، واتە ئەو ژنانەی لە کۆمەڵگە ئیدئۆلۆژیک و هاوکات نەریتییەکاندا ژیاوین، ڕاستییەکی ئاشنا و لە هەمان کاتدا تاڵە.

چونکە لەلایەکەوە دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیک لە چوارچێوەی بیری خۆیدا ڕێوشوێنی ژیانمان بۆ دیاری دەکات و لە ڕێگەی پەروەردەوە وای لە کۆمەڵگەدا جێگیر دەکات کە لادان لەم چوارچێوەیە دەبێتە تاوانێکی گەورە و لەلایەکی تریشەوە نەریتیبوونی کۆمەڵگە وا دەکات کە زۆر شت بۆ ئێمە بە بڤە بزانرێت و نزیکبوونەوە و تەنانەت بیرکردنەوە لێیان تاوان بێت.

ئەوەی کە دەبێ بایەخی پێ بدرێت، ئەو شەڕە پیرۆزەیە کە لەم کۆمەڵگەیانەدا لە نێوان ئێمەی قوربانیی نەریت و ئیدئۆلۆژی و دەسەڵات و پەروەردەدا هاتووەتە ئاراوە. شەڕێک کە پێش لە هەموو شتێک شکۆ و کەرامەتی ژن لەگەڵ خۆی بە دیاری دێنێ.

لە دێرزەمانەوە ژنی کورد هەوڵی داوە قەت لە چوارچێوەی ئەو پێناسانەدا کە نەریت و دەسەڵات بۆیان داناوە خۆی قەتیس نەکاتەوە بۆیە زۆر پێویستە کە ژنی کورد وەک خۆی بناسرێت و ڕێز لە ماندووبوونی بگیردرێت.

ئەوەی کە لەم وتارەدا بە پێویست دەزانێ زەق بکرێتەوە، ئەوەیە کە بەتایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا کە بە هۆی هەبوونی سۆشیاڵ میدیاوە زیاتر هەست بە بوون و بەشداریی ژنان لە ئاستی کۆمەڵگەدا کراوە، زیاتر ژنان وەک پاشکۆیەک چاویان لێ کراوە. زۆر جار وەک دایک، هاوسەر یان خوشکی فلانە کەس و هەوڵ دراوە کە بە جۆرێک پێوەندیی ژن لەگەڵ پیاوانی دەوروبەری نەپچرێت، یان باشتر بڵێم ژن لە ناسنامەکەی دانەبڕێ!

ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە لەانیکەم لە کوردستاندا کە ژنان زۆر جار سەربەخۆ و بە پشتبەستن بە خۆیان توانیویانە ڕێگای ژیانی سەربەرزانە بپێون، تا ڕادەیەک ڕەخنەهەڵگرە! و وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و بەشێکی بۆ نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە.

بەڵام لە ڕاستیدا ژنی کورد نەک لە پێناسە لەگەڵ پیاواندا بەڵکوو هەموو کات توانیویەتی پێناسەیەکی ڕێکوپێک لە ئازایەتی، بوێری و گیانفیدایی بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

بۆ نموونە ئەگەرچی شەهیدبوونی منداڵ، پێناسەی زۆر بەنرخی دایکی شەهید بۆ ژن زیاد دەکات بەڵام دیسانەوە پێویستە ژن وەک خۆی و بە توانا و ئەزموون و لێهاتوویی خۆیەوە بناسین.

ژن پیش لەوەی کە کچ، هاوسەر، خوشک یان دایکی پیاوێک بێت، مرۆڤێکی سەربەستە.

ئەم سەربەستییە لە ئاکاری ژنانی کوردستاندا بە ڕوونی بینراوە. ئەم سەربەستبوونە وا دەکات کە ڕۆژانە ژنان لەلایەن ناوەندە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتەوە دەسبەسەر بکرێن، ئازار و ئەشکەنجە بدرێن، سزای قورسی وەک سێدارەیان بەسەردا بسەپێت تاکوو لە پێناسەی ژنبوونی خۆیان بیانسڕێتەوە.

ژنبوون ئەگەرچی لای کۆماری ئیسلامی وەک لاوازییەک پێناسەی بۆ کراوە بەڵام، ئاکاری شۆڕشگێڕانە و بوێرانەی ژنان وای کردووە خودی ئەو دەسەڵاتەش دان بە هێزی ژناندا بنێت هەر بۆیە پەتی سێدارەی بە باشترین چارەسەر بۆ سڕینەوەی ژنان زانیوە.

**٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**

## ژنێک، نیشتمانێک



ڕووداوەکان زۆر جار وەک بزوێنەرێکی سەیر، هەست و سۆزی مرۆڤەکان دەجووڵێنن و وا دەکەن کە تێڕامان لە هەندێ بابەت، ببێتە کەڵکەڵەیەکی سەرەکی بۆ مرۆڤەکان. ڕووداوەکان ئەتوانن جۆراوجۆر بن، ئەتوانن بایەخی جیاوازییان هەبێ و تەنانەت ئەتوانن بەردەنگی تایبەتیشیان هەبێ، بەڵام هەندێ جار هەندێ ڕووداو سنوورە دەستکردەکانیش دەشکێنن و وا دەکەن کە هەمووان لە خاڵێکدا کۆ ببنەوە ! کۆبوونەوە لە خاڵێکی هاوبەش ڕەنگە ئەستەم بێت، ئەم ئەستەمبوونەش ئەوکات زیاتر دیارە کە تاکەکان ڕوانگە و ویستەکانیان جیاواز بن یان دوورەدیمەنێک کە بۆ داهاتووی دەبینن، وەک یەک نەبێت، بەڵام دۆزینەوەی خودی ئەم خاڵە هاوبەشە دەکرێ وەک هونەرێکی پڕبایەخ چاوی لێ بکرێت.

کوردستان ئەگەرچی وڵاتێکی داگیرکراوە و قەت نەیتوانیوە ڕووی خۆشی بە خۆیەوە ببینێ، بەڵام هەمیشە گۆڕەپانی خەبات و ململانێ بۆ دەستخستنی سەربەستی بووە. لەم پێناوەشدا ئایدیا و بۆچوونی جیاواز سەریان هەڵداوە و هەر کامەیان لە سووچێکەوە هەوڵیان داوە بۆ ڕزگاریی ئەم خاکە تێبکۆشن.

هەبوونی دەنگوڕەنگی جیاواز لە کوردستان دەکرێ وەکوو یەکێک لە تایبەتمەندییە باشەکان چاوی لێ بکرێ، هەرچەند کە



سەرچاوە
Serchawe

ئەم خاکە هێشتا لە دەستی داگیرکەردایە بەڵام بێگومان فرەچەشنی و فرەڕەنگییەکان نەک لەمپەر بەڵکوو خۆیان خاڵێکی بەهێزی بەردەوامبوونی جووڵانەوەی کورد لە کوردستانن. حاشا لەوە شناکرێ کە لە قۆناغی ئێستادا، نەبوونی یەکدەنگی و یەکبوونێک لە باری سیاسییەوە وەک بۆشاییەک بە بزووتنەوەی کوردستانەوە دیارە بەڵام، هاوکات لەگەڵ ئەوەش خاڵە گرینگەکە واتە کوردستانیبوون وەک هەمیشە لەگەڵ یەک کۆمان دەکاتەوە.

تێپەڕینی کات و وەرگرتنی ئەزموونی سیاسی لە گرینگترین هۆکارەکانی زاڵبوونی ئەم دۆخەی ئێستا بە سەر ڕەوت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، لایەنە سیاسییەکان لە جیاتی سەرەڕۆیی، هەوڵ دەدەن خاڵە هاوبەشەکان بدۆزنەوە و پێکەوە لە دەوری ئەو خاڵە هاوبەشەدا بەهێزتر دەرکەون. کەوایە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش بەشێکی گرینگ لە هاوکێشەکەیە.

لەم خاڵە هاوبەشانە لە مێژووی کوردستاندا زۆرن، لە هەر برگەیەکی مێژوویيدا ڕەنگە بە دەیان و سەدان خاڵی هاوبەش بووبێت و کۆکەرەوەی هێزەکان بووبێ، بەڵام قۆناغی ئێستا هەستیارترە و هەوڵی زۆرتری دەوێ، بەتایبەت کە پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، یەکدەنگبوون و یەکڕەنگبوونی خەڵکی کوردستان لە نێوخۆ و تێکۆشان و خەبات و قوربانیدانیان لە پێناو کوردستان، ئەوانی لە دەوری خاڵێکی گرینگ بە ناوی ڕزگاریی خاک کۆ کردەوە، هەست بە بەرپرسایەتی لەلایەن حیزب و لایەنە سیاسییەکانیش بێگومان دەبێ گەشە بکات. چونکە لە ڕاستیدا ئەم حیزب و لایەنانە خۆیان ئامرازێکن بۆ یارمەتیدانی خەڵک بۆ گەیشتن بە ڕزگاری! هەر وەک چۆن حیزبی دێموکرات لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا، هەوڵی دا لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە یەک ڕاستادا و لە پێناو گەیشتن بە ڕزگاریی خاک و دەستەبەرکردنی سەربەستیدا خۆی لە خاڵی هاوبەشی کوردستانیبوون و ڕزگاریدا کۆ بکاتەوە.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا کوردستان جارێکی دیکە یەکێک لە خاڵە کۆکەرەوەکانی بە خۆیەوە بینی! کۆچی دوایی ژنێک لە ئاواییەکی شاری بۆکان هاوکات لەگەڵ خەمبارکردنی خەڵکی کوردستان، حەشیمەتێکی زۆری لە دەوری یەک کۆ کردەوە. لێرەدا "دایە ئەستی" کۆکەرەوەی خەڵک بوو.

ئەم حەشیمەتە تەنیا ئەو کەسانە نەبوون کە چوونە سەر مەزارەکەی دایە ئەستی و فرمێسکی وەفا و ئەمەگناسییان بۆ ڕشت و تەرمەکەیان ئەسپەردەی خاکی کوردستان کرد، بەڵکوو هەموو ئەو کەسانە بوون کە دڵیان بۆ ڕزگاریی خاکی کوردستان لێ دەدا.

دایە ئەستی لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دایکێکی جەرگسووتاو کە سێ ڕۆڵەی خۆی پێشکەشی بارەگای ئازادی

کردبوو. ئەو وەفادار بە ڕێبازێک بوو کە ڕۆڵەکانی تەمەنی لاویەتیی خۆیان بۆ دانابوو. دایکێکی بوێر و ئازا بوو کە خەمی لەدەستدانی ڕۆڵەکانی کردبوو بە هیوایەک بۆ بینینی ڕزگاریی ئەو خاکەی کە کوڕەکانی خوێنیان بۆ ڕشت.

کاتێ دایە ئەستی کۆچی دوایی کرد، شەپۆلێکی بەرین لە هاوخەمی کوردستانی گرتەوە، دایە ئەستی بوو بە هۆکارێک بۆ کۆبوونەوەی خەڵک و هاوکات بیرە جیاوازەکانیش، چونکە ئەو دایکی سێ شەهیدی کوردستان بوو! هەر بۆیە خەڵکی کوردستان بە نیشانەی ئەمەگناسی بەرانبەر بە بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان و بۆ ڕێزگرتن لە دایە ئەستی وەک ژنێکی خۆڕاگر، لەژێر کڵوەبەفری زستاندا، گۆڕستانەکەیان تەنی و بە گوڵی سوور پێشوازییان لە تەرمەکەی کرد و بە ڕێزەوە داپێچراو بە ئاڵای کوردستان و جامانەی پێشمەرگانە ڕەوانەی ماڵە ئەبەدییەکەیان کرد و بە دانانی یوبیلی حیزبی دێموکرات، پەیامی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی کوڕە شەهیدانی نوێ کردەوە.

دایە ئەستی، دایکی سێ شەهیدی کوردستان بوو، هەر بۆیە زۆربەی خەڵکی کوردستان سەر بە چ لایەن و حیزبێک بووبێن، لە خاڵی هاوبەشی کوردستانیبووندا کۆ بوونەوە و ڕێزیان لە گیانفیدایی ڕۆڵەکانی دایە ئەستی و خۆڕاگری و وەفای ئەم دایکە جەرگسووتاوە گرت. ئەم وەفا و ئەمەگناسییە بەرانبەر ژنێک، ڕێک ئەو وەفا و ئەمەگناسییەیە کە بەرانبەر بە نیشتمان دەکرێ، دایە ئەستی لەو ڕۆژەدا بوو بە نیشتمان و قیبلەگایەک بۆ ئازادیخوازان و هەموومانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە.

دایە ئەستی بە چەشنی نیشتمان، هەموومانی لە ئامێز گرت و جارێکی دیکە ئەو پەیامەی پێ داین کە کوردستان بەبێ یەکگرتن و یەکبوون سەر ناکەوێ.

ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ترس لە زمان




کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ڕۆژی هاتنەسەرکاری خۆیەوە هەتا ئەمڕۆ لە ستەم و سەرکوتکاری بەرانبەر بە خەڵکانی ئێران بەردەوام بووە. ئەم دەسەڵاتە لەگەڵ مافخوازیی نەتەوە بندەستەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافە ئێتنیکی و نەتەوەیی و فەرهەنگی و کولتورییەکانی خۆیان، ئاستی ستەم و سەرکوتکارییەکانی چەد قات کردوە، تاکوو هیچ جێگایەک بۆ بەرەو لاوازیچوونی دەسەڵاتەکەی نەهێڵێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش سامانی نەتەوەیی ئەو خەڵکەی بە تاڵان بردوە و هەر بە سامانەکەی خودی خۆیان میدیا و پەروەردە و کەرتەکانی دیکەی خستووەتە خزمەت ئامانجەکەی خۆیەوە و سەرکوتکارییەکانی بە شێوەی سازماندراو و سیستماتیک درێژە پێ داوە.

لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا بەتایبەت لە کوردستان هێرشێکی بەرینی بۆ سەر مێژوو و چاند و فەرهەنگ و زمانی نەتەوەی کورد هەبووە و لەم پێناوەشدا، ئەوەی کە پێویست بووە وەکوو تێچوو، لەلایەن دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیەوە لەژێر ناوی بوودجە بۆ گەلاڵەی فەرهەنگی دابین کراوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە و لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا، هەموو چەشنە هەوڵێکی چالاکانی بواری فەرهەنگ و زمان سەرکوت کراوە تاکوو زمانی یەکدەستی فارسی بەسەر کۆمەڵگە و ژیان و ئاوەزی تاکەکاندا زاڵ بێت و بە کردنەوەی تلویزیۆن و دامەزراندنی مۆرە گۆپاڵ بەدەستە کوردینەزانەکانی خۆی، ئەوەی بۆ

سەقەتکردنی زمانی کوردی لەدەستی هاتبێ کردوویەتی. لەگەڵ ئەوەشدا دڵسۆزانی ئەم بوارە هەوڵیان داوە بەرەنگاری ئەم سیاسەتە ببنەوە و بە شێوەی خۆبەخشانە، بە بەڕێوەبردنی پۆلی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و هاوکات هەوڵدان بۆ گەشەی بیری نەتەوەیی و پەرەدان بە پەروەردە بە زمانی کوردی، تا ڕادەیەکی باش کەلێنەکان پڕ بکەنەوە. بەڵام هەوڵەکانی ڕێژیم شێوازی نوێشیان لە خۆ گرتوە!

کودستان هەمیشە بەریەککەوتنێک لە ڕووداوەکانی تێدایە، کە زیاتر دەبنە هۆکار بۆ تێڕامان لە دۆخی هەنووکەیی و ئەم تێڕامانەش ئەتوانێ شتی نوێ بە دوای خۆیدا بێنێت. ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا هەواڵێکی بەم چەشنە بڵاو کرایەوە: سوعدا خەدیرزادە و منداڵەکەی "سۆلینا" کە لە بەندیخانەدا لەدایک بووە، پاش ٤٠ مانگ دەسبەسەرکران بە دانانی بارمتەی ٢ میلیارد و ٥٠٠ هەزار تمەنی و بۆ یەکەمین جار بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ مەرەخەسیی پێ درا. بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە دڵخۆشکەر بوو، چونکە جیا لە خودی سوعدا کە لەو تەمەنەی لاوێتیدا لەژێر سەختترین ئەشکەنجە دەروونییەکانی کاربەدەستانی بەندیخانەدا بوو، لەلایەکی دیکەوە مژدەی ئازادیی کاتیی سۆلینای پێ دابووین کە هەموو تەمەنی خۆی لە بەندیخانەدا تێپەڕاندبوو! چەند ڕۆژ دواتر و لە ٢٩ی ڕێبەنداندا، سۆلینا و دایکی بۆ ڕزگاربوون لە گوشاری هێزەکانی ڕێژیمدا ناچار بوون ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ بهێڵن.

هەروەک گوترا بەریەککەوتنی ڕووداوەکان لە کوردستان، ئاماژەی دیاریکراویان پێیە و لێرەدا ئەمەوێ ئاماژە بە یەکێک لەم بەریەککەوتنانە بکەم. سۆلینای تەمەن ٢ ساڵ و ٧ مانگ بچووکترین یان کەم تەمەنترین بەندکراوی سیاسیی کورد بوو کە تەنانەت پێش لەدایکبوونیشی، لە بەندیخانەدا هاوڕێی دایکی بوو و زیاتر لەو تەمەنەی کە تاکوو ئێستا ژیاوە، لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بووە. بەڵام خاڵی گرینگ کە بوو بە هۆکارێک بۆ نووسینی ئەم بابەتە، هەڵاتنی سۆلینا و دایکی لەدەست ستەمکاریی کۆماری ئیسلامی لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیدا بوو! سۆلینا وەک کچێکی کورد جیا لەوەی کە هەموو تەمەنی وەکوو بەندکراوێک تێپەڕاندووە و وەکوو منداڵێکی ساوا لە هەموو چەشنە خزمەتگوزارییەکی مرۆیی بێبەری بووە، لە قسەکردن بە زمانی دایکی خۆشی بێبەری بووە! ئەمە تراژێدیایەکی زۆر گەورەیە کە مرۆڤێکی بەو بچووکییە کە تەنیا زمان بۆ دەربڕینی هەست و ویستە سەرەتاییەکانی خۆی بەکار دێنێ، لەلایەن دەسەڵاتێکی دڕندەوە ئەوەندە مەترسیدار بێت کە مافی قسەکردن بە زمانی دایکیی خۆی لێ زەوت بکرێت و بە ناچاری بە فارسی قسە بکات!
هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە ڕۆژی ٢١ی فێڤریەی ئەمساڵدا، باس لە مافی خوێندن و نووسین و پەروەردە بە زمانی دایکی دەکرا، سۆلینا تەنیا بە تاوانی کوردبوون، ئەم مافە بنەڕەتییەی لێ زەوت کراوە و تازە وردەوردە دەیەوێ فێری بێت کە بەبێ ترس و بەبێ دڵەڕاوکێ، فێری زمانی دایکیی خۆی بێت.

بەشی دووهەم

سیاسیبوونی سۆلینا و ترس لە فێربوونی زمانی کوردی، دەرخەری ڕاستییەکی ئاشکرایە، دەسەڵاتێک هەرچەندە دڕندەش بێت دیسانەوە خاڵێکی لاوازی هەیە کە زراوی لێ چووە و بووەتە مۆتەکەی شەوانەی و هەموو ڕۆژێک پێوەی ئەتلێتەوە. ڕاستە کە کۆماری ئیسلامی سۆلینا و دایکی سۆلینای بەند کردبوون و ڕۆژانەش ئازاری داون بەڵام، هەموو ئەوانە دژکردەوە بەرانبەر بە ژن و کچێکی ئەم کوردستانە بووە کە لە بەندیشدا، ڕۆحیان ئازاد بووە و ترسیان خستووەتە دڵی ڕێژیمەوە.

ڕێژیم بە بەندکردنی سۆلینا، ژیان و زمانی ئەو کچە ساوایەی بەند کردبوو، چونکە ترس لەلایەن دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆتالیتەرەکان، تەنیا ترس لە چەک و هێزی ڕەق نییە، هەر ئەوەی کە زمان و ژیانی سۆلینا بەند دەکرێن، هەر ئەوەی کە هەموو هێزی کۆماری ئیسلامی لە زمانی دایکیی سۆلینادا بەرەو تەفروتوونابوون دەچێ، خۆی نیشان دەدات کە سۆلینای ٢ ساڵان هەزاران قات لە دامودەزگا داپلۆسێنەرەکەی ڕێژیم بەهێزتر بووە. وەک چۆن ژینا ئەمینی نوێنەرایەتیی ژنی کوردی کرد، سۆلیناش بە جۆرێکی دیکە ئەم نوێنەرایەتییەی کەوتە سەر شان. ڕێژیم لە سۆلینای ٢ ساڵان ترسا چونکە بچووکترین بەندکراوی سیاسیی کورد بوو کە بە کوردی ئاخافتنی خۆی دەیتوانی شەق لە مێژووی ٤٦ ساڵەی سەرکوتکاری و دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی بدات.

١٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

## بابەتەکانی ساڵی........ ٢٧٢٥ و ٢٧٢٦

## خاکیپۆشی خاکپارێز



چەند مانگ پێش هاتنی نەورۆز و نوێبوونەوەی سروشت لە کوردستان، خەڵکی کوردستان لە دژکردەوە بە دەسبەسەرکران و سەرکوتی چالاکانی مەدەنی لەلایەن ڕێژیمەوە بە هۆی لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی، لە هەڵوێستێکی بوێرانە و یەکدەنگدا ڕایانگەیاند کە بۆ ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ئەمساڵ جلوبەرگی خاکی دەپۆشن، هەر لە سەر ئەم بنەمایەش ڕایانگەیاند کە نەورزۆی ئەمساڵ بە ناوی نەورزۆی خاکیپۆشانەوە ناودێر دەکەن. ئەم ناودێرکردنە ئەگەرچی بەشێکی دژکردەوە بە سیاسەت و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بوو، بەڵام لایەنێکی دیکەی ڕێزگرتن لە پێشمەرگە وەک ڕۆڵەی خاکیپۆشی ئەم نیشتمانە بوو.

دوابەدوای ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارە لەلایەن چالاکانی مەدەنی و خەڵکی نێوخۆی کوردستانەوە، وردە وردە ڕێوڕەسمە

نەورۆزییەکان دەستیان پێ کرد و خەڵکی کوردستان بە لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی پێشوازییان لە نەورۆزی ٢٠٢٥ی کوردی کرد.

بڕیاری لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی، بڕیارێک بوو کە لەلایەن گەلەوە درابوو، بۆیە ئەرکی لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانیش ئەوە بوو کە بۆ ڕێزگرتن لە بڕیاری خەڵکی کوردستان، بە پێشوازی ئەم بڕیارەوە بچن و پشتیوانی و هاودەنگی خۆیان لە خەڵک دەرببڕن. هەر بۆیەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە یەکەم ڕۆژەکانەوە پاڵپشتیی خۆی لەم بڕیارە گشتییەی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند.

ئەوەی کە لەم نەورۆزەدا لەلایەن هەندێک کەسەوە زەق کرایەوە، پێوەندیی نێوان ژنی کورد و جلوبەرگی خاکی بوو. دوابەدوای بەڕێوەچوونی ژمارەیەک لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لە کوردستان و بڵاوبوونەوەی وێنەی ژنان و کچانی کوردستان بە جلوبەرگی خاکییەوە، هەندێک کەس لێکدانەوەی خۆیان لە سیمای نەورۆز و جلوبەرگی ژنان لەم ڕێوڕەسمانەدا ڕاگەیاند و پێیان وابوو کە لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی لەلایەن ژنانەوە، بە مانای داماڵرانی ژنان لە ژنبوونی خۆیانە و نابێ ئەم بڕیارە بەسەر تویژی ژناندا بسەپێت و بە جۆرێ لە جۆرەکان لە ڕێگەی وروژاندنی پرسی ژن بوون و هەست و سۆزی ژنانە، هەوڵیان دا ژنان لە پۆشینی ئەم جلوبەرگە پاشگەز بکەنەوە.

لە کوردستاندا کاتێ باس لە پێشمەرگە دەکرێ، قەت پرسی ڕەگەز زەق ناکرێتەوە، چونکە ماهییەتی خەبات لە کوردستان دژ بە هەڵاواردن و جیاکاریی ڕەگەزی بووە، کەوابوو پێشمەرگە پێشمەرگەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزەکەی. لە مێژووی ئێمەدا پێشمەرگە چ ژن بووبێت و چ پیاو، جلوبەرگێکی فۆرمی تایبەتی هەبووە کە ئەویش ڕێک پێوەندیی بە سروشتی خەبەتەکەمانەو بووە، نەک بە مانای داماڵینی ژن لە ژنبوونی خۆی! لە ڕاستیدا ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە بە مانای ڕەگەزبەخشین بە جلوبەرگە، جلوبەرگێک کە هێمای خەبات و شۆڕش بووە و ئەمە ڕێک بە مانای دابڕینی بەشێکی گرینگ، کاریگەر و دیاری کۆمەڵگە واتە ژن لە خەباتە.

هەر لە نەورۆزی ئەمساڵدا باس لە سەپاندنی جلوبەرگی خاکی بەسەر خەڵک و بەتایبەت ژناندا کرا، کە بێگومان ئەم بۆچوونە، هیچ لە ڕاستی نزیک نییە و بە پێچەوانەوە ئەوە بڕیارێک بووە کە لەلایەن خودی خەڵکەوە دراوە و خۆشیان جێبەجێی دەکەن. لە ساڵی ٩٦ی هەتاویدا کە نەورۆزی جامانەکان ڕاگەیەندرا، بڕیار وابوو هێمای سەرەکی لە نەورۆزی ئەو ساڵەدا جامانە بێت، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنان و کچان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لەبەرکردنی جلوبەرگی خاکی وەک جلوبەرگی پێشمەرگە، هاوکات لەگەڵ ڕێزگرتن لە خەبات و گیانفیدایی پێشمەرگە ئەو پەیامەیان گەیاند کە



سەرچاوە
Serchawe

ئەوان لە هەموو کاتێکدا پشتیوانی ڕۆڵەکانی خۆیانن. کەوابوو لەبەرکردنی ئەم جلوبەرگە نەک سەپاندن و نە بە زەبری هێز بەڵکوو بە خواستی خودی خەڵک و بەتایبەت ژنان بووە و ئەمەش یەکێک لە ڕێگاکانی خەبات لە کوردستانە.

کۆمەڵگەی کوردستان چەقی خەباتی ئێمەیە و خەڵکی کوردستان ئەکتەری سەرەکیی ئەم مەیدانەن، ئەوە خەڵکی کوردستانن کە بە خوێندنەوەی ڕووداوەکان و بە سەرنجدانی هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیان لەو کۆمەڵگەیەدا، بڕیار لەسەر پرسە هەستیارەکان دەدەن. خەڵکی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە ڕێوڕەسمی جۆراوجۆر و بۆنەی جیاوازدا بە تێگەیشتن و شعووری سیاسییان کوردستانیان کردووەتە مەیدانێک بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەر. لێرەدایە کە دەبێ بە بایەخەوە چاو لە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان لەم مەیدانە بکرێت، چونکە ژنان بەتایبەت لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە ئەزموونوەرگرتن لە شۆڕشی ژینا و قوربانیدان و گیانفیدایی خۆیان، هەر چەشنە بۆنە و کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بە مەیدانی خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمن دەزانن و قایم و بە ئیرادە، هاوکات بڕوامەند بە ئامانجەکانیان لەم مەیدانەدا تێدەکۆشن. نەورۆزی خاکیپۆشانی ئەمساڵ، مەیدانی بەکردەوەییکردنی خواستەکانی ژنانی کوردستانە بۆیە شێلگیرتر لە جاران و بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێناسەی باوی پیاوسالاری و ئیدئۆلۆژیک لە خۆیان، خاکیپۆشی نیشتمانن و وەک ڕۆڵەیەکی خاکپارێز گۆڕەپانی نەورزۆیان کردووەتە سەنگەری خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و ڕەگەزییەکانیان چونکە دەزانن کە بە خاکیپۆشبوونیان هێڵێکی بەتاڵ بەسەر هەلاواردندا دەکێشن و وەک تاکێکی ئەروەخۆگری نیشتمان هەوڵ بۆ ڕزگاری خاک و نیشتمانەکەیان دەدەن.

٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥

# گۆڕەپانی نەورۆز



ژیان بۆ مرۆڤ گۆڕەپانێکی گەورە لە ململانێ جیاوازەکان بۆ گەیشتن بە پێگەی شیاوی خۆیەتی. ئەم پێگەیە لە ڕوانگەی مرۆڤەکانەوە ئەتوانێ جیاوازیی هەبێت و هەرکەس بەپێی کەسایەتی و ئامانجی دیاریکراوی خۆی لە ژیانیدا، پێناسەی ئەم پێگەیە بکات و پلان بۆ گەیشتن بەم پێگەیە دابڕێژێ.

لەم پێناوەدا هەوراز و نشێو زۆرن و بێگومان تاکەکانیش دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکان و دۆخی دەوروبەرەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوەی کە گرینگە، زاڵ بوونە بە سەر کەندوکۆسپەکان و دۆزینەوەی ڕێڕەوە دروستەکەی ژیان بۆ گەیشتن بە پێگە و ئامانجە دیاریکراوەکە.

ژنان وەک توێژێکی کۆمەڵگە بەتایبەت لە کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێک کۆسپی گەورە بەرەوڕوو بوونەتەوە کە بە درێژایی مێژوو لە قۆناغە جیاوازەکاندا، پێشیان بە سەربەستی و سەربەخۆیی ژنان گرتوە. هەڵاواردنی ڕەگەزی، سیستەمی باوکسالار و پیاوسالار، دەسەڵاتی خۆسەپێنی دژەژن، نەخوێندەواری، نەبوونی دەرفەتی یەکسان و دەیان دیاردەی دیکەی

کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی لەو فاکتەرانەن کە ژنانیان لە ڕێڕەوی سەرەکیی ژیانیان دوور خستوونەتەوە و نەیانهێشتوە وەک مرۆڤ پێناسە ڕاستەقینەکەی خۆیان هەبێ.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە، خەباتی ژنان قەت ڕانەوەستاوە و ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان هەمیشە هەوڵیان داوە. ئەگەرچی ئەم هەوڵانە لە قۆناغی جیاوازدا و بەپێی کاریگەریی دۆخی سەردەمەکان ئاکامی دڵخوازیان نەبووە و خەباتەکە بەرەو کزبوون ڕۆیشتوە بەڵام، خەباتەکە بەردەوام بووە و ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە.

تێکۆشانی ژنان لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بووە کە قەت کۆڵیان نەداوە و خەباتەکەیان تا گەیشتن بە ئامانج بەردەوامە. بۆ ئەم مەبەستەش بە هەزاران کردەوەی ژنان هەبووە کە هەر کامەیان بە جۆرێک ژنیان لە ئامانجەکەی نزیک کردووەتەوە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، پەرەسەندنی کاری ڕێکخراوەیی و چالاکییەکانی ژنان لە ئاستی کۆمەڵگەدا، وای کردوە کە ژنان بە باوەڕبەخۆبوونێکی زیاترەوە هەنگاو بۆ داهاتوو هەڵێنن و زیاتر دەرک بە گرینگیی ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان لەسەر داهاتوو بکەن.

گەشەی کاری ڕێکخراوەیی لە شێوەی جیاوازدا خۆی نواندوە و ژنان هەر جارەو لە چوارچێوەیەکدا چالاکییەکانی خۆیان ڕێک دەخەن تاکوو بتوانن لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی ئەرێنیی خۆیان بگێڕن.

نموونەی ئەم جۆرە ڕێکخستنانە، بە دەیان ڕێوڕەسم و بۆنەی جیاوازی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە کە ژنان تێیاندا، خۆیان دەبیننەوە و هەوڵ دەدەن بە پێچەوانەی ڕابردوو، لە پێشەوەی گۆڕەپانی چالاکییەکەدا بن و کاریگەربوونی خۆیان بسەلمێنن.

ئەوەی کە لەم وتارەدا باسی لێ دەکرێ، گۆڕەپانی نەورۆزە، گۆڕەپانێک کە ژنان تێیدا خۆیان بینیوەتەوە و بە بوون لەم مەیدانەدا بە کردەوە بەشداربوونی خۆیان لە ئاڵوگۆڕەکاندا نیشان داوە و خەریکن هەوڵ بۆ دەستخستنی پێگەی شیاوی خۆیان دەدەن.

هەبوونی ژنان لەم گۆڕەپانەدا، پێش هەموو شتێک نیشاندەری بەرزبوونی وشیاریی نەتەوەیی و ئاستی بەرزی تێگەیشتنی

ژنان لە بوون و گرینگیی خۆیان وەکوو مرۆڤێکی سەربەستە.

کاتێک کە ژنان لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ سەدان بەربەستی دروستکراوی دەستی دوژمن بەرەوڕوو دەبنەوە و هەموو دەرفەتەکانی ژیانیان لێ وەردەگیرێ و ناتوانن وەکوو مرۆڤێکی ئازاد و وشیار درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، کەوابوو هەموو ڕووداوێک لە کۆمەڵگەدا دەکەن بە دەرفەت و دەیقۆزنەوە تاکوو بتوانن بەرەنگاری بیری چەقبەستووی دژەژن ببنەوە. لێرەدایە کە ژنان خۆیان دەبن بە خولقێنەری دەرفەت و بەربەستەکان تێک دەشکێنن.

لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەت لە دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا، ژنان مەیدانداری سەرەکی بوون و بە بوونیان نیشانیان دا کە ئەگەرچی دوژمن هەوڵی داوە لە کۆمەڵگە دووریان بخاتەوە و نکۆڵی لە بوونیان بکات، ئەوان بە ئیرادەوە پێشەنگایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە لە ئەستۆ دەگرن و خەبات بۆ مافەکانیان دەکەن.

کۆماری ئیسلامی نەورۆز لە کوردستان بە مەترسیدار دەزانێ، بۆنەیەکی نەتەوەیی بە هەڕەشە دەبینێ و هەوڵی سەرکوتی دەدات، لە بەرانبەردا تاکەکانی کۆمەڵ و بەتایبەت ژنان کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا، لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە سەدان کۆسپیان هاتووەتە سەر ڕێ، هەوڵیان داوە هەر ئەو نەورۆزە لە بۆنەیەکی نەتەوەیی و کولتوورییەوە بگوازنەوە بۆ گۆڕەپانێ شەڕێکی ناسنامەخوازی تاکوو بە ئامانجەکانیان بکەن.

ئەم گۆڕەپانە، لێوڕێژە لە مرۆڤی بە ئیرادە لە تەنیا چەکی دەستیان چۆپی و تەنیا فیشەکیان شایی و هەڵپەڕکێیە.

گۆڕەپانی نەورۆز، وانەی پێکەوەبوون، تەبایی، یەکگرتوویی و یەکبوونە و ژنان لەم گۆڕەپانەدا، پێشەنگی خەبات و بەرخودانن کە ژن لەم گۆڕەپانەدا، هەوڵ بۆ دەستخستنی پێگەی خۆی وەک مرۆڤێکی وشیار و سەربەست دەدات.

١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئەی ویلایەتی فەقێ؟!



ئەگەرچی ڕاستییە تاڵەکان لە کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەت لە چوارچێوە و سەردەمی دەسەڵاتداریتی کۆماری ئیسلامیدا زۆرن و زۆر جایش باسیان لێ کراوە، بەڵام کۆمەڵێک ڕاستیی تاڵ هەن کە نەک تەنیا ئێستا بەڵکوو لە دوای ڕووخان و نەمانی ئەم دەسەڵاتەش هەر دەبێ باسیان بکرێ و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانیان کە وەکوو ترۆما کۆمەڵگەیان گرتووەتەوە، بکەونە بەر لێکدانەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. یەکێک لەم پرسانە کە لە چوارچێوەی وێستگەی ئەمجارەدا ئەکرێ باسی لێ بکرێ، پرسی ئابووری و سەربەخۆیی ئابووریی ژنانە! لە ڕاستیدا پرسی ژن خۆی پرسێکی زۆر ئاڵۆزە و لە هەمان کاتیشدا پرسێکە کە لایەنی جیاوازیش لەخۆ ئەگرێت و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ئەکرێ لێکدانەوەی بۆ بکرێ و کاری لەسەر بکرێ.

ئەوەی کە هەوێنی نووسینی ئەم وتارەیە، بڵاوبوونەوەی فایلێکە لە چەند قسەیەکی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئێران کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٨ی خاکەلێوەی ئەمساڵ لە چەند ماڵپەڕ و پلاتفۆرمی کۆماری ئیسلامیدا بڵاو کرایەوە. لەم فایلەدا خامنەیی سیستەمی سەرمایەداری دەکاتە کاکڵەی قسەکەی و دەڵێ: "لە نیزامی سەرمایەداریدا بە دوو شێوە کەڵکئاوەژوو لە ژنان وەردەگیرێ، یەکێکیان سەبارەت بە خودی کار، ئەمە یەکێک لە خاڵە گرینگەکانە کە مووچەی ژن هەر ئێستا لە

زۆربەی وڵاتانی ڕۆژاواییدا، بۆ کاری یەکسان لەگەڵ پیاوان، کەمتر لە پیاوانە. چونکە ژن لاوازترە و ئاسانتر ئەچێتە ژێر باری ستەم"!

خامنەیی لە بەشێکی دیکەدا ئاماژە بە سەدەی نۆزدەیەم و پرسی ئازادیی ژنان دەکات و دەڵێ: "هۆکاری ئەوەی کە لە سەدەی ١٩دا پرسی ئازادیی ژن هاتە گۆڕێ، بۆ ئەوە بوو کە ژن لە ماڵەکان بکێشنە دەرەوە و بیانبەن بۆ کارخانەکان و بە مووچەی کەمتر کەڵکیان لێ وەربگرن".

سەرنجێکی وردی بەشی دووهەمی قسەکانی خامنەیی، نیشاندەری قووڵیی قەیرانی نەزانییە، ئەویش لە ڕێبەری دەسەڵاتێکدا کە خۆی بە نوێنەری خودا لەسەر زەوی دەزانێ، خامنەیی پاش ئەم هەموو گەشەیە لە دنیادا لە بوارە جیاوازەکان، هێشتا نازانێ کە خەباتی ژن کە سەدەکانی ڕابردوودا، چۆن دەستی پێ کردوە و بە چ قۆناغگەلێکدا تێپەڕیوە تاکوو ژن لە کۆیلایەتی بێتە دەرێ و وەک مرۆڤێک خۆی لە ئاستی کۆمەڵگەدا و لە بوارە جیاوازەکان و یەک لەوان بواری ئابووریدا ببینێتەوە.

خامنەیی لە کاتێکدا باس لە کەمبوونی مووچەی ژنان لە وڵاتانی ڕۆژاوایی دەکات کە لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، ژنان نە تەنیا نیوەی پیاوان مووچە وەردەگرن بەڵکوو لە حاڵەتگەلێکی دڵتەزێندا، بۆ دابینکردنی نانی شەویان گیردۆدەی دیاردەی لەشفرۆشی دەبن و بۆ تێرکردنی زکی برسیی خۆیان و بنەماڵەکانیان مامەلە سەر کەرامەت و مرۆڤایەتیی خۆیان دەکەن. لەلایەکی ترەوە، زۆربەی خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدان و بە چوونەسەری نرخی دۆلار، ژیانیان لەوپەڕی خراپیدایە بە ڕادەیەک کە ڕێژەی خۆکوژیی هاووڵاتییان بەتایبەت لاوان و مێرمنداڵان و ژنان گەیشتووەتا ئاستی قەیران.
وەک دەڵێن باشترین بەرگری هێرشە، خامنەییش بە هێرشکردنە سەر سیستەمی سەرمایەداری، هەوڵ دەدات تاکوو بەرگرییەکی قارەمانانە لە دەسەڵاتە نگریسەکەی خۆی بکات. ئەم بەرگرییە لە کاتێکدایە کە ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا، وەکوو ڕەگەزی دووهەم دەناسرێن، دەرفەتی یەکسانی کاریان پێ نادرێت، لە زۆر بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت فەرهەنگی و پەروەردەییدا پەراوێز دەخرێن و قەت وەک بوونەوەرێکی سەربەستی خاوەن ئیرادە و کەسایەتی حیسابیان بۆ ناکرێ.

ئەمە بە مانای بەگریکردن لە سیستەمی سەرمایەداری نیە، چونکە ئەویش ئەتوانێ وەک هەر سیستەمێکی سیاسیی دیکە ڕەخنەی لەسەر بێت و خاڵی لاوازی هەبێت کە بە قازانجی کۆمەڵگەیەک نەبێ، بەڵام پرسی سەرەکی لێرە ئەوەیە کە ڕێبەرانی ڕێژیم ڕەخنە لە سیستەمێکی لەم چەشنە دەگرن بەڵام لاوازی و قەیرانەکانی نێو کۆمەڵگەکەی خۆیان نابینن!

بەشی دووهەم

لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیە دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامیدا، نیزامی ویلایەتی فەقێ، لەوپەڕی دڕندەییدا دژی ژنان وەستاوەتەوە و دەرفەتی هیچ چەشنە گەشە و سەرکەوتنێکی پێ نەداون، ژنانی خوێندەوار و تێگەیشتووی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک لە سووچی ماڵاندا بەند کراون و توانا و لێهاتوویەکانیان پەراوێز خراون، لە ئەگەری بچووکترین هەڵوێستدا لەلایەن سیستەم و دەسەڵاتەوە بە توندترین شێوە سەرکوت کراون، لە هەمووی گرینگتر لە ڕۆڵگێران لە بواری سیاسەت و ئابووری بێبەری کراون تاکوو قەت بیر لە سەربەخۆیی بڕیاردان نەکەنەوە!

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە لاوازیی سیستەمەکانی دیکە لە جیهاندا دەبینن، چۆنە کە لاوازی و قەیرانە کەڵەکەبووەکانی کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان نابینن؟ ئەگەر سیستەمی سەرمایەداری خراپە، ئەی ویلایەتی فەقێ چیە؟ ئێستا کە کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لەلایەن ژنانەوە کەوتووەتە بەر قەیرانی ڕەواییەوە و ژنان لە بەرەیەکی یەکگرتوودا دژی وەستاونەتەوە، پێی وایە بە هێنانەگۆڕێی هەندێ بابەتی لەم چەشنە دەتوانێ ژنان ڕاکێشی لایەنی خۆی بکات و بە ئامانجە گڵاوەکانی بگات. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەم خوێندەواری و تێگەیشتنی ژنان و هەم وانە و ئەزموونەکانی شۆڕشی ژینا، هەموویان نیشانیان داوە کە ژنان چیدیکە ئەو توێژە دەستەمۆیە نین کە بێدەنگی ڕابگرن و سەرکوت بکرێن.

**ژنان بە خوێندنەوەی ئەمڕۆیانە لە سیستمە جیاوازەکان لە جیهاندا، دەزانن داوای چی دەکەن و وێڕای ڕەخنەگرتن و خەسارناسیی سیستمەکانی دیکە، خوازیاری ژیانێکی مرۆڤانە، یەکسان و دادپەوەرەانە بۆ خۆیان و نەوەکانی داهاتوون.**

٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

# هێمای ئیدئۆلۆژیک




لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا و دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە لەلایەن دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهەوە بە تاڵان بران و کۆماری ئیسلامی، وەک دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک هاتە سەر کار. کۆماری ئیسلامی بە تێگەیشتن لەم ڕاستییە کە دەسەڵاتەکەی دڵخوازی خەڵک نیە و پێویستە بۆ بەردەوامبوونی خۆی هەوڵی سەپاندنی ئیدئۆلۆژییەکەی خۆی بدات، هەوڵی دا لە ڕێگەی پیرۆزکردنی هەندێ بابەت و یەک لەوان پیرۆزکردنی کەسایەتیی خودی خومەینی وەک ڕێبەری ئەوکاتی ڕێژیم، بچێتە نێواخنی کۆمەڵگەوە و لەم ڕێگەیەوە قەبووڵکردنی ئەم دەسەڵاتە نوێیە وەکوو ئەرکێکی ئایینی و نەتەوەیی بخاتە سەر شانی خەڵکانی ئێرانەوە. لەم ڕاستایەدا زۆر شت بۆ خەڵک پیرۆز کران، لە ڕۆژژمێری کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژی تایبەتیان بۆ تەرخان کرا و کران بە پشووی فەرمی و هەتا ئەمڕۆ بە سەدان میلیارد پارەشیان بۆ خەرج کراوە تاکوو کۆماری ئیسلامی لەسەر پێ بهێڵنەوە.

تێگەیشتن لەم جۆرە بۆنە و ڕووداوانە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پیرۆز کراون بابەتێکی گرینگە، چونکە ئەم بۆنانە پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامیی هەیە و ناودێرکردنی هەرکامەیان لە پلەی یەکەمدا، بۆ پەرەدان بە ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتی زاڵ و دواتریش زۆرکردنەوەی حەشیمەتی بەردەنگی خۆیەتی کە هاوکات دەبێتە هۆی

**شاردنەوەی داخوازییە ڕەواکانی کۆمەڵگە.**

**خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لە ٤٦ ساڵ دەسەڵاتدارێتی ڕێژیمدا و بەتایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا کە بەکارهێنانی سۆسیاڵ میدیا پەرەی سەندووە، ئەم پرسە زیاتر زەق بووەتەوە و پێویستە زیاتریش لەسەری ڕاوەستە بکرێت. بۆ نموونە هەموو ساڵێک ڕۆژانێک وەک ڕۆژی مامۆستا، باوک، دایک و کچ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە زەق دەکرێنەوە و بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش سواری شەپۆلەکانی سۆشیاڵ میدیا دەبن و پیرۆزبایی ئەم ڕۆژانە دەکەن. لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵە کەسێکی دیکە بە ڕەخنەگرتن و ڕوونکردنەوە باس لەوە دەکەن کە ئەم ڕۆژانە پێوەندییان بە ئێمەوە نیە و تەنیا لە خزمەتی ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامیدان.**

**لە ڕۆژانی ڕابردوودا جارێکی دیکە ڕۆژی کچ لە ئێران بوو بە بابەتی سۆشیاڵ میدیا و خەڵک بە دانانی وێنەی کچەکانیان پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەیان لێ کردن، لە ڕاستیدا نووسینی ئەم وتارە لە ڕاستای ورووژاندنی ئەم بابەتەدایە کە ئەمە تا چەند هەڵەیە و بۆچی نابێ ئەم ڕۆژانە لای ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد بەتایبەتی بەرز بنرخێندرێت؟ بۆ ئەم مەبەستە بەراوردکارییەک لە نێوان ڕۆژی جیهانیی کچ و ڕۆژی کچ لە ئێراندا دەکەین؛**

**لە ڕۆژژمێری جیهانیدا، ڕۆژی ١١ی ئۆکتۆبر وەکوو ڕۆژی جیهانیی کچان دیاری کراوە، ئەم ڕۆژە لە ساڵی ٢٠١٢دا و لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناودێر کراوە و هۆکاری ناودێرکردنەکەشی، بۆ پشتیوانی لە دەرفەتی زیاتر بۆ گەشەی کچان و بردنەسەرەوەی ئاگایی کچان لە پێوەندی لەگەڵ نایەکسانی ڕەگەزییە کە کچان لە ئاستی جیهانیدا لەگەڵی بەرەوڕوون.**

**کەوایە ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە وەکوو ڕۆژێکی جیهانی، نەک بۆ خزمەت بە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت بەڵکوو بە مەبەستی دروستکردنی فەرهەنگێکی گشتی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەڵاواردن دژی کچان لە هەموو بوارەکانی ژیان و هەروەها ڕەخساندنی دەرفەت بۆ گەشەی ئەم بەشە لە کۆمەڵگەیە.**

**لە ڕۆژمێری کۆماری ئیسلامیدا، ڕۆژی کچ بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی مەعسوومە ناودێر کراوە. هۆکاری ناودێرکرانەکەشی ئەوەیە کە حەزرەتی مەعسوومە قەتی شوو نەکردوە و ڕێژیم بەم ناودێرکردنە هەوڵ دەدات ئەو وەکوو هێمایەکی دیار بۆ کچان دیاری بکات. دیاریکردنی ئەم ڕۆژەش لای کۆماری ئیسلامی، دوو ئامانجی لە پشتە: لەو ڕووەوە کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵ بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەی بۆ وڵاتانی جیهان دەدات، بە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە و**

تەبلیغاتی بەرینی تلویزیۆنی خەریکی جێگیرکردنیەتی تاکوو بتوانێ جێگای بۆنە جیهانییەکان بگرێتەوە. لەلایەکی تریشەوە بە پیرۆزکردنی کەسایەتییە ئایینییەکان هەوڵ دەدات، بەتایبەت لە کوردستان ڕۆڵ و پێگەی کەسایەتییە نەتەوەییەکان بشارێتەوە و دەرفەتی بیرکردنەوە بەتایبەت لە توێژی ژنان و کچان بستێنێتەوە.

سەرنجدانێکی ئەم دوو بۆنەیە و ناودێرکردنی ئەم دوو ڕۆژە، کۆمەڵێک ڕاستیمان بۆ دەردەخات. یەکەم ئەوەی کە پێوەرەکانی ڕێزگرتن لە کچان لای وڵاتانی دیکە و لای کۆماری ئیسلامی چەندە جیاوازییان هەیە، لە وڵاتانی دیکەدا کچان ڕۆژێکیان بۆ دیاری کراوە تاکوو زیاتر گرینگی بە پێگە و کەسایەتی، گەشە و داهاتووی ژیانیان بدرێت و هەوڵەکان بخرێنە گەڕ تاکوو ژیانێکی ئاسوودە بژین. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە نەک بە قازانجی کچان بەڵکوو، بۆ سەپاندنی ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمە تاکوو بە هێماسازیی زیاتر هەوڵ بۆ چەوساندنەوەی ژنان بدات. سەیر ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا پرسی باکرەبوونی حەزرەتی مەعسوومە بەرز دەنرخێنێ، کە بەپێی یاساکانی خۆی کچی باکرە پێش لە سێدارەدان دەبێ کچێنییەکەی لێ بستێندرێ و لەوسۆنگەیەوە چەندەها بەندیی سیاسیی ژن بەر لە ئیعدامکرانیان لە زیندانەکانی ڕێژیمدا دەستدرێژییان کرایە سەر. ڕێژیم هەروەها لە شۆڕشی ژینادا بە سەدان کچی دەسبەسەر کرد و ئازار و ئەشکەنجەی دان، سزای سێدارەی بەسەردا سەپاندن، شەهیدی کردن و پەڕیوەی هەندەرانی کردن، تاکوو ئیدئۆلۆژییەکەی خۆی بسەپێنێ.

بەم پێیە ڕێزگرتن لەم ڕۆژە و پیرۆزبایی لەو کچانەی کە خۆیان قوربانیی دەستی ئەو ئیدئۆلۆژییەن قەت ناتوانێ لەگەڵ ڕاستییەکان یەک بگرێت و تەنیا بۆنەیەکە بۆ بەلاڕێدابردنی هەموو ئەو هەڵاواردن و ستەمانەی ڕۆژانە لەلایەن خودی ئەو دەسەڵاتەوە بەرەورووی کچان دەبێتەوە و دەرفەتی گەشە و سەرکەوتن و ژیانیان لێ دەستێنێ.

**١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## گەڵاڵەی لاشەقام!



پێداگریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت لە ئێران، وای کردوە کە زیاتر لە جاران لایەنە قەیراناوییەکانی ئەم بابەتە دەرکەون و زیاتر لە ڕابردوو ناکارامەیی دەسەڵاتەکە بۆ خەڵک ڕوون ببێتەوە.

لەو کاتەوە کە بە فتوای خامنەیی سیاسەتی بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت و گەڵاڵەی جەوانیی حەشیمەت هاتووەتە ئاراوە، تاکوو ئێستا بەرپرسانی ڕێژیم بە دەیان شێوازی جیاواز و جۆراوجۆر هەوڵیان داوە، خەڵک بێننە سەر ئەو قەناعەتە کە وەچەخستنەوە وەکوو ئەرکێکی نیشتمانی ببینن و بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت، کۆمەڵگەی ئێران لە قەیرانی پیربوون ڕزگار بکەن.

لە ماوەی ئەم ساڵانەدا هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا شکستیان هێناوە، بە شێوەیەک کە پێشبینی دەکرێت تاکوو ساڵی ١٤٣٠، یەک لەسەر سێی حەشیمەتی ئێران تەمەنیان ٦٠ ساڵ و سەرەووتر بێت. لەم پێناوەدا بە میلیاردها تمەن پارە خەرج کراوە و بە دەیان گەڵاڵەی جیاواز خولقاون کە بە تەماع وەبەرنان و وادە و بەڵێنی بێبنەما خەریکی هاندانی خەڵک بۆ وەچەخستنەوەن. هەر لەم ڕۆژانەدا بوو کە هەواڵدەریی "ایرنا"ی ڕێژیم لە زاری بەڕێوەبەری گشتیی ڕێگا

و شارسازیی پارێزگای ورمێوە ڕایگەیاند کە لە چوارچێوەی یاسای پشتیوانیکردن لە بنەماڵە و جەوانیی حەشیمەتدا، دوو هەزار و ۱۳۳ زەوی ئەدرێتە ئەو بنەماڵانەی کە چوار منداڵ و زیاتریان هەیە! هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵانەی ڕێژیم، لایەنی جیاوازی دیکەی بابەتەکەش زیاتر دەردەکەون و تێڕامان لەم بابەتانە گرینگە.

ڕێژیم بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم سیاسەتە لە ڕێگەی میدیا و سۆشیاڵ میدیا و بە تەماع وەبەرنان و وادە و بەڵێنی درۆیین خەریکی هاندانی خەڵکە، هاوکات بە کەلکوەرگرتن لە هەستی نەتەوەیی خەڵک و هاندانی خەڵک بۆ پاراستنی تەواویەتی ئەرزی و داهاتووی ئێران و بەیاسایی‌کردنی گەلاڵە جۆراوجۆرەکانی بەرزکردنەوەی حەشیمەت هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکەی خۆی دەدات. ڕێژیم لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا، دەسڕاگەیشتن بە کەرەستەی پێویست بۆ پێشگرتن لە منداڵبوونی قەدەغە کردووە و بۆ ئەو کادرە دەرمانییەش کە هەوڵ بۆ لەبارابردنی کۆرپەلە بدەن، سزای دیاری کردووە. ئەم گوشارهێنانە بۆ خەڵک بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی سیاسەتی حەشیمەتی، لێکەوتەی زۆر خراپی بەدوای خۆیدا هێناوە.

لەلایەکەوە نەبوونی کەرەستەی پێویست بۆ پێشگرتن لە وەچەخستنەوە، بنەماڵەکان و ژنانی بەتایبەتی خستووەتە ژێر گوشاری دەروونییەوە چونکە بەپێی سروشتی ژن، ئامادەبوون بۆ دووگیانبوون و تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە ئەتوانێ پڕ لە ئاستەنگ بێت و ئەمەش دایکەکە بێهێز و لاواز دەکات، کەوایە هەوڵەکەی ڕێژیم جیا لە پێشێلکردنی مافی ئازادیی بڕیاردان لە بنەماڵە، کارتێکەریی لەسەر باری دەروونیشیان دەبێت.

هەوڵ و تەقەلای ڕێژیم بۆ سەپاندنی ئەم گەلاڵەیە لە کاتێکدایە کە تەنانەت خودی خۆی توانای دابینکردنی واکسەنی تایبەت بۆ منداڵانی نییە و ژمارەیەک لە خەڵک بۆ وەرگرتنی واکسەنی تایبەت ناچار کراون لە نۆرەی چەند مانگەدا بمێننەوە یان سەردانی وڵاتانی دراوسێ بکەن. بەڵام ئەمە هەموو بابەتەکە نییە، لەلایەکی ترەوە خراپیی دۆخی ئابووری و دارمانی باری ئابووریی بنەماڵەکان و نەبوونی توانایی پێویست بۆ پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵ، دەتوانێ یەکێکی دیکە لەو کێشانە بێت کە بەرۆکی بنەماڵەکان بگرێ.

ئەوەی کە لەم وتارەدا باسی دەکرێت ڕێک ئەم بابەتەیە! چاوخشاندنێک بەسەر دۆخی ئێستای ئێران و کۆماری ئیسلامیدا نیشانمان دەدات کە ئەم دەسەڵاتە چۆن تووشی قەیرانی ئابووری و سیاسی بووە و توانایی چارەسەرکردنی هیچ قەیرانێکی لەو کۆمەڵگەیەدا نەماوە. ئەم کێشە ئابوورییە وای کردوە کە خەڵکانی ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر هەژار ببنەوە و هێڵی هەژاری دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم هەژارییە هەموو جمگەکانی ژیان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و جار وایە مرۆڤەکان ناچار دەبن بڕیارگەلێک بدەن کە ڕەنگە هیچ بەدڵیشیان نەبێ.

گوشارەکانی ڕێژیم بۆ بەرزکردنەوەی زۆرەملێی حەشیمەت و پێشێلکردنی مافی تاکەکان بۆ وەچەخستنەوەی زۆرەملێ، لە ئێستای ئێراندا بووەتە قەیران. قەیرانێکی قووڵ کە چارەسەرکردنی کات و ئیمکاناتی زۆری دەوێ. هاوکات لەگەڵ ئەو گوشارهێنانە، ژمارەیەکی زۆر منداڵ بە بێ خواست و ویستی دایک و باوەکانیان لە دایک دەبن، زۆربەی بنەماڵەکان توانایی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی منداڵەکانیان نیە و بەم هۆیەوە ناچار دەبن منداڵەکانیان یان بفرۆشن کە ڕەنگە ئەم کڕین و فرۆشتنەش لە ڕێگەی باندەکانی قاچاخی ئینسانەوە بکرێ و لەت و پەت بکرێن یان وەکوو منداڵی کار بکەونە ژێر باری گرانی ژیانەوە و وەکوو بووکەڵەیەک بۆ جێبەجێکردنی ماددەی هۆشبەر کەڵکیان لێ وەرگیرێ یان ئەوەی کە بە بێ ویستی خۆیان ناچار دەبن لە شەقام و کۆڵاندا بەجێیان بهێڵن تاکوو کەسێک بیاندۆزێتەوە و لە ڕووی بەزەییەوە ئەرکی بەخێوکردنیان لە ئەستۆ بگرێت! داهاتووی ئەم منداڵانە و گێژاوی ناڕوونیی ژیانیان، هیچ ئاسۆیەکی تێدا بەدی ناکرێت و ئەو نەوەیە دەبنە قوربانیی سیاسەتێک کە تەنیا ئامانجەکەی پاراستنی کۆماری ئیسلامییە!

ئەم قەیرانە، قەیرانێکی قووڵە! گەڵاڵەی جەوانیی حەشیمەت بووەتە گەڵاڵەی لاشەقام و منداڵان لە جیاتی ببنە کۆڵەکە بۆ بونیاتنان و دروستکردنی داهاتوو، لە ناڕوونیی چارەنووسیاندا خول دەخۆنەوە تاکوو دەستێک ڕزگاریان بکات، ڕزگارکردنێک کە جار وایە تامی مەرگ دەدات!

٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# ڕوانینی تایبەت!




سیاسەت و ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە تاکەکانی ئەو جوغرافیایە کە ئێرانی پێ دەگوترێ، زۆر بە ئاسانی لە هەڵسوکەوت و وتەی کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە و بەتایبەت لە قسەی بەرپرسانی یەکەمی ئەم دەسەڵاتەدا دەردەکەوێ. زۆر جار بە گوێگرتن لە لێدوانێک یان تەنانەت خوێندنەوەی دێڕێک لە کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە، دەریایەک لە نەزانی دەرکەوتوە و هەر لە چوارچێوەی ئەو لێدوان و دێڕەشدا سیاسەتی فەرمیی ئەو دەسەڵاتە لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک پرس و بابەتی گرینگی گرێدراو بە کۆمەڵگەی ئێران ڕوون بووەتەوە. ئەم ڕوونبوونەوەیەش زۆر جار هیچ پێویستی بە شیکاری و وردبوونەوەش نیە و ڕواڵەتی قسە و نووسینەکان، قووڵایی کارەساتەکە بە باشی نیشان دەدەن.

پرسی ژن یەکێک لەو پرسانە بووە کە هەمیشە لای دەسەڵاتدارانی ڕێژیم نەک پەراوێز خراوە بەڵکوو زۆر بە ئاسانی سڕدراوەتەوە و هیچ بایەخێکی پێ نەدراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەموو لێدوانەکانی پێوەندیدار بە ژنانیشدا، ئیدعای ئەوە کراوە کە کۆماری ئیسلامی بەرگریکاری مافی ژنانە و هەموو ئەو چوارچێوە و سنوورانەی کە بۆ ژنان دانراوە، ڕێک بۆ پاراستنی خودی ژنانە! بۆ نموونە باس لە پرسی حیجاب دەکرێ کە ئەمە بۆ پاراستنی ژن و دابینکردنی ئەمنییەتی



سەرچاوە
Serchawe

ژن پێویستە، لە کاتێکدا کە خودی ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر دابینکردنی ئەمنییەت بە ڕەچاوکردنی حیجابی ئیسلامی، نیشاندەری نەبوونی ئەمنییەت لە کۆمەڵگەیەکە کە خودی کۆماری ئیسلامی بونیاتی ناوە و دانانی بەو ڕاستییەیە کە کۆمەڵگەی ئێران لە ڕوانگەی خودی کاربەدەستەکانیشیەوە ئەمنییەتی تێدا نیە! بەڵام پرسێک کە لەم وتارەدا باسی لێوە دەکرێ، ڕوانینی بەرپرسانی ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە ژنانە؛ لە ڕۆژانی ڕابردوودا، محەممەدڕەزا عارف جێگری یەکەمی مەسعوود پزشکییان، سەرۆکۆماری ڕێژیمی ئێران، لە کۆبوونەوەیەکدا کە بە قسەی خۆیان لە بیاڤی ئەندێشەی خومەینیدا بەڕێوە چوە، باسی لە ڕوانین خومەینی وەک دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا کردووە و گوتوویەتی: "ئیمام ڕوانینێکی تایبەتی بە ژن هەبوو. ئەو ژنی بە هێزی چالاک و کاریگەری دەروازەی بنەماڵە و کۆمەڵگە دەزانی". چاوخشاندنێک بەسەر ڕووداوەکانی پاش هاتنەسەرکاری خومەینی وەک یەکەم ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ئەم وتەیەی خومەینی زیاتر ڕوون دەکاتەوە.

خومەینی هەر لە دوای هاتنە سەرکارییەوە، پێش هەموو کەسێک سیرەی لە ژنان گرت و پرسی حیجابی زۆرەملێی هێنایە گۆڕێ و بڕیاری دەرکردنی ئەو ژنانەی لە ئیدارەکان دا کە ڕەچاوی ئەم حیجابە زۆرەملێیە دڵخوازەی ئەو نەکەن. خومەینی لە قسە و لێدوانی جیاوازدا، ژنانی خستوونەتە بەر شەپۆلی ڕقی خۆیەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی سنووردارکردنی ژیان و چالاکییەکانی داون، بۆ نموونە لە یەکەمین وتار و قسەکانی خۆیدا پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا دەڵێ: ژن دەبێ لە ماڵەوە بێت و منداڵ بەخێو بکات، ئەمە شتێکە کە ئیسلام وگتوویەتی. ئازادیی ژن بەو مانایە کە ڕۆژاواییەکان باسی دەکەن، گەندەڵییە و لە زۆر پرسی جیاوازدا وەک مافی بەشداریی سیاسی و دەنگدان یان خوێندن لە زانکۆ و دادوەری بۆ ژنان، ئەمانەی بە مەرجێک بۆ ژنان بە ڕەوا زانیون کە هاوکات بن لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێوەرە ئیسلامییەکان. خومەینی وەک کەسی یەکەمی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی ئاخوندی لە ئێران، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دژایەتیی خۆی لەگەڵ ژنان بە ئاشکرا دەربڕی و ڕێچکەیەکی دیاری کرد کە هەتا ئەمڕۆ لە دژی ژنان لەگەڕدایە و ژنان سەرەکیترین قوربانیی ئەم سیستمەن. لەلایەکەوە بە دانانی پێوەری ئایینی و لەلایەکی ترەوە بە زاڵکردنی سیستەمی پیاوسالاری و لەلایەکی تریشەوە بە پەروەردەیەکی دژەژن، هێرشەکانی بۆ سەر ژنان بە سیستماتیک کرد و ئەم شێوە ڕوانینەی لە کۆمەڵگەدا کردە باو. هەرچەند کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانیشەوە ژنان بەرەنگاەی ئەم بیرکردنەوە بوونەوە بەڵام بە هۆی هەبوونی ئیمکانات و دەرفەتی زیاتر بۆ ڕێژیم، ئەم بەربەرەکانێیە تاکوو ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

لێرەدا پرسیار ئەمەیە کە ئەم ڕوانینە تایبەتە کە بە قسەی عارف، خومەینی بەرانبەر بە ژنان هەیبووە ئایا جگە لە دواخستن و پەراوێزخستنی زیاتری ژنان، ئاکامێکی هەبووە؟ ئایا وەک عارف دەڵێ لەم جۆرە ڕوانینەدا، گرینگییەک بە



سەرچاوە Serchawe

هێزی ژن دراوە یان تەنیا وەک لە ڕستەکەشدا دیارە، ئەم بەهێزبوونە تەنیا لە چوارچێوەی ماڵ و ئەرکی ماڵداری و دایکایەتیدا پێناسەی بۆ کراوە؟ ئەگەر ئەم ڕوانینە سەقەتە لای کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی ڕوانینێکی تایبەتە، ئەی چۆن ئەبێ لە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن، پەراوێزخستن و بە سەدان مافی ژنان وەک مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا بڕوانین؟ ئەگەر ئەمە ڕوانینە تایبەتەکەیە کە خۆیان پێیان وایە لە ڕاستای گەشە و سەرکەوتنی ژناندایە، ئەی ڕوانینە ئاساییەکە چۆن پێناسەی بۆ دەکرێ؟

ڕاستییەکە ئەوەیە کە ژن لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا، بوونەوەرێکی پلە چەند و هاوکات لاواز و بێدەسەڵاتە کە تەنیا لە کاتی پێناسەی پیاواندا و وەک ڕەگەزی بەرانبەری ئەوان، پێناسەی بۆ دەکرێ و قەت وەک مرۆڤێکی سەربەستی خاوەن ماف و ئازادی چاوی لێ نەکراوە. ئەم ڕوانینە تایبەتەی ڕێژیم، لە جۆری خۆیدا مەترسیدارەترین ڕوانین بەرانبەر بە ژنان بووە چونکە ئاکامەکەی بێبەریکردنی کۆمەڵگە لە وزەی ژنان و هاوکات بێبەریکردنی ژنان لە هەموو پێشکەوتن و سەرکەوتنێک بووە.

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

# ژنێک لە ناوەندی پڕوپاگەندەدا




**هەشت ڕۆژ بەسەر شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیلدا تێدەپەڕێت.**

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هێرشە بەربڵاوەکان و لایەن جیاوازەکانی ئەم شەڕە باسیان لێ کراوە و ئەگەر شەڕەکە بەردەوام بێت، کۆمەڵێک لایەنی دیکە لەم شەڕە دەکەونە بەر لێکدانەوە و شرۆڤەی بابەتیانەوە.

ڕوودانی شەڕ و دروستبوونی ئاڵۆزی ئەویش لە نێوان دو وڵاتدا کە پێشینەی دوژمنایەتییان دوور درێژە و ساڵانێکی زۆرە هەوڵ بۆ شکاندنی یەکتر دەدەن، ئەتوانێ بەستێنی زۆر ڕووداوی دیکەش بخولقێنێ. لە مەیدانی شەڕدا هەڵسوکەوت و کاردانەوەکان گرینگن و ئەتوانن کاریگەرییەکی زۆریشیان لەسەر خودی شەڕەکە هەبێت.

لە هەشت ڕۆژی ڕابردوودا، جۆری هێرشەکان، وڵامدانەوەکان بە یەکتر، هەڕەشەکان لە یەکتر و تەنانەت لە وڵاتانی دیکە بۆ هاتنە نێو شەڕەکە، کوژرانی مۆرە گرینگەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، پرسی پچڕاندنی بەئەنقەستی ئینتێرنێت، بەردەوامیی ئەمریکا لەسەر ویستی خۆی بۆ وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بە دەیان بابەتی دیکە

وروژێندراون و باسیان لێ کراوە.

لە جەرگەی ئەم شەڕەدا و هاوکات لەگەڵ کرانە ئامانجی بنکە سەربازی و ناوەندە ناوکییەکانی ڕێژیم، هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی، یەکێک لەو بابەتانە بوو کە بەشێوەیەکی تایبەت باسی لێ کرا. هەرچەند کە ئیسرائیل پێشتر هۆشداریی چۆڵکردنی ئەو ناوچەیەی دابوو کە دەنگوڕەنگی ڕێژیمی لێیە بەڵام کارمەندانی ئەم دەزگا زەبەلاحەی ڕێژیم کە موریدی ئاڵقەلەگوێی بەیتی ڕێبەرین، پێیان وابوو بە مانەوە لەو شوێنە ئەتوانن مێژوو تۆمار بکەن. بۆیە دوابەدوای هۆشدارییدانەکە و هێرشی یەکەم، بێژەری دەنگوڕەنگی ڕێژیم لە پەخشی ڕاستەوخۆ و بەوپەڕی ڕووهەڵماڵراوییەوە خەریکی چەواشەکاری بۆ مەزڵووم نیشاندانی کۆماری ئیسلامی بوو کە جارێکی دیکە ئیسراییل هێرشی کردە سەر ئەم ناوەندە و خانمی بێژەر ناچار بوو شوێنەکەی بەجێ بهێڵێ.

خودی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم دەسبەجێ وێنەی ئەم ژنەیان کردە پووستێر و بە کچی مەکتەبی سەید حەسەن ناویان لێ برد، دواتر بێژەرێکی ژنی دیکە بۆ پشتیوانی لە هاوکارەکەی و ئەویش لە چەواشەکارییەکی ئاشکرادا ئەم هێرشەی بە مانای هێرشکردنە سەر ئازادیی ڕادەربڕین ناو برد و گوتی مەگەر من لێرە کەسێکی نیزامیم؟

ڕێژیم بە پێی سیاسەتی چەواشەکارانەی خۆی لەم دۆخەشدا کە لە ڕووی توانای نیزامیشەوە لە کزیی داوە و ڕێبەرەکەشی لە قوژبنێک خۆی حەشار داوە تاکوو دەستی ئیسرائیلی نەگاتێ، ڕێک لە بەرەی شەڕدا ژنانی کردوونەتە ئامرازێک بۆ ئەوەی کە بیری گشتی بەلاڕێدا ببا و بە کەڵکوەرگرتن لە بوونی ژنان خۆی بە لایەنی بەرهەق و ستەملێکراوی شەڕەکە بناسێنێ، لەلایەکی تریشەوە وای نیشان بدات کە ئیسرائیل هێرشی کردووەتە سەر خەڵکی سیڤیل و بەزەیی دنیای دەرەوە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

سەرەتا دەبێ بزانین ئەو ژنانەی کە لە ناوەندی دەنگوڕەنگی ڕێژیمدا کار دەکەن، لەو کەسانەن کە بە شێوەیەکی تایبەت و لە لایەن ژوورە فکرییەکانی ڕێژیمەوە بە ئیدئۆلۆژیی چەقبەستووی ڕێژیم تەیار کراون و بە پێی زانیاریگەلێک لە سەرچاوەی ئاگاداریشەوە نەک تەنیا ئەوانەی کە لە دەنگوڕەنگی ڕێژیم لە تارانن بەڵکوو لە شارەکانی دیکەش، ژمارەیەکیان چەکدارن و گوێڕایەڵێکی ڕاستەقینەی عەلی خامنەیی و ڕێژیمن، کەوایە زۆر ئاساییە کە ژنێکی ملکەچی ئەم ڕێژیمە بەو شێوازە و لەو کاتە هەستیارەدا، بەو شێوازە بدوێ، ئەمە ناکرێ مەگەر ئەوەی کە ئەوەندە باوەڕی قووڵی بە ئیدئۆلۆژیی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی هەبێت کە ئامادە بێت گیانیشی بۆ بدات!

بەشی دووهەم

کەوابـوو ئەم کەسـانە نەک خەڵکـی سـیڤیل نـین بەڵکـوو مـۆرەگەلێکی مەترسیداریشـن کە لە هەمـوو سـاڵانی ڕابـردوودا لە دەنگوڕەنگی چەواشـەکارانەی ڕێـژیمەوە هەوڵـی بەلارێـدابردنی ڕاستییەکانیان داوە و قەت لە بەرەی خەڵـک و بەرەی هەقـدا نەبوون، کە نموونەکەی بە دەیان ڤیدیۆی تۆمارکراوە کە چۆن بە بێ ئاوڕدانەوەیەک لە ویژدانی مرۆیـی باسـی کـوژرانی ژینـا ئەمینی و ئارمیتا گەراوەند و باقی شەهیدەکانی سەردەمی شۆڕشی ژینایان دەکرد.

ئەم ژنانە نەک نوێنەری ژنانی ئێران نێن، بەڵکوو مەترسیدارترین ژنگەلی پەروەردەکراوی دەستی کۆماری ئیسلامین کە هەر لە ڕێگەی ئەمانەوە، سیاسەتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی پەرەی پێ دراوە و بە کۆمەڵگەدا بڵاو بووەتەوە.

بـابەتێکی دیکە ئەوەیە کە بێژەرەکەی ڕێـژیم ئەم هێرشـەی ئیسـرائیل بە هێـرش بـۆ سـەر ئـازادیی ڕادەربـڕین نـاو دەبـات و مەحکوومی دەکـات. بە شـایەتیی مێـژوو، دەنگـوڕەنگی کۆمـاری ئیسـلامی لە هەمـوو سـاڵانی ڕابـردوودا، تەنیـا سـەکۆیەک بـۆ چەواشـەکاری و پڕوپـاگەنـدە بـووە و قەت نەیتوانیـوە خزمەتێکـی بە کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی بکـات. هەر ئەو دەنگـوڕەنگەی ڕێـژیم کە ئێسـتا باسـی ئـازادیی ڕادەبڕینـی تێـدا دەکرێ، ئەو ناوەنـدە زەبەلاحەیە کە تێیێـدا و لەژێـر گوشـار و هەڕەشـەدا سەدان دانپێـدانانی زۆرەملێ تۆمـار کـراون و گیـانی مرۆڤەکانیـان سـتاندوە کە ژمـارەیەکی بەرچاویشـیان هەر ژن بـوون و لە ڕەگەزی خودی ئەو بێژەرانە بوون کە ئێستا بەرگریکاری ئازادیی ڕادەبڕینن!

بێژەرە ئاڵقەلەگوێیەکەی دەنگوڕەنگی ڕێژیم، بەتایبەت لەم قۆناغەدا و بەپێـی هیچ پڕوپاگەندەیەک ناتوانێ نوێنەری خواست و ویستی ژنان بێت و قەت لەو پێناسەیە تێناپەڕێت کە ئەو تەنیا ژنێـک لە ناوەندی پڕوپاگەندەی ڕێـژیمە و شێرەژنانی ئەم جوغرافیایە ئەوانەن کە لە بەرەی بەرانبەری ئەودا و دژی ستەم و هەڵاواردن ڕاوەستاون.

٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# جانتای هیوا



١٢ ڕۆژە کە شەڕە ١٢ ڕۆژەکەی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی ڕاگیراوە، بەڵام هاوکات سەرکوتکارییەکان و پێشێلکردنی بەرچاوی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردوە.

جیا لەوەی کە لە ماوەی ١٢ ڕۆژەکەدا، سێ کەس لە لایەن ئەم ڕێژیمەوە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسرائیلیان درایە پاڵ و لە سێدارە دران، ڕێک ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستەکە، کۆماری ئیسلامی ڕووی لە کوردستان کردەوە و سێ بەندکراوی کوردی هەر دیسان بەو تۆمەتە لە سێدارە دان و ئەمە بوو بە دەسپێکی دۆخێکی مەترسیدار کە هەر لە کاتی شەڕەکەشدا زۆر کەس لەمبارەوە هۆشدارییان دابوو و بەپێی ئاگاداربوون لە چییەتیی کۆماری ئیسلامی دەیانزانی کە وەک هەمیشە بۆ تۆڵەی شکستەکەی خۆی سەرکوتی خەڵکی بێتاوان دەست پێ دەکات.

هاوکات لەگەڵ ئەمەش ئەگەرچی پێشتریش دۆخی مافی مرۆڤ بەتایبەت لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕەچاو نەدەکرا و پێشێلکارییەکی ڕەها دەبینرا، بەڵام ئەم پێشێلکارییەش سەرباری هەموو تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق خەڵکی سەرکوتکراو، چووەتە فازێکی نوێوە.

ئەگەر پێشتر ڕێژیم کۆمەڵێک لە بەندکراوانی زیاتر ئازار دەدان و لە هەموو مافێک بێبەریی دەکردن، ئەوە ئێستا بیانوویەکی باشتریشی دەست کەوتووە و زیاتر لە پێش لە مافە سەرەتاییەکانیان بێبەرییان دەکات. نموونەی ئەم حاڵەتە، بێبەریکرانی ژینا مودەڕس گورجی، ڕۆژنامەوانی خەڵکی سنەیە کە هاوکات لەگەڵ شەپۆلی نوێی سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم، هەر ئێستا لە بەندیخانەی سنە لە دۆخێکی خراپدایە و لە مافەکانی خۆی بێبەری کراوە.

٨ مانگ پێش ئێستا ژینا مودەڕس گورجی، ڕۆژنامەوان و چالاکی بواری ژنانی دەسبەسەرکراو لە شۆڕشی ژینا بە مەبەستی جێبەجێکرانی سزای بەندکرانەکەی ڕەوانەی بەندیخانەی سنە کرا. ناوبراو بە بڵاوکردنەوەی پۆستێک لە ئینستاگرامەکەی خۆیدا نووسیبووی: "ئەمڕۆ ئەچمە بەندیخانەیەک کە پەراوێزخستن و هەڵاوارادن لەوێ سێ قاتە. بەندیخانەی ژنانی سنە. پەراوێزخستن و هەڵاواردنی ڕەگەزی، چینایەتی و نەتەوایەتی. بەم حاڵەوە کاتێک کە کەلوپەلەکانم بۆ بەندیخانە ئامادە دەکرد پێش هەموو شتێک هیوام خستە جانتاکەمەوە. من بە هیواوە ئەچمە ئەوێ".

ئێستا کە زیاتر لە ٨ مانگ بەسەر چوونی ژینا بۆ بەندیخانە تێدەپەڕێت، هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە سەرەڕای داواکاریی بەردەوامی ژینا بۆ کەڵکوەرگرتن لە مافی مەرەخەسی، تەنیا یەک جار و ئەویش بۆ ماوەی دوو حەفتە لە مانگی بانەمەڕدا نێردراوەتە مەرەخەسی و داوکاریی ئازادکرانی بە پێبەندی ئێلێکترۆنیکیش ڕەت کراوەتەوە. زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە ئیتلاعاتی سنە پێشی بە قەبووڵکردنی ئەم داواکارییە گرتووە و بە سەرنجدان بەوەی کە ژینا نیوەی ماوەی سزاکەی تێپەڕاندووە، مافی بێئەملا و ئەولای خۆیەتی کە لەم مافانە کەڵک وەربگرێت.

تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان سەبارەت بە دۆخی ژینا مودەڕس گورجی ڕاپۆرتێکی بڵاو کردووەتەوە و تێیدا ئاماژەی بەوە کردوە کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ئیتلاعاتی سنە دەستی بە ئامادەکردنی دێکۆمێنتارێکی ئەمنییەتی کردووە کە ئامانجەکەی زەربەلێدان لە بەندکراوانی سیاسیی و چالاکانی کوردە کە ژینا مودەڕس گورجی یەکێک لەوانە.

بە پێی زانیارییەکانی تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان، بەندیخانەی ژنانی سنە هیچ بەندێکی تایبەت بە بەندکراوانی سیاسی و ئیمکاناتی تێدا نییە. ژنان لەم بەندیخانەیەدا لە پێوەندی لەگەڵ پێوەندیی تلفۆنی و کاتی پشوو سنووردارن و نزیکەی ٥٠ ژن لەم بەندیخانەیەدا ڕاگیراون. هەروەها ژنانی بەندکراوی سیاسی زیاتر لەژێر کۆنترۆڵدان و وتووێژە تلفۆنییەکانیشیان لەلایەن بەرپرسانی بەندیخانەوە دەبیسترێت.

ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ڕێک لەم کاتەدا و دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستەکەی، دەستی بە ڕەشبگیر کردوە و هاوکاتیش

گوشارەکانی بۆ سەر بەندکراوان و بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا دەسبەسەر کرابوون و حوکم دراون زیاتر کردووە، نیشانەدری یەک ڕاستییە، ئەویش ترسی ڕێژیم لە ئاڵوگۆڕێکی خێرا و یەکجارییە کە ببێتە هەوێنی سەرهەڵدانێکی نوێ و تەوژمی سەرهەڵدانەکە، کۆشکی دەسەڵاتەکەی بڕووخێنێ، بەتایبەت کە ئەوە سەرهەڵدانە لە بەندیخانەشەوە دەست پێ بکات.

سەرکوتی ئازادیخوازان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە بەندیخانەکاندان، بە مەبەستی بێدەنگکردنی دەنگی مافخوازیی ئەم کەسانەیە و ڕێژیم بە سەختکردنەوەی دۆخەکە لە بەندیخانەکان و پێنەدانی ئیمکانات و سنووردارکردنەوەی ئەم کەسانە هەوڵ دەدات بە شتە بچاوکەکانەوە سەرقاڵیان بکات تاکوو واز لە ویستە گەورەکانیان بێنن. بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە بەتایبەت بۆ تاکی کورد، بەندیخانە قەت مانای بەندیخانەی نەبووە و هەمیشە وەک سەنگەرێک بۆ بەرخودان چاوی لێ کراوە، بەتایبەت لە دۆخی ئێستادا ئەگەر بەندکراوەکە ژنیش بێت و قۆناغە جیاوازەکانی نارەزایەتییەکان و بەتایبەت نارەزایەتییەکانی شۆڕشی ژینا و جۆری سەرکوتکارییەکانیشی دیتبێ، بێگومان ئەو بەندیخانەیە قایمترین سەنگەر بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتە.

ئەگەرچی دۆخی ئێستای ژینا باش نیە و بەرەوڕووی سەرکوتی چەند قاتی سیستماتیک بووەتەوە بەڵام وەک خۆی وتی کاتێک کە کەلوپەلەکانی بۆ بەندیخانە ئامادە کردووە پێش هەموو شتێک هیوای خستووەتە جانتاکەیەوە و ئەمە بەهێزترین پەیامی ژینایە کە بە گوێمان دەگات و دڵنیامان دەگاتەوە کە ژینا وەک نموونەی ژنی کورد، زیندانبەزێنێکی بەتەواو مانایە

**١٨ی پووشپەڕی ٢٧٢٥**

# گەرەنتیی سەرکەوتن




پێکهاتەی مرۆیی کۆمەڵگەکان و دابەشکردنی ئەرک و ڕۆڵەکان چ لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی چ لە ڕووی دیکەوە وای کردووە کە هەمیشە لە کاتی باسکردن لە بابەتە پێوەندیدارەکانی کۆمەڵگەدا، ڕۆڵ و پێگەی تاکەکان بەرز بنرخێندرێت و گرینگیی تایبەتی پێ بدرێت. هەر کۆمەڵگەیەک کە زیاتر پێوەرەکانی ئازادژیانی تێدا بەدی بکرێت ئەم دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسایەتییانە، دادپەروەرانەترە و زیاتر لەگەڵ پێوەرە پێشکەوتووەکانی جیهان یەک دەگرێتەوە، بە پێچەوانەش هەرکۆمەڵگەیەک کە پێوەرەکانی ئازادژیانی تێدا نەبیندرێت و تاکەکانی گیرۆدەی کۆمەڵێک چوارچێوەی دەستکردی مرۆڤە بیرتەسک و پاوانخوازەکان بێت، ئەوە بێگومان دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیش بەو ڕادەیە نادادپەروەرانە دەبێت و قەت ئەرک و بەرپرسایەتییەکان لەگەڵ توانا و پۆتانسییەل و لێهاتوویی تاکەکان یەک ناگرێتەوە.

لەم نێوانەدا، وەک زۆر پرس و بابەتی دیکە، دیسان ژنان ڕێک لەژێر کاریگەریی سیستەمی سیاسی، باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و پرسی فەرهەنگی کۆمەڵگەدا، ڕادەی بەشداریکردن و نەکردنیان لە کاروباری کۆمەڵگە و بەڕێوەبەریدا دیارت دەکرێت. ڕاستی ئەوەیە کە بەشداریی ژنان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، جا ئەو کۆمەڵگەیە چ ولات بێت یان کۆڕ و گرووپی

بچووک یان حیزب و لایەنی سیاسی، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە جۆری تێڕوانینی ئەو پێکهاتەیە سەبارەت بە پرسی ژنان هەیە و بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبەریی هەرکام لەم پێکهاتانەدا، ڕێک ئەو کاتە مانا دەگرێ کە پێناسەی ڕاستەقینەی ئەو پێکهاتەیە لەبەر چاو بگیردرێت. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی ئێراندا، کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتێکی ئیسلامیی ویلایەتی فەقیهی کە تێیدا ژن وەک بوونەوەرێکی سەربەست پێناسەی بۆ نەکراوە و بوونی هەمیشە گرێدراو بە بوونی پیاوان لە ڕۆڵی باوک، برا، هاوسەر یان منداڵی کوڕدا پێناسەی بۆ کراوە، نیشانەیەک لە سەربەستی بۆ ژن تەنانەت لە چوارچێوەی ژیانی ئاسایی بنەماڵەییشدا نابیندرێت چ بگا بەوەی کە هەر ئەو ژنە لە دەرەوەی ئەو ژینگەیە و لە ژینگەیەکی گەورەتردا پێناسەیەکی بۆ بکرێت کە وەکوو مرۆڤێکی سەربەست هەست بە بوونی خۆی بکات.

هەروا کە ئاماژەی پێ کرا، چوارچێوە و جۆری هزر و سیستەمی سیاسیی زاڵە کە ئەرک و ڕۆڵ و کاریگەریی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکات و بایەخ بە بوونی تاکەکان دەدات، چونکە لەو جۆرە سیستەم و هزرەدا، تاکی کۆمەڵگە وەک فاکتەرێکی مرۆیی بەهێزی خاوەن ئەندێشە چاوی لێ دەکرێت کە بە بێ بوونی چوارچێوەکە بەشێک لە مانەکەی خۆی لەدەست دەدات. لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشدا وەک حیزبێکی سیاسیی مۆدێرن کە خاوەنی سیستەمی بەڕێوەبەریی تایبەت بە خۆی بووە و ئۆرگانیزاسیۆن و شێوە کاری دیاریکراوی هەیە، بوونی هەر تاکێک بایەخی خۆی پێ دراوە، هەر بۆیە لە دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسایەتیشدا هەوڵ دراوە خوێندنەوە بۆ توانا و حەز و خولیای تاکەکان بکرێت و ئەرکیان پێ بسپێردرێت.

ئەوەی کە لە حیزبی دێموکراتدا سەرنجڕاکێشە، گرینگیدان بە ژنان و بەشداریکردنیان لە پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و پەروەردەییەکان و باقی پرسەکانی دیکەشدا بەپێی دۆخ و هەلومەرجی کاتی خۆی بووە. هەر لە پێشەوا قازی محەممەدەوە بگرە هەتا ڕێبەرایەتیی ئەمڕۆی ئەو حیزبە، بە بایەخەوە چاویان لە پرسی ژن کردووە هەر بۆیە بە باوەڕ بە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، هەمیشە یەکێک لەو بابەتانە بووە کە لام حیزبەداا کاری لەسەر کراوە. پێشەوا قازی بە هاندان و بەشدارکردنی مینا خانمی قازی لە کاروباری تەشکیلاتی و سیاسی و دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان، بناخەیەکی پڕبایەخ لە مەیداندان بە ژنانی دامەزراند و ئەم ڕێچکەیە لە حیزبی دێموکراتدا جێگای خۆی گرت. دوکتور قاسملووی نەمر، وەک ڕێبەری حیزبی دێموکرات و کەسایەتییەکی ئاکادێمیک کە وڵاتانی ئورووپایی و خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکانی دیکەی جیهانیشی بینیبوو، یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە حیزبی دێموکراتدا بایەخی زۆری بە بوونی ژنان و چالاکیی ژنان لە بوارە جیاجیاکانی کاروباری کۆمەڵگەدا داوە.

**دوکتور قاسملوو وتەیەکی جوانی هەیە کە دەفەرموێ: هەرچی زیاتر ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار**

**بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە.**

سەرنجدانی ئەم وتەیە بە ڕوونی هەڵوێست و ڕوانینی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژنان و بەشداربوونیان لە کاروباری کۆمەڵگەدا دەردەخات و ڕوونی دەکاتەوە کە لای ئەو ڕێبەرە، هەبوون و بایەخدان بە ژنان و هاوکات، هەوڵ و تێکۆشانی خودی ژنانیش لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی سیاسییدا دەتوانێ کاریگەر بێت. دوکتور قاسملوو لە چەندین وتاری خۆیدا و بەتایبەت لە وتارێکدا لە ٨ی مارس، ڕوو لە ژنان و کچان، داوایان لێ دەکات کە زیاتر خۆیان تێکەڵی کاروباری سیاسی بکەن تاکوو بتوانن داهاتوویەکی گەش بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین بکەن. ئەم وتانە، نیشاندەری باوەڕی قووڵی ئەم ڕێبەرە بە ڕۆڵ و کاریگەریی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە بێ جیاوازیی ڕەگەزی لە پێکهاتەی کۆمەڵگەیە و نیشانی دەدات کە بەڕاستی هەبوون و بەشداریی کارا دەتوانێ گەرەنتیی سەرکەوتن بکات.

ئێمەی ژن، وەکوو ئەو نەسڵەی کە بەداخەوە دوکتور قاسملووی ڕێبەرمان لە نزیکەوە نەبینیوە، پێویستە بە خوێندنەوەی زیاتر و وردبوونەوە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئەو ڕێبەرە مەزنە و بە وەرگرتنی ئامۆژگارییەکانی، زیاتر لە جاران هەست بە بەرپرسایەتی لە بەرانبەر خاک، نیشتمان، نەتەوە و بەتایبەت نەوەکانی داهاتوودا بکەین و بە بەشداریی زیاتر و چالاکیی جۆراوجۆر، بەشێک لە خەباتەکە لە ئەستۆ بگرین و بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و پێشکەوتووی یەکسان هەنگاو هەڵ بگرین.

٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# مێژووی هەبوون




٨٠ ساڵ لەمەوپێش و لە بەستێنێکی زۆر جیاوازی مێژوویی و سیاسیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دایک بوو. حیزبێکی مۆدێرن کە لەو سەردەمەدا و لە کۆمەڵگەی نەریتی و دواکەوتووی ئەوکاتدا، بووە خاڵێکی وەرچەرخان، حیزبێک کە توانیی بە دامەزراندنی یەکەم دەسەڵات لە شکڵی کۆماریدا، مێژوویەکی نوێ بۆ گەلی کورد بەگشتی و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار بکات.

ئەم حیزبە لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا بە زۆر قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، قۆناغگەلێکی سەخت و دژواری تێپەڕاندووە و لاپەڕەکانی مێژووی ئەم حیزبە شایەتی سەدان ڕووداوی پڕ بایەخ و چارەنووسسازن. مێژووی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات لێوڕێژە لە گیانبازی، لەخۆبوردوویی و تێکۆشان و ماندوویەتیی کەسانێک کە ئەم ڕێبازەیان بە باشترین بژاردە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەران پێناسە کردوە. چاوخشاندنێک بە سەر مێژووی حیزبی دێموکراتدا پێمان دەڵێ کە ژنان توانیویانە لەم گۆڕەپانە پڕ لە ئاڵۆزی و سەختەدا ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن و ئەرکی خەباتێکی نەپساوە بە دژی داگیرکەران لە ئەستۆ بگرن.

هەر لە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانەوە و هەنگاوهەڵێناوەی ژنان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کاروباری سیاسی و ڕێکخراوەیی تا ئەو کاتەی کە ژنان بە فەرمی چەکی بەرگری لە خاک و نیشتمانیان لە شان کرد، تاکوو ئێستا لەم مەیدانی کردەوەدا ژنان ڕۆڵیان گێڕاوە و ئەرکیان لەسەر شان بووە. بێگومان خەباتی ژنان لە چوارچێوەی هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا جێگای بایەخە، بەتایبەت کە باس لە کوردستان دەکرێ ئەم پرسە بایەخی چەندقاتی دەبێت، چونکە ژنان لە چوارچێوەی ئەم حیزبانەدا تەنیا خەبات بۆ ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت ناکەن، خەباتی ژنان ڕەهەندی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت و بێگومان بەر لە هەموو شتێک بەگژداچوونەوەیەک بەرانبەر بە بیری چەقبەستووی داگیرکەرانە کە لە قەبارەی گشتیی کۆمەڵگەدا بە درێژایی ساڵانی دەسەڵاتداریتی خۆیان و بە کەڵکوەرگرتن لە هێز و توانای مادی، جێگیریان کردووە.

خەباتی ژنان خەبات دژ بە کۆنەپەرەستی و دواکەوتووییە، خەبات دژ بە نەخوێندەواری و نەزانینە، خەبات دژ بە بیرۆکەی پیاوسالاری و ژێردەستەبوونی ڕەگەزییە، خەبات دژ بە داگیرکاری و هەڵاواردن و بەلاواز پێناسەکردنە، هەر بۆیە خەباتی ژنان خەباتێکی زۆر پیرۆز و جێگای بایەخە.

لە نێوان هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، حیزبی دێموکرات وەک دێرینەترین ڕێکخراوی سیاسیی مۆدێرن توانیویەتی بە سازماندان و پلاندانان و ڕێکخستنی تایبەت، کەڵک لە هێز و تواناکان وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا، بە وردبینی و جیهانبینییەکی تایبەتەوە ڕوانیویەتە پرسەکان و بۆ هەر قۆناغێک لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەرنامەی تایبەتی داناوە. لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتدا، ژنان ڕۆڵ و نەخشی تایبەتی خۆیان بووە و بوونیان و کاریگەرییان لە هەموو قۆناغەکاندا دیار و بەرچاوە. ژنان بە بەشداریی ڕاستەوخۆ لە مەیدانی خەباتی حیزبی دێموکراتدا، وێڕای بەتاڵکردنەوەی بیرۆکەی دژەژن و چەقبەستووی کۆمەڵگە، پێناسەیەکی نوێیان لە خۆیان بەدەستەوە داوە.

خەباتی سیاسی و مەدەنی، خەباتی ڕێکخراوەیی، خەباتی چەکداری و شێوازەکانی دیکەی خەبات بۆ پاراستنی کوردستان لە چنگ داگیرکەران هەرکامەیان بە شێوازێک توانیویانە لە بەرەوپێشبردنی حیزبی دێموکرات و نزیکبوونەوەی لە ئامانج کاریگەر بن. لەم ڕاستایەشدا ژنان بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئەم خەباتە، توانیویانە لە هەر شێوازێکی خەبات، ڕۆڵی تایبەت لە ئەستۆ بگرن و خزمەت بە نیشتمانەکەیان بکەن. خودی ئەم بەشداریکردنە لە ڕەهەند و شیوە جیاوازەکاندا، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بونیاتنانەوەی کەسایەتیی ژناندا کاریگەریی هەبووە. ژنان لە مەیدانی خەباتدا بە وەئەستۆگرتنی ئەرک و بەرپرسایەتی، هاوکات لەگەڵ هەستکردن بە متمانەبەخۆبوون، کەرامەتی مرۆیی خۆشیان زیاتر هەست پێ کردووە و ئەمەش وای کردووە کە بە باوەڕێکی زیاتر بە خۆیان و تواناکانیان، لە ڕێبازی خەبات و تێکۆشاندا هەنگاو هەڵ بگرن و



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم

بێگومان ژنان کاتێک هەنگاویان ناوەتە نێو مەیدانی خەباتەوە، لە هەموو بوارێکەوە خۆیان ئامادە کردووە کە نرخ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ خۆیان و نەوەکانی داهاتوو بدەن.

هیچکات ناکرێ نکۆڵی لە بەشداری و تێکۆشانی ژنان لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا بکرێ، بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە پێوەندیی دوولایەنەی نێوان ژنان و حیزبی دێموکرات، پتەوتر لە ڕابردوو بێت، چونکە بایەخدانی حیزب بە هێز و توانایی ژنان دەتوانێ زۆر کاریگەرتر و شوێندانەرتر لە جاران بێت. ژنان بە بەشداریی چالاکانە لە ڕیزەکانی حیزب، لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا، وێڕای سەلماندنی تواناکانی خۆیان، مێژووی هەبوون و ئەروەخۆگریی خۆیان لە قەبارەی حیزبێکی سیاسییدا تۆمار کردووە کە باوەڕی قووڵی بە یەکسانی لە بەهرەمەندبوون لە مافەکانیان هەیە و بۆ پێگەیاندن و سەرکەوتنیان، دەرفەتی جیاوازیان بۆ دەخولقێنێ.

**خەباتی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغە نوێیەدا کە ٨٠ ساڵەی خۆی جێژن دەگرێ، دەبێ قۆناغێکی گرینگ و هەستیار و لەهەمان کاتدا گرینگ بۆ ژنانیش بێت تاکوو ئەرکی زیاتر لە ئەستۆ بگرن و هەنگاوی گەورەتر بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی گەش هەڵێننەوە.**

١٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

## ژنکوژی لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی شۆڕشێکدا




لە سێ ساڵەی شۆڕشی ژینا نیزیک دەبینەوە، شۆڕشێک کە ئەگەرچی بەستێنەکانی سەرهەڵدانی پێویستییان بە خوێندنەوەی زانستی لە لایەنی جیاوازەوە هەیە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت وەکوو شۆڕشی ژنانە لە کوردستاندا دەناسرێت. ئەوەش ڕاستە کە شۆڕشی ژینا کاردانەوەیەکی گشتگیر بە قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی بوو، بەڵام لە درێژەدا کۆمەڵێک پرس و بابەتی دیکەی لەگەڵ خۆی خست کە وردبوونەوە لە هەر کامیان دەتوانێ کۆمەڵێک پرسی دیکەمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

مەرگی ژینا ئەمینی بەو شێوەیە و لە تارانی پێتەختی کۆماری ئیسلامیدا، لە سەرەتاوە زیاتر لایەنی ستەمی حکوومەتی بەرانبەر بە کەمینە نەتەوەییەکان و ژنانی زەق کردەوە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا، فۆکۆسی زیاتری خستە سەر پرسەکانی ژنان و زیاتر لە ڕابردوو هەڵاواردن و ستەمی ڕەگەزی بەرانبەر بە ژنان بوو بە ڕۆژەڤ.

بە پێی زانیارییەکان و هەواڵە بڵاوەکراوەکانی ئەوکات، خودی شۆڕشەکە هیوایەکی زۆری خستبووە نێو کۆمەڵگەوە بە شێوەیەک کە لە ماوەی شۆڕشەکەدا، ڕێژەی خۆکوژییەکان بەگشتی دابەزینی بە خۆوە بینیبوو و گرینگتر لە هەمووی ئاماری ژنکوژییەکان بەتایبەت لە کوردستان، کەمی کردبوو. لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا کە ژن ببوو بە ناوەندی شۆڕشەکە،

پرسەکانی ژنان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و ژنان لە قوربانیی دەستی دەسەڵات و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەوە بوون بە پیشەنگی شۆڕشەکە و زۆر شتیان لە کۆمەڵگەدا گۆڕی. ژنان نەترسانە هاتنە نێو مەیدانی خەباتەکەوە و هەوڵیان دا لە قوربانیبوونەوە ڕۆڵی خۆیان بە شۆڕشگێڕبوون و پیشەنگبوون هەم لە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتی و هەم خەباتی ڕەگەزیدا بگۆڕن.

دابەزینی ڕێژەی ژنکوژییەکان و بەگشتی توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان لەو کاتەدا، جیا لەوەی کە بە مانای هەوڵی ژنان بۆ گۆڕینی پێناسە باوەکان بوو، نیشانی دا کە کۆمەڵگەی کوردستان بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی دەسەڵات، بەستێنی گۆڕان لە پێوەندی لەگەڵ پرسەکانی ژنانی تێدایە و ئەگەر بەرنامە و پلانی تایبەتی بۆ دابنرێ، ئەکرێ ئەم پرسانە هەتا نزیکەی بنبڕبوونیش بەرەو پێش بچن. بەڵام ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە ئێستا و پاش سێ ساڵ لەم شۆڕشە کە ئەو هەموو قوربانییەی بۆ دراوە و پێمان وابوو لانیکەم ئاڵوگۆڕێک لە پێوەندی لەگەڵ پرسەکانی ژناندا هاتووەتە ئاراوە، دەبینین کە ژنکوژی لە کوردستان هەر درێژەی هەیە!

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا کوژرانی ژنک بە دەستی هاوسەرەکەی لە شاری سەقز، بوو بە سەردێڕی هەواڵەکان و بۆ سێوەی جۆراوجۆر باسی لێ کرا. سورەیا عەلیمحەممەدی ژنی تەمەن ٣٥ ساڵی خەڵکی سەقز، پاش ساڵانێک گیرۆدەبوون بە توندوتیژیی خێزانی، کێشەی خێزانی و خووگریی هاوسەرەکەی بە ماددە هۆشبەرەکان، دوابەدوای ئاڵۆزییەک لەگەڵ هاوسەرەکەی، سەرەتا بە لێانی چەقۆ بریندار دەکرێ و دواتر لە پارکینگی ماڵەکەیدا، لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بەنزینی پێدا دەکرێ و ئاگر لە جەستەی بەر دەدرێ. خوێندنەوە بۆ ئەم پرسە گرینگە! چۆن ئەبێ لە شاری سەقزدا کە شوێنی سەرهەڵدانی شۆڕشی بەرینی ژینا بوو و پیاوان شانبەشانی ژنان لە مەیداندا بوون و دژی هەلاواردن و ستەمی ڕەگەزیی سیستماتیکی ڕێژیم دژی ژنان وەستابوونەوە، ژنکوژییەک لەو ئاستە بیرەحمانە و نامرۆڤانەیەدا ڕوو بدات؟

بابەتی گرینگ لە کوژرانی سورەیادا، بۆشایی یاسایی و گرینگینەدانی پێکهاتەیی و پارێزراوبوونی بکەرانی توندوتیژیی خێزانییە کە سەرەڕای زۆربوونەوەی ژنکوژییەکان، کۆماری ئیسلامی هیچ یاسایەکی بۆ قەدەغەکردنی توندوتیژیی دژی ژنان پەسەند نەکردوە و یاسایەک بۆ پشتیوانی لە ژنان بوونی نییە.

لەلایەکی دیکەوە پیاوان هەر بەپێی یاساکانی ئەم ڕێژیمە، لە حاڵەی جۆراوجۆردا دەتوانن هاوسەرەکانیان بکوژن و چونکە توندوتیژیی خێزانی وەکوو تاوان نەناسراوە، بەرورووی کەمترین سزای یاسایی دەبنەوە و قوربانییانیش بە هۆی نەبوونی پشتیوان زۆر جار ناچارن بێدەنگی هەڵبژێرن.

پرسی ژنکوژی لە کوردستان بە پێچەوانەی پێناسەی کۆماری ئیسلامی، کە بە پرسێکی سەرچاوەگرتوو لە فەرهەنگی خەڵکی کوردستانی ناو دەبات، پرسێکی تێکەڵاو لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییە کە بە هۆی پەراوێزخرانی کوردستان و سیاسەتی سەرکوتی سیستماتیک لەلایەن ڕێژیمەوە، پەرەی سەندووە و پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک و پلانی درێژخایەنی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کوردستان و خەڵکی کوردستان هەیە.

بەڵام جیا لەمانە، پرسیار ئەوەیە کە بۆچی بە ئاگاداربوون لە پلان و بەرنامەی ڕێژیم بۆ بەدەستەوەدانی پناسەیەکی ناشیرین لە خەڵکی کوردستان، خەڵک و بەتایبەت پیاوان ئێستاش هەر لە توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان بەردەوامن و ئاڵوگۆڕێک پێک ناهێنن؟

خوێندنەوەی ئەم بابەتە بە شێوەی زانستی وا دەکات، وێڕای خەسارناسیی بنەڕەتی، ڕێگەچارەش بدۆزرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کەسانی شارەزا بە لێکدانەوەی زانستی لە لایەنە جیاوازەکانی ئەم جۆرە تاوانانە و هاوکات ڕۆشنگەری بۆ خەڵک هەوڵ بۆ پیشگرتن لە کارەساتی لەم شێوەیە بگرن و پلان بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست بۆ ژنان دابنێن.

١٩ی خەرمانانی ٢٧٢٥

# یەکگوتاریی ژنان



سێ ساڵ بەسەر شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و دەسپێکی شۆڕشی ژینادا تێدەپەڕێ. لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا و بە کاریگەریوەرگرتن لە شۆڕشی ژینا کە بە شەهیدبوونی ژینای بێتاوان و هاتنە مەیدانی خەڵکی کوردستان دەستی پێ کرد، کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵێک ڕووداوی جیاواز و لە هەمان کاتدا پڕبایەخی ئەزموون کرد. هەر لە سەرهەڵدانەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە گۆڕستانی ئایچییەوە بگرە هەتا شەهیدبوونی سەدان کەس لە خۆپیشاندەران و وتە جوان و پڕ لە ورەکانی بنەماڵەی شەهیدان و بە سەدان ڕووداوی دیکە. شۆڕشی ژینا لەگەڵ خۆی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی لە کۆمەڵگەدا پێک هێنا و بوو بە هۆی ئەوەی کە لایەنێکی دیکە لە خەبات لە کوردستان خۆی نیشان بدات.

پاش سێ ساڵ لە سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە، خەسارناسیی شۆڕشەکە و دەستنیشانکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەتوانێ بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو زیاتر یارمەتیمان بدات.

ئەوەی لەم وتارەدا جێگا دەگرێ ئاوڕدانەوەیەکە لە پرسی ژنان، چونکە لەم شۆڕشەدا لایەنە تایبەتەکانی شۆڕشەکە کە پێوەندیی بە بەستێنی سیاسیی ئەوکاتی کۆمەڵگە و هەڵوێستی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی هەیە،

بابەتێکی گرینگە کە جێی تێڕامان و وربوونەوەی زانستییە.

دۆخی ژنان لە کوردستان پێش شۆڕشی ژینا و دوای شۆڕشی ژینا گۆڕانی زۆری بەسەردا هات بەڵام ئەمە نابێ ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە ئێمە خاڵە بەهێزەکانی ئەم پرسە پێش شۆڕشەکە لەبیر بکەین.

پێش دەسپێکی شۆڕشی ژینا، ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردستان وەک هەمیشە لەژێر کاریگەری و سەرکوتی سیستماتیکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بوو، بەڵام ژنان بە شێوازی جیاواز هەوڵیان دەدا، بوونی خۆیان لە مەیدانی کردەوەدا بسەلمێنن. بە دەیان ڕێکخراو و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە شارەکانی کوردستان دامەزران و کاریان کرد کە بەشێکی بەرچاوی ئەندامان و دامەزرێنەرانیان ژنان بوون و بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی بەرانبەر بە دۆخی کۆمەڵگە و ژیانی خۆیان و نەوەی داهاتوو، لەو ڕێگەیەوە هەوڵیان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەدا. هاوکات لەگەڵ ئەمە سەرکوتکارییەکانیش لەلایەن ڕێژیمەوە بەردەوام بوو و بە دەیان ژنی ئازا و تێکۆشەری کوردستان، بە تۆمەتی بێبنەما ڕەوانەی بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی کران تاکوو دەنگی مافخوازییان کپ بکرێت. لەو کاتەدا ئەو ژنانە پێشەنگایەتیی کۆمەڵگەیان دەکرد و بە چوونی خۆیان بۆ بەندیخانە و بە بەخشینی هیوا بە دەوروبەرییەکانیان ئەو پەیامەیان دەگەیاند کە سووچی زیندانیان قوتابیخانەیە!

بە دەسپیکی شۆڕشی ژینا، ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دروست بوو، ژنانی دیکە لە بینەربوونەوە بوون بە ئەکتەری سەرەکیی خەباتەکە و ئەمجارە ئەوە خۆیان بوون کە پێشەنگایەتیی خەباتیان دەکرد و بەرانبەر بە سەرەڕۆیی ڕاوەستابوون. هەواڵ و زانیارییەکان و بەتایبەت ئەو ڤیدیۆیانەی کە لە سەردەمی شۆڕشەکە ماونەتەوە نیشانمان دەدەن کە ژنان لەو خەباتەدا لە ڕۆڵی جیاوازدا پێشەنگایەتیی خەباتەکەیان لە ئەستۆ گرت و مانیفیستی شۆڕشەکەیان نووسیەوە. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمانە، کۆمەڵێک بابەتی دیکەش هەیە کە وەکوو خەسار دەبێ بوروژێنرێن تاکوو وانەیان لێ وەربگیرێ و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان بدرێت.

لە پێش شۆڕشی ژینادا، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەرانبەر بە ژنان، لە ئاستێکی مەترسیداردا بوون، بەڵام لە قۆناغی شۆڕشەکەدا ئەم جۆرە دیاردانە ڕوویان لە کزی ناوە و بە وتەی کارناسان و پسپۆڕانی بوارە پێوەندیدارەکان، گەڕانەوەی هیوا بە ژیان و هیواداربوونی خەڵک بە گۆڕانی بنەڕەتی لەلایەک و پێناسەکردنەوەی ڕۆڵ و ئەرکی ژن لە کۆمەڵگە کە لە ڕەوتی شۆڕشەکەدا هاتە ئاراوە، لە لایەکی دیکەوە وای کرد ئەم جۆرە دیاردانە کەم ببنەوە. بەڵام لە دوای دامرکانەوەی

شۆڕشەکە، ئەو دیاردانە دیسان سەریان هەڵدایەوە و کۆمەڵگەیان تەنی و ڕۆژ نییە هەواڵێکی دڵتەزێن لە ژنکوژی و خۆکوژییەکانی ژنان تایبەت لە کوردستان بڵاو نەکرێتەوە.

ئەم پرسە گرینگە، چونکە دەبێ بە وردی کاری لەسەر بکرێت و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردانە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و وڵامێکی زانستییان بۆ بدۆزرێتەوە.

ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی خەسارەکانی دوای شۆڕشی ژینا لە پێوەندی لەگەڵ پرسەکانی ژناندا، بۆشاییەک بووە کە ژنان و بەتایبەت چالاکانی بواری ژنان لە دروستبوونیدا تاوانبارن چونکە ئەم شۆڕشە بە پێچەوانەی هەموو بزووتنەوە و ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران لەسەر خاڵێک ڕاوەستابوو کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژنانەوە بوو؛ کوژرانی کچێک لە پێتەختی ویلایەتی فەقێدا! لێرەدا بوو کە بەریەککەوتنی ئیدئۆلۆژیی زاڵ لە باری سیاسی و کۆیلە و ملکەچکردنی ژنان لەلایەن دەسەڵاتەوە کەوتبووە ژێر تەوژمی نارەزایەتیی گشتییەوە و ژنان ناوەندی ڕووداوەکە بوون، کەوایە پێویست بوو ژنان هەر لە سەرەتاوە خاوەنداریتی لە شۆڕشەکە بکەن و نەهێڵن دەسکەوتەکانی شۆڕشەکە بۆ ژنانی چەوساوە و سەرکوتکراو بەفیڕۆ بچێت.

پێویست بوو لە دوای دامرکانەوەی شۆڕشەکە، هەوڵەکان زیاتر پەرە بستێنن و هەوڵ بۆ ڕێکخستنی ژنان بدرێت تاکوو بتوانن خۆیان بۆ قۆناغەکانی دواتر ئامادە بکەن. لە پێوەندییەدا، ئەگەرچی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە هەندێ بابەتدا جیاوازیی بیرکردنەوەیان هەبوو و نەکرا یەکگرتووییەک پێک بێت، بەڵام دەکرا ژنان لە ڕێکخراوەکانی ژنانی حیزبە سیاسییەکان بە گرینگیدانی زیاتر بە پرسی ژنان، هاودەنگییەک پێک بێنن و بتوانن کار لەسەر پرسەکای ژنان و بابەتەکانی پێوەندیدار بە ژنان لە شۆڕشی ژینادا بکەن. ئێستا کە سێ ساڵ بەسەر شۆڕشی ژینادا تێدەپەرێ با خۆمان بەرەورووی ئەم پرسیارە بکەینەوە کە چ هەنگاوێکی ئەرێنیی بەکردەوەمان بۆ ژنان و باشتربوونی دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگرت و چۆن ئەتوانین خاڵە لاوازەکانمان دەستنیشان بکەین و بە کردەوە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان بدەین.
یەکگرتوویی و یەکگوتاریی ژنان بەرانبەر بە دەسەڵاتی زاڵی پیاوسالاری خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی، خاڵێکی گرینگ و جێی بایەخە کە لەم پێناوەدا دەبێ گرینگیی زیاتری پێ بدرێت.

٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٥

## سێناریۆی کوشتنگە!




١٢ ڕۆژ شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران ئەگەرچی لاوازبوونی کۆماری ئیسلامیی لە زۆر بوارەوە بەدواوە بوو و بە کوژرانی مۆرە سەرەکییەکانی سپای پاسداران و هێرش بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکانی لە ڕووخان نزیکی کردبۆوە، بەڵام لە پەراوێزیشدا کۆمەڵێک بابەت ڕوویان دا کە جێی بایەخن و دەبێ گرینگییان پێ بدرێت. جیا لە چڕکردنەوەی گوشارەکان لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ سەر خەڵک و وەپاڵدانی تۆمەتی بیینەمای سیخوڕی بۆ ئیسرائیل کە لەم ڕۆژانەدا گەڵاڵەکەی لەلایەن شۆڕای نیگابانی ڕێژیمەوە پەسەند کرا، شەپۆلی نوێی دەسبەسەرکران و لەسێدارەدانەکانیش بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لە زیادبوون کردوە و ڕێژیم بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی بەندکراوان و کاتی دەسبەسەرکردنیان، تەنیا بیر لە هەڵڕشتنی ڕقی خۆی بەسەر خەڵکدا دەکاتەوە.

یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی کاتی شەڕەکە، هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر بەندیخانەی ئێڤین بوو کە ڕێژیمی ناچار کرد، بەندکراوان بۆ بەندیخانەکانی دیکە ڕاگوێزێت و بەم پێیە زۆربەی ژنان و بەتایبەت ئەوانەی کە بەندکراوی سیاسی بوون، ڕەوانەی بەندیخانەی قەرچەک کران؛ بەندیخانەیەک کە بە وتەی ئەو بەندکراوانەی ئەزموونی بەندکران لەم بەندیخانەیان هەیە، وەکوو شوێنێک بۆ دوورخستنەوەی ژنانی بەندکراوی سیاسی چاوی لێ دەکرێت و لە دوای دەسپێکردنی

شۆڕشی ژینا، زۆر بە ڕوونی پەردە لەسەر ئەو جینایەتانە لا درا کە لەم بەندیخانەیەدا دژی بەندکراوان ئەنجام دەدران. دوابەدوای شەڕەکەی ئیسرائیل و ئێران شەپۆلێکی بەرین لە توندوتیژی لەم بەندیخانەیە دەستی پێ کرد و ئەو ژنانەی لەم بەندیخانەیە بوون لەگەڵ ستەم و سەرکوتی چەند قات بەرەوڕوو بوونەوە.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ژنێکی بەندکراو بە ناوی سومەییە ڕەشیدی کە تەمەنی ٤٧ ساڵ و لە دەسبەسەرکراوانی شۆڕشی ژیناش بووە و بە هۆی نووسینی دروشم لە بانەمەڕی ئەمساڵدا سەرلەنوێ دەسبەسەر کراوەتەوە، بە هۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی و کەمتەرخەمیی بەرپرسانی بەندیخانەی قەرچەکی وەرامین گیانی لەدەست دا.

هەواڵدەریی میزان سەر بە هێزی دادوەریی ڕێژیم لەمبارەوە، ڕایگەیاند کە ئەم ژنە خووگر بە ماددەی هۆشبەر بووە و دۆسییە پزیشکییەکەی نیشانی دەدا کە پێشینەی فێگرتنی هەبووە و لە ماوەی دەسبەسەرکرانیدا ٨ جار لەلایەن پزیشکی گشتی و ٦ جار لەلایەن پسپۆڕی دەمارەوە چارەسەری بۆ وەرگیراوە. بەڵام یەکێک لە هاوبەندییەکانی سومەییە وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەم ئیدعایە، ڕایگەیاندوە کە سومەییە هیچ ماددەیەکی هۆشبەری بەکار نەهێناوە و تەنیا نەخۆش بووە. سومەییە تووشی ڕشانەوەی زۆر بووە و سەردانی بێهداریی بەندیخانەی کردوە بەڵام گەڕێندراوەتەوە بۆ بەندەکەی و لە کۆتاییدا بە هۆی کەمتەرخەمیی کادری دەرمانەوە فێ گرتوویەتی. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە بەو حاڵەشەوە، بێهداری برانکاردی بۆ نانێرێ و هاوبەندییەکانی بە ویلچێر دەیگەیەننە بێهدارییەکە کە بەداخەوە هەر ئەم کەمتەرخەمی و گرینگینەدانە دەبێتە هۆی ئەوەی گیان لەدەست بدات

ئەمە نەک تەنیا چیرۆکی دڵتەزێنی سومەییە بەڵکوو نموونە ئاشکرای کوشنی سیستماتیکی بەندکراوانی سیاسی و دووپاتبوونەوەی سێناریۆی کوشتنگەیە کە چەندین ساڵە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە جێبەجێ دەکرێت. لە هەموو ئەو ڕووداوانەدا کە مەرگی بەندکراوانی بەدواوە بووە، ڕێژیم هەوڵی داوە بە دۆسییەسازی، چیرۆکێکی ناڕاست لە ڕووداوەکە نیشانی کۆمەڵگە بدات و لە بەرانبەر تاکەکاندا خۆی وەک قوربانی دەربخا.

لە دۆسییەی سومەییەدا و بە وتەی یەکێک لە بەندکراوانی بەندیخانەی قەرچەک، سوغرا خودادادی، بەرپرسی ئەم بەندیخانەیە کە بە هۆی پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانی بەندکراوانەوە لە لیستی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکادایە، لە پێشێلکارە سەرەکییەکانی مافی ژنانی بەندکراو لەم بەندیخانەیەیە و هیچ مافێکی مرۆیی بۆ بەندکراوان لەبەر چاو ناگرێت.

گیانلەدەستدانی سومەییە کاردانەوەیەکی بەرینی لێ کەوتەوە و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران هاوکات لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک سەبارەت بە کوژرانی ناوبراو لە بەندیخانەی قەرچەکی وەرامین، داوای داخستنی یەکجاریی ئەم بەندیخانەی کرد.

مەحموود ئەمیریموقەددەم، بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران ڕایگەیاند: بەرپرسایەتیی پاراستنی گیان و تەندروستیی بەندکراوان لە ئەستۆی ڕێکخراوی بەندیخانەکان، هێزی دادوەری و لە کۆتاییدا ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە، ئەوان دەبێ لە بەرانبەر گیانلەدەستدانی سومەییە ڕەشیدی لە بەندیخانەی قەرچەک وڵامدەر بن.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران پێشتر لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر ناوی "بەندیخانەی قەرچەک، جەهەنەمی ژنان و منداڵان"، سەبارەت بە دۆخی ئەم بەندیخانەیە هۆشداریی دابوو و ئەو شوێنەی بە یەکێک لە ناشیرینترین هێماکانی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ناو بردبوو.

ڕێژیم بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی و بەتایبەت دوای ئەو شکستە قورسەی کە لە ئیسرائیلی خوارد، بە دۆسییەسازی بۆ هاووڵاتییان و ئازار و ئەشکەنجە هەوڵ بۆ سەرکوتی ناڕیزایەتی و جووڵە نێوخۆییەکان دەدات چونکە دەزانێت لە ئەگەری دەسپێکردنەوەی شەڕدا، سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی نێوخۆیی لەلایەن خەڵکەوە ئەتوانێ کۆتایی بە دەسەڵاتە نگریسەکەی بهێنێ.

١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## حیجابی دڵخواز



بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆی ڕێورەسمی زەماوەندی کچی عەلی شەمخانی لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕۆژەڤی باسەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو. هەرچەند کە لە حاڵەتی ئاساییدا پرسی حیجاب پرسێکی تاکەکەسییە و دەچێتە چوارچێوەی ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی مرۆڤەوە، بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەم ڤیدیۆیە و نەبوونی هیچ نیشانەیەک لەو حیجابە ئیسلامییەی کۆماری ئیسلامی پڕوپاگەندەی بۆ دەکات و هەموو ئیمکاناتی خۆی بەکار هێناوە تاکوو بەسەر کۆمەڵگەیدا بسەپێنێ، ڕەنگە یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان دوای بڵاوبوونەوەی ئەم گرتە ڤیدیۆییە بێت.

لە هەموو ٤٦ ساڵی ڕابردوودا، حیجابی ئیسلامیی دڵخوازی کۆماری ئیسلامی یەکێک لە گرینگترین ئامرازکانی سەرکوتی ژنان لەو کۆمەڵگەیەدا بووە. بە هەزاران ژن بە هۆی ڕەچاونەکردنی ئەم حیجابە زۆرەملێیە لەگەڵ گەشتی ئێرشاد و زۆر جاریش دۆسییەسازی بەرەوڕوو بوونەتەوە، تا جێگایەک کە لە تارانی پێتەختی کۆماری ئیسلامیدا ژینا ئەمینی بە بیانووی ڕەچاونەکردنی ئەم حیجابە زۆرەملێیە کەوتە بەر توندوتیژییەوە و شەهید کرا و دوابەدوای ئەوەش بە سەدان ژنی چەوساوەی دەستی ئەو حیجابە زۆرەملێیە هاتنە سەر شەقام و بە ساچمەی چەکی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم وڵامیان درایەوە.

کەمتر لە دوو ساڵ دوای قەتڵی سیستماتیکی ژینا و سەرکوتی بەربڵاوی ژنان، لە تارانی پێتەختی سەرکوتکاریدا و لە هۆتێل ئێسپیناس پالاسی ئەم شارەدا، کچی ڕاوێژکاری سیاسیی عەلی خامنەیی لە ڕێوڕەسمێکدا کە داماڵراو لە هەموو باوەڕە ئیسلامییەکانی خۆیانە، ڕێوڕەسمی زەماوەندەکەی بەڕێوە دەبات و ساڵ و نیوێک دواتر و لە پاییزی ١٤٠٤دا ڤیدیۆکانی لە سۆشیاڵ میدیادا بڵاو دەبنەوە. جیا لە هەموو بابەتە جیاوازەکانی ئەم ڤیدیۆیە وەک تێچووی زۆری هۆتێلەکە و ئەو هەموو پارەیە کە خەرج کراوە، ئازادیی کچ و ژنەکەی شەمخانی و باقی میوانەکان لە پۆشێنی جلوبەرگ و دڵخوازبوونی حیجابەکەیان و باقی بابەتەکانی دیکە، پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئەم ڤیدیۆیە پێشتر و هەر لەو کاتەدا دزەی نەکرد؟ بۆچی لەو کاتەدا کە ڕێژیم بە هەموو شێوەیەک خەریکی پاساوهێنانەوە بۆ کوشتنی ژینا و سەدان کەسی دیکە بوو ئەم ڤیدیۆیە بڵاو نەکرایەوە تاکوو تووڕەیی خەڵک زیاتر پەرە بستێنێ و بە یەکجاری ئەم ڕێژیمە بڕووخێنن؟

بابەتێکی دیکە تایبەت بوونی ڕێوڕەسمەکە و کەمیی ژمارەی بەشداربووانە، ئەمە نیشانەی بچووکبوونی بازنەی پێوەندییەکان یان باشترە بڵێین بازنەی کەسە متمانەپێکراوەکانی بنەماڵەی شەمخانی بووە؛ لەم ڤیدیۆیەدا خاڵێک سەرنجڕاکێشە، هەبوونی مۆبایلەکان بۆ فیلم هەڵگرتنەوە و هاوکات ئەو کامێرایانەی کە بە شێوەی فەرمی خەریکی تۆمارکردنی ڕێوڕەسمەکەن، سەرنجدانێکی زۆر ئاسایی گۆشەنیگای کامێراکان دەریدەخات ئەو کامێرەوانەی کە ڤیدیۆکەی بڵاو کردووەتەوە زۆر بە ئاسانی دەبینرێتەوە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا دەردەکەوێ کە کێ ئەم ڤیدیۆیەی بڵاو کردووەتەوە. لێرەدا ئەم پرسیارانە دێنە گۆڕێ کە ئاخۆ ئەو کەسە کە لە بازنەی کەسە متمانەپێکراوەکانی شەمخانیشدا بووە لە ئێراندا نەماوە، یان نا لەوێ ماوە و بە پشتبەستن بە کەسانی دیکە کە ئەچنە بەرەی ئەویترەکانی شەمخانی و کەسە نزیکەکانییەوە ئەم ڤیدیۆیەی بڵاو کردووەتەوە؟ کەسانێک کە ڕەنگە ڤیدیۆ و بەڵگەی زۆر گرینگتر لەمەیان نەک تەنیا لە شەمخانی کە لە بازنەی داخراوی شەمخانی و لەسەر زۆر پرسی گرینگ لەبەر دەستدا بێت و وەکوو کارتی گوشار کەڵکی لێ وەربگرن. ئایا ئەم ڤیدیۆیە ئامانجدار بڵاو بووەتەوە و باسەکە پێوەندیی بە ئاڵۆزی و گرووپ بەندییەکانی نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە یان نا بەئەنقەست و بۆ گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵگە لەپێناو درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتدارێتییەکەیانە؟

بەپێی زانیارییەکان، ئەم ڕێوڕەسمە ڕۆژی ٣٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٣دا بووە، واتە ساڵێک پێش هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و لە گەرمەی پێداگریی کۆماری ئیسلامی لەسەر پرسی حیجاب و هێنانەئارای دەیان گەڵاڵەی شکستخواردوو بۆ ئەم پرسە؛ لەکاتێکدا کە هێشتا کۆماری ئیسلامی خەریک بوو لەگەڵ دەرەنجامەکانی شۆڕشی ژینا دەست و پەنجەی نەرم دەکرد و بە سەرکوتی خەڵک و بەتایبەت ژنان، پرسی حیجابی وەک گرینگترین کۆڵەکەی مانەوەی ڕێژیمەکەی وێنا دەکرد، لە هەمان کاتدا ڕێوڕەسمێک لە قووڵایی تارانی پێتەختی هزری ئیدئۆلۆژیکی ئەم ڕێژیمەدا، لەلایەن بنەماڵەی شەمخانی کە دەبیری

ئەمنییەتی ڕێژیمە بەڕێوە دەچێت.

ڕەنگە لێکدانەوەکان بۆ ئەم بابەتە جیاواز بن. لەلایەکەوە شکاندنی نۆرمەکانی کۆمەڵگە کە خودی ئەم دەسەڵاتدارانە بۆ خەڵکیان پێناسە کردوون و لادان لەو پرسە کە ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی بەتاڵانبردنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لانیکەم لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، وەکوو یەکێک لە گرینگترین کەڵکەڵەکانی خودی ڕێژیم چاوی لێ کراوە و لەلایەکی دیکەشەوە درزی نێوان مۆرە سەرەکییەکانی ڕێژیم و بڵاوکردنەوەی بەڵگە لەسەر یەکتر! بەڵام بابەتێکی تر کە گرینگیی هەیە، ڕووداوەکانی چەند مانگ پێش ئێستان! ئیسرائیل هێرشی کردە سەر ئێران و بە لەنێوچوونی بنکە ناوکییەکان و کاراکردنەوەی مێکانیزمی ماشە، ئێستا کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکی قەیراناویدایە؛ لەگەڵ ئەمەشدا، بەداخەوە لە ناوەند بە پێچەوانەی باقی جۆغرافیای ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم، پرسی حیجاب لە پرسی نان و مان گرینگترە و ئەوەندە پێداگری لەسەر ئەم پرسە دەکرێ، پرسی ئازادی گرینگیی پێ نادرێ، بۆیە ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤیدیۆیەش، هەوڵی ڕێژیم بۆ گۆڕانکارییەک لە چوارچێوەی حیجابی داسەپاودا بێت تاکوو لە ئەگەری دەسپێکردنەوەی شەڕدا، خۆی لە مەترسیی نارەزایەتییە نێوخۆییەکان بپارێزێ.

٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

# قوربانیی پێدۆفیلیا



لە ڕۆژانی ڕابردوودا بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆ کلیپێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، جارێکی دیکە وەبیری هێناینەوە کە چەندە دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک ئەتوانێ کاریگەریی لەسەر ڕووخاندنی کەسایەتیی تاکەکان و پاڵپێوەنانی تاکەکان و کۆمەڵگە بەرەو دارمانی ئەخلاقی و فەرهەنگی هەبێت. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڤیدیۆ کلیپێک دەستاودەست دەکرێت کە خوێندنەوەی کۆمێنتەکان و هەروەها ناڕوونیی سەرچاوەی یەکەمی بڵاوکردنەوەکەی پرسیاری زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە و وای کردووە کە جارێکی دیکە چەقبەستوویی و هەوڵە سیستماتیکەکانی دەسەڵاتی ئاخوندی بۆ پەرەدان بە ئیدئۆلۆژیی دواکەتووی ویلایەتی فەقیه، ببنە ڕۆژەڤ و ڕای جیاوازی خەڵکی بەدوادا بێت.

لەم ڤیدیۆ کلیپەدا، ژمارەیەک کچ کە لەوانەیە تەمەنیان ٨ یان ٩ساڵان بێت بە وتنەوەی سروودێک کە ناوەڕۆکەکەی هاندان بۆ هاوسەرگیرییە بەشدارن و لەولاشەوە کۆمەڵێک پیاوی بەتەمەن و چەند کوڕێکی لاوی تێدایە کە لانیکەم تەمەنیان یەک و نیو بەرابەری تەمەنی کچەکانە. کچەکان حیجابی تەواو ئیسلامییان هەیە و بە ڕوویەکی زۆر گەشاوە و بێ ئاگا لە بارێکی دەروونی کە ئەم ڤیدیۆیە لە سەر ژیان و داهاتوویان هەیەتی خەریکی تەبلیغکردن بۆ پرسی منداڵهاوسەرین!

لە هەندێک سەرچاوەی نافەرمیدا باس لەوە کراوە کە ئەم سرووده تـایبەت بە جێژنـی تەکلیفە کە لە وەزارەتـی پەروەردەی ڕێژیمدا لە کاتی گەیشتنی کچان بە تەمەنـی ٩ سـاڵی بۆیـان دەگیـردرێ، جێژنێک کە ڕیشـەی لە شـەرعی ئیسلامدایە و لەو تەمەنەوە بەپێـی ئـایینی ئیسلام کـچ دەتـوانێ هاوسـەرگیری بکـات چـونکە گەیشـتووەتە تەمەنـی بـاڵغبوون. بەڵام هەنـدێ سـەرچاوەی دیـکەش بـاس لەوە دەکەن کە ئەمە پـرۆژەیەک بـۆ پەروەردەی ئیـدئۆلۆژیکە کە لەژێـر نـاوی جۆراوجـۆری وەک گرووپـی منـداڵانی ئێـران لە سـاڵی ٧٨ـەوە دامەزراوە و کاریشـی بڵاوکـردنەوەی ئەم سـروودانەیە کە ڕێـک ئەرکـی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک لە چوارچێوەی باوەڕەکانی کۆماری ئیسلامییان لە ئەستۆیە.

**لەم ڤیدیۆیەدا چەند خاڵ سەرنجڕاکێشن کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەم:**

- لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا وتـنەوەی سرووود و نوانـدن لەلایەن کچـانەوە بەگشـتی بە شـتێکی بـڤە دەناسـرێت و بیسـتنی دەنگیان لەلایەن نامەحرەمەوە بە کارێکی حەرام دادەنرێت، بەڵام لەم ڤیدیۆیە و ڤیدیۆی هاوشێوەدا چونکە ئامانج ڕاکێشـانی سەرنجی منداڵان و پەرەدان بە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمە، ئەم بابەتە وەلا نراوە.

- جیـاوازیی تەمەنیـی کچـان و کـوڕانی بەشـداربووی ڤیـدیۆکلیپەکە سەرنجڕاکێشـە! کچەکـان لە تەمنێکـدان کە هێشـتا خۆیـان نەناسیوە و لەم تەمەنەدا تەنیا ئەرکیان دەبـێ خوێنـدن بـێ. تەنـانەت کوڕەکـانیش تەمەنیـان لەو ئاستەدا نییە کە بتـوانن بـارگرانیی ژیانێکی ئەمڕۆیی لە ئەستۆ بگرن.

- هەوڵەکە ئەوەیە کە کچان و کوڕان بۆ چوونە نێـو پرۆسەی هاوسـەرگیری هـان بـدرێن، بـۆیە لە سـروودەکەدا هاوسـەرگیری وەک هیوا و هومێد ناو دەبەن، ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕێژیم لە پەرەدان بە سیاسەتی جەوانـی حەشیمەت شکسـتی خـواردووە و خەڵک ڕاشکاوانە دژایەتیی سیاسەتی جەوانی حەشیمەتی ڕێژیم دەکەن.

- بابەتێکی دیکە پەرەدان بە هاوسەرگیریی منداڵانە، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە جیهانـدا بە کـارێکی نەشـیاو دەزانرێـت و لەژێر نـاوی منداڵهاوسەریدا دژایەتیی دەکرێت.

- بابەتەیکی دیکە کە گرینگە و دەبـێ ئامـاژەی پـێ بکرێت گیرۆدەبـوونی ئەو کچـانە بە بیـرۆکەی مەزهەبیـی چەقبەسـتووی ڕێژیم و گوێڕایەڵبوونی بنەماڵەکانیانە کە پێیان وایە لە ڕێبازە دروستەکەی ژیاندان و هیچ ڕاستییەک نابینن.

بەشی دووهەم

ئەوەی کە لە ڤیدیۆیەدا دەردەکەوێ، گیرۆدەبوونی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە نەخۆشیی پێدۆفیلییە، ئەوان کچان تەنیا وەکوو کەرەستەیەک بۆ دامرکاندنی ئارەزوو و حەزی سێکسی دەبینن و لە فەرهەنگەکەشیاندا هەرچی تەمەنی ئەم کچانە بچووکتر بێ باشترە! بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و ژووره فکرییەکانی ئەم ڕێژیمە تەنیا ئامانجیان ئامادەکردنی کچانی منداڵ بۆ چوونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییە، پرۆسەیەکی قورس کە پێویستی بە فێرکاریی تایبەت و پەروەردەی دروست هەیە تاکوو لە دوارۆژدا تاک تووشی ناهومێدی و شکست نەبێت، بەڵام بەرپرسانی ئەم ڕێژیمە بە پرسگەلێکی وەکوو مارەیی و نەفەقە و باقی بابەتەکانی دیکە، هەوڵیان ئەوەیە ڕاستیی بابەتە کە شکاندنی کەسایەتی و لەنێوبردنی باوەڕبەخۆبوون و متمانەی کۆمەڵایەتییە لەنێو کچاندا پەراوێز بخەن و لەم پێناوەشدا هەموو هەوڵێک دەدەن.

زەفکردنەوەی ئەم ڤیدیۆ کلیپە لەلایەن ڕێژیمەوە و لەم کاتەدا، بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو ڤیدیۆیانەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگیان دایەوە. ئەو ڤیدیۆیانەی کە تێیاندا بە شێوەی خۆڕسک مامۆستاکان قوتابخانەکانی کوردستانیان کردە مەکۆیەک بۆ پەروەردەی شۆڕشگێڕانە و لەسەر ئەم بابەتەش سزا دران.

لە ساڵانی ڕابردووشدا هەوڵی هاوچەشن بینراوە، وەک سروودی "سەلام فەرماندە" کە لە قوتابخانەکاندا و بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی منداڵان و بەکارهێنانی مۆسیقا بۆ ڕاکێشانیان وترایەوە. سەرەڕای هەموو هەوڵەکان و بە سەرنجدان بە ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، دەبینین کە دژایەتیکردن لەگەڵ بابەتی لەم چەشنە گەیشتووتە ئاستێکی بەرز و هەڵوێستگرتنی خەڵک بەنیسبەت ئەم بابەتە دەتوانێ هەوڵەکانی ڕێژیم بکاتە بڵقی سەر ئاو.

تێگەیشتنی خەڵک لە پێگەی ژنان و کچان بەتایبەت لە دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا، وای کردووە کە ئەم جۆرە هەوڵانە زۆر زیاتر لە جاران لەلایەن خەڵکەوە مەحکووم بکرێن. بەتایبەت کە لە ماوەی ڕابردووشدا بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆ زەماوەندی کچەکەی شەمخانی و ئازادیی جلوبەرگەکەی هێڵەکانی نێوان دەسەڵات و خەڵکی زیاتر زەق کردەوە، بۆیە ئەم هەوڵانە نەک تەنیا سەر ناگرن بەڵکوو بێزراویی ڕێژیم لای خەڵکیش زیاتر دەکەن.

٢١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## کارتی گوشار



ڕۆژی شەممە ٢٤ی خەزەڵوەر سێهەمین خولی خەڵاتی میللیی لاوەتیی حەشیمەتی ڕێژیم بەڕێوە چوو. ئەم خەڵاتە کە لە ڕاستای یاسای پشتیوانی لە بنەماڵە و لاوەتیی حەشیمەت دیاری کراوە، گرینگترین ئامانجەکانی پەرەدان بە سیاسەتی ڕێژیم لە بواری گەشەی حەشیمەت و ڕێزگرتن لەو ناوەندانەی ڕێژیم یان ئەو کەسایەتییانەیە کە لەم پێناوەدا گوێڕایەڵی ڕێبەری ڕێژیمن و هەوڵ بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت دەدەن.

مەرزیە وەحید دەستجێردی، بەرپرسی ستادی میللی حەشیمەتی ڕێژیم لە ڕێوڕەسمەکەی ئەمساڵدا چەند باسێکی وروژاندووە کە پێویستە سەرنجیان بدرێت: یەکەم ئەوەی ڕایگەیاندوە کە لە ڕاپرسییەکدا کە لەژێر ناوی "پەیمایشی میللیی بایەخەکان و ڕوانینی ئێرانیان" بەڕێوە چووە، ٩٦,٧ لەسەدی بەشداربووان دایکایەتی بە گەورەیی دەزانن، هەر بۆیە وەچەخستنەوەش بە پێویستیی ژیان دەبینن. ئەم قسەیە لەکاتێکدایە کە جیا لە دۆخی ئابووریی ئێستای ئێران، ئەگەری هەڵگیرسانی دووبارەی شەڕ و خراپبوونی دۆخی سیاسی و دڵنیانەبوونی خەڵک و بەتایبەت ژنان لە داهاتووی ئێران وای کردوە کە زۆربەی ژنان خۆیان لە وەچەخستنەوە بەدوور بگرن و لە جیاتی بیرکردنەوە لە هەست و سۆزی دایکایەتی و گرینگایەتیی ئەم بەرپرسایەتییە بیر لە داهاتوو و بژێوی ژیانی منداڵەکەیان بکەنەوە. کەوایە لەم دۆخەدا ئەرکی دایکایەتی لای زۆر

کەس نەک تەنیا وەکوو گەورەیی چاوی لێ ناکرێت بەڵکوو وەکوو بەرپرسایەتییەکی گرینگ دەبیندرێت کە ڕەنگە هەرکەس دەرەقەتی جێبەجێکردنی نەیەت.

ناوبراو لە چوارچێوەی سیاسەتی ڕاسپێردراوی خامنەییدا، پەرژاوەتە سەر خەسارناسیی دابەزینی ئاماری هاوسەرگیری و بە نیگەرانییەوە باسی لەوە کردووە کە لە ساڵی ١٤٠٣دا، ئاماری ١١,٧ میلیۆن کچ و ١٢,٩ میلیۆن کوڕی خوار تەمەنی ٢٠ ساڵ تۆمار کراوە کە هیشتا نەچوونەتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە. ئەم بەرپرسەی ڕێژیم ڕوونی نەکردووەتەوە کە مەبەست لە کەسانی خوار ئەم تەمەنە کێیە و ئامارە لە چ تەمەنێکەوە دەست پێ دەکات و وا وێدەچێ کە مەبەستی درێژەدان بە دیاردەی منداڵهاوسەری و ئەو پرۆژەیە بێت کە لە ماوەکانی ڕابردووشدا بە ڤیدیۆکلیپێکی ڕازاوە و بڵاوکردنەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا خستیانە بەر چاوی منداڵانەوە و هاوسەرگیری منداڵانیان بە هیوا ناو برد!

بابەتێکی دیکە باسکردن لە گەڵاڵەیەکی نوێ بە ناوی "کارتی هیوای دایک"ـە. دەستجێردی ئەم گەڵاڵەی لە ڕاستای سیاسەتی ڕاسپێردراوی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت لە ئێران ناو بردوە، گەڵاڵەیەک کە لەلایەن شۆرای باڵای ئینقلابی فەرهەنگیی ڕێژیمەوە بە مەبەستی سەرخستنی گەڵاڵەی جەوانیی حەشیمەت، پەسەند کراوە. بەپێی زانیارییەکان لە بەهاری ١٤٠٥ـەوە ئەو دایکانەی کە منداڵیان دەبێت ئەم کارتەیان پێ دەدرێت و بۆ ماوەی ٢٤ مانگ، بە شێوەی مانگانە بڕە پارەی ٢ میلیۆن تمەن لەلایەن دەوڵەوتەوە بۆ پێداویستییەکانی منداڵان وەک خۆراک و پۆشاک دەچێتە سەر کارتەکەیان.

دەستجێردی ڕایگەیاندوە کە ئەم گەڵاڵەیە بۆ پشتیوانی دارایی و فەرهەنگی لە بنەماڵەکان و بردنەسەرەوەی ئاستی تەندروستیی دایک و منداڵە. گاڵتەجارییەکە لەوێدایە کە دەستجێردی ئەم کارتە بە هۆکارێکی گرینگی بەهێزکردنی کارامەیی منداڵان دەزانێت و دەڵێ ٨٠ لەسەدی گەشەی مێشک و فۆرمگرتنی دەمارەکانی منداڵ کە هەتا تەمەنی ٢ ساڵان ڕوو دەدەن، لە گرێوی ئەو پارەیەدایە کە کۆماری ئیسلامی بڕیارە پێیان بدات. ئەحمەدینژادیش لە سەردەمی سەرۆکۆماریی خۆیدا بەڵێنی بە خەڵک دا کە بە لەدایکبوونی منداڵەکانیان بڕی ٢ میلیۆن تمەن پارە دەخاتە هەژمارێکی بانکی تایبەتەوە بۆیان و تا تەمەنی ١٨ ساڵان ساپۆرتی داراییان دەکات کە ئێستاشی لەگەڵ بێ کەس نەیزانی پرۆژەکەی بە کوێ گەیشت؟

بە چاوخشاندنێک بە دۆخی ئابووریی دارماوی ئێستای ئێراندا، دەبینین کە ٤٨ میلیۆن پارە کە بڕیارە لەو دوو ساڵەدا بە منداڵانی تازەلەدایکبوو بدرێ، نەک هەر پشتیوانی دارایی نیە بەڵکوو کارتێکی گوشارە تاکوو بە تەماعوەبەرنان

بنەماڵەکان ناچار بە وەچەخستنەوە بکەن، پرسێک کە لە ڕاستیدا پرسێکی زۆر تایبەتە کە دەستێوەردان تێیدا پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤەکان و بەتایبەت ژنانە. ئەم گەلاڵەیە دەتوانێ شیرازەی بنەماڵەکان تێک بدات و ئازادیی بڕیاردانی ژن بە سەر جەستەی خۆیدا بباتە ژێر پرسیارەوە، چونکە دۆخی ئابووریی ئێستای خەڵکانی ئێران بە جۆرێکە کە ئەو ٤٨ میلیۆن تمەنە کە هەرچەند بەپێی نرخی دۆلار و هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر هیچ بۆشاییەکی ژیان پڕ ناکاتەوە بەڵام وەکوو دەرفەتێک چاوی لێ بکرێت کە ئاکامەکەی لەدایکبوونی منداڵانێکی بێتاوانە کە بۆ قازانجی دەسەڵاتێکی تۆتالیتەر و بە مەبەستی پەرەدان بە سیاسەتی ئەم ڕێژیمە هاتوونەتە دنیاوە و دەکەونە گێژاوی هەژاری و بێدەرەتانییەوە و ئەو ڕێژیمەش لە بەرانبەر داهاتوو و ژیانیاندا خۆی بە بەرپرسیار نازانێ.

**ئەم گەڵاڵەیە نەک تەنیا هیچ هیوایەک بە بنەماڵەکان نادات بەڵکوو بە پێچەوانە کێشەکانیان زیاتر دەکات و پێویستە ژنان بە وشیارییەوە خوێندنەوە بۆ پلانەکانی ڕێژیم بکەن و نەکەونە داوی پڕوپاگەندەی ناوەندە تەبلیغاتییەکانییەوە.**

٨ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

---

# مافی درۆیین



بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان پرسی مارەیی بۆ ژنان لە کۆمەڵگەی ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەدەی ٧ی زایینی و لەو کاتەدا مارەیی وەک ماف بۆ ژن دیاری کراوە. پاش هاتنەسەرکاری ئیسلام ئەم پرسە بە یاسایی و شەرعی کرا و پێبژاردنیشی لەلایەن پیاوانەوە بە پێویست دانرا کە ڕێژەکەی پێوەندیی بە ڕێککەوتنی دوو لایەنەوە بوو.

لەو کاتەوە هەتا ئێستا پرسی مارەیی لە کۆمەڵگەی ئێراندا وەکوو پرسێکی جێگای مشتومڕ چاوی لێ دەکرێت؛ لەلایەکەوە پیاوان دژایەتیی ئەم پرسە دەکەن و بە هۆکارێک بۆ نایەکسانیی دەبینن، لەلایەکی تریشەوە ژنان ئەمە بە مافی خۆیان دەزانن و لەسەر وەرگرتنیشی سوورن. پێداگری لەسەر ئەم بابەتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەپێی یاسا و شەرعی ئیسلام ئەم پرسە بە "عندالمطالبە" ناوی لێ براوە، بەو واتایە کە هەر کاتێک ژن بیهەوێ، پیاو ئەرکدار بە پێبژاردنیەتی.

هاوکات لەگەڵ ئەم دوو لایەنە، لایەنێکی سێهەمیش هەیە کە نە لە بەرەی پیاوان و نە لە بەرەی ژناندان، بەڵکوو بە ڕوانینێکی تایبەتتر لە پرسەکە دەڕوانن و پرسی مارەیی بە پرسێکی لۆژیکی نابینن. ئەوان پێیان وایە کە ئەم پرسە بە مانای بەکۆیلەکردنی ژنانە و ئەو بابەتە ڕەت دەکەنەوە کە لە ئەگەری جیابوونەوەدا مارەیی دەتوانێ پشتیوانێکی دارایی بۆ

ژنان بێت. ئەوان پێیان وایە ژنان وەک مرۆڤگەلێکی سەربەست و بەتوانا لە هەر حاڵەتێکدا توانای بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان هەیە و بەستراوە بە پرسی مارەیی نین کە لەلایەن پیاوانەوە پێیان بدرێت و ئەمە بە بێڕێزی بە کەرامەت و تواناکانی ژنان دەبینن. هەر بۆیە زۆر جار دەبینین چونکە پرسی یاسایی مارەکردن بەبێ دیاریکردنی ڕێژەی مارەیی جێبەجێ ناکرێ، مارەییەکە بە شتێکی جیا لە پارە دیاری دەکەن، بۆ نموونە کتێبێک، یان چەپکەگوڵێک یان وەک ئەوەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە شاری کامێران بینیمان بە چاندنی ٢٧٢٥ داری بەڕوو لە کوردستان!

لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی جەختی تایبەتی لەسەر پرسی مارەیی کردۆتەوە و ئەمەی وەکوو ماف بۆ ژنان بە ڕەوا زانیوە! بانگەشەی ئەوەی کردووە کە یاسا ئەم مارەییەی بۆ پشتیوانی لە ژنان دیاری کردووە و بیری لە داهاتووی ژنان کردۆتەوە کە نەکا دوای جیابوونەوە لە هاوسەرەکانیان بێ پاروو نانێک بمێننەوە و بەڵکوو بتوانن بەم مارەییە ژیانی خۆیان بەڕێوە ببەن.

بە پێچەوانەی هەموو ئەم پڕوپاگەندانەی ڕێژیم و بەڵێنی پشتیوانیکردنی لە ژنان، لە ڕۆژانی ڕابردوودا پەسەندکردنی یاسای ١٤ سکە مارەیی ئەویش هاوکات لەگەڵ گرانبوونی نرخی دۆلار و بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ، کۆمەڵگەی تووشی ئاڵۆزی کرد و ناڕەزایەتیی ژنانی لێ کەوتەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی سەرماوەزی ١٤٠٤، مەجلیسی ڕێژیم سەرووترین ئاستی مارەیی ژنانی لە ١١٠ سکەوە بۆ ١٤ سکە کەم کردەوە. بەپێی ئەم یاسایە، مارەیی ژنان بە هەر ڕادەیەک بێت تەنیا بۆ ١٤ سکەی سزای دارایی بۆ پیاوان دیاری دەکرێت و زیاتر لەم ژمارەیە سزای بەدواوە نابێت و تەنیا بەپێی توانای پیاوەکە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ.

مەجلیسی ڕێژیم ڕایگەیاندووە کە بەپێی پەسەندکراوێکی نوێ کە دەبێ لەلایەن شورای نیگابانی ڕێژیمەوە پشتڕاست بکرێتەوە، سزای بەندکردنی پیاوان بە هۆی مارەییەوە نەماوە و داواکردنی زیاتر لەو ڕێژەیەش بە توانایی دارایی پیاوەکەوە بەستراوەتەوە. بەو پێیە مارەییەک کە بڕەکەی زیاتر لە ١٤ سکە بێت، تەنانەت بڕیاری دابەشکردنی مانگانەش نایگرێتەوە. وتەبێژی لێژنەی سەرۆکایەتیی مەجلیس لەمبارەوە ڕایگەیاندووە کە پێشتر بۆ مارەیی زیاتر لە ١١٠ سکە، سزای بەندکردن هەبوو، بەڵام بەپێی ئەم پەسەنکراوە ئێمە بەندکرانەکەمان لا بردووە و پێبژاردنی ١٤ سکەکە بە پێبەندی ئێلێکترۆنیکییەوە دەبێ.

پەسەندکرانی گۆڕینی یاسای مارەیی کاردانەوەی زۆری ژنانی بەدواوە بووە چونکە ئەم پەسەندکراوە و لابردنی سزای

بەندکران بۆ پیاوان لە کاتێکدایە کە هیچ گۆڕانێک لە یاساکانی بنەماڵە و گەلاڵەی ئەمنییەتی ژناندا پێک نەهاتووە و ژنان ئەمەیان بە نیشانەی هەڵاواردنی ئاشکرا دژی خۆیان ناو بردووە.

هەندێک لە چالاکانی بواری ژنانیش پێیان وایە کە مارەیی لە کاتی ئێستادا تەنیا کەرەستەی بەرگریی ژنان لە بەرانبەر جۆرەکانی توندوتیژیی سیستماتیکە کە بەتایبەت لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەسەریاندا سەپاوە.

لە ڕاستیدا هەبوونی مارەیی وەک مەرجی سەرەکی بۆ هاوسەرگیری خۆی کۆمەڵێک کێشەی هەیە کە باسکردن لێیان لەم بابەتەدا ناگونجێ بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت کە هاوکات لەگەڵ هەموو پڕوپاگەندەکانی ڕێژیم، ئەم بڕیارەی ئێستا نەک لە بەرژەوەندیی ژناندا نییە بەڵکوو زۆر بە زیانیان دەشکێتەوە. ئەگەر کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەی ئازاد و یەکسان بایە، ئەم بڕیارە دەیتوانی هەنگاوێکی ئەرێنی بۆ بەرەو یەکسانی بردنی کۆمەڵگە بێت، بەڵام ئاشکرایە کە نە کۆماری ئیسلامی لە چییەتیی خۆیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و نە ئەم بڕیارەش بە قازانجی خەڵکە و بێگومان جگە لە دروستکردنی ئاڵۆزی و پێشێلکردنی ئەو تۆزە مافەی ژنانیش کە ماوە هیچی تری لێ شین نابێت.

١٩ی سەرماوەزی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## پێشمەرگەی ژن



ژن لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕۆڵێ بەرچاو و چالاکانەی هەیە. ئەم ڕۆڵە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا، چەندلایەنە بووە و ژنان هەم لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەم لە بواری خەباتی چەکداری و فەرهەنگیشدا توانیویانە ڕۆڵی گرینگ و ئەرێنی بگێڕن. ڕۆڵی ژنان دەکرێ لە سێ بواری جیاوازدا لێکدانەوەی بۆ بکرێ.

**یەکەم بەشداریی مێژوویی و ڕێکخراوەیی ژنان لە حیزبی دێموکراتە.** ئەم بەشدارییە سیاسی - تەشکیلاتییە بە دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بیچمی گرت و بەم شێوەیە حیزبی دێموکرات بوو بە خاوەنی کۆنترین ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەم ڕێکخراوەیە لە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە کاتێکدا دامەزرا کە کۆمەڵگەی ئەوکات، کۆمەڵگەیەکی نەریتی بوو و ئاستی خوێندەواریی ژنان تێیدا نزیک لە سیفر بوو، کەوایە حیزبی دێموکرات لەم برگە مێژووییەدا توانیی بە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە، بەفەرمی و بە کردەوە ژنان بێنێتە نێو مەیدانی خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەشکیلاتییەوە و ژنان خۆیان لەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەیەدا ببیننەوە.

ئامانجی حیزب لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە جیا لە بەشدارپێکردنی سیاسیی ژنان، بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی

کۆمەڵایەتی و مافی ژنان لە کۆمەڵگەیەکدا بوو کە بەهۆی پێکهاتەی نەریتی و پیاوسالارەوە، دەرفەتی یەکسانیی لە ژنان ئەستاندووە.

**دووهەم ڕۆڵی ژنان لە خەباتی چەکداری و بەرگری لە شوناسە.** ژنی کورد بە درێژایی مێژوو لە ڕووداوە گرینگەکاندا ڕۆڵی هەبووە و لە حیزبی دێموکراتیشدا لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی چەکداریدا، ڕۆڵی گێڕاوە. ژن لەم حیزبەدا پەروەردەی نیزامیی تێپەڕاندووە و بۆ بەرگری لە حیزب دژی داگیرکەرانی کوردستان، بەشداریی کردووە.

لە ڕاستیدا بەشداریی ژنان لە ڕیزی خەباتکارانی ئەم حیزبەدا، بەشێک لە هەوڵە بەرفراوانەکان بۆ بەرگری لە مافی نەتەوەیی و داکۆکی لە ئازادی و شەڕی ناسنامە بووە.

هاوکات لەگەڵ ئەمانە ژن لە وێژمان و خەباتی مەدەنیشدا چالاکانە بەشدارییان هەبووە و لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە ژنان لە قۆناغە جیاوازەکاندا، لەوانە سەردەمی کۆماری کوردستان، چالاکییە مەدەنییەکان، ڕۆژنامەوانی و بەرزکردنەوەی وشیاریی سیاسیدا ڕۆڵیان هەبووە.

لە وێژمانی حیزبی دێموکراتدا، ژن بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا ژن وەکوو مرۆڤ پێناسەی بۆ دەکرێت و قەت لە هیچ بەڵگە و دێکۆمێنتێکی حیزبیدا نابیندرێ کە باسکردن لە ژنی پێشمەرگە، پێناسەیەکی جیاوازی لەگەڵ پێناسەی گشتیی پێشمەرگە هەبێت.

لە حیزبی دێموکراتدا ژن وەک مرۆڤێکی سەربەست و خاوەن ڕا، وەک کەسایەتییەکی خاوەن ئیرادە ناسراوە و بە یەکسانی لەگەڵ پیاوان باسی ماف و ئەرک و ئازادییەکانی کراوە.

لە دیسکۆرسی حیزبی دێموکراتدا، ژنان نەک بە شێوەی هێمایین بەڵکوو بەشێوەی ئەکتەرێکی کارا، ڕۆڵی سەرەکییان لە گۆڕانکارییەکاندا هەیە.

ئەوان لە پرسەکانی پەروەردە و فێرکاری و پەرەدان بە ئاگایی و بەشداریی سیاسیی خۆیان و هەروەها وەک ئەکتەرێکی چالاک لە بواری چەکداریشدا لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا بەرگرییان لە ماف و ئازدییەکانی نەتەوەکەیان کردووە.

بەشی دووهەم

بۆیە جێگای خۆیەتی کە لە بۆنەیەکی وەک ٢٦ی سەرماوەزدا کە بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناسراوە، ئاورێک لە تێکۆشان و خەباتی ژنان لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکاندا بدەینەوە و هاوکات، پێداگری لەسەر ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە پەرەدان بە بوون و بەشداریی ژنان لەم گۆڕەپانەدا بکەینەوە.

٢٦ی سەرماوەز دەتوانێ دەرفەتێک بێت بۆ وەردانەوەی ڕووداوەکان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بەشداریی ژنان لە خەباتی حیزبی دێموکراتدا، ئەمە ئەتوانێ دەرفەتێک بێت تاکوو ژنان بە خەسارناسییەکی واقعبینانە، زیاتر لە ڕابردوودا هەوڵ بۆ بەشداریی کردەیی لە مەیدانی خەباتدا بدەن و لەلایەکی دیکەوە هەوڵ بدەن کە بە بردنەسەرەوەی ئاستی توانایی و خوێندەواریی خۆیان، ئەرکی قورستر لە ڕابردوو لە ئەستۆ بگرن.

**پێشمەرگەی ژن لە حیزبی دێموکراتدا، بەشێکی جیانەکراو لە خەباتی ئەم حیزبەیە و بێگومان بوون و بەردەوامیی ئەتوانێ کاریگەریی زۆری لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان و هەروەها گەشەکردنی حیزبی دێموکراتیش هەبێت.**

٦ی بەفرانباری ٢٧٢٥

## ئەکتەری مێژووساز



کۆمەڵگەی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا گۆڕەپانێکی بەرینی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بووە کە ژنان وەک بەشێکی سەرەکیی لەم ناڕەزایەتییانە ڕۆڵ و پێگەی تایبەتیی خۆیان هەبووە. ئەگەرچی لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ئێمەدا وەک نەتەوەی کورد ژن هەمیشە پێگە و ڕۆڵی تایبەتیتری هەبووە، بەڵام لانیکەم لە ماوەی زەمەنیی چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەم ڕۆڵ و پێگەیە بەرفراوانتر لە ڕابردوو خۆی بەرجەستە کردووە و ژنان لە ڕۆڵی پاڵپشتییەوە بوون بە ئەکتەری سەرەکی و کارای ناڕەزایەتی و بزووتنەوە جەماوەرییەکان.

لە ساڵی ٩٦ی هەتاویدا و لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکانی ئێراندا، لە تارانی پێتەخی بێدادیدا، ویدا موەحێد بە فڕیدانی لەچکەکەی بوو بە هێمای خەبات بۆ ئەو ژنانەی ساڵانێکی زۆر بوو لەژێر گوشاری حیجابی زۆرەملێدا، خنکابوون و سەرکوتی سیستماتیک نەیهێشتبوو دەنگ هەڵبرن. لە ڕاستیدا ئەمە بوو بە چەخماخەیەک بۆ دژایەتیی ئاشکرا لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ و شەپۆلەکانی هەموو کۆمەڵگەی ئێرانی گرتەوە و ستارتی کەمپەینەکانی "آزادیهای یواشکی زنان" و "چهارشنبەهای سفید" لێ درا. دواتر لە خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاویدا، شەپۆلێکی تر لە ناڕەزایەتییەکان هاتنە ئاراوە کە لەم ناڕەزایەتییانەشدا ژنان ڕۆڵی گرینگ و ئەرێنیان گێرا. قۆناغێکی دیکەی ناڕەزایەتییەکان، ناڕەزایەتییەکانی خەرمانانی ١٤٠١ بوو کە دوای

قەتڵی سیستماتیکی ژینا ئەمینی لە تاران و بەدەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشادی ڕژێم هاتە ئاراوە، ناڕەزایەتییەک کە بە هۆی بەستێنێک کە لە ساڵەکانی ٩٦ و ٩٨دا دروست کرابوو، بوێرییەکی زیاتری بۆ بەشداری بە ژنان بەخشی و وای کرد کە ژنان ببنە لیدەری ئەم ناڕەزایەتییانە و ڕۆڵی زۆر گرینگ و بەرچاویان گێرا. لە قۆناغی نوێی ڕاپەڕینی خەڵکانی ئێرانیشدا، کە لە ٧ی بەفرانبارەوە و بە نیشانەی ناڕەزایەتی بە دۆخی داسەپاوی ئابووری و قەیرانی بژێو دەستی پێ کرد، ژنان وەک هەمیشە پێشەنگی مەیدان بوون و لە ئەرکی خۆیان دوور نەکەوتنەوە.

هەرچەند هیچ ئامارێکی ورد سەبارەت بە ڕێژەی بەشداریی ژنان لەم بزووتنەوە و ناڕەزایەتییانەدا لەبەر دەستدا نییە بەڵام چەند خاڵ گرینگن کە دەبێ باسیان بکرێ.

لە ناڕەزایەتییەکانی ٩٦دا کە پرسەکە پرسی سیاسی و ئابووری بوو، ژنان بە کەڵکوەرتن لە دەرفەت، پرسەکانی خۆیان هێنانەوە گۆڕێ و ویدا موەحێد بە بێ هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەختە و ڕاگەیاندنی کەمپەینێک و بەشێوەی خۆڕسک، بوو بە سەرقافڵە و هۆکارێک بۆ دامەزرانی چەندین کەمپەینی جیاواز. ئەڵبەت نابێ لەبیرمان بچێت کە لەو کەمپەینانەدا پرسی سەرەکی تەنیا پرسی حیجابی زۆرەملێ بوو و نیشانەیەک لە باقی پرسەکانی ژنان بەتایبەت ژنانی سەر بە نەتەوە بندەستەکان لە ئارادا نەبوو.

لە ناڕەزایەتییەکانی ٩٨دا پرسەکە پرسی ئابووری و گرانبوونی نرخی بێنزین بوو، بەڵام درێژکێشانی ناڕەزایەتییەکان دۆخەکەی وا لێ کرد کە تەواویەتی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەرەکەشیەوە کرانە ئامانجی دروشمەکانی خەڵک و ژنان بەتایبەت لە کوردستان دەرفەتەکەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی کە بتوانن باس لە پرسەکانی خۆیان بکەن کە بەداخەوە بینیمان سەرکوتکارییەکانیش چەندە دڕندانە بوون و چۆن کوردستان بوو بە گۆمی خوێن.

لە ناڕەزایەتییەکانی ١٤٠١دا قەتڵی حکوومەتی و سیستماتیکی کچە کوردێکی غەریب لە تاران، پێش هەموو شوێنێک کوردستانی هێنایە مەیدان و شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان باقی شارەکانی گرتەوە. بەو بەستێنەوە کە لە ٩٦ و ٩٨دا هەبوو، ژنان ئەمجارە کە بینیبوویان ئاوا بە ئاشکرا و لەبەر چاوی جیهانەوە و بە بێ هیچ تاوانێک ئەکرێنە ئامانج و ژیانیان لێ دەستێندرێ، هاتنە مەیدان و ئەمجارە پێکەوە لە سەرتاسەری ئێران و کوردستاندا پێشەنگایەتیی شۆڕشەکەیان لە ئەستۆ گرت، هەر ئەمەش بوو وای کرد کە زۆر جار شۆڕشی ١٤٠١ بە شۆڕشی ژنان ناوی لێ برا و بە شۆڕشێکی ژنانە وەسف کرا. لەم قۆناغەدا ئەگەرچی مەرگی ژینا ببووە کاتالیزۆری سەرەکیی بزووتنەوەکە، بەڵام پرسی کوردبوونی ژینا تەنیا لە کوردستان گرینگیی پێ درا و شارەکانی ناوەند تەنیا حیجابی زۆرەملێیان لەلا گرینگ بوو. هەر بۆیە ناڕەزایەتییەکان لە



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان و شارەکانی دیکە جیاوازیی بنچینەییان هەبوو، بۆ کورد ژینا هێمای خاکێکی داگیرکراو و ڕەگەزێکی سەرکوتکراوی بێ ماف بوو و بۆ ناوەند مەهسا ببوو بە هێمای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ!

لە نارەزایەتییەکانی ئێستای ئێرانیشدا، ڕاستە کە پرسەکە لە تارانەوە دەستی پێ کرد و سەرەتا شەقامەکانی تاران هەژاند، بەڵام دیسان کوردستان بوو بە سەنگەری خەبات. ئەگەرچی هێڵەکانی ئینتێرنێت هەتا ئێستا چاک نەکراونەتەوە و هەواڵەکان زۆر بە ئەستەم لە سنوورەکان دێنە دەرەوە، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانەی کە لە شارەکانی وەک تاران و کەرەج و ساری و باقی شارەکانی دیکەدا شەهید کراون، خەڵکی کوردستانن کە بەشێکیشیان ژنن! ئەمە ئەو ڕاستییەمان پێ نیشان دەدات کە بەگشتی کورد و بەتایبەتیش ژنی کورد زۆر بوێرانەتر دێنە مەیدانەوە و ئامانجیان ڕامالینی داگیرکەرە ئەگەر بە نرخی گیانیشیان بێ.

لە خەباتی ئەم ساڵانە نیشانمان دەدات کە ژنی کورد هاوتەریب لەگەڵ پرسەکانی خۆی، بیر لە پرسی نیشتمانی و شوناسی نەتەوەیی دەکاتەوە، هەر بۆیە پێشەنگایەتیی خەبات لە ئەستۆ دەگرێت و قوربانیشی بۆ دەدات. شەهیدبوونی ڕۆبینا ئەمنینیان کچە خوێندکاری کورد لە تاران، پێمان دەڵێ کوردستان خاوەن ژنی بەهێز و بوێرە و لە ژیناوە هەتا ڕۆبینا، ژنانی ئێمە مێژووسازن.

**١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥**

## پەیڤی ژن لە "کوردستان"


کوردستان
دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان :
ئەزموونەکانی کۆماری کوردستان، بۆ ئێستای دەسەڵات و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیش، ڕێنوێن و جێی فێربوون

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک حیزبێکی مۆدێرن بە درێژایی مێژووی خۆی گرنگیی تایبەتی بە پرسی ژنان داوە و بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی داوە لە چوارچێوەی بەرنامە و دیسکۆرسی خۆیدا، پێناسە بۆ ژنان، ئەرک و مافەکانیان و هەروەها ڕۆڵ و پێگەیان لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا بکات.

باسکردن لە قۆناغە مێژوویییەکان بۆ سەلماندنی ئەم بایەخدانە بابەتێکە بە چاوخشاندنێک بەسەر مێژووی حیزبی دێموکرات و ئەو بەڵگە و دێکۆمێنتانەی کە لە ماڵپەڕ و مێدیای ئەم حیزبەدا هەن و ئارشیڤ کراون بە ڕوونی دەردەکەوێ. هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئەم حیزبەوە پرسی ژنان لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەم حیزبەدا گرنگیی پێ دراوە و دەرفەت بۆ بەشداری و وەئەستۆگرتنی ئەرک لە لایەن ژنانەوە و لە ڕاستای ئامانج و دووربینیەمەنی ئەم حیزبە بۆ داهاتووی کوردستان ڕەخساوە.

ژنان لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی ئەم حیزبەدا و بەپێی هەلومەرجی زاڵ بەسەر ژینگەی خەباتەکەدا، ڕۆڵی جیاواز و

گرنگیان گێڕاوە؛ لە هەندێ قۆناغدا چەکیان لە شان کردوە و لە سەنگەردا پارێزگارییان لە خاک و نیشتمان کردوە و لە هەندێ قۆناغیشدا، پاڵپشتێکی قایمی سەنگەر بۆ خەباتکاران و پێشمەرگەکانی حیزب بوون، لە هەندێ قۆناغدا خەباتی ژنان تەنیا لە چوارچێوەی خەباتی چەکداریدا مانا کراوەتەوە و لە هەندێ قۆناغیشدا ئەم خەباتە چووەتە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی و ڕۆشنبیرییەوە و هەندێ جاریش شێوازەکانی خەبات بە تێکەڵاوی بۆ ژنان بەرەوپێش چووە.

بە دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوییەوە و پاشان دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا، خەبات و تێکۆشانی ژنان قۆناغێکی نوێی بەخۆیەوە بینی.

ژنان لەم قۆناغە نوێیەدا، سەرەتا خۆیان لە چوارچێوەی یەکیەتیی ژناندا بینییەوە و دواتر ئەم ڕێکخراوەیە بوو بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی کە ژنان هەنگاوی گەورەتر بۆ گەشەکردن و پێگەیشتن لە گۆڕەپانی خەباتەکەدا هەڵبگرن. لەو سەردەمەدا کە ئاستی خوێندەواریی ژنان زۆر زۆر نزم بوو، ڕۆژنامەی کوردستان توانی ببێتە سەکۆیەک بۆ ئەو ژنانەی کە توانیبوویان لەو سەردەمە تاریکەدا کە بەسەر ژناندا زاڵ بوو، خۆیان ببیننەوە و بە نووسین و هاوکاریکردن لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، دەنگی خۆیان بە ژنان و بەتایبەتیش بە کۆمەڵگەی نەریتی و نەخوێندەواری ئەو کات بگەیەنن. بۆیە جێگای خۆیەتی کە یادێک لە یای کوبرا عەزیمی بکرێتەوە کە وەکوو یەکەمین ژن لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، بە دەستبردن بۆ قەڵەم پێگەی بۆ ژنان دیاری کرد و بوو بە سەرباشقەیەک بۆ ژنانی ڕزگاریخوازی دوای خۆی.

لە قۆناغەکانی دواتری خەباتی حیزبی دێموکراتدا، ڕۆژنامەی کوردستان وەک زمانحاڵی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ هەموو ڕووداو و برگە مێژووییەکان، لەگەڵ هەموو کەند و کۆسپ و هەوراز و نشێوەکانی سەر ڕێگای خەبات، هەم نوێنگەیەک بۆ باسکردن لە پرسی نەتەوایەتی بوو و هەم باشترین سەکۆ بۆ هێنانەگۆڕێی پرسەکانی تایبەت بە ژنان. لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا، بە سەدان پرس و بابەتی جیاواز سەبارەت بە دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو ستەم و نایەکسانییەی کە ژنان لە لایەن دەسەڵاتە پاوانخوازەکانەوە بەرەوڕووی بوونەتەوە لە "کوردستان"ەوە و بە قەڵەمی ژنانی تێکۆشەری کوردستان بە گوێی خەڵک گەیشتوون و باسیان لێ کراوە.

لە درێژەی هەمان ڕێچکەی پیرۆزدا، لە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٨ی هەتاویدا و لە حەفتاوچوارەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیەدا، ستوونی "وێستگە" بە مەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە پرسەکانی ژنان لە ڕۆژنامەی کوردستان دەستی بەکار کرد. یەکەمین وتاری وێستگە، بە ئاوڕدانەوەیەک لە نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ و گرنگیی ڕۆڵی ژنان لە نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا و لەژێر ناوی "ژنان قورسایی بە جووڵانەوە دەبەخشن" بڵاو کرایەوە. لەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا و

لە ٨٠ ساڵەی دەرچوونیدا، سەد و چلەمین ژمارەی وێستگە بڵاو دەکرێتەوە. لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا وێستگە هەوڵی داوە هەموو پرسە پێوەندیدارەکان بە ژنان و بەتایبەتیش نوێترین ڕووداو و پێشهاتەکان بخاتە بەر باس. لە یاسا دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، هەتا نارەزایەتییە جەماوەرییەکان و ڕووداوە مێژووسازەکانی شۆڕشی ژینا، قارەمانەتیی ژنان و کچانی نیشتمان وەک زارا محەممەدی و موژگان کاوسی و ژینا مودەرِس گورجی، هەتا قوربانیبوونی ژنان بە دەستی سیستەمی ئیدئۆلۆژیکی پیاوسالار و بە سەدان بابەتی دیکە.

لە هەموو وتارەکانی وێستگەدا هەوڵ دراوە وەک لە دیسکۆرسی حیزبی دێموکراتدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، باس لە پرسەکانی یەکسانی و دادپەروەری و پاراستنی کەرامەتی ژنان و ڕەچاوکردنی مافەکانیان وەکوو بەشێکی سەرەکی و گرنگ لە کۆمەڵگە بکرێتەوە. وێستگە هاوکات لەگەڵ باسکردن لە ئازارەکانی ژنان، هەوڵی داوە درِ بە تارماییەکان بدات و زۆرجار بە دروستکردنی پرسیار بۆ خوێنەر، زیاتر بیخاتە نێو دەریای قووڵی زانینەوە.

"کوردستان" و "وێستگە" لەم ساڵانەدا هەوڵیان داوە، سەکۆیەک بۆ گەیاندنی دەنگی ژنان بن و بێگومان ئەم ئەرکە قورسە لە قۆناغەکانی دواتری خەباتیشدا هەر بەردەوامە و ئەوە دەخوازێ کە ژنانی ڕۆشنبیر و ئاگا و وشیاری کۆمەڵگە، "کوردستان" وەک پێگەیەک بۆ گەیاندنی دەنگی هەقبێژیی خۆیان بەرانبەر بە کۆمەڵگە ببینن.

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## شکستی ئیدئۆلۆژیک



هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و بەتاڵانبردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ی هەتاویدا، دەسپێکی پرۆژەیەکی ئیدئۆلۆژیک بۆ بەچۆکداهێنانی ژنان بوو. پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، وێژمانی زاڵ ئەوە بوو کە ژنی هاوشانی پیاو لە خەبات و وەک هێمای فیداکاری و وشیاری پێناسە دەکرد. دەستوپێوەندییەکانی خومەینی بەڵێنیان دابوو کە دەسەڵاتی نوێ، پێگەی مرۆیی ژن دەپارێزێت و ژن لە "کاڵا"بوونی لە دەسەڵاتی پێشوو ڕزگار دەکات و پێگەیەکی باڵاتر، شیاوتر و کاراتری پێ ببەخشێ. ئەم ڕێژیمە لە سەرەتاوە بە دروشمگەلێکی وەک ئازادی، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆیی، هیوایەکی بێوێنەی خستە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش ژنانەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنەسەرکار و جێگیربوونی یەکەم پەلامارەکانی بۆ سەر ئازادیی ژنان بوو.

لە پێناسەی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوودا، ئازادیی ژن نەک بژاردەیەکی تاکەکەسی بەڵکوو لە چوارچێوەی "بەها ئیسلامییەکان" دا پێناسەی بۆ دەکرا. چوارچێوەیەک کە لە سەرەتادا بەڵێنی دابوو ژن لە هەڵاواردن، توندوتیژی و نادادپەروەری بپارێزێ، بەڵام هەقیقەتەکە ئەوە بوو کە ئەم دەسەڵاتە ژنی لە هاوولاتییەکی خاوەن مافەوە بۆ سووژەی

یاسادانان، کۆنترۆڵکردن و پێناسەکردنەوەی ئیدئۆلۆژیک گۆڕی. ئەم دەسەڵاتە بە خێرایی یاساکانی پێناسە کردنەوە و لە جیاتی پێداگری لەسەر ئەو بابەتانەی کە بەڵێنی دابوو، پێداگریی لەسەر پێناسەکردنەوەی جێندەریی ڕۆڵی ژن کردەوە و بەم شێوەیە ڕۆڵی ژنی تەنیا لە چوارچێوەی بنەماڵە و پیرەوکردنی ئیدئۆلۆژیی خۆیدا دەبینی.

زۆر زوو بنەماڵەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و یاساکانی پێوەندیدار بە پرسەکانی وەک هاوسەرگیری، جیابوونەوە و سەرپەرستیی منداڵ گۆڕدران و باڵادەستی لە یاساکاندا بە پیاوان درا. لێرەدا بوو کە بنەماڵە بوو بە یەکەکی گرینگی بەرهەمهێنەرەوەی بیرۆکەی پیاوسالار و ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵات بە جۆرێک کە ژن زیاتر وەک تاکێکی ئەرکدار پێناسەی بۆ کرا و لە خاوەن ماف بوون دامالرا. حیجابی زۆرەملێ بەسەر ژندا سەپێنرا و بوو بە یەکێک لە گرینگترین هێماکانی ڕێژیمەکە و هاوکات جەستەی ژن بوو بە مەیدانێک بۆ نمایشکردنی ئۆتۆریتەی سیاسیی دەسەڵات. هاوکات لەگەڵ ئەمە بەشداریی ژن لە کۆمەڵگە کاڵ بووەوە و سەربەخۆیی ئابووریشی لێ زەوت کرا. بەم شێوەیە ڕێژیم لە سێکوچکەی بنەماڵە، حیجاب و کاردا هەوڵی دا ژنی گوێڕایەڵی دەسەڵاتەکەی بەرهەم بێنێ.

ئەگەرچی یاساکان و سیاسەتی ڕێژیم ئامانجی دیکەی هەبوو بەڵام، هەقیقەتی کۆمەڵگە ڕێبازێکی دیکەی گرتە بەر. ژنان بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی ڕێژیم دەستەمۆ نەبوون و خڕاگریی تایبەتیان نواند. ژنان بە خوێندن هەنگاوێکی گرینگیان لە پێناسەی پێگەی خۆیاندا هەڵگرت و سەرەڕای بەرتەسککردنەوەی فەرهەنگی و جێندەری، درێژەیان بە خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی خۆیان دا و ڕوانینی ڕەخنەگرانەیان بە دەسەڵات و بەربەستەکان وای کرد بە پێچەوانەی خواستی ڕێژیم کە دەیەویست ژن لە چوارچیوەیەکی ئیدئۆلۆژیکدا کۆنترۆڵ بکات، بەستێنی گەشەی نەوەیەکی وشیارتر و مافویستتری دروست کرد. ئەمە وای کرد کە ژنان سەرەڕای سیاسەتی کۆنترۆڵ، وردەوردە جێ پێی خۆیان لە کۆمەڵگەدا قایمتر کردەوە و نەک تەنیا لە کۆمەڵگە دوور نەکەوتنەوە بەڵکوو توانییان ببنە ئەکتەرێکی سەرەکی.

لە دەیەکانی ڕابردوودا و لەگەڵ دەسپێکی شەپۆلەکانی ناڕەزایەتییەکان، بەرخودانی ژنان لە ئاستی تاکەکەسی تێپەڕی و ئەمجارە پێداگرییان لەسەر بەشداری لە ئەکتی بەکۆمەڵ و سیاسیدا دەکردەوە. لێرەدا بوو کە ژن لە سووژەی سیاسییەوە بوو بە بکەری ناڕەزایەتییەکان. ئەم بوون و پێداگرییە وای کرد کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا، پرۆژەی ژنی ئیدئۆلۆژیک تووشی شکست بێت. هەر لەم قۆناغەدا هاوکات لەگەڵ توندتربوونەوەی یاساکان بۆ سنووردارکردنی ژن، ئەم توێژە زیاتر هەوڵی پەرەدان بە پەروەردە و سەڵماندنی بوونی خۆیان دا و نەک تەنیا لە کۆمەڵگە دوور نەخرانەوە بەڵکوو ڕێڕەوی مێژوویی ژیانی خۆیان گۆڕی. لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا، ژن لە خۆڕاگریی پچڕپچڕ و تاکەکەسییەوە، بوو بە ئەکتەری سەرەکیی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و لە پەراوێزەوە هاتە ناوەندی خەباتەکە.

بەشی دووهەم

ئەگەرچی لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری ڕێژیمدا چالاکیی ژنان زۆر بەتەسک کرایەوە بەڵام ژنان کەم یان زۆر هەر لە مەیداندا بوون، دواتریش وەک لیدەر هاتنەوە مەیدان و داواکارییەکانی خۆیان خستە پاڵ داواکارییەکانی کۆمەڵگە.

لە چوارچێوەی ڕێژیمێکدا کە جەستەی ژن کەرەستەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی بە ئەژمار دەهات، ژن مانایەکی دیکەی بە جەستەی خۆی بەخشی و بوونی ژن لە گۆڕەپانی خەباتدا، مانای سیاسیی پێ بەخشرا. کەوایە سیاسەتی کۆنترۆڵی ژن، خولقانی ژنی نارازی و ئاگای بەدواوە بوو. ئەگەرچی ڕێژیم بە داتاشینی یاسا و سیاسەتی ڕەگەزتەوەر هەوڵی زۆری دا ژنان بە دڵخوازی خۆی پێناسە بکات بەڵام، ئیرادەی ژنان، ئاقاری ڕووداوەکانی گۆڕی.

ژنان بە هەنگاوهەڵگرتن لە گۆڕەپانی زانست و شکاندنی تابۆکان، وەک بکەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرکەوتن و توانییان شوناس و بوونی خۆیان پێناسە بکەنەوە. پرۆژەیەک کە بڕیار بوو ژن لە قاڵب بدات و گوێڕایەڵ و ملکەچ باری بێنێ، وای کرد کە ژنی سەرکەش، وشیار و مافخواز پەروەردە بکرێت و زیاتر لە چوار دەیە هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ دروستکردنی ژنی ئیدئۆلۆژیک شکستی هێنا.

٩ی ڕەشەمەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# تاڵ و شیرین



ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرەوپیری نەورۆز و ساڵی نوێ دەچین کە کوردستان نوقمی دووکەڵ و شەڕ و ئاڵۆزییە. بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو کە هەموو کۆمەڵگەی کوردستان سەرەڕای نالەباربوونی دۆخی ئابووری و لەژێر دۆخی داسەپاوی سیاسیدا ئامادەکارییان بۆ بەڕێوەبردنی نەورۆزێکی بەشکۆ دەکرد تاکوو وەک هێمای پێکەوەبوونی نەتەوەیی ڕێزی لێ بگرن، ئەمساڵ دۆخەکە زۆر جیاوازە.

لە بەفرانباری ئەمساڵدا، شەپۆلێکی نوێی نارەزایەتییەکان لە تارانەوە دەستیان پێ کرد و لە درێژەی ئەم نارەزایەتییانەدا، ڕێژیم وەک خووی هەمیشەیی خۆی دەستی بە سەرکوتی دڕندانەی خەڵک کرد. هەر ئەم دڕندەییە وای کرد لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباری ١٤٠٤دا هەزاران کەس لە خەڵکی ئازادیخوازی بکرێنە ئامانج و ئەم سەرکوتکارییە لە ناوچەکانی ئیلام، کرماشان و مەڵکشایی کارەساتی گەورەیان بەدواوە بوو. کوشتاری خەڵکی بێتاوان بە تایبەت لە کوردستان وای کرد خەڵک زیاتر لەوەی کە بیر لە هاتنی ساڵی نوێ و دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە ژیان بکەنەوە، بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن نەورۆزی ئەمساڵ بکەن بە هەوێنێک بۆ هاوخەمی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هەر کامیان بە جۆرێک لەم سەرکوتکارییەدا ئازیزێکیان لەدست دابوو.

ڕووداوەکـان زۆر بە خێرایـی تێـپەڕین تـاکوو لە ڕۆژی ٩ی ڕەشـەمەی ئەمسـاڵدا، هێرشـیان کـردە سـەر کۆمـاری ئیسـلامی و چەخمـاخەی شـەڕێکی دیکە لە نێـوان ئێـران- ئیسـرائیل و ئەمریکـادا لـێ درا. لە مـاوەی زیـاتر لە ٢٠ ڕۆژی ڕابـردوودا کە شـەڕەکە بەردەوام بـووە، زۆربەی سـەرانی ڕێـژیم لەوانە خـامنەیی ڕێـبەری ئەم ڕێـژیمە نگریسـە تێـدا چـوون، و ئەو هیـوایە لەنێو خەڵکدا سەری هەڵداوە کە بێگومان نەورۆزی ئەمساڵ، نەورۆزی ئازادی دەبێ!

ئەگەرچـی دەسپێکی شـەڕ و مـاڵوێرانی لە خۆیدا ڕووداوێکـی ناخۆشە بەڵام، ئەم شـەڕە بـۆ خەڵکـانی وەزاڵەهـاتووی ئێـران، مژدەی بەهارێکی نوێ و دەسپێکێکی نوێ بۆ بونیاتنانەوەی داهـاتوویەکی گەشە. لە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا و بەتـایبەت لە دەسپێکی شۆڕشـی ژینـاوە، جیـا لەوەی کە هەمـوو توێژەکـانی کـۆمەڵگە کەوتـنە بەر هەڕەشـەی سـڕینەوە و سـەرکوتکارییەوە، ژنان بەشێک لەو کۆمەڵگەیە بوون کە زیـانی زۆریـان بەرکەوت. لەو کـاتەوە هەتـا ئێسـتا کـۆمەڵگەی ئێـران بە زۆر قۆنـاغی جیـاوازدا تێپەڕیـوە، ڕێـژیم هاوکـات لەگەڵ کوشـتنی سیسـتماتیکی خەڵکـی سەرشـەقام و هەوڵـدان بـۆ سـەرکوتی خەڵکـی ئـازادیخواز، هەمـوو ڕێگاکـانی دژایەتـی لەگەڵ ئـازادیی خەڵکـی تـاقی کـردەوە. لەم نێـوانەدا ژنـان لەگەڵ ئەوەی کە قوربـانییانی سەرەکیی ناڕەزایەتییەکان بوون، توانیان سەرەکیترین ئەکتەری مەیدانی خەباتەکەش بن.

نەورۆزی ئەمسـاڵ لە کاتێکـدا دەسـت پـێ دەکـات کە کوردسـتان لەلایەکەوە خەمبـاری لەدەسـتدانی ڕۆڵەکـانی لە ئـیلام و مەڵکشـاییە و لەلایەکـی تریشـەوە بێـزوو بە ئـازادییەوە ئەکـا. ڕووداوەکـانی ئەم ڕۆژانە ئەگەرچـی تـاڵن و دەتـوانن تـا سـاڵەهای سـاڵ کاریگەرییـان لەسـەر دەروونـی خەڵـک بەتـایبەت ژنـان و منـداڵان بمێنێـتەوە، بەڵام هاوکـات مزگێنیـدەری بەهارێکی نوێ و داهاتوویەکی گەشن. ئەم قۆناغە، قۆناغێکی هەستیارە، ژنـان لەم قۆنـاغەدا ئەگەرچی ئەتـوانن زیـاترین خەساریان بەر کەوێ بەڵام هاوکات دەتوانن ڕۆڵی گرینگیش بگێڕن.

لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەیەک لەو ژنانە لە شارەکانی کوردستان و لەژێر دەنگی مووشەک و درۆنەکـانی ئەمریکا و ئیسـرائیلدان و نا بۆ لەناوچوونی دەسەلاتی خـوێنمژی کۆمـاری ئیسلامی دەکەن، لەلایەکـی تـرەوە ژنـانی دیکەش لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردسـتانی ئێـران و لەنێـو حیـزب و لایەنە سیاسـییەکاندا، هاوکـات لەگەڵ بەرەنگـاربوونەوە لەگەڵ هێرشـەکانی کۆمـاری ئیسلامی بـۆ سـەر بـنکە و بارەگـا و شـوێنی حەسـانەوەیان، بیـر لە بونیاتنـاەوەی نیشـتمانەکەیان لە داهـاتوویەکی نزیکـدا دەکەنەوە. لەم قۆناغەدا، ژنان دەتوانن کۆڵەکەی قایمی ورەبەخشین بە کـۆمەڵگە بـن، هاوکـات لەگەڵ ئەوەی کە هـاوخەمی ژنانی دیکە بن کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا کەسانی ئازیزی خۆیان لەدەست داوە، ئەتوانن هێمای کـۆڵنەدان و پێدانی هیـوا بۆ دوارۆژێکی ڕووناک بە کۆمەڵگە و بنەماڵەکانیان بن.

بەشی دووهەم

نەورۆزی ئەمساڵ بۆ کوردستان، نەورۆزێکی تاڵ و شیرینە! تاڵە چونکە لە بەرەبەری نوێبوونەوە و گەشەی سروشتدا، کوردستان ڕەشپۆشی ڕۆڵەکانییەتی و شیرینە چونکە هاوکات، بووەتە دەرفەتێک بۆ جێژنگرتنی نەمانی داگیرکەر، داگیرکەرێک کە ٤٧ ساڵە دەمی لە خوێنی خەڵک ناوە و لە هەموو ڕێگایەک بۆ سەرکوت و کوشتاریان کەڵکی وەرگرتووە و نەیهێشتووە تامی ئازادی بکەن. ئەم نەورۆزە بۆ ژنان، نەورۆزی هیوا بە داهاتوویە و بێگومان مژدەی ڕزگاربوونی ئەوان لە چنگ داگیرکەرێکی پێیە کە لە ٤ دەیەی ڕابردوودا، هەموو چەشنە سەرکوتکارییەکی بەرنابەریان ئەنجام داوە و لە هەموو مافە ئینسانییەکانیان بێبەری کردوون.

ژنان لەم جێژنە مەزنەدا، یەکەم سەرکوتووەکانی مەیدانی خەباتن! ئەوان لەم بەهارەدا سەرکەوتن بەسەر هەڵاواردن، کوشتنی سیستماتیک و سەدان دیاردەی خولقاوی دەستی کۆماریدا جێژن دەگرن کە نەیهێشت لەم ساڵانەدا وەک مرۆڤ بژین.
نەورۆزی ئەمساڵ نەورۆزی نوێبوونەوە و گەیشتن بەو ئاواتانەیە هەزاران کەس لە ژن و پیاوی ئازادیخواز نرخیان بۆ دا و گیانیان بۆ فیدا کرد.

١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

# هێزی بەکرێگیراو



لە گەرمەی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ناچەکەدا و لەو کاتەدا کە فڕۆکەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشدا خەریکی بوردومانی ئێرانن و تەنگیان بەو ڕێژیمە دژەمرۆییە هەڵچنیوە، کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دوایین پەلەقاژەکانی خۆی بۆ مانەوە، لە بواری میدیاییشدا بێدەنگ دانەنیشتووە و بە بڵاوکردنەوەی زنجیرەفیلمێک، خەریکی ڕەواییدان بە دەستدرێژییەکانی بۆ سەر وڵاتانی ناوچە و هاوکات سەرکوتی خەڵک لە نێوخۆی ئێرانە!

لەو کاتەدا کە هێڵەکانی ئینتێرنێت پچڕاون و خەڵکی نێوخۆی ئێران بە بارمتە گیراون و هەموو جۆرە پێوەندییەکیان لەژێر چاوەدێریی چڕدایە و هیچ دەستڕاگەیشتنێکیان بە دنیای دەرەوە نەماوە، دەنگوڕەنگی سەرکوتکاری ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی فیلم لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژیی خۆیدا خەریکی چەواشەکردنی ڕاستییەکانە. فیلمی "روشنایی شب"، نوێترین بەرهەمی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامییە کە جیا لەوەی تێیدا هەوڵ دراوە کورد و حیزبە کوردستانییەکان وەک تێرۆریست بناسێنێ، یەکێک لە ئامانجەکانی زەقکردنەوەی ژن وەکوو سووژەیەکی سەرەکی لە ڕووداوەکانە.

لەسەر بەشی یەکەم کە باس لە پرسی کوردە، دەرفەت زۆرە و زۆر جار باس لەو بابەتە کراوە کە حەقیقەتی بزووتنەوەی کوردی لە کوردستان، وێژمانێکی ڕزگاریخوازانەیە و کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست هەمیشە هەوڵی داوە خۆی لە دیلی و

بندەستی ڕزگار بکات و بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە ڕێگەی خەباتی ڕەوای لەبەر گرتووە. ئەوەی لەم وتارەدا باسی لێ دەکرێت، کەڵکوەرگرتن لە بوونی ژن وەک سووژەیەکی سەرەکییە. لەم فیلمەدا کە وا پێدەچێت بەسێکی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بێت هەوڵ دراوە کە ژنێکی سەر بە ڕێژیم وەکوو کەسایەتییەکی ڕزگاریدەر نیشان بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە ژنێک لە پێگەی مۆرەیەکی ئیتلاعاتیی ڕێژیمەوە کە نوێنەرایەتیی ڕێژیم دەکات، وەک کەسێکی زیرەک و کارزان ڕۆڵ دەگێڕی کە لە خزمەت دەزگای سەرکوتدایە.

لەم فیلمەدا چەمکی "ژنی بەهێز" دەستی بەسەردا گیراوە و نیشان دراوە کە ژنی بەهێز ژنێکە کە هەوڵی لەنێوبردنی دوژمن دەدات، بەرانبەر بە ڕێژیم وەفادارە و بەشێک لە ماشینی سەرکوت و دەزگای بەناو ئەمنییەتی ڕێژیمە. هەڵبژاردنی ژن وەکوو سووژەی سەرەکی، بۆ ئەوەیە کە ژن وەکوو کەرەستەیەک بۆ گێڕانەوەیەکی ئەمنییەتی بناسرێت. ئەم ژنە لە فیلمەکەدا تەنیا کەسایەتییەک نییە، بەڵکوو سووژەی ڕەواییدان بە ڕێژیمە و هەموو ڕۆڵی ئەو ژنە بە دەور ئەو بازنەیەدا دەخولێتەوە کە بتوانێ ڕەوایی بە دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بدا، سەرکوتکاری وەک ئەرکی نیشتمانی نیشان بدات و وەک هەستێک بیخاتە نێو جەماوەرەوە و لەلایەکی دیکەشەوە ڕوانینی ئەمنییەتی بەرانبەر بە نەتەوەی کوردیش، ئاسایی بکاتەوە. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە شوناسی ژنبوون، هەوڵ دەدات گێڕانەوەی توندوتیژ، بۆ خەڵک ئاسایی بکاتەوە کە ئاسانتر بتوانن قەبووڵی بکەن، چونکە لە یادگەی بەردەنگدا، ژن زیاتر لەگەڵ ئاشتی و ژیان لە پێوەندیدایە. لە شۆڕشی ژینادا، بەربڵاوبوونەوەی دروشمی سەرەکی کە هەڵقوڵاو لە ساڵانێک سەرکوتی ژن، ژیان و ئازادی بوو، پرسی ژنی کوردی زۆر بەتایبەتی کردە ڕۆژەڤ و ئەمەش وای کرد ڕێژیم کاردانەوەی جیاواز نیشان بدات و چەند دروشمی ئیدئۆلۆژیک لەم چوارچێوەیەدا و لە بەرانبەر دروشمە سەرەکییەکەدا بڵاو بکاتەوە. لە نوێترین کاردانەوەشدا، بەم فیلمە خەریکی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دروشمێکە کە مێژووی تایبەتی هەیە و هەڵقوڵاو لە ویست و داخوازی نەتەوەیەکە. لە وێژمانی ژن، ژیان، ئازادیدا، ژن سووژەیەکی سەربەخۆیە، ژن لەو شۆڕشەدا ڕەخنەگری سەرەکیی دەسەڵات و خوازیاری گۆڕانە و نە تەنیا پارێزەری نەزمی داسەپاوی دەسەڵات نییە، بەڵکوو کەرەستەی دەستی هێزی باڵادەستیش نییە.

لە ڕاستیدا ئەم فیلمە هەوڵ دەدات "ژنی بەهێز "پێناسە بکاتەوە، بەڵام ئەم هێزە، هێزێکی بەکرێگیراو لە سیستمێکی ئەمنییەتییە، نە هێزێکی سەرچاوەگرتوو لە وشیاری و ئازادی.

لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا، ژنی بەهێز لە بەرانبەر سەرکوتدا خۆڕاگری دەکات، جەستە و ژیانی خۆی وەردەگرێتەوە و گێڕانەوە فەرمییەکان تووشی ئاڵنگاری دەکات. ژنی دڵخوازی ڕێژیم لەم فیلمەدا ژنێکی گوێڕایەڵە، لە کاتێکدا کە ژنی ڕاستەقینەی نێو کۆمەڵگەی ئێران، ژنێکی ناڕازی، وشیار و مافخوازە. ئەم فیلمە هەوڵێکە بۆ


بەشی دووهەم

پێناسەکردنەوەی "ژنی دڵخوازی ڕێژیم"، ئەویش لە کاتێکدا کە ئەو پێناسەیە بەتەواوەتی تێک چووە. لە ڕاستیدا، زیرەکیی ئەم ژنە (کە زیرەکییەکە لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە و بینینی فیلمەکە زۆر شت دەردەخات) تەنیا هەوڵێک بۆ جوان نیشاندانی سەرکوتە! ئەم جارە ڕێژیم هەوڵی داوە سەرکوت لە سیما و جەستەی ژنێکدا نیشانی بەردەنگ بدات نەک لە سیمایەکی توندوتیژ و پیاوانەدا. ئەم چەشنە لە پڕوپاگەندە تەنیا دەچێتە خانەی ئاخرین پەلەقاژەکانی ڕێژیمێکەوە کە سەرسەخترین دوژمنی ژنان لە ساڵانی ڕابردوودا بووە.

ئەم بەرهەمە نوێیەی ڕێژیم هەوڵێکە بۆ ئەوەی لە بەرانبەر ژنی ڕزگاریخوازی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، ژنێکی گوێڕایەڵی بەهێز بخولقێنێ کە لە جیاتی هەوڵدان بۆ ئازادی، هەوڵ بۆ پاراستنی دەزگای سەرکوت دەدات. دەزگایەک کە تەنیا لە مانگی بەفرانباردا هەزاران ژنی بە تاوانی نارەزایەتیدەبڕین کوشت.

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

## غەریبی خاک



پرسی خاک بۆ کورد تەنیا جوغرافیا نییە، ئەم پرسە پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شوناس، مێژوو و تەنانەت مانەوەی کورد وەک نەتەوە هەیە. کورد وەکوو گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهان هەمیشە هەوڵی دەستەبەرکردنی ماف و سەرەوەریی خۆی داوە. هەر ئەمە وای کردووە "نیشتمان" هێمای خولیاکانی بۆ سەربەخۆیی و دیاریکردنی چارەنووسی بێت.

خاک بۆ کورد، تێکەڵاوێک لە بیرەوەری، ئازار، بەرخودان و هیوا بە داهاتوویە، داهاتوویەک کە بە هەزاران لاوی نیشتمانی بۆ بوونەتە قوربانی و بێگومان کاروانی گیانفیداییەکەشیان دووردرێژە. خاک و نیشتمان دووانەیەکی لێکدانەبڕاون، پرسی نیشتمان مرۆڤ بە خاک دەبەستێتەوە و وا دەکا کە لەپێناویدا ئامادەی هەر چەشنە گیانبازییەک بێت. لە بەرانبەردا نەبوونی خاک و نیشتمانی سەربەخۆ وای کردووە کە کورد تووشی نەهامەتی زۆر ببێتەوە. زۆر جار بە ڕووداوێک، زامی نەبوونی خاک و نیشتمان دەکولێتەوە و تاکی کورد خۆی لە قووڵایی زامێکدا دەبینێتەوە کە پێی وایە قەت سارێژ نابێت. هەرچەند مێژووی کورد پڕ لەم زامە ناسۆرانەیە بەڵام لەم وتارەدا دەمەوێ دوو بابەت باس بکەم و بە بەراوردێکیان تۆزێک زیاتر زامەکە هەڵدەمەوە.

لە هاوینی ١٤٠١دا، ژینا ئەمینی لە تارانی پێتەختی کۆماری ئیسلامیدا، بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی دڵخوازی ڕێژیم

کرایە ئامانجی قەتڵێکی سیستماتیکی حکوومەتی. دوای شەهیدبوونی باس لەوە کرا براکەی لە ئیدارەی گەشتی ئێرشادی ڕێژیم گوتوویەتی: ئێمە غەریبین! ئەمە تەنیا یەک ڕستە نییە! تراژێدیایە، تراژێدیایەک کە ئەوەی بێ خاک و نیشتمان نەبێ لێی تێ ناگات. ئەو جوغرافیایەی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە پارێزگاریی لێ دەکات و بە نیشتمانی هەمووانی ناو دەبات، ئەو خاکەی کە لە کاتی شەڕدا و بە قسەی خۆی کوردی غەیوور بە باشترین پاسەوانی دەزانێ لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا، تەنیا غەریبستانێک بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکە بوو! بۆیە ژینای غەریب لەو شارەدا و بێبەزەییانە بوو بە قوربانیی سیاسەتی ئیدئۆلۆژیکی خۆبەزلزانی ناوەند و دواتر تەرمە بێ گیانەکەی گەڕێندرایەوە بۆ کوردستان!

لە لایەکی ترەوە و لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە درێژەی دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و کردنە ئامانجی حیزبە کوردستانییەکان لەم هەرێمە، سێ کچە پێشمەرگەی کوردستان بە ناوەکانی غەزاڵ مەولان، نەدا میری و سەمیرا ئەڵڵایاری شەهید بوون. شەهیدبوونی ئەم سێ کچە پێشمەرگەیە -کە هاوکات شەهیدبوونی لاوێکی دێموکراتیشی لەگەڵ بوو- جارێکی دیکە هەست و سۆزی خەڵکی وروژاند و شەپۆلێکی بەرین لە هاوخەمیی بۆ شەهیدبوونی ئەم کچانە لەنێو خەڵکدا دەستی پێ کرد. بەڵام زامەکە ئەوکاتە زیاتر بەسوێ بوویەوە کە بەخاکسپاردنی تەرمەکان بە هۆی باری ئەمنییەوە تووشی ئاڵنگاریی زۆر بوویەوە و لە کۆتاییشدا زۆر غەریبانە بە خاکی کوردستان ئەسپێردران.

کۆماری ئیسلامی پێش بەخاکسپاردنی تەرمی غەزاڵ، گۆڕستانەکەی کردە ئامانج و نەیهێشت تەرمە بێگیانەکەشی لە ئاسوودەییدا بنێژرێت! ئەم دۆخە وەبیرهێنەرەوەی ئەوە شێعرەی مامۆستا شەریفە کە دەڵێ: "من لە شاری خۆم غەریب و بۆ هەموو بێگانە خۆم، کۆتری کوژراوی ڕێگەی لانە خۆم، بێلانە خۆم"! ئەمانە گێڕانەوەیەکن لە سێ چیرۆک، سێ بەسەرهات، سێ ڕووداو، سێ شەهید و سێ کچی پڕ لە ئاوات و خۆزگە!

سەرنجدانێکی هەر دوو بابەتەکە، دەرخەری قووڵیی زامەکانی ئێمەیە، زامی نەبوونی خاک و ئاوارەبوون لە نیشتمان! ئەگەرچی ئەم دوو چیرۆکە لە دوو جوغرافیای جیادا ڕوویان داوە و هەرکامەیان بە چەشنێکن، بەڵام دوو خاڵی هاوبەشیان هەیە! ئەویش هەبوونی دوژمنێکی ستەمکار و بێبەش بوونمان لە خاکە!

ژینا بە دەستی سەرسەختترین دوژمنی کوردستان، واتە کۆماری ئیسلامی شەهید بوو. ئەم کچە بوو بە قوربانیی ئیدئۆلۆژییەک کە ساڵانێکە ژن دەچەوسێنێتەوە و نە وەک مرۆڤ و نە وەک ژن هیچ مافێکی پێ ڕەوا نابینێ. لەلایەکی دیکەوە کچە پێشمەرگەکانی کوردستان وەک کەسانێکی خاوەن هەست و ئاوەز، بە هەستکردن بەو ستەمە کە ژینای کردە قوربانی، دێنە مەیدانی خەباتەوە و بۆ بەرگری لە مان و شوناسی خۆیان چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکەن. لەم دوو



سەرچاوە
Serchawe

بەشی دووهەم

چیرۆکەدا، چوار کچی پڕ لە خۆزگە و ئاوات بە چارەنووسی جیاواز شەهید بوون. بیرکردنەوە لەم ڕووداوانە پێمان دەڵێ کە لە هەر سێ ڕووداوەکەدا، پرسی خاکە کە ئەم کچانە کۆ دەکاتەوە، ژینای بێگانە لە تاران و غەزاڵ، نەدا و سەمیرای پێشمەرگەی دابڕاو لە خاک و زێد! تێڕامان لە شەهیدبوونی ئەو کچانە کە هەرکامەیان دەیانتوانی لە داهاتوو و لەسەر خاکێکی سەربەست خزمەی زیاتر بە نەتەوەکەیان بکەن، ئەو هەقیقەتەمان وەبیر دێنێتەوە کە ئەگەر لە قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەکاندا، هەوڵ بۆ ڕزگاربوونی خاک و نیشتمانەکەمان نەدەین، پرسی خاک وەک پرسێکی چارەسەرنەکراو بەرە لە دوای بەرە، ڕۆڵەکانمان دەکاتە قوربانی.

وتەیەکی دوکتور قاسملوو بیر دێنمەوە کە ئەگەر ئەم نەوەیە لە ڕزگارکردنی خاکدا نەتوانین ڕۆڵی شیاوی خۆمان بگێڕین، بێگومان نەوەکانی داهاتوو و بە هەزاران غەزاڵ، نەدا، سەمیرا و ژینا دەبێ لە تروپکی لاویدا ببنە قوربانی. هەزاران کچی وەک ئەوان هەن کە ئاواتیان هەناسەکێشان لەسەر خاکی خۆیان و بونیاتنانی نیشتمانێکی دوور لە شەڕ و ڕازاوە بە ئازادی و سەربەستییە.

٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

## سەرکوتی ئابووری




پچڕانی ئینتێرنێت تەنیا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نەپساندووە، بەڵکوو نانی زۆر کەسی بڕیوە. بۆ هەزاران ژن لە ئێراندا، ئینتێرنێت شوێنی کار و تەنیا ڕێگەی چوونە نێو قووڵایی ئابووری بوو کە دەرگاکانی لە جیهانی ڕاستەقینەدا بۆ ئەوان داخراوە.

پچڕانی درێژماوەی ئینتێرنێت لە ئێران بەشێک لە ئەکتەرانی ئابووریی کۆمەڵگەی کردە ئامانج کە زیاتر لە هەر گرووپێکی دیکە بەستراوەی بوون؛ ژنان. ژنگەلێک کە لە ساڵانی ڕابردوودا، لە نەبوونی دەرفەتی یەکسان لە بازاڕی فەرمیی کاردا، پەنایان بردبووە بەر دنیای مەجازی و لە فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵەوە بگرە هەتا فێرکاریی ئانلاین کەڵکیان لێ وەردەگرت. بۆ زۆرەی ئەم ژنانە، ئینتێرنێت نەک تەنیا کەرەستەی کارکردن، بەڵکوو دەرفەتی بینران، سەربەخۆیی ئابووری و تەنانەت پێناسەکردنەوەی شوناسیان بوو. لە ڕاستیدا داخرانی ئینتێرنێت بە جۆرێک لە سەرکوتی سیستماتیکی ژنان لە باری ئابوورییەوە دادەنرێت. بەسترانی ئەم ڕێگایە، شتێک زیاتر لە لەدەستدانی پلاتفۆرمێک بوو، لێرەدا ڕێڕەوی ژیان ڕاوەستا.

هاوکات لەگەڵ دەسپێکی شەڕ لە ٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ەوە، کۆماری ئیسلامی شەپۆلێکی دیکە لە پچڕاندنی ئینتێرنێت و سنووردارکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوەی دەست پێ کرد. لەو کاتەوە هەتا ئێستا کە زیاتر لە ٦٥ ڕۆژی بەسەردا تێدەپەڕێ، خەڵکانی ئێران لە دنیای ئینتێرنێت دابڕاون و بە بارمتە گیراون.

لەم ڕاستایەدا، کۆمەڵێکی بەرچاو لە ژنان کە کار و کاسبییان لە ڕێگەی ئانلاینەوە بەڕێوە دەچوو، بە تەواوی دەستیان بەسترا و تووشی قەیرانی قووڵی ئابووری بوون.

هۆکاری ئەم قەیرانە ئابوورییە لە نایەکسانیی بازاڕی کاردایە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئابوورییەکەی زیاتر لە دەستی پیاواندایە و دەستڕاگەیشتنی ژنان بە دەرفەتی یەکسان، بەردەوام سنووردارە، زۆربەیان ناچارن بە دوای کەشێکی جێگرەوەدا بگەڕێن و ئینتێرنێت باشترین بژاردەیە.

بە هۆکارگەلی وەک فەرهەنگ، کولتووری بنەماڵە و تەنانەت هەڵاواردن لە دامەزران و حەقدەست و بەرزبوونەوەی پلە لە کاردا، فەزای دیجیتاڵی دەرفەتێک بۆ پەیداکردنی بژێو بە بێ تێپەڕاندنی لەمپەرە قورسەکانی دیکە بۆ ژنانە. لەلایەکی تریشەوە، کاروباری ئانلاین لە قەبارەی بچووک و بە سەرمایەی کەم و بە بێ پاڵپشتیی بەهێزی دارایی یان یاسایی فۆرم دەگرن و نەبوونی ئینتێرنێت زیاتر خەساریان لێ دەدات.

جیا لەوەی کە فەزای ئینتێرنێت، دۆخی گونجاو بۆ بووژانەوەی ئابووریی ژنان دروست دەکات، دەبێتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی کە ژنان متمانە بەخۆبوونیان بەهێز بێت و لە ئاستێکی گەورەتردا ببینرێن. کەوایە نەمانی ئینتێرنێت بە مانای نەمانی دەنگوڕەنگی ئەوان بە ئەژمار دێت.

ئینتێرنێت لەم ساڵانەی دواییدا، تەنیا کەرەستەیەکی پێوەندی نەبووە. بۆ زۆربەی کەسەکان بەتایبەت ژنان بەشێک لە ژێرخانی ژیانی ڕۆژانەیان بەئەژمار هاتووە وەک شوێنی کار، بەستێنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و فەزایەک بۆ بەشداری لە بواری گشتی؛ لەم دۆخەدا پچڕاندنی ئینتێرنێت تەنیا سنووردارکردنەوەی تێکنۆلۆژییەک نییە، بەڵکوو سنووردارکردنەوەی دەستڕاگەیشتن بە کۆمەڵێک دەرفەتە. لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێ باس لە چەمکێک بکەین کە لە زانستی کۆمەڵایەتی و میدیادا پێی دەگوترێت سەرکوتی دیجیتاڵ. سنووردارکردنەوەی دەستڕاگەیشتن، بینران و ئەگەری ئەکتیڤبوون لە فەزای ئانلاین، بە جۆرێک کە ئاسەوارەکانی زیاتر لە جیهانی مەجازی درێژە دەکێشن.

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەم جۆرە سنووردارکردنە، بێدەنگ و ناڕاستەوخۆیە. نە بە سڕینەوەی فیزیکی بەڵکوو بە لەناوبردنی دەستڕاگەیشتن! نە بە شێوەی بەرەورووبوونەوەی ئاشکرا بەڵکوو بە بێدەنگکردنی وردەوردەی فەزایەکی دیاریکراو. کاتێک ئەم سنووردارکردنە بە شێوەی نایەکسانە، ئاسەوارەکانیشی نایەکسان دەبن. هەندێک کەس یان گرووپ کە بەستراوەییان زیاترە یان بژاردەکانی بەردەمیان کەمترە، زیاتر خەساریان بەر دەکەوێ، لەم نێوانەدا ئەزموونی ژنان لە پچڕانی ئینتێرنێت دەکرێ وەکوو مۆدێلێکی نایەکسان چاوی لێ بکرێت. کەوایە پرسەکە تەنیا پچڕاندن یان گەڕاندنەوەی تۆڕێکی پێوەندی نییە، پرسەکە شێوەی دابەشکردنی دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتەکانە و ئەوەی کە چ کەسانێک لە کاتی پچڕانی ئینتێرنێتدا زیاتر لە دەرفەتەکان بێبەری دەبن.

ئینتێرنێت لە دنیای ئەمڕۆدا تەنیا ڕێگای پێوەندی نییە، بەڵکوو ڕێگای بەدەستهێنانی داهات و شوێنی کارە. لەم ڕوانگەیەوە، پچڕاندنی ئینتێرنێت نەک ئاکارێکی ئاسایی نییە بەڵکوو بە مانای تێکدانی ڕەوتی ژیانە. بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە ئابووریان بەم بابەتەوە بەستراوەتەوە. بۆ ژنێک کە لە دنیای مەجازیدا کار دەکات، ئینتێرنێت نەک یەک دانە بژاردە بەڵکوو ژێرخانی کارەکەیە کە سڕینەوەی بە مانای سڕینەوەی کارەکەیە. بەڵام پرسەکە تەنیا ئابووری نییە. ئینتێرنێت بۆ زۆربەی ژنان ڕێگایەک بۆ بەشداریکردن لە گۆڕەپانێکە کە لە دنیای واقیعدا بۆ ئەوان سنووردار بووە و ئەم پچڕانە، هاوکات پچڕانی پێوەندیی کۆمەڵایەتیشە. کەوایە بە پچڕانی ئینتێرنێت، سەرکوتێکی ئابووریی سیستماتیک ڕوو دەدات و ڕەوتی ژیانێک ڕادەوەستێت کە تێیدا کار، پێوەندی و شوناس گرێدراوی یەکترن.

**بۆ بەشێک لە کۆمەڵگە، پچڕانی ئینتێرنێت، دوورکەوتنەوەیە لە کۆمەڵگە و ڕاستییەکانی. ئینتێرنێت چیدیکە تەنیا "ئینتێرنێت" نییە. ئینتێرنێت بۆ زۆر کەس نانە!**

**٢٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# کاڵای پڕوپاگەندە



ماوەیەکە کۆماری ئیسلامی بۆ بەهێزنیشاندانی خۆی و لە ڕاستای نکۆڵیکردن لە شکستە یەک لە دوای یەکەکانی، پەنای بردووەتە بەر پڕوپاگەندەیەکی میدیایی؛ پڕوپاگەندەیەک کە تێیدا دیسان ژن ئەکتەری سەرەکییە!

لەو کاتەوە کە هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا، چوارچێوەی نیزامی ویلایەتی فەقیهیان تێک دا و کاربەدەستانی پلە یەکی ئەم ڕێژیمەیان کردە ئامانج، ڕێژیم لە ڕێگەی ناوەندەکانی پڕوپاگەندەی خۆیەوە هەوڵ دەدات، سەرپۆشێک بەسەر شکستەکانیدا بدات و وای بنوێنێ کە وەک دەسەڵاتێکی خۆڕاگر، لە سۆنگەی هێزەوە دەردەکەوێ. بەڵام ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران شتێکی دیکەمان پێ دەڵێن و هەرچی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات ڕاستییەکان بشارێتەوە، زیاتر ڕیسوا دەبێت و زیاتر دەردەکەوێ کە ئەو ڕێژیمە خەریکە دوایین ساتەکانی تەمەنی نگریسی خۆی تێدەپەڕێنێت.

لە نوێترین هەوڵەکانی ڕێژیمدا، ژنان وەک کاڵایەکی هەرزان بوونەتە ئەکتەری سەرەکی بۆ پارێزگاریکردن لە دەسەڵاتێک کە لە هەموو ٤٧ ساڵی ڕابردوودا ئەوانی وەک مرۆڤی پلە چەندیش نەبینیبوو. بە درێژایی مێژووی کۆماری ئیسلامی، ژن وەک بوونەوەرێکی ناکارامە سەیر کراوە کە تەنیا لە چوارچێوەی ماڵ و خێزاندا پێناسەی بۆ کرابوو و تەنیا ئەرکیشی لەم جیهانە پان و بەرینەدا، وەچەخستنەوە بۆ گەورەکردنەوەی بنەماڵەگەلێک بوو کە پیاوان تێیدا قسەی یەکەم دەکەن.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی لە قۆناغە دژوارەکانی مێژووی خۆی و لە کاردانەوە بە ڕووداوەکاندا، ژنان وەکوو کاڵایەکی هەرزان بەکار دەهێنێ. هەرزانن لەبەر ئەوەی کە ئەو ژنانەی کە دەچنە چوارچێوەی پیلانەکانی ڕێژیمەوە، کەسانێکی نەفسنزمن کە بە کەمترین پارە ئامادەن پشت لە خەڵک و نەتەوەی خۆیان بکەن و ببن بە مۆرەگەلێکی سەرکوتکاری گوێڕایەڵ کە لە یادگەی مێژووییشیاندا نەماوە کە ٤٧ ساڵە کۆماری ئیسلامی قەت وەکوو مرۆڤیش سەیری نەکردوون.

لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی ژینا و هاتنە مەیدانی ژنان، کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا لە هەندێ پڕوپاگەندەی تایبەتدا ژنان بێنێتە نێو مەیدانەوە تاکوو بە دنیای دەرەوەی بسەلمێنێت کە ژن لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا مافی هەیە، بەڵام ڕاستیی ڕووداوەکان و ئامارەکان لە سەرکوتی ژنان وێنایەکی دیکەیان بە جیهان دا.

لە قۆناغی ئێستاشدا و دوای شەڕی ٤٠ ڕۆژەی ئیسرائیل و ئەمریکا دژی ئەم دەسەڵاتە، جارێکی دیکە هەوڵەکان بۆ بەکاڵاکردنی ژنان دەستیان پێ کردووەتەوە. ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک وێنە لە ژنانی چەکداری سەر بە دەسەڵاتەکەی لەسەر ماشینی نیزامییەوە، هەوڵی دا پەیامێک بە دەرەوە بگەیەنێ کە تەنانەت ژنانیش ئامادەی پارێزگاری لە ئێرانن! بڵاوبوونەوەی ئەم وێنانە کاردانەوەی زۆریان بەدواوە بوو. ئەو وێنانە لانیکەم بۆ ئەو ژنانەی کە لەو جوغرافیایەدا ژیابێتن، جگە لە درۆیەکی گەورە هیچ نین.

**یەکەم** ئەوەی کە پێناسەی کۆماری ئیسلامی لە ژن، ژنی چەکداری پارێزەری جوغرافیاکەی نییە و دووەم ئەوەی کە سیستەمی پەروەردە لەو ڕێژیمەدا وا بووە کە ژنان قەت خۆیان لە بازنەی کاروباری نیزامیدا نەبینیوەتەوە چونکە ئەم جۆرە چالاکییانە لای کۆماری ئیسلامی دەچنە چوارچێوەی جیاکردنەوەی ئەرکەکان، کلێشە ڕەگەزییەکان و بیرکردنەوەی پیاوسالارانەوە! لە نوێترین ڤیدیۆکانیشدا کە بڵاو بوونەتەوە، ژنان خەریکی کردنەوە و بەستی چەکی کلاشینکۆفن و دەنگوڕەنگی ڕێژیمیش بووەتە سەکۆیەک بۆ فێرکاریی ئاکاری توندوتیژ و چۆنیەتیی تەقەکردن لە دوژمن!

**یەکەم** بابەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە کاتی قەیرانی قووڵی ڕووخاندا، ئەم ژنانە وەک کاڵایەک بۆ پڕوپاگەندەی ئیدئۆلۆژیکی خۆی بەکار دەهێنێ و دەیەوێ لە بەرانبەر ژنانی ئازادیخوازدا زەقیان بکاتەوە.

**دووەم** ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ڕێک دەزانێت کە خەریکە بەرەو ئاخرین ساتەکانی تەمەنی دەچێت و دەیەوێ بە بەسیجکردنی خەڵک مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات.

**سێیەم** ئەوەیە کە بە هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی زۆر لاواز بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ناڵەباربوونی

دۆخی ژیانی خەڵک و سەختبوونەوەی گوزەران و ژیانیان دەتوانێ چەخماخەی شۆڕش و سەرهەڵدانێکی نێوخۆیی دیکە لێ بدات. نابێ لەبیرمان بچێت کە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو ڕێک بە نیشانەی نارەزایەتی بە دۆخی ئابووری دەستیان پێ کرد و ڕێژیم لە ڕێگەی هێزە سەرکوتکەرەکانییەوە، کۆمەڵکوژییەکی بێوێنەی لە مێژووی خۆیدا دەست پێ کرد. لە ئێستاشدا مانۆڕدان بەو ژنانە و چەکدارکردنیان لە ڕاستای پلانێکی نوێی ڕێژیم بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییە نێوخۆییەکان لەلایەن هێزە ئاتەش بە ئێختیارەکانییەتی.

بڵاوکردنەوەی ئەو دیمەنانە کە تێیدا ژنان ئەکتەری سەرەکین، تەنیا بۆ شاردنەوەی ماهییەتی توندوتیژ و دڕندەی کۆماری ئیسلامییە. چونکە ژن هەمیشە وەک بوونەوەرێکی ئارام و لەسەرەخۆ پێناسەی بۆ کراوە کە زیاتر لەوەی بیر لە شەڕ و ناسەقامگیری بکاتەوە، وەک باڵوێزی ئاشتی و ئارامی دەناسرێت. ئەو ژنانەی کە بوونەتە گۆپاڵی دەستی کۆماری ئیسلامی، تەنیا مۆرەگەلێکی بەکەڵک نەهاتوون کە کۆماری ئیسلامی خەریکە وەک قەڵغانێک بۆ پاراستنی خۆی و ڕێژیمەکەی کەڵکیان لێ وەردەگرێت.

لە ڕاستیدا دەرکەوتنی ئەو ژنانە ناتوانێ هیچ لە پێناسەی ئەو ژنە شۆڕشگێڕانە کەم بکاتەوە کە بە پێچەوانەی ئەوان، بە تێگەیشتن لە بوون و شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان، هەنگاویان ناوەتە مەیدانی خەباتەوە. بێگومان بەرەنگاربوونەوەی ئەو دوو بەرەیە لە ژنان تەنیا بە سەرکەوتنی ئەوانەیان کۆتایی پێ دێت کە ڕێگای هەقیقەتیان هەڵبژاردووە و بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی، ئامادەیی گیانفیدایین.

٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# ژن و قەیرانی شەڕ






**ئاسۆ مینبەری**

شەڕ لەگەڵ ئەوەی بە ئاشکرا زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤەکان دەکاتە ئامانج و دەیانخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، زۆر جاریش دەتوانێ بەستێنێکیش بۆ پەرەسەندنی دیاردە و خەسارەکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا بێت. ئەگەرچی شەڕ لە خودی خۆیدا هەمیشە لەگەڵ ماڵوێرانی و ناسەقامگیری مانا دەکرێتەوە بەڵام، زۆر جاریش ئەم شەڕە دەتوانێ خاڵی دەسپێک بۆ ڕوودانی ڕووداوگەلێک لە پەراوێزەوە بێت کە بە قازانجی کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤایەتی نین.



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ دەسپێکی هەر شەڕ و پێکدادانێکی سەختی سەربازیدا، چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانەوە. لێرەدایە کە دیاردەگەلی وەک ژنکوژی و خۆکوژی لەژێر سێبەری شەڕدا دەرفەتی خۆدەرخستن دەدۆزنەوە و خۆ دەنوێنن.

کاتێک کە باس لە شەڕ دەکرێت، ژنان و منداڵان وەک گرینگترین بەشە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە، دەبنە مژاری سەرەکی و باسیان لێ دەکرێت. لە ڕاستیدا یەکێک لەو بابەتانە کە لە کاتی شەڕ و قەیرانەکاندا، بەرۆکی کۆمەڵگە دەگرێت، ئەو توندوتیژییانەن کە بە هەر هۆکارێک پەرە دەستێنن و کۆمەڵگە تووشی کێشەی گەورەتر دەکەن. یەکێک لەو بابەتانەی کە لەژێر سێبەری شەڕدا، سەرهەڵدێنێ و دەبێتە پرس، دیاردەی ژنکوژییە!

ژنکوژی لەژێر سێبەری شەڕدا یەکێک لە قووڵترین و ئازاربەخشترین کێشە کۆمەڵایەتییەکانە، کە تێیدا جەستە و ژیانی ژن دەبێتە گۆڕەپانێکی دیکەی شەڕ و لە کاتی قەیرانەکاندا، بەتایبەت شەڕی چەکداری و ناسەقامگیریی سیاسیدا، توندوتیژیی خێزانی لە حاڵەتێکی پەراوێزخراوەوە دەگۆڕدرێت بۆ دیاردەیەکی پەرەسەندوو.

### هۆکار و ڕەهەندەکانی ئەم پەرەسەندنە دەتوانێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا ببینرێت:

لە کاتی شەڕدا، تەواوی سەرنجی دەسەڵات و دامەزراوە ئەمنییەتییەکان دەچێتە سەر بەرەکانی شەڕ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بێباکییەک لە سزادان سەر هەڵ بدات؛ بکوژەکان هەست دەکەن لەبەر ئەوەی یاسا لاوازە، دەتوانن بەبێ سزا لە تاوانەکانیان ڕزگاریان بێت.

لە لایەکی دیکەوە نائاساییبوونی دۆخەکە دەبێتە هۆی پەککەوتنی دادگاکان و دۆسییەکانی توندوتیژیی خێزانی دەخرێنە کۆتایی لیستی کارەکانەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەمانە، شەڕ فەرهەنگێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت کە تێیدا هێز و توندوتیژی دەبنە نیشانەی پیاوەت. و بڵاوبوونەوەی چەک لەنێو ماڵەکاندا، مەترسیی گۆڕانی دەمەقاڵێیەکی سادە بۆ "ژنکوژی" زۆر زیاتر دەکات.
هەندێ جاریش ئەو پیاوانەی لە بەرەکانی شەڕ دەگەڕێنەوە، تووشی "نەخۆشیی دوای شۆک" (PTSD) دەبن، کە ئەگەر چارەسەر نەکرێت، وەک توندوتیژی بەرامبەر هاوسەر و منداڵەکانیان دەتەقێتەوە.

لە ڕاستیدا شەڕ هەمیشە هەژاری و بێکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بە سەرنجدان بەوەی کە دۆخی شەڕ قەیرانی ئابووریش بەدوای خۆیدا دێنێت، ئەم قەیرانە دەتوانێ وەک بزوێنەری توندوتیژی ببینرێت. ناسەقامگیربوونی دۆخی گشتیی کۆمەڵگە و قورسبوونی باری دارایی خێزانەکان، ئاستی تووڕەیی و نائارامی لەناو ماڵدا زیاد دەکات؛ ژن لەم بارودۆخەدا سەربەخۆیی ئابووری لە دەست دەدات و ناچار دەبێت لەگەڵ بکوژەکەی لە یەک شوێندا بمێنێتەوە، چونکە هیچ شوێنێکی دیکە شک نابات.

لە کاتی شەڕدا، کۆمەڵگە داخراوتر دەبێت و زۆرجار پاراستنی "کەرامەتی خێزان" دەبەسترێتەوە بە کۆنترۆڵکردنی توندی ژنان. ژنکوژی بە پاساوی پاراستنی شەرەف لە کاتی شەڕدا تەنها تاوانێکی خێزانی نییە، بەڵکوو هەوڵێکی نائاگایانە بۆ سەپاندنی دەسەڵات لە دەسپێکێکی نوێدایە کە تێیدا پیاو هەست دەکات کۆنترۆڵی هەموو شتێکی تری لەدەست داوە.

تەشەنەسەندنی ئەم قەیرانە پێویستی بە تێگەیشتن و هەڵگرتنی هەنگاوی کردەیی هەیە. ئەگەرچی ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە کە لە کاتە قەیراناوییەکاندا، پێش بە تەشەنەسەندنی پرسی لەم چەشنە بەتایبەت بەرانبەر بە ژنان و منداڵان بگرێت بەڵام، چییەتیی دەسەڵاتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی ئەم بابەتە ڕەت دەکاتەوە و پێویستە کەسانی شارەزا لە بواری دەروونی و کێشە خێزانییەکان، پشتیوانیی دەروونی لەو کەسانە بکەن کە بە هۆی شەڕەوە ئەگەری زۆرە بەرەوڕووی توندوتیژی ببنەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەرکی ڕاگەیاندن و میدیاکان ئەوەیە کە کار لەسەر ئەو بابەتە بکەن و جەخت بکەنەوە کە قەیرانی سیاسی نابێت ببێتە پاساو بۆ توندوتیژیی خێزانی.

ژنکوژی لە کاتی شەڕدا تەنها پەیوەندی بە تاکەکانەوە نییە، بەڵکوو نیشانەی هەرەسهێنانی بەها مرۆییەکانە لە کۆمەڵگەیەکدا کە بە هۆی شەڕەوە ماندوو بووە و تێک چووە.

پاراستنی ژنان لە کاتی قەیراندا، بەشێکی دانەبڕاوە لە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگەیە و لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەسەڵات خۆی و یاساکانی سەرچاوەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان، ئەرکی ڕێکخراوە مەدەنییەکان زیاتر زەق دەبێتەوە. ئەوان دەتوانن بە وشیارکردنەوەی خەڵک و بەتایبەت تێگەیاندنیان لە دۆخی هەنووکەیی و لێکدانەوەی هەنگاوە نەرێنییەکانی دەسەڵات لەمبارەوە، ڕۆشنگەریی زیاتر بکەن.

١٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

بەشی دووهەم

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و کوردستان میدیا

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

جۆزەردانی ٢٧٣٦ کوردی = جوونی ٢٠٢٦ی زایینی

---






# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ ئاسۆ مینبەری بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتووێژو وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**